خولی نوێ

16

ئۆکتۆبەری 2024

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا، حیزبی سیاسی و ئاراستە و ئەولەویەتەکانمان، مۆدێلی نوێی گەشەپێدان لە عێراقٚ، ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش، مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی، مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە، ئێران و هاوسەنگی نوێ، بەیاننامەکان.

ڕێبوار ئەحمەد
عوسمانی حاجی مارف
خەسرەو سایە
موحسن کەریم
مەنسور حیکمەت

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات
ژمارە ١٦/ خولی نوێ / ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

سەرنوسەر:

جەمال موحسین

دیزاین:

خەسرەو سایە

بەشدارانی ژمارە:

**ڕێبوار ئەحمەد، عوسمانی حاجی مارف، موحسن کەریم،**

**خەسرەو سایە، مەنسور حیکمەت**

پەیوەندی:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**www.hkkurdistan.org**

## ناوەڕۆک:


**پێشەکی ژمارە**

★ **کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا**
**دەقی باسی سیمینارێکی ناوخۆیی ..**
ڕێبوار ئەحمەد ........................................ ١

★ **ئاڕاستە و ئەولەویەتەکانمان،**
**حیزبی سیاسی و کۆنگرەی شەشەم..**
خەسرەو سایە ........................................ ٢٨

★ **مۆدیلی نوێی گەشەپێدان لە عێراق.**
عوسمانی حاجی مارف ........................................ ٤٦

★ **ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش.**
ڕێبوار ئەحمەد ........................................ ٦٢

★ **وەڵام بە هاوڕێییەك.**
ڕێبوار ئەحمەد ........................................ ٨١

★ **مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە**
عوسمان حاجی مارف ........................................ ٩٣

★ **مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی.**
موحسین کەریم ........................................ ١٠٦

★ **خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!**
مەنسور حیکمەت ........................................ ١٢٧

★ **بەیاننامەکەن :** ........................................ ١٣٩

# پێشەکی ژمارە:

**خوێنەرانی ئازیز**

لە دوای ماوەیەک لە دابڕان لە ئێوەی خۆشەویست، وا جارێکی تر گۆڤارەکەتان دیدگای سۆشیالیستی دێتەوە بەردەمتان و لە ماڵ و کتێبخانە و کۆڕوکۆمەڵەکانتاندا پەیدا ئەبێتەوە.

دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا کە هەمووان بە بارودۆخێکی ناهەمواردا تێپەڕین و هاوکات بەهۆی کێشەی داراییەوە کە بووە بەربەستێک لەو سەردەمە سەختەدا درێژە بە دەرکردنی ژمارەکانی دیدگای سۆشیالیستی بدەین، وا ئێستا جارێکی تر و خولی دووەمی گۆڤارەکە ئەخەینەوە بەردەست.

بێگومان لەم ماوەیەدا چەندین ئاڵوگۆڕ و ڕوداو هاتوونەتەپێشەوە و حیزبی ئێمەش لەسەر هەر یەک لە ڕووداو و پێشهاتەکان قسە و هەڵوێست و سیاسەتی خۆی هەبووە. سەرەکیترینی ئەم ڕووداوانە جەنگ لە ئۆکرانیا و هێرشی فاشیستانەی دەوڵەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیلە دژ بە خەڵکی فەڵەستین.

لەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستیدا، چەند باس و مەسەلەیەک لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی کوردستان و عێراق و سیاسەتەکانی حیزب هاتووە.

باسی یەکەم سەبارەت بە دۆخی تازەی کوردستانە لە کۆتایی دەورەیەکی پێشوودا کە لە نووسینی ڕێبوار ئەحمەدە. بە دوای ئەوەدا باسێکی خەسرەو سایە دێت سەبارەت بە حیزبی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بە دوای ئەوەدا باسێکی هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفە دەربارەی مۆدێلی نوێی گەشەپێدان لە عێراق. باسی ڕێزی سەربەخۆ و کاری هاوبەش بەشێکە لە باسەکانی ناو ئەم ژمارەیە کە بە قەڵەمی ڕێبوار ئەحمەدە و دواتریش هەر لەم پەیوەندەوە وەڵامێکی ناوبراوە بە هاوڕێیەک. پاشان باسێکی موحسین کەریمە دەربارەی مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی. دواتر وتاری عوسمانی حاجی مارف دێت بە ناوی مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە. پاشان وەگێڕانی باسێکی مەنسور حیکمەت بە ناوی خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

هاوکات هەندێک لە بەڵگە و بەیاننامەی گرنگی حیزب کە لەو ماوانەدا و لەسەر مەسەلە گرنگەکانی ناوچەکەیە لەم ژمارەیەدا جێگەیان پێدراوە.

بەو ئومێدەی کە ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیەدا هاتوون سەرنج و ڕەزامەندی ئێوەی خوێنەران ڕابکێشێ و بەدەستبهێنێ.

**جەمال موحسین**

**سەرنووسەری دیدگای سۆشیالیستی**

**سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤**



ڕێبوار ئەحمەد

# کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

## دەقی باسێکە، لە سیمینارێکی ناوخۆییدا، پێشکەش کراوە

**ئەم باسە سەرەتا لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری سیاسی بۆ کۆنگرەی شەشەم پێشکەش کراوە، دواتر بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر لە سیمینارێکی ناوخۆیی حیزبدا پێشکەش کراوەتەوە.**

دەمەوێ لە ناونیشانی باسەکەوە بە چەند پرسیار بڕۆمە ناو باسەکەوە، پرسیاری وەکو مەبەست چییە لەوەی دەڵێم کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا؟ بە کام مانا گەیشتووە بە کۆتایی دەورەیەک؟ مەبەست لە کام دەورەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێمەوە بۆ ٣٣ ساڵ لەمەوبەر کە کوردستان لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی جیهانیدا پێی نایە ناو دەورەیەکی بە تەواوی تازەوە، تازە بەو مانایەی کۆتایی هات بە دەسەڵاتی دەیان ساڵەی ڕژێمی بەعس و حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون بە دەسەڵاتداری کوردستان. ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەم ئاڵوگۆڕە وەکو بەرئەنجامی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیان

# کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

نیشان دەدەن، بەڵام هیچ ڕاستیەک لەم قسەیەدا نییە. ئەو ئاڵوگۆڕەی کە ٣٣ ساڵ لەمەبەر، واتە لە ساڵی ١٩٩١دا ڕوویدا، بەرئەنجامی هەلومەرجی جیهانی پاش ڕوخانی بلۆکی شەرق و کۆتایی نەزمی دوو قوبی شەرق و غەرب و سەرهەڵدانی نەزمی تازەی دنیای یەک قوتبی بوو بە ڕابەریی ئەمریکا. لەو دەورەیەدا ئەمریکا بە لەشکرکێشی و جەنگ و سیاسەتی ئەزمەسازی لەم ناوچەیە، هەوڵیدا ڕۆڵی ڕابەری و هەژمونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. ئەوە بوو جەنگی خەلیجی یەکەمی بەرپاکرد، لە درێژەی ئەو ڕەوەندەدا ڕاپەڕینی ئازار ڕوویدا، پاشان ڕاپەڕین شکستی خوارد و ڕژێمی بەعس کوردستانی کۆنترۆڵ کردەوە. ئەو هێزی پێشمەرگەیەی کە گوایە خوڵقێنەری ئەم دەورە تازەیە و هۆکاری هاتنەکایەوەی دەسەڵاتی کوردییە، لە پێش خەڵکی مەدەنی و بێچەکەوە بە تفەنگەکانی شانیانەوە هەڵهاتن. ئەوە بوو کارەساتی ئاوارەیی ملیۆنی ڕوویدا. پاشان لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بۆ گەمارۆدان و گوشاردانان لەسەر ڕژێمی بەعس، ناوچەی ئارامی سەرو خەتی ٣٦ هاتەکایەوە و دواتر ڕژێمی بەعس هەموو هێز و ئیدارەی خۆی لە کوردستان کشانەوە. لەوکاتەوە کوردستان بوو بە کۆمەڵگەیەکی سەرگەردان و وەکو کەمپێکی گەورەی ئاوارەیی، خەڵکەکەی لە ماڵی خۆیاندا بوون بە ئاوارە و بۆ گوزەرانی ژیانی ئاوارەییان چاویان لەو کۆمەکانە بوو کە ڕێکخراوە خێرخوازەکان دابەشیان دەکرد. ئەم بۆشاییە لە دەسەڵات و ئیدارە بوو بە خێروبەرەکەت بۆ حیزبەکانی کوردایەتی و لەلایەن ئەمریکاوە کران بە بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی سەرگەردانی کوردستان.

بەمجۆرە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد کە هەمیشە هەوڵیانداوە لە کەلێن و قڵشتی نێوان دەوڵەتان کەڵک وەرگرن، لەو وەزعی شەڕ و بێسەرەوبەرەییەدا دەرفەتیان بۆ خوڵقا خۆیان بکەن بە مەقاشی دەستی ئەمریکا. واتە بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات لەوکاتەدا هیچ خەبات و تێکۆشانێک لە ئارادا نەبوو، تەنها دەرفەتیان بۆ ڕەخسا ببن بە پاشکۆی ئەمریکا. ئەم هەلومەرجە بە کردەوە کوردستانی لە عێراق دابڕی. ئیتر لەوکاتەوە کوردستان جگە لە مەسەلەی میللی گرفتێکی دیکەشی بۆ زیاد بوو ئەویش سەرگەردانی بوو. سەرگەردانی بەو مانایەی کە نە بەکردەوە بەشێک بو لە وڵاتێکی بەڕەسمی ناسراو نە بۆ خۆی دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراوی سەربەخۆ بوو. بێگومان ئەم هەلومەرجە گەلێک سەختی و دژواری بۆ ژیانی خەڵک پێکهێنا و بێبەریکردن لە زۆربەی زۆری بنەما و خزمەتگوزاریە هەرە سەرەتاییەکانی ژیان. بەڵام هەر لەو دەورە ٣٣ ساڵیەدا زەمینەی ئەوە هەبوو کە کوردستان بە ڕەسمی لە عێراق جیابێتەوە و ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمەش هەردوو گرفتە سەرەکیەکەی کوردستانی چارەسەر دەکرد، واتە هەم سەرگەردانی و هەم مەسەلەی میللی. هەر هێز و بەدیلێکیش بیتوانیایە ئەم ستراتیژە جێبەجێ بکات، دەیتوانی دەسەڵاتی سیاسی

# ڕێبوار ئەحمەد

بە قازانجی خۆی یەکلابکاتەوە.

لەم دەورە درێژەدا ناسیۆنالیزمی کوردی کورتبین و ئاسۆ تەنگ زۆر دڵخۆش و سوپاسگوزار بوو کە ئیدارەی کۆمەڵگەی سەرگەردانی کوردستانی پێ سپێردرابوو. تەواوی ئەم دەورەیە بەبێ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونی هەبێت، کوردستانی سەرگەردانی ئیدارە دەکرد و چاوەڕێی بەختی خۆی ئەکرد. کۆمۆنیزمیش کە دەکرا لە ڕێگەی وەڵامی بە کردەوە بە گرفتە سەرەکیەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستانەوە لەگەڵ کۆمەڵگە گرێبخوات و لە کەناڵی بردنی کۆمەڵگە بە ناو دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا، ئەو گرفتانە چارەسەر بکات و چارەنوسێکی باشتر بۆ کوردستان بنەخشێنێ و لەم ڕێگەیەشەوە بگات بە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام بەکردەوە لەسەر ئەم ستراتیژە نەگیرسایەوە. لە ڕاستیدا لەم دەورەیەدا ستراتیژی عەمەلی و شۆڕشگێڕانە و وەڵامی گونجاو بۆ ئەو دوو گرفتە سەرەکیە، دەبوایە بگات بە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، زەمینەش بۆ ئەم مەبەستە لەباربوو لە کاتێکدا ڕێگەکانی تر داخرابوون.

ئەم دەورەیە بەگشتی دەورەی ڕەونەق و زێڕینی ناسیۆنالیزمی کورد بوو. دروست لە کاتێکدا کە ئەوان لە خەباتەکەیان نائومێد بوون بۆ ئەوەی سوچێکی دەسەڵاتیان پێببڕێت، لە ئاسمانەوە دەسەڵات بەربوەوە و کەوتە باوەشیانەوە. تا ئێستا ٣٣ ساڵە لەسەر ئەو دەسەڵاتە ئەخۆن و ئەخەون و تاڵان ئەکەن. ئەم دەورەیە سێ فازی جیاوازی تێپەڕان، بە تایبەت لە بارەی جێگاوڕێگای بزووتنەوەی کوردایەتیەوە. <u>فازی یەکەم</u>، لە دوای جەنگی خەلیجی یەکەمەوە دەست پێدەکات کە ڕێگەی کردەوە بۆ ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و بە دیاریکراوی لە سایەی پشتیوانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و ناوچەی نۆفلایزۆن، ئیتر ڕژێمی بەعس ناچاربوو هێز و ئیداراتی خۆی بکشێنێتەوە. لەم فازەدا کوردستان بە مانای وشە ئۆردوگایەکی گەورەی ئاوارەیی بوو کە بەشی زۆری خەڵکەکەی بە کۆمەکی ڕێکخراوە خێرخوازیەکان گوزەرانیان دەکرد. لەم فازەدا کە ناسیۆنالیزمی کورد تازە خەریک بوو لەژێر شکستی کۆتایی هەشتاکان و هێرشەکانی ئەنفال و ڕاوەدونانیان بۆ ئێران و پەرتوبڵاو بوونی هێزەکانیان پشتی ڕاست دەکردەوە، جێگاوڕێگایەکی لاوازی هەبوو لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزی و بەبێ پشتیوانی ئەمریکا و غەرب نەیدەتوانی ڕۆژێک دەسەڵاتی خۆی ڕاگرێت. <u>فازی دووەم</u> لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕوخانی بەعسەوە دەست پێدەکات. لەم فازەدا ناسیۆنالیزمی کورد لە دەسەڵاتی مەرکەزی عێراق و هەموو هێزە عێراقیەکان مەوقعیەتێکی بەهێزتری هەبوو، چونکە ١٢ ساڵ بوو دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، سەرباری ئەوەی خۆی ئامادە و پرچەک کردبوو، ١٢ ساڵیش بوو لە ڕێگەی تاڵان و بڕۆ و چەتەگەری و گەندەڵی بێسنورەوە بووبووە خاوەن پارە و داهاتێکی زەبەلاح. بۆیە بە

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

ئامادەییەوە پێی نایە ناو هەلومەرجی دوای ڕوخانی بەعسەوە. لەم فازەدا تەقریبەن هەموو ناوچە کوردنشینەکان بەوانەشەوە کە پێی دەڵێن ناوچەی ناکۆکی لەسەر، یان بەدەست ناسیۆنالیزمی کوردەوە بوو یان لانی کەم بە ئیدارەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی و دەسەڵاتی مەرکەزی بەڕێوە دەبران. بە تایبەت لەم دەورەیەدا هەلومەرج بۆ جیابونەوەی کوردستان زۆر لەبار بوو، چونکە دەوڵەتی مەرکەزی ڕوخابوو ئەو دەسەڵاتەش کە هاتبوە جێگەی توانای ئەوەی نەبوو ڕێگرییەکی جدی بکات، هەلومەرجی ناوچەکەش باڵانسی سیاسی تیکچو بوو، هێز و قودرەتە ناوچەیی و جیهانیەکان ناکۆکیەکی زۆریان لەگەڵ یەک هەبوو، وە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆش لایەنگرییەکی یەکجار فراوانی لەناو خەڵکی کوردستاندا هەبوو کە ئێمەش ڕۆڵێکی زۆرمان هەبوو لە هەڵخڕاندنی خەڵک لە دەوری خواستی جیابوونەوە. بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد بەپێی ئاسۆی تەسک و کۆنەپەرستانەی خۆی ڕاگرتنی دڵی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە عێراقیەکانی کرد بە قیبلەنۆمای خۆی، چارەنوسی کوردستان و خەڵکەکەی بۆ مەسەلە نەبوو، چەسپاندنی فیدراڵیزمی لە دەستوری عێراقدا بە زەمانەتی شەراکەتی خۆی لە دەسەڵات زانی. تەنانەت خواستی فراوانی خەڵکی بۆ جیابونەوەی کرد بە کارتی فشار لەسەر هەموو لایەنەکان بۆ ڕازی کردنیان بە فیدراڵیزم. واتە نەک تەنیا پشتیان کردە خواستی خەڵکی بۆ جیابوونەوە، بەڵکو ئەم خواستە و ملیۆنەها ئیمزای خەڵکیان فرۆشت و کردیانە دەسمایەی سازان لەسەر فیدراڵیزمی کۆنەپەرستانەی قەومی. فازی سێیەم لەپاش شەڕی داعشەوە دەستی پێکرد، لەم فازەدا دەوڵەتی مەرکەزی توانیبوی خۆی پڕچەک و بەهێز بکات، هەم سوپای عێراقی دووبارە سازبداتەوە و ڕێکبخاتەوە و هەم میلیشیای حەشدی شەعبی دامەزراندبوو، هاوکات لە پشتیوانی جمهوری ئیسلامیش بەهرەمەند بوو. بەمجۆرە لەم فازەدا ئیتر هاوسەنگی هێز بە قازانجی دەوڵەتی مەرکەزی و بە زیانی ناسیۆنالیزمی کورد ئاڵوگۆڕی تەواوی بەسەر هاتبوو. حیزبەکانی کوردایەتی ڕێک لە لاوازترین حەلقەی ئەو دەورە تولانیەدا دەستیان برد بۆ ڕیفراندۆم و باسی جیابونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە باسی ڕیفراندۆمیان هینایەئاراوە هەم یەکدەست نەبوون لەسەری، بە تایبەت یەکێتی بەشێکی هەر دژی ڕیفراندۆم بوو، هەم ئەوانەش کە لەگەڵ ڕیفراندۆم بوون بە ئەندازەی پێویست پەیگر نەبوون لەسەری. بۆ نمونە بەو هەموو هێزی چەکدارەوە کە ٢٥ ساڵ بوو بەخێویان دەکرد و ڕایاندەهێنا، یەک سەعات بەرامبەر هێرشی حەشدی شەعبی بۆ کرکوک بەرگرییان نەکرد. بەهەرحاڵ لەم فازەدا هەم ستراتیژی جیابوونەوە بەتایبەت بە ڕیفراندۆم شکستی خوارد و هەم ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزی چۆکی دادا و تەواوی هاوکێشەکە پێچەوانە بووەوە. پێشتر یەکێتی و پارتی بەناوی فیدراڵیزمەوە دیفاکتۆ بەشێوەی

## ڕێبوار ئەحمەد

دەوڵەتێکی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ مامەڵەیان دەکرد لە فرۆشتنی نەوت و پەیوەندی خارجی و سەفەقات لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، بەڵام دوای شەڕی داعش و بەخۆداهاتنەوەی دەوڵەتی مەرکەزی و شکستی ڕیفراندۆم، ئینجا دەوڵەتی مەرکەزی دیسانیش هەر بەناوی فیدراڵیزمەوە کەوتە ئەستاندنەوەی دەسەڵاتەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە ئابوری و سیاسیەکان و ناچارکردنی هەرێمی کوردستان بە سەردانەواندن بۆ هەموو قەید و بەندەکانی.

لەم دەورە ٣٣ ساڵیەدا بە هەرسێ فازەکەیەوە جگە لە ناسیۆنالیزمی کورد بە دیاری کراوی یەکیتی و پارتی و حیزبەکانی چواردەوریان بە ئیسلامیەکانیشەوە، ئێمەش وەکو ڕەوتێکی بە تەواوی پێچەوانەی تەیار وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مەیدانەکەدا بووین. ئێمە سەرباری ئەوەی کە لە ٣_٤ ساڵ دوای ئەوەی کوردستان کەوتە ئەم دۆخەوە، بووینە خاوەن ستراتیژێکی ڕۆشن و عەمەلی، وە سەرباری ئەوەی کە ڕێگاچارەمان هەبوو هەم بۆ سەرگەردانی و هەم بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد، سەرباری ئەوەی ڕێگاچارەی خۆمان بۆ کۆمەڵگە خستەڕوو و ڕۆڵمان هەبوو لە هەڵخڕاندنی جەماوەری خەڵک لە دەوری خواستی جیابوونەوە، تەنانەت سەرباری ئەوەی لە فازی یەکەمی ئەم دەورەیەدا هێزێکی بەرچاو و پێگەیەکی باشمان هەبوو لە کۆمەڵگەدا و لەسەر زۆر مەسەلە؛ وەکو مەسەلەی ژنان و بێکاران و کرێکاران و دەستفرۆشان و منداڵان و جەنگی ناوخۆ کەوتینە بەرامبەرکێ لەگەڵ هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان و لە هەموو ئەو کێشمەکێش و بەرامبەرکێیانەدا سەرکەوتنمان بەدەسەت هێنا، بەڵام نەمانتوانی ئەوەندە هێزمان هەبێت کە ڕێگاچارە گونجاوەکەی خۆمان سەربخەین و ئەمە بکەینە کەناڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

### دۆخی تازەی کوردستان و مەسەلەی جیابونەوە

ئێستا کە دەڵێم کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا، مەبەستم ئەوەیە کە ئیتر ئەو هەلومەرجە بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، ئەو بڕگەیە تێپەڕی و تەواو بوو، ئەو دەورەیە بە کۆتایی خۆی گەیشتوە وە ئێمە لەگەڵ هەلومەرجێکی سیاسی بە تەواوی جیاواز بەرەوڕووین. ئیتر کوردستان وەکو ٣٣ ساڵی ڕابردوو کۆمەڵگەیەکی سەرگەردان و چارەنوس هەڵواسراو نییە. ئێستا کوردستان بە کردەوە بوەتەوە بە بەشێک لە عێراق و بە خێراییش لە ڕێگەی گرێخواردنەوەی تەواوەتی بە عێراقەوە دەڕواتە پێشەوە. ئیتر زەمینە بۆ ستراتیژێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەسەر بنەمای جیابونەوە نەماوەتەوە. دەورەی پێشوو پێداگری لەسەر جیابونەوە جگە لەوەی زەمینەکەی لەبار بوو، جگە لەوەی ڕێگاچارەیەکی

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

عەملی و کارساز بوو بۆ دۆخی ئەوکاتە، هاوکات بۆ کۆمۆنیزم تا ڕادەیەکی زۆر هەڵبژاردنێکی ناچاری بوو. ئێمە وەکو کۆمۆنیست لە ڕووی ئوصولیەوە دژی ئەو سنورە دەستکردانەین کە لە نێوان وڵاتان و نەتەوەکاندا کێشراوە، ئێمە لە ڕووی ئوصولیەوە لایەنگری لێکهەپێکانی خەباتی پرۆلیتاریای سەر بە نەتەوە و وڵاتە جۆراوجۆرەکانین. لە چوارچێوەی هەر وڵاتێکیشدا کە مەسەلەی میللی و ستەمی میللی لە ئارادابێت، تا ئەو جێگەیەی بکرێ ئێمە لایەنگری پێکەوە مانەوەین و پێمانوایە خەباتی هاوبەشی پرۆلیتاریای سەر بە میللەتە جیاوازەکان دەتوانێ کارسازتر بێت بۆ شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیزم. پێمانوایە دەوڵەتێکی کرێکاری تا گەورەتر و بەهێزتر بێت شانسی سەرکەوتن و مانەوەی زیاتری هەیە. بۆیە ئێمە ئوصولەن لایەنگری مانەوە و پێکەوە ژیانین، مەگەر لە هەلومەرجی زۆر تایبەتدا کە تیایدا بە ناچاری جیابونەوە ڕێگەیەکی عەمەلیتر و کارسازتر و بە قازانجتر بێت بۆ شۆڕشی کرێکاری، لایەنگری لە جیابونەوە بکەین. هەلومەرجی ٣٣ ساڵی ڕابردوی کوردستان، ڕێک بەوجۆرە بوو کە ئێمە بەناچاری لە پشتی جیابونەوە ڕاوەستاین. چونکە دەیان ساڵ بوو کێشەی کورد و ستەم و سەرکوت و کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بەدەست ڕژێمە سەرکوتگەرە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە، برینێکی ئەوەندە قوڵی لە جەستەی کۆمەڵگەدا هەڵکەندبوو کە ساڕێژبونی زۆر سەخت و دژوار بوو. دوای ئەوەش شەڕی خەلیجی یەکەم و خاپورکردنی عێراق و کوشتاری بەکۆمەلی خەڵکەکەی لەلایەن ئەمریکاوە، کە لەلایەن حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە شاباش و لایەنگری دەکرا، قڵشتی قەومی نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمانی زۆر قوڵکردەوە. جگە لەم فاکتۆرانە ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو، کوردستان بە عەمەلی لە عێراق دابڕابوو بەڵام وەکو دەوڵەتیکی سەربەخۆی بەڕەسمی ناسراو مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا. ئەم سەرگەردانیە مایەی داڕوخانی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری ژێرخان و بنەماکانی ژیانی مەدەنی بوو. دەبوایە هەرچی زووە لەو سەرگەردانیە نەجاتی بیێت. بۆ ئەم مەبەستەش تەنها دوو ڕێگە لەبەردەم بوو، یان دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی فاشیستی بەعس، یان دەبوو جیابێتەوە و وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەڕەسمی بناسرێت. گەڕانەوە بۆ ژێر سایەی بەعس نە مەعقول بوو نە باش بوو نە جێگەی پەسەندی خەڵکی کوردستان بوو. بۆیە تاقە ڕێگە کە مابوەوە جیابونەوە بوو. لەم حاڵەتەدا ئیمکانی ئەوە هەبوو کە کۆمۆنیزم ئەم ڕێگاچارە گونجاوە هەم بۆ ستەمی میللی و هەم بۆ سەرگەردانی بکاتە ستراتیژ بۆ گەیشتنی بە دەسەڵات، ئەمە دەیتوانی ڕێڕەوێک بێت بۆ بردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەناو دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بە ئاڕاستەی کۆمەککردنی ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری و گەیاندنی چینی کرێکار بە جێگاوڕێگایەکی بەهێزتر بۆ شۆڕشی خۆی. بەڵام کۆمۆنیزم لەو دەورە

## ڕێبوار ئەحمەد

سی و قسور ساڵیەدا نەیتوانی ئەو ستراتیژە جێبەجێ بکات.
ئێستا ئیتر ئەو دەورەیە کۆتایی هات و چی تر هەلومەرجی لەبار بۆ جیابونەوە نەماوەتەوە. بە بڕوای من تازە جیابونەوە نە ڕەغبەتی ماوە و نە زەمینەی ماوە و نە ئیمکانی ماوە، لانی کەم ئێستا وایە. با لەسەر هەریەک لەم حوکمانە کەمێک ڕوونکردنەوە بدەم. یەکەم؛ ئەوەی کە دەڵێم مەسەلەی جیابونەوە ڕەغبەتی نەماوە، خەڵکی کوردستان ٣٣ ساڵە ئەزمونێکی زۆر تاڵیان لەگەڵ جۆرێک لە حکومەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان هەیە، ئەزانم سەربەخۆیی تەواو نەبوو بەڵام بە کردەوە سەربەخۆ بوو، لەم بە کردەوە سەربەخۆییەدا هیچ بەدبەختی و نەداری و نەهامەتیەک نەما حکومەتی کوردی بەسەر خەڵکی نەهێنێ. ئەمەش ڕۆڵی زۆری هەبوو لەوەی سەربەخۆیی لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان بخات. جگە لەمە شکستی ڕیفراندۆم تەنیا خەڵکی نائومێد نەکرد بەڵکو بەگشتی مەیلی جیابونەوەی لەناو خەڵکدا خنکاند و تێکی شکاند. هەروەها وتم مەسەلەی سەربەخۆیی زەمینەی نەماوە، چونکە لەلایەکەوە ئەو سەربەخۆییە دیفاکتۆیە تەواو بوو کە هەبوو. لەلایەکی ترەوە کەلێن و قڵشتی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە لە نێوان خۆیان و لەگەڵ حکومەتی عێراق تەسک و تەنگ بوەتەوە ئێستا زۆر ئاسانتر دەتوانن لەبەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان یەکدەست ڕاوەستن و شکستی بدەن. وە سەرئەنجام ئێستا ئیتر حکومەتی مەرکەزی وەکو دەورەی پێشو لاواز نییە کە نەتوانێ ڕێگری جیابوونەوە بێت، ئێستا لە ڕووی ئابوری و سیاسی و عەسکەریەوە دەتوانێ دژی هەنگاوێکی بەم جۆرە بوەستێتەوە. لە ناوخۆی کوردستانیشدا ڕەوەندێکی دژی جیابونەوە هەم لەناو خەڵک و هەم لە ناو ئەحزابی سیاسی سەریهەڵداوە ئەمەش ئیمکانی جێبەجێ بونی ئەم مەسەلەیەی لە ئێستادا نەهێشتوە.

### بارودۆخی تازەی جیهان

ئەم ئاڵوگۆڕانە تەنها بەرتەسک و تایبەت بە کوردستان و تەنانەت عێراقیش نییە، بەڵکو ئەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان و عێراق بەرئەنجامی هەلومەرجێکی تازەی جیهانی و خودی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. جیهان پێی ناوەتە دەورەیەکی تازەوە، چۆن ٣٣ ساڵ لەمەبەر لەژێر کارگەری دۆخی ئەوکاتەی دنیادا کوردستان کەوتە ناو هەلومەرجی دابڕان لە عێراق و سەرگەردانی سیاسیەوە، ئێستاش ئەم دۆخە جیهانیە تازەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر وەزعی ناوچەکە و کوردستان و هەر بەم پێیەش گرێخواردنەوەی کوردستان بە عێراقەوە.
بەڵام با بزانین ئەم وەزعە تازەیەی جیهان چییە و چۆنە و چۆن کاریگەری لەسەر ئەم

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

ناوچەیە دادەنێت. ئەم وەزعە بەرئەنجامی شکستی لەشکرکێشی و سیاسەتی ئەزمەسازی ئەمریکایە بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کاریگەری جیهانیشی هەیە. لە دەورەی ڕابردودا ئەمریکا لە دەوری سیاسەتی ڕژێم چێنج دەستی دایە لەشکرکێشی و جەنگ لەم ناوچەیە، کۆمەڵێک لەو ڕژێمانە کە نەدەچوونە ژێر هەیمەنە و فتواکانی ئەمریکاوە، کاندید کران بۆ ئەوەی بگۆڕدرێن و ڕژێمی گوێ لەمشتی ئەمریکا بخرێتە جێگەیان. بە دیاریکراوی عێراق و سوریا و ئەفغانستان و ئێران... بەمجۆرە هەم ئەمریکا هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ هەم گەمارۆی ڕەقیبەکانی بدات. (لەوانە بەرنامەی ڕێگای ئاوریشمی چین کە تۆڕێک بوو لە ڕێڕەوی بازرگانی ناوچە جیاوازەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقای پێکەوە دەبەستەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەکەوە پەیوەست دەکات) بۆ ئەم مەبەستە جگە لە دوو جەنگی ڕاستەوخۆ کە ئەمریکا بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعس لە عێراق، کە توانی هەردووکیان بڕوخێنێ، دەورەیەک لە جەنگی بە وەکالەت دەستی پێکرد و باڵی کێشا بەسەر ناوچەکەدا. جەنگە ناوخۆییەکانی عێراق و سوریا و ئەفغانستان و یەمەن لە نمونەکانی بوو. زلهێز و قودرەتە گەورە جیهانی و ناوچەییەکان لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر یەک بگرن، کە ئەوکات خەتەری بەرپابوونی جەنگی گەورەی جیهانی لێ دەکەوتەوە، بەتایبەت کە هەمویان بە چەکی کۆکوژ چەکداربوون، جیهانی دەخستە بەردەم هەڕەشەی نابوتی و وێران بوونەوە. بۆیە زلهێز و قودرەتە جیهانی و ناوچەییەکان لە ڕێگەی داروودەستە و میلیشیای چەکداری قەومی و مەزهەبی دەسکەلای خۆیانەوە شەڕیان دەکرد بۆ بردنەپێشی پلانەکانیان. بە تایبەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەکو سعودیە و تورکیا و قەتەر لەلایەک و ئێران و ڕژێمی بشار ئەسەد بە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی ڕوسیا لەلایەکی ترەوە، لە پشتی جەنگەکانی بە وەکالەتەوە بوون. ئەم جەنگانە کە بە ڕواڵەت وەکو ڕوداوی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە دەخرانە بەرچاو، سەرجەمیان لە پنتاگۆن لەسەر کاغەز پلانیان بۆ دانرا و بودجەی زەبەلاح و مەشجەبی چەک و هێزی بەشەری و خەبیری سیاسی و عەسکەری و جاسوسییان بۆ تەرخان کرا. لە بەرامبەریشدا بە تایبەتی ڕژێمی ئێران دژە پلانی بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان داڕشت. لەم هەلومەرجەدا دەیان دەستەوتاقم و باند و میلیشیای قەومی و مەزهەبی سەریان دەرهێنا بۆ خۆ عەرز کردن لە بازاڕی لایەنەکانی پشتی ئەم جەنگانە. تەنانەت خودی داعش لە دەرهاویشتەکانی ئەم بازاڕە بوو. بەشێکی زۆر لەو باندانەی کە لە بنەڕەتدا ئەمریکا لە سوریا ساز و پڕچەک و گیرفانپڕی کردن، بوونە کەرەستەی سەرەکی شکڵگرتنی داعش لە دەورەی دواتردا. ڕۆژگارێک خۆیان دروستیان کرد و ڕۆژگارێکی تر پۆزی شانازی ئەوەیان بەسەر خەڵکی جیهاندا لێدەدا کە

## ڕێبوار ئەحمەد

شەڕی تیرۆ دەکەن و جیهان لە خەتەری تیرۆریزمی داعش دەپارێزن. لەم شەڕانەدا کە وەکو وتم بە جەنگی بە وەکالەت ( پرۆکسی وۆر [proxy war]) ناسرابوون. ئەمریکا یەک لە دوای یەک شکستی خوارد. لە عێراق کە هەر لە سەرەتاوە ئێران ڕۆڵی بوو لە سازدانەوەی دەسەڵات، بەڵام سەرئەنجام ڕەوتی شیعەی پرۆ ئێرانی باڵادەستی پەیداکرد لە دەسەڵاتی سیاسیدا و لە جێگەیەک ئەمریکا ناچار بوو بەبێ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات بکشێتەوە. لە ئەفغانستان دوای چەندین ساڵ ڕاگرتنی وشکەکەڵەکی ڕژێمی دەسکەلا، ئەمریکا ناچار بوو خۆی و گوێلەمشتەکانی بە هەڵهاتن لە دەست چەتە و تفەنگچیەکانی تاڵیبان هەڵبێن. لە سوریا دوای ئەو هەموو ساڵە و ئەو هەمو وێرانکاریە نەیانتوانی ڕژێمی بەشار ئەسەد بڕوخێنن بە دۆڕاوی مەیدانەکەیان بۆ ئێران و بەشار ئەسەد بەجێهێشتەوە. لە یەمەن بە هەمان شێوە ئێران و ئەنساروالله دەستی باڵایان پەیداکرد. بەهەرحاڵ بە کورتی ئەمریکا لە شەری بەوەکالەت هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و بگرە شەڕەکانی دۆڕاند. لەوەش بەرجەستەتر ئەوەیە کە بە گشتی سیاسەتی لەشکرکێشی و ئەزمەسازی ئەمریکا لە ناوچەکە بە تەواوی شکستی خوارد و پاشەکشەی کرد. ئێستا ئیتر ئەو کۆمەڵە جەنگەی کە بە جەنگی وەکالەتی ناوبانگیان دەرکردبوو، بەرەو کۆتایی دەڕۆن. هەمو جەنگێک سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەموو ئەو ئیمکاناتەی تەرخانیان کردبوو لە پارەی زەبەلاح و چەک و هێزی بەشەری، بەکاریان هێنا بەڵام شکستیان خوارد. ئیتر ئەو شەڕانەش وەکو هەر جەنگێکی تر بە کۆتایی گەیشتوون.

هاوشان لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە لە ناوچەکەدا لە ئاستی گشت جیهانیشدا وەزعێکی تازە هاتوەتە کایەوە. ئەمریکا لە شکڵدان بە نەزمێکی جیهانی یەک جەمسەری بە ڕابەری خۆی بە تەواوی ناکام مایەوە، ئێستا ئیتر دنیای چەند جەمسەری بووە بە ئەمری واقع. جگە لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەکو جەمسەرێک، خودی ئەوروپا تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەمریکا فاسڵەی گرتوە و وەکو جەمسەرێکی تایبەت و سەربەخۆ خۆی نیشان داوە، چین و ڕوسیا و هیند و ئێران و بەرازیل وەکو جەمسەرێکی تر بە ناوی بریکس دەرکەوتون و ناوچەی نفوزی خۆیان هەیە.

### ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستیی سەقامگیری

لەم دنیای چەند جەمسەریەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەی نفوزی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەرچووە و ئێران کە پشتی بە جەمسەری بریکس بەستووە، وەکو زلهێزێکی ناوچەکە نفوزی پەیداکردوە بە تایبەت لە عێراق و سوریا و یەمەن. ڕژێمی ئێران کە دەکرێت بڵێین براوەی جەنگی بە وەکالەت بوو وە دەستی باڵای پەیداکردووە

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

بەرامبەر ڕەقیبە ناوچەییەکانی بە تایبەت سعودیە، ئیتر پلانی ئەوەیە کە پێشرەوی و دەسکەوتەکانی خۆی سەقامگیر بکات. لەم نێوەشدا دەیەوێ سەقامگیری بدات بەو ناوچەیەی کە تا ڕادەیەکی زۆر بەدەستی هێناوە و هەلومەرجێکی لەبار بۆ سەرمایەگوزاری لە بەرژەوەندی خۆیدا برەخسێنێ. هەرچی جەمسەرەکەی تری جەنگی بە وەکالەتە، واتە ڕژێمی سعودیە جگە لەوەی دەزانێ کە چی تر ناتوانێ لە ڕێگەی درێژەدان بە جەنگەوە هاوسەنگیەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێت، تەنانەت ترسی هەیە ئەوەشی کە ماویەتی لە دەستی بدات. بۆیە دەیەوێ پارێزگاری لەوە بکات کە بەدەستیەوە ماوە. لە هاوسەنگیەکی بەم جۆرەدا هەردوو زلهێزی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە پشتی جەنگەکانی بە وەکالەتەوە بوون، گەیشتونەتە سەر مێزی مفاوەزات و ڕێککەوتن لەسەر کۆتاییهێنان بەو جەنگانە و گێڕانەوەی ئارامیەکی سیاسی لانیکەم نسبی بۆ ناوچەکە کە خزمەت بکات بە کەڵەکەی سەرمایە.

بەم جۆرە دوای سێ دەیە لە جەنگی جۆراوجۆر ئێستا ئیتر جۆرێک لە سەقامگیری و ئارامی بۆ سووڕان و کەڵەکەی سەرمایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕوانگەی هەموو بۆرژوازی ناوچەکە و جیهانیش پێویستی پەیدا کردووە. ئەم زەرورەتەیە کە دەوڵەتە ڕەقیبەکان و لایەنەکانی پشتی جەنگی بە وەکالەتی لەسەر مێزی گفتوگۆ هێناوەتە بەرامبەر یەک. چینیش وەکو عملاقێکی ئابوری کە بەرژەوەندی گەورەی هەیە لە گێڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە، لەم بارەیەوە بوەتە فشارێکی کاریگەر لەسەر لایەنەکانی ئەم جەنگانە و ناچار کردنیان بە ڕێککەوتن و گێڕانەوەی سەقامگیری. گومانیش لەوە نییە کە قیبلەنومای دەوڵەتان لە شەڕ و لە ئاشتیدا لە دوالێکدانەوەدا بەرژەوەندی ئابوریانە. هەر بەشێکی بۆرژوازی لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی قازانجی سەرمایەوە تەماشای شەڕ و ئاشتی دەکات. ئەو کاتانەی کە ناتوانن ناکۆکیەکانیان بە مفاوەزات و دیپلۆماسی حەل و فەسڵ بکەن، بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانیان پەنا بۆ جەنگ دەبەن. واتە جەنگ لەسەر ئەوەیە کە بەرژەوەندی کام کتلە و کام بلۆک و کام بەشی بۆرژوازی و تەنانەت کام کۆمپانیا هەژمونی بکات بەسەر بازاڕدا. ئەم دەوڵەتانە لە دوالێکدانەوەدا نوێنەری کۆمپانیا و بانکەکانن، وە بەدوای ئەوەوەن کە هەلومەرجی گونجاو بۆ سووڕان و کەڵەکەی سەرمایە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بهێننەکایەوە. واتە جەنگ لە پێناو جەنگ یان لە پێناو هیچ ئامانجێکی موقەدەسی فکری و ئایدۆلۆژی نییە. وا نییە کە لە پێناو بیروباوەڕ و موقەدەسات یان بەڵێنەکانیان بە خودا و دۆستەکانیان دەیانەوێ هەتا هەتایە بجەنگن. ئەوان لەپێناو بەرژەوەندی ئابوری و ناوچەی نفوز و دەستبەسەراگرتنی بازاڕدا شەڕ دەکەن. ئەمەش هەرچەند بخایەنێ لە جێگایەکدا یەکلادەبێتەوە. بەڕای من ئێستا ئیتر

## ڕێبوار ئەحمەد

شەڕەکانی ئەم ناوچەیە بەڕادەیەک بە ئەنجامی خۆیان گەیشتوون و ئیتر گشت بۆرژوازی جیهانی و ناوچەکەش بەو ئەنجامە و بەو هاوسەنگیە گەیشتون کە جۆرێک لە سەقامگیریی سیاسی لە بەرژەوەندی سەرمایەدا بدەن بە ناوچەکە. بۆیە بە ئاڕاستەی گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە هەنگاو دەنێن. بەڵام ئەمە نە بە مانای نەمانی خیلافات و ناکۆکیە، نە زەمانەتێک هەیە بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بەردەوام بەم بارەدا بڕواتە پێش، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە ناکۆکیەکان توندببنەوە. بێگومان لەم هێزهاوسەنگیەدا خیلافات و منافەسەی کتلە و بلۆک و کۆمپانیاکان لە جێگای خۆی ماوە، بەڵام لە ئێستادا من پێموایە ئەگەری جەنگ دوورە و جەنگ هەر دەیتوانی ئەوەندە کاریگەری هەبێت کە بوویەتی. بۆیە ئیتر لە جیاتی دەستبردن بۆ جەنگ لەم دەورەیەدا زۆرتر بەرامبەرکێی سیاسی و مفاوەزات و دپلۆماسیەت مەیدان پەیدا دەکات بۆ چارەسەری ئیختلافات و ناکۆکیەکانیان. بەڵام هیشتا من بۆ دیقەت ئەڵێم ئەم سەباتە نسبیە چونکە یەکەم/ ئاشکرایە  کە تا کێشەی کورد و فەلەستین چارەسەر نەبن سەباتی تەواو ڕوو لەم ناوچەیە ناکات. هەرچەند کاریگەری ئەم مەسەلانە ناتوانن قورسایی گەورەیان هەبێت لەسەر تێکدانی ئەمنیەتی سەرمایە بەڵام بەهەرحاڵ کەم بێت یان زۆر کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری ناوچەکە هەیە. دووەم/ جگە لەوانەش بێگومان لە ئاستی ناوچەکەدا ڕەوت و هێزگەلێک هەن کە لەم هێزهاوسەنگیەی ئێستا ڕازی نین و هەوڵ دەدەن بەرامبەری بوەستنەوە، یان ناکۆکی نێوان جەمسەرەکان دیسانەوە پەرەبگرێتەوە. سێیەم/لە ناوچەیەکی پڕ ناکۆکیدا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە جوڵەیەکی سەرچڵانە و حیساب بۆ نەکراوی لایەک دۆخەکە بتەقێنێتەوە و بیگەیەنێ بە شەڕ. بەهەرحاڵ کاتێ باسی ئارامی سیاسی دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ جۆرە پێکدادان و تەق و تۆقێک ڕوونادات، بەڵام وەکو جەنگ مەبەستم لە شەڕ و تەقابولی سەربازی دەوڵەتان و قودرەتە جیهانی و ناوچەییەکانە. ئەوان لە ئێستادا هیچیان پلانی جەنگیان نییە. هەرچی میلیشیا قەومی و دینیەکانە، بێگومان ئەگەری ئەوە هەیە کە وردە جەنگ و گرژی لە نێوانیاندا ڕووبدات، بەڵام ئەم جۆرە شتانە ناتوانن وەکو دەورەی پێشوو کاریگەرییان هەبێت، چونکە نابێ وا بزانین کە گوایە لەم چەندین ساڵەی ڕابردودا ئەوە خەڵکی شیعە و سونەی عێراق بوون دەیانویست یەکتری بکوژن، یان حوسییەکانی یەمەن لەناو خەڵکەوە هەڵقوڵان و لەسەر بنەمای دوژمنایەتییان لەگەڵ دەوڵەتی یەمەن دەستیان دایە چەک. یان چەندین باند و تاقمی ئیسلامی لە سوریا خۆیان سەربەخۆ لەناو خەڵکەوە هەڵقوڵاون و هاتنەمەیدان بۆ ڕوخاندنی بەشار ئەسەد..وە وە.وە... نەخێر واقعیەتەکە ئەوەیە ئەمریکا و سعودیە و قەتەر و تورکیا و ئێران و لە ئاستێکی مەحدود تردا ئەوروپا و ڕوسیا لە پشتی ئەم جەنگانەوە بوون. بە پلان و پارە و چەک و خەبیری سیاسی و

سەربازی و جاسوی ئەوان ئەم جەنگانە سەریان هەڵدا و بەردەوام بوون. ئێستا جەنگی نێوان ئەوان بە ئەنجامی خۆی گەیشتوە، ئەمریکا لە سیاسەتی جەنگی و ئەزمەسازی و لەشکرکێشی شکستی خوارد و لەوە زیاتر نایەوێ شکستەکەی قوڵتر بکاتەوە. لایەنەکانی بەرامبەریش کە تا ڕادەیەکی زۆر براوەن، نەک پێویستیان بە جەنگ نییە، بەڵکو دەیانەوێ ئەو ناوچانەی بوون بە ناوچەی نفوزی ئەوان ئارام بێتەوە و بەروبومە ئابوریەکەی بخۆن. بۆیە هیچ لایەک لەوان نایەوێ و لە دەستوریدا نییە جەنگی دیکە بەرپا بکات، مەگەر دۆخەکە لە دەستیان دەربچێت. ئەگەر بەدەر لەمە باند و میلیشیا ڕەوتە قەومی و مەزهەبییەکان بشیانەوێ لەگەڵ یەکتری شەڕ بکەن ئەو کاریگەریەی نابێ کە ئارامی نسبی ناوچەکە بشێوێنێ، ئەوان بەبێ کۆمەکی هەمەلایەنە و لە پشتدانی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان توانای جەنگێکی ئەوتۆیان نییە کە ئەم ڕەوەندە پەک بخات و ئاسایشی سەرمایە لە ناوچەکە تێکبدات.

هەر بەم پێیە لە ناو ئەم هەلومەرجەدا جەنگ و چەک و میلیشیا وەکو دەورەی پێشوو مەیداندار نابن. چونکە ئەو دەوڵەتانەی لە پشتی شکڵگرتنی ئەم شەڕ و میلیشیایانەدا بوون لە سەرچاوەوە زەخیرەی ئەم میلیشیایانەیان گرتوەتەوە. کاتێک جەنگ نەبێت میلیشیاش ڕۆڵ و باو و بازاڕی نامێنێ. تەنانەت ئەم جەنگە تازەیەی فەلەستین پەیوەندی بەم مەدەوە هەیە، حەماس بەم هێرشەی بۆ سەر ئیسرائیل، لەدژی ئەو ڕەوتە وەستاوەتەوە کە خەریکە ڕۆڵی هێزە میلیشیاییەکانی وەکو حەماس بەرەو کەنار پاڵپێوە ئەنێ. حەماس بەم هێرشە ویستی خۆی بەرێتەوە بۆ مەرکەزی کێشمەکێش لەسەر قودرەت و بیسەلمێنێ کە ناکرێ لە مەسەلەی فەلەستیندا ڕۆڵی حەماس نادیدە بگیرێت یان پێگەیەکی لاوازی پێبدرێت.

بەهەرحاڵ من وا دەزانم کە بۆ گشت بۆرژوازی ناوچەکە و جیهانیش جۆرێک لە سەقامگیری لە ناوچەکەدا پێویستی پەیدا کردووە و هەموو دەیانەوێ جۆرێک سەقامگیری بدەن بە ناوچەکە و هەلومەرجێکی لەبار بۆ سووڕان و کەڵەکەی سەرمایە برەخسێنن. لەم نێوەشدا بە دیاریکراوی لە عێراق وەکو یەکێک لە مەیدانە هەرە گەورەکانی جەنگ و ئەزمەکە، لەژێر کاریگەری ئەم وەزعە جیهانیەدا و لەسەر بنەمای ئەوەی کە حکومەتی عێراق لە دوای جەنگی داعشەوە باڵادەستی بەدەست هێناوە، هەوڵدەدات بەشێوەی سیاسی نەک عەسکەری وە بە ناوی فیدراڵیزم و دەستور و دەسەڵاتی قەزاییەوە بەو ئیتجاهەدا حەرەکەت بکات کە دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا تەمەرکوز و سەقامگیر بکات و هەیمەنەی خۆی بە سەر جغرافیای سیاسی  هەموو عێراقدا بسەپێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەست دەبات بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان، جڵەوکردنی میلیشیاکان و حەل کردنیان لە ناو سیستەمی عەسکەری و بەرگری دەوڵەتی مەرکەزیدا. ئەم مەسەلەیە تەنها

## ڕێبوار ئەحمەد

لەبارەی بەرستک کردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە نییە، لە پەیوەند بە ڕەوت و کتلە سیاسیەکانی دیکەی عێراقیشەوە ئەوزاعەکە بەو ئاقارەدا دەڕوات کە ڕەوتی شیعەی پرۆئێرانی هەژمونی خۆی فەرز بکات. ئەم سەقامگیریە خواست و زەرورەتی سەرمایەیە وە ئەم جەناحەی بۆرژوازی دەیەوێ دابینی بکات.

### گەڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر ڕکێفی حکومەتی مەرکەزی

لە پەیوەند بە کوردستانەوە، ئەم هەلومەرجە لە ئاستی ناوچەکە بە گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی ئەو قڵشت و کەلێنانەی تەنگ و بەرتەسک کردوەتەوە کە هەمیشە ناسیۆنالیزمی کورد نانی لێخواردووە. بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوی بزووتنەوەی کوردایەتی هەم ستراتیژ و هەم تاکتیکیان ئەوە بووە کە لە کەلێن و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان کەڵک وەرگرن، پشت بدەنە دەوڵەتێکەوە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بجەنگن لەم پێناوەشدا ئامادەی خۆشخزمەتی بێسنور بوون بۆ ئەو دەوڵەتەی کە داڵدەی داون و کۆمەکی پێ کردوون. بە تایبەت ناسیۆنالیستە کوردەکانی عێراق بە پشتیوانی ڕژێمی ئێران و ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئێرانیش بە پشتیوانی ڕژێمی عێراق دژی ڕژێمەکانی بەرامبەریان جەنگیون لە پێناو ئەوەی دەوڵەتی مەرکەزی ناچار بکەن لە دەسەڵات شەریکیان بکاتەوە. بەڵام ئەم هەلومەرجە تازەیە ئەو کەلێن و قڵشتانەی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەی تەسک کردوەتەوە. ئەمەش لە کوردستانی عێراق دەبێتە مایەی ئەوەی دەسەڵات و پێگەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بکەوێتە لێژی. وەکو دەبینین ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵات و قەوارەکەیان بەرتەسک و بچوک و کەم دەسەڵات دەبێتەوە. لە پێشەوە نەوت و پارەی نەوتیان لەدەستیان دەرکرد، دواتر سنورەکان و داهاتی ناوخۆ، ئێستا سەرباری ملکەچ کردنی هەرێم بۆ قەیدوبەندەکانی بەغدا کەچی هێشتا بە قەترە قەترە پارەیان دەدەنێ. هەڵبەت لەوەش زیاتر پەڕوباڵیان دەکەن. تەنانەت پێشبینی دەکرێت لە پرۆسەیەکدا چەکیشیان بکەن و پێشمەرگەیان لەدەست دەرکەن ئەوپەڕی وەکو حەشدی شەعبی لە ناو سیستەمی عەسکەری عێراقدا حەلی بکەن.

بەمجۆرە کوردستان کە ٣٣ ساڵە بەکردەوە لە عێراق دابڕابوو و لە دۆخی سەرگەردانیدا چارەنوسی هەڵواسرابوو، هەروەها خاوەنی تایبەتمەندی سیاسی و ئابوری خۆی بوو، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دژی داعشەوە، ڕەوت و پرۆسەی گرێخواردنەوە بە عێراقی گرتوەتەبەر. ئیتر کوردستان جغرافیایەکی سەرگەردان و دابڕاو لە عێراق و بێ ناسنامەی حقوقی نییە. بەڵکو ناسنامەی خۆی وەکو بەشێک لە عێراق و لە سایەی دەوڵەتی عێراقدا پەیدا کردوەتەوە.

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لەم پرۆسەیەدا، ئەوەیە کە گرێخواردنەوەی کوردستان بە عێراقەوە بە ڕێگەی لەشکرێشی و عەسکەر و چەک نییە، بەڵکو بە ڕێگەی سیاسی و بە کەڵک وەرگرتن لە بالانسی ئێستا و پێگەی بەهێزتری دەوڵەتی مەرکەزیە و بە ناوی فیراڵیزم و یاسا و دەستور و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵەوە دەبرێتە پێشەوە. ئەمە زۆر مەسەلە و فاکتەرێکی گرنگە، ئەگەر ئەمە بە زەبری عەسکەر بکرایە وەکو جۆرێک لە داگیرکاری هەژمار دەکرا و ڕەنگە لە ناو خەڵکی کوردستاندا کاردانەوەیەک لەدژی پەیدا ببوایە. بەڵام ئێستا باسی داگیرکاری لە ئارادا نییە. ئەمە لە ئێران و لە تورکیا وانییە، لەوێ بە عەسکەر و چەک و جەنگ کوردستان کۆنترۆڵ کراوە. بەڵام لە عێراق ئەو جۆرە لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەسەرچووە، ئیتر سەردەمی ئەوە نەماوە وەکو ڕژێمی بەعس ڕەفتار لەگەڵ ئەم خەڵکە بکرێت، ئەگەر بشیانەوێ ناتوانن بیکەن. بەڵام دەتوانن لەم هێزهاوسەنگیەدا بە ناوی دەستور و قانون و فیدراڵیزمەوە دایسەپێنن و ناسیونالیزمی کوردیش لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە ناچارە مل بەم واقعیەتە بدات.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە هەرچەندە دەوڵەتی مەرکەزی بەناوی فیدراڵیزمەوە ئەم کارە دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە فیدراڵیزم دەستەواژە و چەمکێکی نەگۆڕ و ڕوون و پێناسەکراوە کە هەموان هاوڕان لەسەری. بۆیە ئێمە دەڵێین فیدراڵیزم ئەلگۆیەکە بۆ هەتاهەتایی کردنی ناکۆکی قەومی و کێشمەکێشی مەرکەز و هەرێم، چونکە هیچ هاوسەنگی و بالانسێکی تحدیدکراو پێناسەکراوی نەگۆڕی نییە. هەر لایەک هەمیشە بەپێی هێزهاوسەنگی ڕۆژ لە بەرژەوەندی خۆیدا فیدراڵیزم شرۆڤە دەکات و لەسەر حیسابی لایەنی بەرامبەر بەشی خۆی زیاد دەکات. کاتێک ناسیۆنالیزمی کورد پێگەی بەهێزی هەبوو تا ڕادەی فرۆشتنی نەوت، فیدراڵیزمی لە بەرژەوەندی خۆی مانا دەکرد، تەنانەت وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕەفتاری دەکرد لە فرۆشتنی نەوت و پەیوەندی دەرەوە و سەفەقاتی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش. ئێستاش کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی دەوڵەتی مەرکەزی و بە زیانی ناسیۆنالیزمی کورد گۆڕاوە، فیدراڵیزم بەو جۆرە شرۆڤە دەکرێت کە تەنانەت موچەی کارمەندانی دەوڵەتی لە کوردستان نادەن. هەتا دەستوریش ناتوانێ ڕێگری لەمە بکات، لە هێزهاوسەنگی تازەدا دەکرێ باسی گۆڕینی دەستوریش بێتەکایەوە و تەنانەت بیگۆڕن.

هەڵبەت هێشتا گوشار و هەنگاوەکانی مەرکەز دژی بەشی ناسیونالیزمی کورد لە دەسەڵات و داهات درێژەی دەبێت و لەوەش زیاتر بچوک و بێدەسەڵاتی دەکەن، بەڵام ئەم تەرتیباتە سیاسیەی ناوی فیدراڵیزمە هەر دەمێنێ، چونکە تەنانەت خودی مەرکەز پێویستی بەمە هەیە بۆ ڕاگرتنی کوردستان لەگەڵ خۆی. پێشبینی دەکرێت حکومەتی هەرێم ببێتە

## ڕێبوار ئەحمەد

حکومەتێکی بێ دەسەلات و بێ پارە و بێ چەک  و دەستەمۆی دەوڵەتی مەرکەزی، بەڵام دەمێنێتەوە چونکە دەوڵەتی مەرکەزی بەبێ ئەحزابی وەکو پارتی و یەکێتی و ئەوانی تر کوردستانی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ. وەکو وتمان ناکرێ بە مۆدیلی بەعس کوردستان ئیدارە بکرێت. بەڵام مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لەم نێوەدا ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە ئاستێکی فراواندا نەک هەر دژی ئەم گەڕانەوەیەی کوردستان بۆ پاڵ عێراق نین، تەنانەت بە باشی دەزانن. بەیت و باڵۆرەی کوردایەتی نەیتوانیوە ئەم بۆچونەی خەڵک بگۆڕێت، ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی هەیە. یەکەم؛ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان ٣٣ ساڵ تەجروبەیەکی زۆر تاڵیان هەیە لەگەڵ دەسەلات و حکومەتی کوردی، جگە لە ستەمکاری و چەتەگەری و تاڵان و گەندەڵی و کۆنەپەرستی هیچی تریان لێی نەبینیوە، ئێستا ئەوەندە نەفرەتی لێ دەکەن ژیان لە سایەی دەوڵەتی عروبە و شیعە بە باشتر دەزانن لە ژیان لە سایەی حکومەتی کوردی. دووەم؛ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیەکی وایان هەیە کە ڕەنگە گەڕانەوە بۆ پاڵ دەسەلاتی مەرکەزی لە ڕووی بژێوی و کار و مەعاش و خزمەتگوزاریەوە بە قازانجی خەڵک بێت. هەڵبەت ئەوەی کە ئەمە چەندە وایە یان نا مەسەلەیەکی ترە، بەڕای من لە گرەوی خەباتی خەڵک و ڕۆلی ئێمەدایە. بەڵام جیاواز لەمە گەڕانەوە بۆ ژێر ڕکێفی حکومەتی مەرکەزی ئەم کۆمەڵگەیە دەخاتە بەردەم چارەنوسێکی نادیار و پڕمەترسیەوە.

### مەسەلەی کورد

مەسەلەیەکی گرنگ کە دەبێ لەسەری ڕاوەستین ئەوەیە کە هەرچەندە دەورانی سەرگەردانی و گێژاوی سیاسی ٣٣ ساڵە کۆتاییهات، بەڵام کێشەی کورد هەروا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. لە ئێستادا ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان نەماوە، بەڵام مەسەلەی کورد وەکو گرێیەکی ئالۆزکاوی سیاسی لە جێگای خۆیدایە. ستەمی میللی بەکردەوە نەماوە بەڵام لەلایەک پێشینەی کارەساتباری ستەمی میللی و لەلایەکی ترەوە پێشیلکردنی ئیرادە و خواستی ئێستای خەڵکی کوردستان کە لە ڕیفراندۆمدا دەنگیان بە جیابونەوە داوە بەڵام مافی ئەوان و ئیرادەی ئەوان بۆ جیابونەوە پێشێلکراوە، هەروەها ئەو نەتەوەپەرستی و تەفرەقە قەومیەی کە ناسیۆنالیزمی کورد بەردەوام برەوی پێدەدات و دەمەزەردی دەکاتەوە، هەموو ئەمانە بنەمای مەسەلەی کورد پێکدەهێنن لە ئێستادا. لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە چارەسەری هەر ستەمێک کۆتایهێنانە بەو ستەمە، بەڵام مسەلەی کورد لە ستەمی میللی واوەترە. دەوڵەتە مەرکەزیە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە تایبەتی ڕژێمی بەعس برینێکی ئەوەندە قوڵیان لە جەستەی خەڵکی کوردستاندا هەڵکەندوە کە نەمانی ستەمی میللی ئەو برینە سارێژ ناکات. ناسیۆنالیزمی کوردیش

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

ئەوەندە بەشێوەیەکی کۆنەپەرستانە کاری کردووە لەسەر زەقکردنەوەی ناسنامەی میللی و ناکۆکی قەومی کە ئەم کێشەیەی هێندەی تر قوڵکردوەتەوە. بۆیە تا کاتێک خەڵکی کوردستان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێ کە لە فەزایەکی ئارام و ئازاددا بڕیار و هەڵبژاردنی خۆیان نەکەن لە نێوان مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەم کێشەیە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. ئەمە لەلایەک کە من دواتر پێشنیاری خۆم بۆ سیاسەتی حیزب لەبارەی ئەم کێشەیەوە باس دەکەم، بەڵام لایەکی تری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە بەڕاستی بەشێکی زۆر گەورەی بێچارەسەر مانەوەی ئەم کێشەیە، خەتاکەی دەکەوێتە ئەستۆی بۆرژوازی کورد و بە تایبەتی یەکێتی و پارتی. حیزبی ئێمە دەبێ ئەم خەتایەی بۆرژوازی کورد بۆ جەماوەری خەڵک ڕوون و بەرجەستە بکاتەوە. دەرفەتی زۆر گەورە لە ماوەی ئەم ٣٣ ساڵەدا ڕەخسا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام بۆرژوازی کورد هەموو ئەو دەرفەتانەی هەرزانفرۆش کرد لە پێناو ئامانج و مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا. بە کردەوە دەیان جار ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە ئەوان بەدوای چارەسەری یەکجاری مەسەلەی کوردەوە نیین بەڵکو تەنها نان دەخۆن لە ستەمکێشی خەڵکی کوردستان. ئەوان لە ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان نانیان خوارد، بەڕاستی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ ئەوان بووە بە دەستمایەی مامەڵە و سەودای سیاسی. دەڵێن کاتی خۆی مام جەلال گوتویەتی ''ئاخ بۆ کیمیابارانێکی تری لەبابەت ئەوەی هەڵەبجە''! من نازانم مام جەلال ئەم قسەیەی کردووە یان نا، بەڵام دەتوانم بە تەواوی باوەڕ بکەم کە ئەمە ڕێک قسەی دڵی ئەو و ڕابەرانی ناسیۆنالیزمی کوردە. چونکە بەڕاستی ئەوان قازانجی زۆریان لە کیمیابارانی هەڵەبجە  کرد. بەهەرحاڵ جیا لەمە ئەوان ڕۆڵی زۆریان گێڕاوە لەوەی مەسەلەی کورد لە ستەمی میللی زیاتر بڕوات. ئەوان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا بۆ ئەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی بخەنە نێوان خەڵکی کورد و عەرەبەوە بۆ ئەوەی بازاڕی خۆیان گەرم بکەن بۆ شەریکبونەوە لە دەسەڵات. بۆرژوازی نایەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بێت چونکە نانی لێ دەخوات. لەمەش زیاتر بە تایبەت لەم ٣٣ ساڵەدا سەلماندیان کە توانا و لیاقەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان نییە. لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا کۆمەڵگەی کوردستان ئیفلیج بوو و پاشەوپاش گەڕایەوە و محتاجی ئەو سەرەتاییترین خزمەتگوزاریانە بوو کە دەیان ساڵ لەوەوبەر لێی بەهرەمەند بوو.

### تەریککەوتنەوەی ڕەوتە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان

مەسەلەیەکی زۆر گرنگی دیکە ئەوەیە کە ٢٠_٣٠ ساڵی ڕابردو دەورانی لە مەحەکدانی نە تەنیا بۆرژوازی کورد بەڵکو سەرجەم ئەو هێزە قەومی و ئیسلامیانە بوو کە بە هەموو

## ڕێبوار ئەحمەد

توانایان هەوڵیاندا بۆ گەیشتن بە مەرامە چەپەڵ و کۆنەپەرستانەکانیان، بەناوی کوردایەتی یان عروبە و سونی و شیعیەوە دوبەرەکی و قڵشت بخەنە ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و عەرەب و سونی و شیعەوە. ئەم ڕەوتانە بە دەسەڵات گەیشتن و ئیمتحانی خۆیاندا و بە کردەوە سەلماندیان کە حکومەتی کوردایەتی یان عروبە و شیعە و سونە، نەک هەر دوور و نزیک پەیوەندییەکی بە ئاوات و ئامانجی خەڵک بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە نییە، بەڵکو سەرتاپایان دژی ئەو ئاوات و ئامانجانەیە. ئەم وەزعە تا ئەو جێگایە ڕۆیشتوە کە هەموو ئەم حکومەت و ڕەوتانە کەوتونەتە بەرامبەر ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵک. ئەمڕۆ بە ئاسانی دەتوانین ببینین کە ئەم هێزانە لەناو خەڵکدا تەریک کەوتونەتەوە و پێگەیان زۆر لاواز بووە. من دەزانم هێشتا ئەم حیزبانە لە ناو خەڵکدا هێز و نفوزێکیان هەیە، بەڵام هێز و نفوزەکەیان بەشێکی سونەتی ڕیشەداری کوردایەتیە کە تەنها بە ڕەخنەی کۆمۆنیستی ئەتوانرێ لە ڕیشە دەربێت، بەشێکی تری ئەوەیە کە بژێوی خەڵکیان بە بارمتە گرتووە، بۆیە ناچارن لە هەڵبژاردندا دەنگیان پێ بدەن. بەڵام چی تر خەڵکی کوردستان لەڕووی مەبدەئیەوە وەکو ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بە سیاسەتەکانی ئەوان خۆشباوەڕ نین و پروپاگەندەی کوردایەتی چەواشەیان ناکات. ئەوە بووە بە ڕاستیەکی سادە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە ناکەن لە سایەی دەسەڵاتی کوردایەتیدا ئامانجەکانیان دەستەبەر بێت یان گوزەرانیان باشتر بێت. تەنانەت نەفرەت لە سیاسەت و لە ڕەمز و لە کاریزماکانیان دەکەن. ئەمە هەر بۆ ناسیۆنالیزمی کورد وانییە، بۆ ئیسلامیەکانیش هەر وایە، بۆ هێزە عەرەبیەکان و شیعە و سونەکانی هەروایە. ئەمە تا ئەو جێگایە ڕۆیشتوە کە دەکرێت بڵێین سەرئەنجام سیناریۆی قەومی و مەزهەبی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پرۆژەیەکی زۆر گەورە بوو لە هەموو ڕوویەکەوە ئیمکانیەتی بێ شوماری بۆ خەرج کرا، ئیتر بە بنبەست گەیشتووە و خەریکە ڕەوتەکە پێچەوانە دەبێتەوە. ئێستا ئێمە شایەتی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و پێشکەوتوانەین بە پانتایی ناوچەکە لە ئەفغانستانەوە تا لوبنان لە ئێرانەوە تا عێراق تا کوردستان، بزووتنەوەیەک کە هیچ مۆرکێکی قەومی و مەزهەبی پێوە نییە، بزووتنەوەیەکە ڕاستەوخۆ لە پێناو نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا. لایەنێکی پرشنگداری ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە کرێکاران و خەڵکی سەر بە وڵات و نەتەوە و دین و مەزهەبە جیاوازەکان پشتیوانی لە یەک دەکەن و پەیامی هاوخەباتی بۆ یەک دەنێرن.

### دۆخی تازە و سیاسەتی کۆمۆنیستی

ئەم ڕەوەندە بە تەواوی وەزعێکی سیاسی تازە و هەلومەرجێکی تازە دەهێنێتە کایەوە کە

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

لە ئێمەش دەخوازێ ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە سیاسات و تاکتیکی خۆماندا پێکبهێنین. لەوانە ستراتیژ و بەرنامە و زۆر سیاساتی ترمان کە لەسەر پایەی وەزعی پێشوو بە تایبەتی پێداگری لە جیابوونەوەی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆ داڕێژراون. ئێستا کە جیابونەوە نە ڕەغبەت و نە زەمینە و نە ئیمکانی ماوە، ئێمەش دەبێ ئاڵوگۆڕ لەو سیاسەتانە پێکبهێنین کە لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراون.

ئێمە دەبێ لە ناو ئەم هەلومەرجە تازەیەدا وەڵامێکی گونجاو و ڕۆشن و کارساز بەو پرسیارە بدەینەوە کە ئەگەر سەربەخۆیی ڕەغبەت و زەمینەی نەمابێت، وە ئەگەر وەزعی موجودیش کە لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی قومی ڕاوەستاوە لەلایەن ئێمەوە ڕەتکراوە بێت و خۆیشی بە بنبەست گەیشتبێت، وە ئەگەر بڕیار بێت وەکو لە ئاستێکی فراواندا باس دەکرێت و تەنانەت لە ئەدەبیاتی حزبیشدا بەرچاو کەوتوە کە دەڵێ گەڕانەوە بۆ بەغداش ڕێگاچارە نیە! ئەی کەواتە ڕێگاچارە چییە؟! ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامێکی سەرڕاست و ڕۆشنی دەوێ. حیزبێک وەڵامێکی ڕۆشنی بۆ ئەم پرسیارە نەبێت خۆی بەرچاوی ڕوون نابێت کەواتە چۆن کار لەسەر کۆمەڵگە دەکات و بەرەو کوێی دەبات؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من لە پێشەوە باسی ئەوەم کرد کە بۆچی جیابونەوە ڕەغبەت و زەمینە و ئیمکانی نەماوە، ئەوەش مەسەلەیەکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە هەم ئێمە و هەم ئێستا ئیتر خەڵکیش دۆخی ئێستا و ئەوەی ناوی نراوە فیدراڵیزم پەسەند ناکەن. سەرئەنجام دەمێنێتەوە مانەوە لەگەڵ عێراق. بەڕای من وەستانەوە دژی مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق بە شێوەیەکی گشتی و بەبێ هەبوونی ڕێگا و بەدیلێکی ڕۆشن و باشتر، سیاسەت و هەڵویستێکی دروست نییە! یان دەبێ بە بەڵگە و ئەڵتەرناتیڤی ڕۆشنەوە بەرامبەر مانەوە لەگەڵ عێراق ڕاوەستین، جا یان دەبێ وەزعی ئێستا پەسەند بکەین یان کوردستان بەرەو جیابونەوە بەرین. بەدیلی سێەم نییە. یان ئەگەر بە هەر هۆیەک نە وەزعی ئێستا و نە جیابونەوە بە بەدیلی دروست نازانیین، کەوایە گەڕانەوە بۆ پاڵ عێراق ئەمری واقعە و ئێمە لە جیاتی وەستانەوەی بێ ئەڵتەرناتیڤ دژی ئەم ئاڕاستەیە، دروستتر وایە مەرجەکانی مانەوە لەگەڵ عێراق بخەینەڕوو. بۆیە من دەڵێم لەم هەلومەرجەدا وەڵامی دروست ئەوەیە کە وەکو ئەمری واقع چاو لە گەڕانەوە بۆ پاڵ عێراق بکەین و ڕوانگەی خۆمان بدەین دەربارەی ئەوەی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا چۆن لە مافە سیاسی و مەدەنیەکانیان بەهرەمەند بن. بە مانایەکی تر مادام کوردستان بە کردەوە کەوتوەتە سەر ڕەوتی گرێخواردنەوە بە عێراقەوە، وە مادام ئێمە بەو هۆکارانەی باسم کردن لەسەر ستراتیژی جیابونەوەی کوردستان ڕاناوەستین و وەزعی ئێستاش پەسەند ناکەین، کەوایە ئێمە دەبێ مەرجەکانی خۆمان بۆ ژیانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی

## ڕێبوار ئەحمەد

عێراقدا بخەینەڕوو. دروست وایە پێداگری لەوە بکەین کە دەبێ عێراق یەک وڵات و یەک دەوڵەت و یەک دەستور و یەک قانونی هەبێت بۆ هەموو هاوڵاتیان. دەبێ پێداگری لەوە بکەین کە دەوڵەتی مەرکەزی غەیرە قەومی و غەیرە دینی بێت، دەبێ خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا وەکو هاوڵاتی دەرەجە یەک و بە تەواوی یەکسان لەگەڵ باقی هاوڵاتیاندا، بەدەر لە ناسنامەی قەومی چاویان لێ بکرێت و لە هەمان ئەو مافانە بەهرەمەند بن کە باقی هاوڵاتیان هەیانە، نە زیاد و نەکەم. ڕەنگە لەم بارەیەوە تەنها ئەوەش کافی نەبێت کە بڵێین دەبێ وەکو هاوڵاتی یەکسان چاو لە خەڵکی کوردستان بکرێت، چونکە ئەمە کافی نییە، دەبێ قەرەبوی ستەمگەری ڕابردو بکرێت بە جۆرێک دڵنەوایی خەڵکی کوردستان بکات. ڕەنگە پێویست بێت منشوری مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان بدەین، بە جۆرێک نیگەرانی و خەسارەتی ڕابردووی ئەم خەڵکە قەرەبوو بکاتەوە. وە ئەمە بکەینە چوارچێوەیەک کە خەباتی خەڵکی لەدەور ڕێکبخەین. بەهەرحاڵ دواتر بیر لەمە دەکەینەوە، من جارێ تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم ئەمە باس دەکەم. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەبێ پێداگری بکەین لە هەڵوەشانەوەی فیدراڵیزمی قەومی و ڕسواکردنی وەکو نوسخەیەک بۆ پەرەدان بە کێشە و تەفرەقەی قەومی و شەریکبونی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵات و داهات لەسەر بناغەی مەحرومیەت و نەهامەتی خەڵکی کوردستان. چ حیکمەتێک لەوەدا هەیە کە یەکێتی و پارتی لای خەڵک نوێنەری دەسەڵاتی مەرکەزی بن و لای دەسەڵاتی مەرکەزی نوێنەری خەڵکی کوردستان بن و ڕۆڵەکەشیان ئەوە بێت کە لە باشترین حاڵەتدا پارە لە دەوڵەتی مەرکەزی وەرگرن و نیوەی تاڵان بکەن و نیوەکەی تری بکەن بە نیوەمەعاش و بیدەن بە کرێکاران و کارمەندان؟ خەڵکی کوردستان پێویستیان بەم پردە و بەم دەستە پیس و تالانچیە نییە لە نێوان خۆیان و دەسەڵاتی مەرکەزیدا. دەبێ نیشانی بدەین کە فیدراڵیزم فۆرمێکە کە ئیمتیازاتیک دەدا بە بۆرژوازی کورد و لەسەر حیسابی بێمافی خەڵک و هۆکارێکە بۆ پەرەدان بە ناکۆکی و کێشەی قەومی. دەبێ نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خەڵک نوێنەرایەتی خەڵک بکەن بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی. بۆ ئەمە دەبێ ئێمە ڕۆڵی ڕابەری خەڵکی کوردستان بگێڕین بۆ یەکلابکەینەوە حیساب لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی.

### دۆخی تازە و خەباتی چینایەتی و جەماوەری

ئەم وەزعە لە زۆر ڕووی ترەوە ئاڵوگۆڕ دروست دەکات، بە تایبەت کە لاچونی قورسایی ئەو جەنگانەی کە ساڵانێکە لە هەموو ڕوویەکەوە مایەی کارەسات بوون بۆ خەڵک و بواری خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشیان تەنگ و سەخت کردبوو. لە ڕاستیدا

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

سیناریۆی کارەساتبار بەسەر ناوچەکەدا سەپابوو، ئێستا کۆتایی ئەو جەنگانە و سەقامگیری سیاسی کە چاوەڕوان دەکرێت بێتەکایەوە، بوار بە ڕووی گەشەی خەباتی چینایەتی و بەرجەستە بونەوەی ناکۆکی چینایەتی و بزووتنەوەی جەماوەری فراوان دەبێتەوە. دەورەی تازە دەورەی نەشونمای خەباتی چینایەتیە. بەشێکی زۆر لەو پاساوانەی دەسەڵات لەدژی خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری بەدەستەوەی گرتبوو دەچنەلاوە، ئەو هۆکارانەی مایەی تەفرەقە و دووبەرەکی بوون لە نێوان کرێکارانی سەر بە نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان سەنگی پێشویان نامێنێ. قورسایی سیناریۆی کارەساتبار دەڕەوێتەوە، هەتا عەسکەر و میلشیا و جەنگ و لولەی تفەنگ مەیداندار بێت، زەمینەی خەباتی چینایەتی و جەماوەری لەبار دەچێت. بەهەرحاڵ دەورەی داهاتو بۆ خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی جەماوەری و بە تایبەتیش بۆ هەڵسوڕانی ئیمە لەبارتر دەبێت، ئەمە خۆشبینیەکی زیادە و بێ بنەما نییە. چونکە لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی ئێمە لە عێراق پێی گرتوە، بە تایبەت لەوکاتەوە کە حیزبمان دامەزراندووە ئێمە لە دوو هەلومەرجدا هەڵسوڕاوین کە یەک لەیەک سەخت و دژوارتربون، یەکێکیان هەلومەرجی سەرکوتی سیاسی ڕژێمی بەعس بوو کە سیاسەت تاوانێکی گەورە بوو، مرۆڤ لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە سێدارە دەدرا. ئەوەی تریان دۆخی دوای ڕوخانی بەعس و سیناریۆی کارەساتبار بوو(من سیناریۆی کارەساتبار لە جیاتی سیناریۆی ڕەش بەکاردەهێنم)، کە هەڵسوڕان تیایدا هیچ ئاسانتر نەبوو لە دەورانی سەرکوتی بەعس. بە تایبەتیش بۆ ئێمە وەکو کۆمۆنیزمیک کە نەیتوانی خۆی چەکدار بکات، نەیتوانی تەنانەت بەرگری لە ئەمنیەتی خۆی بکات نەک ئەمنیەتی خەڵک دابین بکات. لەو وەزعەدا کە خەڵک لەسەر ئەوە دەکوژرا کە ناوی بەکر یان عمر یان باقی و تەقی بوو، ئیتر ئەو خەڵکە ناچاربوو خۆی بداتە پاڵ میلیشیایەک بۆ ئەوەی نەکوژرێ. بەڵام هەلومەرجی تازە بە مانای کەلیمە بۆ ئێمە تازە و زۆر لە بارتر دەبێت هەم بۆ هەڵسوڕانی ئێمە و هەم بۆ گەشە و پەرەگرتنی خەباتی چینایەتی و جەماوەری.

یەک مەسەلە هەیە لەم بارەیەوە پێویستە جەختی لێ بکرێت، هەرکات باسی سەقامگیری دەکەی، لە ڕوانگەی چەپەوە وەکو جۆرێک لە تاوان تەماشای دەکرێت، وا دەزانن کە دەڵێی وەزعەکە ڕووی لە سەقامگیریە، مانای ئەوەیە کە ئیتر دەستت لە شۆڕش و لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە هەڵگرتووە، یان مانای ئەوەیە کە ئەم وەزعە پەسەند دەکەی، یان تووشی نائومێدی بوویت یان شتی لەم بابەتە. من ڕێک بە پێچەوانەی ئەم ڕوانگەیەوە تەماشای وەزعەکە دەکەم، چونکە ڕەخنەی ئێمە لە سەرمایەداریە نەک لە ئەزمەی سەرمایەدری، نەک لە سیناریۆی کارەساتباری سەرمایەداری، نەک لە استبدادی سەرمایەداری و نەک لە

## ڕێبوار ئەحمەد

ئەوزاعی ناسەقامگیری سەرمایەداری. بەم پێیە ئەو ئاڵوگۆڕەی خەریکە ڕوودەدات وەکو باسم کرد لاچوونی سێبەری شەڕ و ملهوڕی و سیناریۆیی کارەساتبار لەسەر وەزعەکە و لەسەر کۆمەڵگە. ئەمە بوار دەکاتەوە بۆ پەرەگرتنی خەباتی سیاسی و جەماوەری و گەشەی خەباتی چینایەتی. چینی کرێکار لە پێگەیەکی باشتردا دادەنێت، دەرفەتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە زیاتر دەکات. بۆیە لێرە بەدوا خەبات و بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار، واتە هەمان ئەو بزووتنەوەیەی کە ئێمە حیزبمان بۆ دامەزراندوە پەرەدەگرێت. هەروەها بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، واتە ئەو بزووتنەوەیەی کە ئێمە و هەڵسوڕاوان و ڕابەرانێکی تری جەماوەری خەریکین پڕۆژەی بۆ دادەمەزرێنین، بواری فراوانتری بۆ دەکرێتەوە و ڕوو لە گەشە دەکات. بەم جۆرە زەمینە بۆ کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی لەبارتر دەبێت. بێگومان لە هەموو دەورەیەکدا، سەباتی سیاسی بێت یان جەنگ و سیناریۆی کارەساتبار، جهەتی ئێمە بردنی کۆمەڵگەیە بۆ ناو دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بۆ وەڵامدانەوەی ڕادیکاڵ بە گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا، لەم ڕێگەیەشەوە بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەنگاونان بەرەو شۆڕشی کرێکاری. لەم دەورەیەدا کە زەمینە بۆ کاری ئێمە بەم جهەتەدا لەبارتر دەبێت، دەبێ ستراتیژێکی عەمەلی و شۆڕشگێڕانە و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی تازە بگرینەبەر. دەبێ پلانی ئەوەمان هەبێت هەرچی خێراتر حیزب گەورە بکەینەوە و بەوێنەی حیزبێکی سیاسی دەخاڵەتگەر و ئاڵوگۆڕبەخش، وەکو حیزبێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست و میلیتانت دەربکەوین، حیزب کرێکاری بکەینەوە، حیزب جەماوەری بکەینەوە. بەهەرحاڵ ئەنجامگیری و جهەتی ئەم باسە لە هەلومەرجێکی وەهادا کە لەبارتر دەبێت بۆ کار و بزووتنەوەی ئێمە پێداگریە لە سەر دەستوبرد کردن لە شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە.

### ستراتیژی ئێمە

مەسەلەیەکی زۆر گرنگی تر ئەوەیە کە مەساری ستراتیژی ئێمە چۆنە؟ جەنگمان لەسەر دەسەڵات لەگەڵ کێیە؟ دەبی کام دەسەڵات هەڵپێچین بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگە پێکبهێنین؟ دەسەڵاتی هەرێم یان دەسەڵاتی مەرکەزی؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامی سەرراست و ڕۆشنی دەوێ.

من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم خەباتی ئێمە بۆ کۆتایهێنانە بە هەردوو ئەم دەسەڵاتە قەومی و دینیانە، بەڵام چۆن؟ من دەڵێم حیزبی کوردستان وەکو حیزبی چینی کریکار و زەحمەتکێشی کوردستان، لە پێشدا دەبێ حیسابی خۆی لەگەڵ بۆرژوازی کورد یەکلابکاتەوە. لەم بارەیەوە وەکو پێشتر باسم کرد کە هەرچەندە دەسەڵات مەرکەزی

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

بێتەوە و حکومەتی مەرکەزی هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە، بەڵام دەسەڵاتێکی محلی لە کوردستان هەر دەمێنێ. تەنانەت خودی دەوڵەتی مەرکەزی پێویستی بەوەیە کە بۆرژوازی کورد دەسەڵاتی محەلی کوردستانی بەدەستەوە بێت. چونکە وەکو وتم بەبێ ئەوان کوردستانی بۆ ئیدارە ناکرێت. بۆیە دەوڵەتی مەرکەزی خۆی پێویستی بەوەیە دەسەڵاتێکی محەلی هەر بە ناوی هەرێمی فیدراڵی یان هەرچییەکەوە ئیدارەی کوردستان بکات، زۆریشی پێ باشترە ئەو دەسەڵاتە یەکێتی و پارتی بێت، چونکە لەگەڵ ئەوان باشتر لە فیکوفاکی یەکتر تێدەگەن و ڕێکدەکەون. مەسەلەیەکی تریش دەبێ لامان ڕۆشن بێت کە ناسیۆنالیزمی عەرەب و شیعە و سونە ئەگەر بشیانەوێ ناتوانن ناسیۆنالیزمی کورد وەکو سونەتێکی ڕیشەداری کوردستان کە چەندین حیزبی هەیە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بشکێنن، بە عەسکەری ئەتوانن شکستی بدەین نەک لە بەینی بەرن، بەڵام لە ئێستادا ئەوە نە پێویستە و نە مومکینە. بۆیە دەوڵەتی مەرکەزی ئەگەر بشیەوێ ناتوانێ ناسیۆنالیزمی کورد حەزف بکات و بیخاتە دەرەوەی دەسەڵات و هاوکێشەی سیاسی. بە بڕوای من تەنها کۆمۆنیزم ئەتوانێ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە ناسیۆنالیزمی کورد بشکێنێ. ئەمە لەبەر ئەوە ناڵێم کە خۆمان کۆمۆنیستین، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزم وەڵامێکی ڕیشەییتر و ڕادیکاڵتری هەیە بەو مەسەلەیەی کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد خۆیان پێوە هەڵواسیوە و نانی لێ دەخۆن کە ئەویش مەسەلەی کورد و ناسنامەی میللیە. هەروەها دەتوانێ لە جەنگی چینایەتی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی کورددا بیشکێنێ. بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە لە هەر ڕوویەکەوە تەماشای بکەی مانەوەی دەسەڵاتێکی محەلی بە اختیاراتێکی دیاری کراو و پابەند بە دەسەڵاتی مەرکەزی لە کوردستان زەمینە و زەرورەتی هەیە بۆ دەوڵەتی مەرکەزیش. کۆمۆنیزم لە کوردستان یەکەم نەبەردی ڕاماڵینی دەسەڵاتی بورژوازی کوردە. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم کارە بکەین یەکسەر دەسەڵاتی شوراکان بەرپا دەکەین و یەکسەریش ڕیفراندۆم بەرپا دەکەین بۆ دەنگدانی خەڵک بە مانەوە یان جیابونەوە لە عێراق. بۆ بەرگری لە ئیرادەی خەڵک جەنگ یان مفاوەزات هەرچی پێویست بێت لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دەیکەین. ئەم مەیدانی جەنگە لەگەڵ دەسەڵاتی محەلی بورژوازی کورد تەنها لەسەر دەسەڵات نییە، بەڵکو بە هەمان شێوە شاملی خەبات دەبێت بۆ تەحقیقی داخوازیەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەبات بۆ ڕیفۆرمیش. خۆ ئەگەر وەزعەکە وایلێهات دەسەڵاتی مەرکەزی ڕاستەوخۆ حوکمی کوردستان بکات، ئیتر کارەکە ئاڵۆزیەکی تیا نییە و ڕۆشنە کە ئێمە خەبات دەکەین بۆ ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتە.

مەیدانێکی دیکەی ستراتیژی ئێمە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەسەر بنەمای گرێخواردنەوەی

## ڕێبوار ئەحمەد

کوردستان بە عێراقەوە، ئەوەیە کە زەمینەی خەباتی هاوبەشی چینی کریکار لە عێراق و کوردستاندا بەرامبەر بۆرژوازی لە ئاستی سەراسەریدا دەڕەخسێنێ. واتە حیزبی کوردستان هاوکات لە ئاستی سەراسەریدا بە هاوخەباتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خەبات دەکات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی قەومی ئیسلامی وەکو یەکەمین ئەرکی شۆڕشی کرێکاری لە عێراق. چاوەڕوان دەکرێت دەورەی داهاتو گیانی یەکێتی و هاوچارەنوسی نێوان چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکیشی کورد و عەرەب بەهێز بێت و جێگای ئەو کینە و تەفرەقە قەومیە بگرێتەوە کە بە جەنگی خەلیجی یەکەم و ڕووداوەکانی ئیدامەی ئەو ڕەوەندە لە نێوان خەڵکی کورد و عەرەبدا تەشەنەی کرد. بەڵام بەو ڕادەیەی دەسەڵات مەرکەزی دەبێتەوە خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمانیش سەنگەرەکانیان دەبێت بەیەک لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا، چونکە هەم کێشە و هەم خواستەکانیان یەکانگیر دەبن و هەم بەرامبەرەکەشیان یەکانگیر دەبێت. ئیتر کێشە و خواستەکانی هەردوولایان دەربارەی نان و گوزەران و خزمەتگوزاری و ...دەبێت. وەکو پێشتریش باسم کرد ئەو هێزانەی لە پشتی تەفرەقەی قەومی و مەزهەبیەوە بوون تەریک کەوتونەتەوە. بۆیە لەم دەورە تازەیەدا دەبێ لایەکی تری جهەتی ئێمە بە ئاڕاستەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا بێت لە ئاستی سەراسەری عێراق و لەم چوارچێوەیەدا ستراتیژی گەیشتن بە دەسەڵات دیاری بکەین.

### بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری

پرۆژەی دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە کوردستان و عێراق کە ماوەیەکە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانێکی تری بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کوردستان و ئینتفازەی ئۆکتۆبەر لە عێراق، کاری لەسەر دەکەن، زۆر بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات. ئەمە دەتوانێ بەستەری ستراتیژی گەیشتن بێت بە دەسەڵات لە ئاستی عێراق ئەگەر جدی بیگرێت و جدی کاری لەسەر بکرێت و بەوپەڕی جدیەتەوە دامەزرێت. ئەم پرۆژەیە لە هەناوی ئەم وەزعە تازەیەدا دەبێ بچێتە سەدری ئەولەیەتەکانەوە، هەم بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی ئەو بزووتنەوە جەماوەریەی کە هەر ئێستا لە مەیداندایە و پێشبینیش دەکرێت شان بە شانی چونەپێشی ئەم هەلومەرجە فراوانتر و بەهێزتر بێتەوە، هەم بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی هاوخەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ باقی خەڵکی عێراق کە لە ناو ئەم هەلومەرجەدا زەمینەی بۆ دەڕەخسێ. بۆیە دەبێ پێداگریەکی زیاتر بکرێت لە ڕاپەراندنی ئەو پرۆژەیە و هێز و ئیمکانیەتی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت و ببێتە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی ئەم دەورەیە. ئەمە

ئامڕازێکی کارسازە بۆ وەڵامی ئەم وەزعە تازەیە.
بە بڕوای من ئەگەر ساڵێک لەمەوبەر بەهەر ڕادەیەک ئارەزومەندانە دەست بۆ ئەم پڕۆژەیە برابێت، ئەمڕۆ ئیتر تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کارە ناچاریە. مەبەستم لە ناچاری ئەوەیە کە ئەگەر ئەم کارە نەکرێت دیسان دەرفەت لەدەست دەچێت. ئێمە لەگەڵ هەلومەرج و واقعیەتێک بەرەو ڕوو دەبین کە پێویستی بەوەڵام هەیە. بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە ئێستا لە مەیداندایە، لە دڵی ئەم وەزعەدا زیاتر پەرەدەگرێت، کۆمۆنیزم و بە دیاریکراوی هەردوو حیزب دەبێ وەڵامێکیان هەبێت بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی، ئەگینا ئەم بزووتنەوەیە بەبارێکی تردا دەڕوات، موقتەدا سەدر و نەوەی نوێ دەیبەن و وەکو گۆڕان چەند ساڵ یاری بە چارەنوسی دەکەن. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە کە دوو حیزب چ وەڵامێکیان هەیە بۆ ئەم بزووتنەوە سەراسەریە؟! ئەگەر کەسێک بە من دەڵێت خودی دوو حیزبەکەمان دەتوانن ڕاستەوخۆ ئەو کارە بکەن، من دەڵێم کاش بکرایە ڕاستەوخۆ ئەوکارە بکەین، بەڵام لەم چەند ساڵەدا ئەوە پێوانە کراوە کە چەندە دەتوانین ڕاستەوخۆ بیکەین. بەداخەوە نە لە کوردستان نە لە عێراق حیزبەکانمان پێگەیەکی سیاسی تا ئەو ئاستە بەهیزیان نییە کە ڕاستەوخۆ ببنە ئامڕازی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا. دەزانم زۆرێک لە کادران و ڕابەرانی حیزب لەم نارەزایەتیانە بەشداری دەکەن و ڕۆڵیان هەیە، پشتیوانی دەکەن کەم تا زۆر پێشنیار دەدەن بە ڕابەرانی بزووتنەوەکە، لە ئاستێکی باشدا پەیوەندیمان هەیە لەگەل ڕابەرانی دیکەی بزوتنەوەکە، بەڵام ئەمانە کافی نییە. ئێمە کاتێک دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە حیزب دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەم بزووتنەوەیە ڕابەری و ڕێکخراو بکات، کە لانی کەم بەشێکی بەرچاو لە ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە ناو کرێکاران و خوێندکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندان و مامۆستایان و... کادران و ڕابەرانی حیزب بن، کاتێک دەتوانین ئەمە بکەین کە پێشنیارەکانی حیزب بۆ دروشم و داخوازییەکان پەسەند بکرێت، سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزب هێژمونی هەبێت و بگیرێتەبەر، حیزب بتوانێ بڵێ کەی دەست پێبکەن و لە کوێ تەواوی بکەن، لەکوێ و لەسەر چی مفاوەزات بکرێت؟ بەڵام داخەوە هێشتا بهەلومەرجەکە بەو جۆرە نییە.
لەم حاڵەتەدا ئەگەر حیزب خۆی ڕاستەوخۆ نەتوانێ ئەو کارە بکات و وە ئەگەر بەدیلێکی تریشی نەبێت بۆ ئەم مەبەستە، بە کردەوە ماناکەی دەکاتە ئەوەی کە نیاز و پلانمان نییە ئەم کارە بکەین. بەڵێ پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەم پڕۆژەیە نەبێت ئێمە بە نیازین چۆن دەخاڵەت لە وەزعی سیاسی تازە و لەم بزووتنەوەی نارەزایەتیەدا بکەین؟ بەدیلمان بۆ سازدان و ڕابەری کردنی خەباتی جەماوەری چییە؟ تەنانەت ئەگەر ئێستا حیزبەکانمان بچوکن چۆن دەمانەوێ گەورەیان بکەینەوە؟ چۆن وەکو لە بەیانامەکانماندا دەڵێین دەبین بە

## ڕێبوار ئەحمەد

ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و یەکەمی دەسەڵات؟ ئەگەر ئەم قسەیە جدیە، ئەمە چۆن دەکەین؟ وە چەندین پرسیاری تر...ئەگەر وەڵامێکی تر هەیە بۆ ئەم پرسیارانە، زۆر باشە دەکرێ قسەی لێ بکەین..بەڵام ئەگەر وەڵامی ترمان نییە، وە ئەگەر دەست نەبرێت بۆ ئەم پرۆژەیە، ئیتر بەڕای من مانای ئەوەیە کە هیچ خەت و ئاسۆ و پلانێکمان نییە بۆ دەخاڵەتی جدی سیاسی و ئاڵوگۆڕبەخش لە وەزعی تازە و گەورەکردنی حیزبەکانمان، ئەو ئیدعایەش کە دەڵێین دەبین بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی تەنها وەکو ئیدعایەک دەمێنێتەوە و هیچ جدیەتێکی سیاسی تیا نابێت.

مەسەلەیەکی تر بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ئامادەیی و قودرەتێکی گەورەترەوە پێبنێتە ناو ئەم دەورە تازەیەوە و ئامادەی پێشوازی بێت لە دەرفەتەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و تەنانەت خۆی بتوانێ ئیمکان و دەرفەت بخوڵقێنێ، پێویستە لە عێراق و کوردستاندا جۆرێک لە یەکدەستی و هاوئاهەنگی لە خۆیدا پێکبهێنێت کە زۆر لەوەی ئێستا زیاتر بێت. من لەم بارەیەوە لە ئێستادا تەنها بەم ڕادەیە لە باسی یەکدەستی و هاوخەباتی و هاوئاهەنگی دوو حیزب ئیکتفا دەکەم و زیاتر لەسەری ناڕۆم و جێی دەهێڵم بۆ هەردوو حیزب کە دیراسەی بکەن و ئەنجامگیری خۆیانی لێ بکەن.

### لە کۆتاییدا پێداگری لەسەر چەند مەسەلەیەک بە پێویست دەزانم

یەکەم مەسەلەی کورد/ کە وتمان پێشینەیەکی ئەوەندە کارەساتبار و قوڵی هەیە تا خەڵکی کوردستان سەرفراز نەکرێت لەوەی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات بە مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی دروست بکات، ئەم کێشەیە بنبڕ و بە تەواوی چارەسەر نابێت. بۆیە دیسان ڕێگاچارەی  ئێمە بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان دەبێ لە فەزایەکی ئازاد و دوور لە هەر زەخت و فشارێک سەرپشک بکرێن هەڵبژاردنی خۆیان بکەن لە نێوان مانەوە یان جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئێمە وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕۆژی خۆیدا پێشنیاری خۆمان دەدەین و ڕایدەگەیەنین کە لایەنگری لە هەڵبژاردنی کام ڕێگا دەکەین، بنەمای پێشنیارەکەشمان بەرژەوەندی چینی کرێکار دەبێت. لە هەلومەرجی پێشودا بە چەند بەڵگەی ڕۆشن و ئاشکرا لایەنگری جیابونەوە بووین. ئێستا ئەو هۆکار و بەڵگانە گۆڕاون، ئێمە دیسانەوە پێداگری لەسەر مافی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆی بەڵام لە ئێستاوە وەکو دەورەی پێشوو لایەنگری جیابوونەوە نابین. ئەو ڕۆژەی کە دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخسا کە بڕیاری خۆیان بدەن، ئێمە بەپێی بەرژەوەندی خەڵک و چینی کرێکار پێشنیاری خۆمان بۆ خەڵک بەیان دەکەین.

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

دووەم؛ دەخاڵەتی حیزب لە کێشمەکێش و جدالاتی سیاسی ناوچەکە/ فەلەستین و جەنگی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل دژی خەڵکی غەززە نمونەیەکە، یان بزووتنەوەی ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە لە ئێران و ئەفغنستان و لوبنان و عێراق..یان هەر جدالێکی سیاسی و عەسکەری و تیرۆریستی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات. حیزبی ئێمە دەبێ وەکو حیزبێکی کۆمۆنیستی و ئەنتەرناسیۆنالیست لەم جدالانە پەیگیرانە دەخاڵەت بکات بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز. لەم بارەیەوە با باسی نمونەیەک بکەم. ئێمە لەم شەڕەی غەززەدا تا ڕادەیەک باش هاتینە دەست و لەگەڵ حیزبی حیکمەتی خەتی ڕەسمی و حیزبی عێراقدا وەکو بلۆکێکی ناوچەیی دەخاڵەتمان کرد. ئەمە ئێمەی بەرجەستە کرد و جێگای ئێمەی بردە سەرەوە، دەتوانم بڵێم بۆ یەکەمجار بە کردەوە ئێمەی پەیوەست کرد بە مەسەلەی فەلەستینەوە. هەم باش جوڵاینەوە و هەم سیاسەتێکی کۆمۆنیستی و ڕادیکالمان گرتەپێش کە بە ڕاستی جیاواز و متەمایز بوو لە هەڵوێستی هەرچی ئەحزابی دیکەی ناوچەکە هەیە. ئێمە تەسلیمی ئەو هات و هاوارەی بەرەی ڕاستی دنیا نەبووین کە دەیانویست بە بەهانەی جەنگ لەگەڵ حەماس و تیرۆریست بوونی حەماس و مافی بەناو بەرگری ئیسرائیل لە خۆی، کوشتاری بە کۆمەڵی منداڵ و گەنج و پیری فەلەستین پاساو بدەن. ئەمە هەم لە ئاستی جیهاندا سەرنجی یەکێتی و هێزە کریکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و هەم لە جیهانی عەرەب و لە خودی فەلەستیندا بینیمان کە هاتن بە سۆراغمانەوە. ئێمە دەبێ بە هەمان نەفەس و بە هەمان شێوە دەخاڵەت لە گشت و ڕووداو و جیدالاتی سیاسی ناوچەکەدا بکەین و نوێنەرایتی کرێکار و کۆمۆنیزم بکەین.

سێهەم؛ دەخاڵەتی جدی لە کێشمەکێش و بەرامبەرکێ جیهانیەکاندا/ئێمە بە تایبەت لە سایەی هەڵسوڕانی گەرم و پەیگیرانەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات و ڕابەرایەتیەکەی تا ئێستا نمونەی زۆر و گەورەمان هەیە لە بەشداری چالاکانە لە مەسەلە و جداله جیهانیەکان لە بابەت بزووتنەوەی دژی جەنگ، هەروەها پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتیە کرێکاریەکان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و سۆسیالیست. ئەمانە زۆر باشە بەڵام دەبێ پەرەی پێبدرێت و مەسەلەکە لە ئاستی ڕێکخراوی دەرەوە نەمێنێتەوە، دەبێ ڕابەری حیزب زۆرتر سەرنجی بچێتە سەر ئەم مەیدانە. لە کاتی خۆیدا هەڵوێستی دروست و سیاسەتی متەمایزی کۆمۆنیستی و ڕادیکاڵ لە ڕووداوەکان بگیرێتەبەر، پەرەبدرێت بە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیە کرێکاریەکان و بزووتنەوە پێێکەوتنخوازەکان و هەوڵبدرێت بۆ شکڵدان بە جەمسەرێکی ڕادیکاڵ و ئازادیخواز لە ئاستی جیهاندا. بەهەرحاڵ بە پلان و بەرنامەوە پەرە

## کوردستان لە کۆتایی دەورەیەکدا

بدرێت بە کاری ئەنتەناسیۆنالیستی و جیهانی و هەستیار بین بە مەسەلە و ڕووداوەکانی جیهان و کاردانەوە بەرامبەر جەمسەرە کۆنەپەرستە جیهانیەکان.



خەسرەو سایە

# ئاڕاستە و ئەولەویاتەکانمان، حیزبی سیاسی و کۆنگرەی شەشەم

## لەبەر ڕۆشنایی قسەوباسێک کەلەسیمینارێکی ناوخۆی حیزبدا پێشکەش کراوە، ئامادەکراوەتەوە

هاوڕێیانی ئامادەبووی باسەکانی کۆنگرەی شەش، سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبون لەم سیمینارەدا.

هاوڕێیان:

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەم باسە، بۆ خستنەڕووی ئاڕاستە و ئەرکەکانی حیزبە کە بڕیارە لە چوارچێوەی بڕیارنامەیەکدا بخرێتەبەردەم کۆنگرەی شەشەمی حیزب تا پەسەند بکرێ و ببێتە بنەمای کاری داهاتوومان. بێگومان کارێکی ئاوا لەو ڕووەوە پێویستە تا هەمومان تەسویرێکی هاوبەش لەسەر ئەرکەکان و ئاڕاستەکانی حیزب بەدەست بهێنین، بەتایبەت بەدوای دەورەیەک لەهەوڵ و تێکۆشانی ڕابەرای حیزب و کادرەکان توانیومانە حیزب بگەیەنینە جێگایەک کە دەتوانین بڵێین ئێستا حیزبمان هەیە ئەویش چ لەڕووی ئۆرگانە ڕابەریەکان و چ ئەو کۆمسیۆنانەی لە مەیدانەکانی کاردا پێکهاتوون و خەریکی کارن. جگە

## خەسرەو سایە

لەمەش حیزب ئێستا خاوەنی لێکدانەوە و خەتێکی جیاوازی سیاسی و عەمەلیە و بەئاستێک ئەو ئامادەییانەی لەخۆیدا ڕێکخراوکردووە کە لە دەرگای دەورەیەکی تر لەهەڵسواڕان بدات. بەمجۆرەش دەتوانم بڵێم کە حیزب ئێستا لەبەردەم پرسیاری ئەوەدا ڕاوەستاوە کە دەبێ بەرەوکوێ بچێت؟ دەبێ چ گۆرانکارییەک لە شێوازی ڕابەری کردن و هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆیدا پێک بهێنێ و ببێتە چ جۆرە حیزبێک؟

لایەنێکی تری ئەم باسە پەیوەست دەبێتەوە بە دۆخی سیاسی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەڕێوەیە، هەروەک لە باسەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد دا " قۆناغێکی تازە..." هاتووە و ئاماژە بەوە دەکات کە کوردستان خەریکە لە دەورانی سەرگەردانی دەردەچێ و هەموو لایەنەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە پەیوەستکردنەوەی کوردستانیان بە دەوڵەتی عێراقەوە کردۆتە بنەمای سیاسەتی خۆیان و هەموو دەڵێن "ستراتیژمان لە بەغدایە". دۆخێکی ئاواش بەدڵنیاییەوە ڕەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران لەدژی بۆرژوازی کورد و ئەو سیستەمەی کە چەندین ساڵە لە چوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومیدا داسەپێندراوە، خستۆتە بەردەم گۆڕانکارییەوە. ئیستا ئیتر هەموان باسی ئاڵوگۆڕ دەکەن. بەڵام لە نەزەری ئێمە و چینی کرێکاری کوردستانەوە، ئەم ئاڵوگۆڕانە شتێکی تر نییە جگە لەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو یەک دەورەی شۆڕشگێڕانە ببەین کە تێیدا چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە دەسەڵات نزیک بکاتەوە. ئەمەش بەپێویست پێگەی حیزب وەک فاکتۆرێکی سەرەکی ئەم گۆڕانکاریە دادەنێ و ناچاردەبێ کە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەخۆیدا بکات. بەواتایەکی تر ئەگەر بمانەوێت دۆخی ئێستا و ئەو گۆڕانکاریانەی بەڕێکەوتوون، بە قازانجی چینی کرێکار و شۆڕشی سۆشیالیستی ئەم چینە یەکلایی بکەینەوە، دەبێ حیزب گۆڕانکاری لە شێوازی ڕابەری و هەڵسوڕانەکان و پێکهاتی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانەکانیدا بکات. بەڕادەیەک دەتوانم بڵێم کە هەر جۆرە گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕانە لە دۆخی سیاسی ئێستای کوردستاندا، بەندە بەوەی کە حیزب چ گۆڕانکاریەک لەخۆیدا پێکدەهێنی و دەبێ بە چ جۆرە حیزبێک. لێرەوەیە کە باسی ئاڕاستە و ئەرکەکانمان مانای واقعی وعەمەلی پەیدادەکات.

هاوڕێیان:

جەوهەری ئەم باسە لە نەزەری منەوە باسە لە سەر گۆڕینی حیزب بە حیزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی، حیزبێک کە دەخاڵەتگەرە لە کێشە و مەسەلە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەدا، حیزبێک کە چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی ناوچەییەدا خاوەنی کەسایەتی و ڕابەرییەکی سیاسی و جەنگاوەرە و بەردەوام تێدەکۆشێت بۆ ڕێکخراوکردنی کرێکاران و ناڕەزایەتیەکانی کۆمەڵگە، لەپەیوەند بەو کێشە و مەسەلانەوە کە بە ژیان و

# حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

گوزەران و خواستەکانی جەماوەرەوە پەیوەستە. حیزبێک کە ئاسۆیەکەی کۆمۆنیستی و ئەنتەرناسیونالیستی هەیە و بە سیاسەت و لێکدانەوەکانیەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە و حیزبەکانی تر ڕاوەستاوە و لە هەوڵی ڕاکێشانی هێزی چینایەتی خۆیدایە و خەریکە نەک هەر هاوکێشەی هێز لەنێوان کرێکاران و بەشەکانی بۆرژوازیدا دەگۆڕێ، بەڵکو بۆتە بەدیل و ئومێدی جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ گۆڕانکاری.

بەڵام باسی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی و ئەرکەکانی، خۆی بابەتێکە کە بە دەورەیەک و سەردەمانێکی دیاریکراوەوە بەند نییە، بەڵکو ڕاوەستان و سەرنجدانێکی گشتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بۆ حیزبی کۆمۆنیست و ئەرکەکانی و ئەو خەسڵەت و کاراکتەرەی کە دەبێ لە پێکهاتە و شێوازی ڕابەری کردن و ڕێکخراوەییەکەیدا، لەهەموو سەردەمانێکدا، وەک ماهیەتی ئەم حیزبە کۆمۆنیستیە هەیبێت و لەخۆیدا بەرجەستەی بکاتەوە. دیارە ئەم بەشەی باسەکە، ڕوانگەی شەخسی منە لە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی، ئەویش بە پشتبەستن بە باسەکانی حیزب و کۆمەڵگە، حیزب و دەسەڵاتی سیاسی و... کە هاوڕێ مەنسور حیکمەت باسی لێکردووە. بەشەکەی تر واتە ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و کێشمەکێشە چینایەتیەکاندا چۆن دەچێتەپێشەوە و کۆمەڵگە بەرەوکوێ ڕابەرای دەکات و ئاڕاستە و ئەرکەکانی چییە، لە ڕوانگەی خۆمەوە باس لێدەکەم.

## یەکەم: حیزبی سیاسی، جەوهەری بابەتەکە:

یەکەمین مەسەلەی هەر حیزبێکی سیاسی دەسەڵاتی سیاسیە، واتە ئەو بابەتەی کە جەوهەری هەر حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی دیاریدەکات، خەباتکردنە بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بەرەو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و سۆسیالیستانە بەرێت. ئەمە بەو مانایەی کە حیزب لە هەموو هەلومەرجێکدا و لە هەر دەورەیەکدا، ئەرکەکان و جیهەتی هەڵسوڕانی لەپەیوەند بە دەسەڵاتی سیاسیەوە دیاریدەکا و دەیباتە پێشەوە. دروست پێشڕەوی و سەرکەوتنی حیزبی ئێمەش لە گرەوی ئەوەدایە چەندە لە هەوڵ و تێکۆشانەکانیدا ڕووی لەم ئەرکەیە و چەندە ئەم ئاڕاستەیە بۆتە تەسویر و ڕوانگەی ڕابەری و کادرەکانی وە چەندە لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، ئۆرگانەکان و ڕێکخستنەکانی ئاڕاستە کردووە و دامەزراندووە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ ئەوە پێکنەهاتووە تا وەک هەر حیزبێکی تر و لەپاڵ حیزبەکانی ترەوە وجودی هەبێ و لەکەنار دەسەڵاتەوە، خەریکی کاری تەبلیغ و تەحلیل و هوشیارکردنەوە بێت. تەنانەت بۆ ئەوە دروست نەبووە وەک حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن، لە

## خەسرەو سایە

"پرۆسەی سیاسیدا" ڕەخنەگری دەسەڵات بێ و وەک حیزبەکانی تر بە چەند کورسی پەرلەمانەوە درێژە بەبوونی خۆی بدات. وەیان بە تەنها کەوتبێتە شوێن بەدەستهێنانی چەند ڕیفۆرمێکەوە، بەڵکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ڕوانگەی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە حیزبێکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی جیهان و بردنی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی، کارێکی ئاواش بەبێ یەکلاییکردنەوە و گرتنی دەسەڵات مەحاڵە.

بەڵام پێناسە و مەبەست لە توانای گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەر حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیست تەنها لەو کاتەدا نییە کە بووبێتە حیزبێک کە لە دەسەڵاتدایە و حکومەتی بەدەستەوەیە، بەڵکو پێناسە و مەبەستەکە، لەئاستێکی گشتیدا، ئەوەیە حیزب توانای بەهێزکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی هاوسەنگی هێزی لەدەستدایە و بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ئەم توانایە تێدەکۆشێت. واتە حیزب ئەگەر بچوک بێت یان گەورە، ئەگەر تازە دامەزرابێت یان ساڵانێکی لە تەمەن تێپەڕاندبێت، بەڵام توانای ئەوەی هەیە و کاراکتەری بەوجۆرەیە کە دەتوانێ سەنگی هەبێت لەسەر هاوکێشە سیاسیەکان و جێگە و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگە و خەریکە بە قازانجی کرێکاران و جەماوەری ناڕازی و چەوساوە، هاوکێشەکان دەگۆڕێ. ئەمە پێوانەی سەرەکی و کۆمەڵایەتییە بۆ توانای حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی.

لەمەش زیاتر مەبەست لە دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە حیزب لە جەرگەی کێشمەکێشی نێوان بزووتنەوە و حیزبەکانی تردا لەهەوڵی دەرکەوتن و خۆنواندنە وەک حیزبێک کە بە کردەوە تێدەکۆشێ بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، ئەمە بە مانای ئەوەی کە حیزب چ لە دەورانی ئارامی سیاسیدا و چ لە دۆخی جەنگ و ڕاپەڕینە جەماوەریەکاندا، چ لەپەیوەند بەو کێشمەکێشە سیاسیانەوە کە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لەئارادایە، تەنانەت لەو دەمانەدا کە خۆپیشاندان و مانگرتی گشتی و هەراوهوریای ڕاگەیاندن، شەڕی بیروباوەر گەرمە، لەکاتێکدا کە باسی گفتوگۆ، پێکهێنانی بەرە، دەستبردن بۆ چەک، سازدانی ڕاپەڕین و.. دیتە ئاراوە، حیزب دەبێ وەکو هێزێکی هەمیشە لەمەیداندا دەرکەوێ و لەم کێشمەکێشانەدا ئامادەبێ و تەرح و ڕێگاچارە و لێکدانەوە و باوەڕەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بخاتە بەرپێی کۆمەڵگە و جەماوەری خەڵک و چینی کرێکار و بەمجۆرەش بەردەوام لە هەوڵی بەهێزکردنی خۆی و گرتنی دەسەڵاتدا بێت.

هاوکات خەبات بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەو مانایە نییە حیزب چاوەڕێ بێت تا یەکلاکردنەوەی دەسەڵات، بەڵکو هەر ئێستا و بەو ئاستەی کە هێز و توانای هەیە، لەئاستی سەراسەری و مەحەلی و ناوچەییدا، وەکو تەرەفێک لە کێشمەکێشەکاندا، لەسەر چارەنوسی

# حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

کۆمەڵگە و ئەو بابەتانەی دێنەپێشەوە دەرکەوێت. بۆنمونە لەسەر مەسەلەی کورد، مەسەلەی کەرکوک، دەستور و یاساکانی وڵات، جۆری حکومەت کردن، داخوازیەکانی خەڵک، مەسەلەی ژنان، ئازادیەکان، خزمەتگوزاری و... وەک لایەنێک بە بەدیلی خۆیەوە دەرکەوێت و وەک لایەنێک لە کێشمەکێشەکان ڕێکخەر و ڕابەری خەباتی کرێکاران و جەماوەر تێبکۆشێ و دەرکەوێت، نەک تەنها هەڵوێست بگرێ و لەکەنار کێشمەکێشەکانەوە ڕاوەستێت.

بەمجۆرە دەمەوێت بڵێم کە پێشڕەویی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەر لە هەر شتێک لەگرەوی گۆڕینی ئەم حیزبە و شکڵدانە بە حیزبێکی سیاسی لەپەیوەند بە کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە.

چەمکی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی پێگەیەکی بنەڕەتی لە دیدگای کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە. هەر ڕێکخراوێک کە بەخۆی دەڵێت حیزب و خەریکی کاری سیاسیە، ئۆتۆماتیکی نابێت بە حیزبێکی سیاسی، بەڵکو ڕیکخراوێک دەبیتە حیزبی سیاسی کە لەسەر مەسەلەی دەسەڵات، بەردەوام لە کێشمەکێشدایە و لە بوعدێکی کۆمەڵایەتیدا لەسەر مەسەلەکانی کۆمەڵگە جێگای گرتووە، سا ئیتر بچوک بێت یان گەورە، ئەندامی زۆری هەبێت یان نا. کەواتە ئێمە پێویستمان بەمجۆرە لە حیزب هەیە و دەبێ حیزبی ئێستا بۆ حیزبێکی سیاسی و جەنگاوەر بگۆڕدرێت، واتە ببێت بە حیزبێک کە لە سەنتەری کێشمەکێشەکاندایە و بە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و خەڵکەوە گرێی خواردووە و وەڵامی ڕۆشن و عەمەلی هەیە بە هەر مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە و لێرەشەوە خەریکی شکڵدان و بەرڕێخستنی پراتیکێکی کۆمەڵایەتییە. بە ڕادەیەک کە دەتوانێ خۆی ڕوداو بخوڵقێنێ و کۆمەڵگە بۆلای تەرح و سیاسەتەکانی خۆی ڕابکێشێ. وە کرێکاران و کۆمەڵگەش هەست بەم حیزبە و کردەوەکانی بکەن و ببینن کە خەریکی کێشمەکێشە لەگەڵ هێز و بزووتنەوەکانی تردا. وەیان خەریکە بەر بە نەخشە و سیاسەتەکان و تەرحی دەسەڵات و حیزبەکانی تر دەگرێ و دەبێتە بەربەستێک لەسەر ڕێگایان، بە کردەوەش ئەو توانایەی هەیە کە هێزی جەماوەری لە دژی دەسەڵات و بزووتنەوەکانی تر هەڵخرێنێ و ڕابەرییان بکا و بیانهێنێتە مەیدانەوە.  ئەم خەسڵەتەی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی شتێک نییە کە بسپێردرێت بە پرۆسەیەکی دوورودرێژ و نادیار، وەک ئەوەی کە حیزب دەبێ لەپێشدا، ئەندام بگرێ، هێزی ڕێکخراوەیی خۆی زیاد بکا و ڕێکخراوەکانی دامەزرێنێ ئەوجا ڕۆژێک دیارییبکات تا بکەوێتە بەرامبەر دەسەڵات و لایەنەکانی ترەوە. بەپێچەوانەوە حیزبێکی سیاسی ئەگەر لە پێداویستی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتبێت، بۆئەوەی جەماوەری بێتەوە و ئەندامەکانی زیاد بکا و بتوانێ ڕێکخراوەکانی دامەزرێنێ دەبێ هەر ئێستا لە فرسەتەکان

کەڵک وەربگرێ و بەخێرایی ڕۆبچێتە نێو کێشمەکێشەکانەوە و وەک تەرەفێک دەرکەوێت. حیزبی بەلشەفیک لەم ڕووەوە نمونەیەکی بەرجەستەیە کە توانی لەنێوان نیسانی ١٩١٧ وە بۆ ئۆکتۆبەر، بە گرێخواردن بە مەسەلەکانی جەنگ و زەوی و ئازادیەکانی ژنانەوە، کە لەو کاتەدا گرێ سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی ڕوسیا بوو، لەنێو کێشمەکێشە سیاسیەکاندا بەرەو گرتنی دەسەڵات هەڵکشێ و لێرەشەوە هێزی جەماوەری خۆی فراون و کۆمەڵایەتی بکاتەوە.

## دووەم: کاراکتەرە سیاسی و عەمەلەیەکانی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی:

### ١/ ڕەمزی مەسەلە گرێیەکانی کۆمەڵگە

یەکەمین مەسەلە بۆ بوونمان بە حیزبێکی سیاسی بەندە بەوەی کە لە کۆمەڵگەدا ببینە ڕەمز و ئالای مەسەلەیەک یان چەند مەسەلەی سەرەکی کۆمەڵگە. مەبەست ئەو مەسەلانەیە کە تەحقیقکردنیان کۆمەڵگە بەرەو دۆخێکی تر دەبات و خەباتی چینایەتی دەباتە جێگایەکی تر، واتە ئەو مەسەلانەی کە خواستێکی قوڵ و فراوان و دەستبەجێی جەماوەرە و دەبێ حیزب بەوانەوە بناسرێتەوە. جەماوەر نە دەتوانێ لەسەر بنەمای بەرنامە و بەڵگەنامە سیاسیەکان، حیزبێک هەڵبژێرێ وە نە لەسەر حسابی ئەوەی کە ئەو حیزبە قسەی باش دەکا و ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێ، بڕیاربدات و ئەو حیزبە بکاتە جێگای ئومێدی خۆی بۆ گۆڕانکاری و دەربازبوونیان لە دۆخێک کە تێیکەوتوون. دیارە ڕەخنەگرتن و ڕاگەیاندن و هوشیارکردنەوە و بەرنامە گرنگە، بەڵام میکانیزمەکانی نێو جەماوەر وایە کە حیزبەکان لەسەر تێوەچوون و خۆکردنیان بە ڕەمز و هەڵگری خواستە قوڵە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەو حیزبە هەڵدەبژێرن. لەیەک وتەدا دەبێ جەماوەر ئەو حیزبە ببینێت کە بە کردەوە لەسەر مەسەلەکانی ژیانی ئەوان شەڕ دەکا و خەریکە لە بەرژەوەندی ئەوان گۆڕانکارییەک بەدیدێنێ. بۆ نمونە حیزبی ئێمە لە ساڵانی نەوەدەکاندا، کە لەسەر خواستی سەربەخۆیی و مافەکانی ژنان و ئازادیەکان، کەوتبووە کێشمەکێشەوە لەگەڵ هێزە ناسیونالیستەکاندا، وەک ڕەمز و خاوەن قەزیە لەنێو خەڵکدا دەناسرا. لە ئێستای کوردستانیشدا، حیزب دەبێ ڕەمزی چارەسەر و دەربازکردنی ئەو گێژاوە بێت کە کۆمەڵگە بەهۆی مەسەلەی کورد و فیدراڵیزمەوە تێی کەوتووە، حیزب ببێە ئۆپۆزسیۆنی یەکەم و ڕەمزی وەلانانی دەسەڵات و بەدیهێنانی خواستەکانی کار و مەعیشەت، ببێتە ڕەمزی خەبات بۆ جێگیر کردنی ئازادیەکان و مەسەلەی ژنان و...

### ٢/ میکانیزمەکانی کۆمەڵگە:

حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی توانا و قودرەتی خۆی بباتەسەرەوە وهێز بگرێ، دەبێ

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

میکانیزمەکانی کۆمەڵگە بناسێ، هەر کۆمەڵگەیەک میکانیزمی هێزگرتنی خۆی هەیە و لە ڕەوتی چونەپێشەوەیدا و لە جەرگەی خەباتی چینەکاندا، مەسائیل و ئامراز و پێداویستی و شێوازەکانی خەبات دیاری دەکا و دەیخاتە بەردەم حیزبەکانەوە، بۆ نمونە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەری جەنگ، ڕاپەڕین، خۆپیشاندان و مانگرتن، تا کۆکردنەوەی تۆمار و پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری جۆراوجۆر.. هەمیشە هەیە و لە بەردەستی حیزبەکاندا بوون بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.. بەڵام کۆمەڵگە بەگشتی لە دەورانی ئارامی سیاسی و بوژانەوەی ئابوریدا جۆرێک لە میکانیزم و مەسەلە دەهێنێتەکایەوە کە جیاوازە لە دەورانێک کە قەیران و قەیرانی شۆڕشگێڕانە لەئارادایە، تەنانەت ئەم میکانیزمانە لە قۆناغێکدا کە جەنگێک بەرپابووە جیاوازە لەو قۆناغەی کە ئارامی سیاسی لەئارادایە. بەمجۆرە کۆمەڵگە میکانیزمی خۆی هەیە و ئەم میکانیزمانە لە ڕەوتی بەرەوپێشچونی خەباتی چینایەتیدا، دەگۆڕێ و پاشوپێشیان بەسەردا دێت. بۆ نمونە لەکاتێکدا کە کۆمەڵگە ئارامە میکانیزمەکانی کاری هوشیارکردنەوە و ڕێکخراوکردن، سەپاندنی خواست و ڕیفۆرم کردن، دێتەپێشەوە و قسەیەک لە دەستبردن بۆ چەک و ڕوخاندن نییە. بەڵام لە قۆناغێکدا کە جەنگ هەیە و کۆمەڵگە میلیتاریزە دەبێت، دەستبردن بۆ چەک دەچێتە ترۆپکی میکانیزمەکانی دەسەڵاتەوە..
کەوایە ئەوە کۆمۆنیستەکان نین کە دەرکردنی بڵاوکراوە، سمینارگێڕان، خۆپیشاندان، تەنانەت شۆڕش و ڕاپەڕین سازدان و دەستبردن بۆ چەک، بەشداری لە هەڵبژاردندا، میدیا و ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان و.. ئەمانەیان داهێنابێت، بەڵکو ئەم میکانیزمانە لەپێش حیزبەکانەوە هەبوون و دەرهاویشتەی کۆمەڵگەن. حیزبی سیاسی دەبێ دەستبردن بۆ ئەم میکانیزمانە وەک بنەما و کۆڵەکەیەک بۆ بەدەستهێنانی هێز بەدەستەوە بگرێ و داهێنان لە بەکارهێنانیاندا بکات و تاکتیکەکانی خۆی لەسەر دابڕێژێ. پرسیارەکە ئەوەیە کە حیزبی سیاسی چۆن دەتوانێ جەماوەر لەڕێگای ئەم میکانیزمانەوە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؟ چۆن کۆمەڵگە لە دەوری بەدیل و ڕێگاچارەکانی خۆی ڕێکدەخات، چۆن شۆڕش دەکات، کەناڵەکان و ئەو میکانیزم و پێداویستیانە چین کە دەبێ لە هەر قۆناغێکدا ئامادەیان بکات، تا لە ڕەوتی بردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدەدا، بەرەو شۆڕش و گۆڕانکاری، هەڵسوڕانی خۆی لەسەر دامەزرێنێ؟ لەیەک وتەدا ناسینی میکانیزمەکانی کۆمەڵگە خۆی بنەمایەکی قانونمەندی خەباتی چینایەتییە و حیزبی سیاسی دەبێ بیناسێ و دەستیان بۆ بەرێ. ئەگەرنا لە چوارچێوەی گروپێکدا دەمێنێتەوە.

### ٣/ ئامرازەکان:

حیزبی سیاسی دەبێ لەبەردەست جەماوەردا بێت، تا بتوانن هەڵیبژێرن و تەئیدی بکەن،

## خەسرەو سایە

هەروەها دەبێ بیروڕا و لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆی ڕۆشن و شەفاف بەیان بکات، بەڕادەیەک هەمو خەڵک بزانێت ڕابەران و کادرانی ئەم حیزبە لەسەر مەسەلەکانی کۆمەڵگە چی دەڵێن. تەنانەت حیزبی سیاسی دەبێ هەمیشە لە کێشمەکێشە سیاسی و فکریەکانی ناو کۆمەڵگەدا بێت و بچێتە شەڕی ئەفکارە باوەکان و ئەو بۆچوون و باوەڕانەی حیزبەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر دەریدەبڕن. حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی بەدیلی خۆی بە کۆمەڵگە بناسێنێت دەبێ دیسانەوە شەڕ لەگەڵ بەدیلەکانی تردا بکات.. هەموو ئەمانە پێویستیان بەدەستبردن بۆ ئەو ئامرازانە هەیە کە باوەڕەکانی حیزبی سیاسی دەباتە ناوخەڵکەوە و کاریگەرییان لەسەردادەنێ. ئاخر خۆ ئێمە بۆ خۆمان قسەناکەین، بڵاوکراوە و ڕادیۆ دانانێین، بۆ خومان سیمینار ناگێڕین... ئەگەر بۆ ئەوە هەین کە باوەڕی خەڵک بگۆڕین تا ئێمە بە حیزبی خۆیان بزانن ئەوە لەپێشەوە حیزبی سیاسی پێویستی بە دەزگای میدیای فراوان و کاریگەر و کەمپین و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و گۆڤار و ئامرازی هاوشێوەی ئەمانە هەیە تا لە ڕێگایەوە قسەکانی بە خەڵک و کۆمەڵگە بگات، پێویستی بە چەندین مینبەر و بڵاوکراوە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە تا خۆی بباتە ناوکێشمەکێشە سیاسی و فکریەکانی ناو کۆمەڵگەوە. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی حیزب و ڕابەرییەکەی بناسرێت و بکەوێتە سەر زمانی خەڵک و تەسویرێکی کۆمەڵایەتی لەسەرخۆی بدات.

### ٤/ ڕابەری:

کۆڵەکەی هەر حیزبێکی سیاسی ڕابەرییەکەیەتی، جا ئەو حیزبە کۆمۆنیستی بێت یان بۆرژوازی بێت. حیزبێک دەتوانێت ببێتە حیزبێکی سیاسی کە لە ئاستی سەراسەری و محەلیدا، خاوەنی ڕیزێکی فروان لە کەسایەتی و ڕابەران بێت، کە لە هەر سەردەمانێکدا خۆیان تێکەڵکردووە لەگەڵ مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا و لێرەشەوە متمانە و پشتیوانی جەماوەرییان بەدەستهێناوە و ڕاشکاوانە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینایەتیدا وەڵامی لایەنەکانی تر دەدەنەوە و هەنگاو بەهەنگاو ستراتیژی حیزب بەرەوپێشەوە دەبەن و بۆ بەکردەوە دەرهێنانی نەخشەی کارساز دادەڕێژن. بۆ نمونە لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا چەندین مەسەلە هەیە، لەوانە ئازادیەکان، مەسەلەی موچە و دامەزراندن و خزمەتگوزاریەکان، مەسەلەی ژنان و لاوان و منداڵان، مەسەلە کرێکاریەکان، مەسەلەی کورد و پەیوەندی لەگەڵ عیراق، مەسەلەی دین و سکولاریزم ... ڕابەران و کەسایەتیەکانی حیزب دەبێ ئاوێزان بێت بە یەکێک لەم مەسەلانە و خاوەنی قەزیەیەکی کۆمەڵایەتی بن و پێوەی بناسرێنەوە. نەک هەر ئەمە ڕابەری و کەسایەتیەکانی حیزبی سیاسی دەبێ خۆیان ببنە ناوکۆکەی شکڵدان بە ئاستێک لە ڕابەری جەماوەری و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکار و بێبەش و ببنە پشتیوان و هاوکاریان و لە پرۆژەکانیاندا دەخاڵەت بکەن و

بزووتنەوەکانیان بەرەو سەرکەوتن و پێشڕەوی ڕینمایی بکەن. حیزبێک ئەگەر خاوەنی ڕیزێک لە کەسایەتی و ڕابەرانێکی سەراسەری و مەحەلی نەبێت کە مەسەلەکانی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەگرتوە ناتوانرێ ببێتە حیزبێکی سیاسی. لەیەک وتەدا ڕابەری و کەسایەتیەکانی حیزبی سیاسی لە کاردابەشکردنی تەشکیلاتی و دانی پۆست پێیانەوە بەدەست نایەت، بەڵکو لە کۆمەڵگەوە و لە کێشمەکێشە سیاسی و فکریەکان و بەدەستهێنانی خاوەندارێتی بۆ یەکێک لە مەسەلە و قەزیەکانی خەڵک و کۆمەڵگەوە بەدەست دێت.

**٥/ شیعاری حیزب و مەسەلەی سلبی و ئیسپاتی:**

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا کە نە چینی کرێکار و نە خەڵکی ناڕازی، لەڕێگای خوێندنەوەی بەرنامەی حیزبەکانەوە پەیوەست نابن بەهەر حیزبێکەوە، ئەوانە زۆرکەمن کە تێڕبینی سیاسی و فکریان لە حیزبەکان هەیە، بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگە دەکەونە دوای شیعاراتێکەوە کە تەعبیر لە خواستەکان و گۆڕانکاریەکی قوڵی کۆمەڵایەتی لەهەر سەردەمێکدا دەکات. ئەوە ڕۆشنە کە هەر حیزبێکی سیاسی ڕەخنەی هەیە لە دەسەڵات و حیزب و بزووتنەوەکانی تر، بەڵام خەڵک لە دەوری خواست و شیعاراتێک کۆدەبێتەوە کە جیاوازی ئەو حیزبە و ڕێگاچارەکانی لەوانی تر بەیان دەکات.

بێگومان هەر حیزبێکی سیاسی دروشمێکی سەرەکی و مەرکەزی هەیە کە تەعبیرێکی گشتی لە ئامانجەکان و جۆری حوکمڕانی و بەدیلە کۆمەڵایەتیەکەی دەکات، بەڵام ئەمە بە تەنها کافی نییە و دەبێ لەپاڵ شیعاری مەرکەزی خۆیدا، لەهەر سەردەمێک کۆمەڵە دروشمێک بهێنێتەکایەوە کە توانای هەڵخڕاندنی زۆرینەی جەماوەری هەبێت، بە ڕادەیەک جەماوەر هەست بکات بەوەی کە تەحقیقبوونی ئەم دروشمانە دەبێتەمایەی بەدەستهێنانی خواست و گۆڕانکاری. بەمجۆرەش ئەم دروشمانە دەتوانێ ڕێکخراوکردنی جەماوەر و شکڵدان بە بزووتنەوەیەکی چینایەتی سەربەخۆ زامن بکات. ئەم دروشمانە بە دڵنیایەوە مۆرکی هەر دەورەیەکیان پێوەیە کە کۆمەڵگە و خەباتی چینایەتی قەراری تێدا گرتووە. بۆ نمونە بەلشەفیەکان لە قۆناغێکدا کە کۆمەڵگەی ڕوسیا لە قەیرانێکی شۆڕشگێڕانەدا بوو وە دەسەڵاتێک لە شوراکاندا لەخوارەوە پێکهاتبوو، دروشمی" هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان"ی بەرزکردەوە، بەڵام کاتێک کە حکومەتی کاتی، "کرنسکی" پێکهات و کەوتە بەرامبەر بە خۆپیشاندانی کرێکاران و ژنانەوە، ئەم دروشمەی وەلانا.

لەمەش زیاتر دروشمەکان لایەنی سلبی و ئیسپاتییان هەیە. سلبی بە مانای ئەوەی کە دیاردەیەک ڕەت دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی باس لە بەدیلی ئیسپاتی لەشوێنی دابنێ. ئیسپاتیش بەمانای ئەوەی کە ئەلتەرناتیڤی ئیسپاتی حیزب بەیان دەکات. ئەمانەش لەهەر سەردەمێکدا دەگۆڕدرێ. واتە دانانی دروشم جا چ سلبی بێت یان ئیسپاتی، شتێک نییە دڵخوازانە بێت،

بەڵکو دەبێ توانای هەڵخڕاندن و کۆکردنەوەی هێزی جەماوەری هەبێت، دەبێ بە وردی تەوازنی هێزی چینەکان و بەرەی ناڕەزایەتی کرێکاران و جەماوەر و بەرەی دەسەڵات و بزووتنەوەکانی تری لەبەرچاوگرتبێت. با باس لە نمونەیەکی خۆمان بکەم: حیزبی ئێمە دروستە خاوەنی شیعاری "ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکارییە" و ئەمە تەعبیر لە ئاڵوگۆڕێکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام بۆ هەموو سەردەم و کاتێک ناتوانرێ بەتەنها بەم دروشمە جەماوەر هەڵخڕێنین. ئەمە دروشمێکە ئیسپاتی و تەعبیر لە ستراتیژی حیزب دەکات نەک مەسەلەیەکی ئەمڕۆیی خەڵک. بەتایبەتی کە جەماوەری ناڕازی کێشە و مەسەلەی ئێستاییان هەیە لەوانە، کێشەکانی موچە و خزمەتگوزاری و.. هاوکات لە هاوکێشەیەکی هێزی وادا نین کە دەستبەجێ ئەم دروشمە مەرکەزیەی حیزب بەدەستەوە بگرن و بیکەنە واقع. با نمونەیەک بهێنمەوە، لە خرۆشانەکەی ١٧ شوباتدا، هێندەی دروشمە سلبیەکانی وەک" برۆ برۆ"،" بروخێ گەندەڵ"،"هێزی چەکدار بۆ دەرەوە"... خەڵکی هەلدەخڕاند هێندە، ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاریی خەڵکی خرۆشاوی لەخۆی کۆنەدەکردەوە. ئەمە بەمانای ئەوە نییە ئەم دروشەمە هەڵە بێت، بەڵکو ئەوە ئاستی خەبات و هێزهاوسەنگی و مەسەلە ئەمڕۆییەکانی خەڵکی ناڕازی بوو کە بەو دروشمە سلبیانە، دەیانویست بەربەستەکانی بەردەم خەباتی خۆیان لابەرن و پێشرەوی بەدەست بهێنن. لەیەک وتەدا، حیزبی سیاسی هەڵگری کۆمەڵە شیعارێکە کە لەنێویاندا، هەم تەعبیر لە ستراتیژەکەی دەکا و هەم سلبیە و هەم ئیسپاتیە کە تەعبیر لە مەسەلە دەستوبردەکان دەکات. بۆیە حیزبی سیاسی دەبێ بەردەوام کۆمەڵێک دروشم بخاتە سەرزاری خەڵک و لە هەر سەردەمێکدا ئەپدەیتیان بکاتەوە.

٦/ ڕێکخستن:

هەر حیزبێکی سیاسی پێویستی بە ڕێکخستنە، ئەمە خۆی یەکێکە لە ئامڕازە سەرەکیەکان، ئامڕازێک کە وەک داینەمۆی بەدەستهێنان و بەگەڕخستنی هێز و جوڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کێشمەکێشە چیانایەتیەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ڕێکخستن جگەلەوەی هێزی تازە بەرهەمدەهێنێ و نفوزی کۆمەڵایەتی هەر حیزبێک بەرەوپێشەوەدەبات، هاوکات وەک ئامڕازێکی دەخاڵەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپەراندنی نەخشە و پرۆژەکانی حیزب ئەداتێکی یەکجار پێویست و حەیاتیە. هەرحیزبێک کاتێک دەتوانێ ببێتە حیزبێکی سیاسی کە لە گۆشەیەکی خۆیدا خاوەنی ڕێکخستنێکی ڕیشەدار و دەخاڵەتگەر و خاوەن نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، کە ڕۆژانە کاریگەری هەیە و لە ئاستی گەڕەک و ناوەندەکانی کار، شار و شارۆچکەکاندا و بە ئاراستەی بەهێزکردنی کۆمۆنیزم و بردنە سەرەوەی نفوزی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی حیزبدا کاردەکات. مەبەست لە ڕێکخستن

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

کۆڕوکۆمەڵی فکری و دابڕاو لە خەڵک و مەسەلەکانیان نییە، بەڵکو ئەداتێکی دەستی ڕابەری و کەسایەتیەکانی هەر حیزبێکی سیاسیە بۆ بەکردەوە دەرهێنانی نەخشە و سیاسەتەکان. بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنێک کە خاوەنی ڕابەرانێکی عەمەلی و کەسایەتی ناسراوی خەباتگێڕە کە لە سنوری خۆیاندا ڕۆڵدەگێڕن و دەخاڵەتیان هەیە و لەسەر مەسەلەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کاردەکەن. لەیەک وتەدا مەبەست لە ڕێکخستن کۆمیتە کۆمۆنیستیە ناوچەیی و محەلیەکانی حیزبە کە نفوز و ڕیشەدارن لەنێو جەماوەردا و ڕۆژانە کاردەکەن بۆ برەودان بە کۆمۆنیزم و بردنە سەرەوەی نفوزی سیاسی حیزب و هێزی پێدەگرن. ئەم نمونەیە لە ڕێکخستنی کۆمۆنیستی ڕەنگە لەڕووی ژمارەی ئەندامانیەوە کەم بێت، بەڵام لە ڕووە چۆنایەتیەکەیەوە، هێزێکی دەخاڵەتگەر و کاریگەرە لە سنوری خۆیدا و لەسەر مەسەلەکانی سنوری چالاکی خۆی لە کێشمەکێشی بەردەوامدایە و کەوتۆتە شوێن گۆڕینی هاوکێشەی هێزەوە. بەم مانایە ئەم ڕێکخستنە مەحەلیانە وێنەیەکی بچوککراوەی حیزبن بەو خەسڵەت و ڕەمز و دروشم و جێگەوڕێگەیەوە کە لە سەرەوە بۆ تەواوی حیزب باس کران.

**٧/ کادر:**

ئەگەر ڕێکخستن کۆڵەکەیەکی هەر حیزبێکی سیاسی بێت، ئەوا کادر بربڕەپشتیەتی. هیچ حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بەبێ ڕیزێکی فراوان لە کادرانێکی مارکسیست، کە بەگشتی ئاسۆ و نەخشەکانی حیزب دەبینن و بەدەستیەوە دەگرن و لەڕووی تیۆرییەوە بەتوندی بە مارکسیزم و باوەڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە پابەندن، ئەو حیزبە ناتوانێ قسەیەک لە پێشڕەوی وئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بکات. بەهێزکردنی کۆمۆنیزم و بردنە سەرەوەی ئاستی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی سیاسی لە بنەڕەتەوە بە بوونی کادرانەوە پەیوەستە، کادران داینەمۆی بەگەڕخستنی نەک هەر ڕێکخستنەکان و هێزی حیزبە، بەڵکو لە بوعدی کۆمەڵایەتیدا، بۆ هەر حەرەکەتێک پشت بە کادرانێک دەبەستێت. کەوایە حیزبی سیاسی نەک هەر دەبێ خاوەنی کادر بێت، بەڵکو دەبێ بەردەوام ڕیزی کادرانی خۆی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەرەوسەرەوە بەرێت و گۆشیان بکا و ئاستی هوشیاری و پسپۆڕییان لە مەیدانەکانی کاری خۆیاندا بباتەسەرەوە. هەربۆیە دەبێ ڕابەری بەرنامەی تایبەتی بۆ پەروەردەی کادران هەبێ و ئاستی پراتیکی، شارەزایی، تیۆری و سیاسییان گەشەپێبدات.

**٧/ ئەنتەرناسیونالیزم:**

ئەگەر باسەکەمان بە دیاریکراوی لەسەر حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بێت، نەک هەرحیزبێک بەگشتی، ئەوا حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی ناتوانێ حیزبێکی لۆکەڵی بێت، چونکە یەکەم چینی کرێکار چینێکی جیهانیە و کرێکارانی هەر وڵاتە بەشێکە لە ئۆردی

## خەسرەو سایە

کرێکارانی جیهان. دووەم، مێژووی ئێستای خەباتی چینایەتی کە سەرمایەداری جیهانیە و ڕیزبەستنی چینایەتی لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا، نەکە هەر قەتیس ناکات، بەڵکو ڕەوندەکانی خەباتی چینایەتی بوعدێکی جیهانی بەخۆیەوەدەگرێ و هەر وڵاتێکیش لەم مێژووەدا، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەرییەکانی ڕووداوەکان و کێشمەکێشی نێوان هێزەکاندایە، بە پێویست ئەنتەرناسیونالیزم دەکاتە خەسڵەتێکی پایەدار و هەمیشەیی هەر حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی. تەنانەت حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵاتی چینی کرێکار لە وڵاتەکەی خۆیدا بپارێزێ ناتوانێ بەبێ پشتیوانی و هاوکاری کۆمۆنیزم و کرێکارانی جیهان، سەرکوتوبێت. ئەگەر بەلشەفیکەکان و لینین توانییان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، بۆرژوازی جیهانی غافڵگیر بکەن و دەسەڵاتی کرێکاران بپارێزن، ئەوا لە دونیای ئەمڕۆدا کە هەم بۆرژواژی جیهانیە و هەم هێزەکانیان هوشیارترن بە مەترسیەکانی شۆڕشی کرێکاری بۆ سەریان و وە هەم پڕچەک و هێز و توانای شەڕفرۆشی و میلیتاریستی و گەمارۆدانیان زیاترە، ئەوا سادە نییە کە ڕێگابدەن کرێکاران لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و خۆیان ڕابگرن. هەوڵەکانی بۆرژوازی لە دونیای چەند قوتبی ئێستادا، کە"ڕژێم چەینج"، گەمارۆدانی ئابوری، ڕاکێشانی هێز و سوپا بۆ سەر ئەو ڵاتانەی دەکەونە بەرامبەریانەوە، یەک واقعیەتی بەردەوامە و حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی ناتوانێ لە لۆکەڵیزمدا خۆی ببینێ و بە سیاسەتێکی تاک وڵاتییەوە بچێتە جەنگی ئەم هێزە جیهانیەی بۆرژوازیەوە و دەسەڵاتی کرێکاریی بپارێزێت. ئەم ڕاستیانە ئەوەمان پێدەڵێت خودی ئەوەی کە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی لە هەوڵی بەدەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکاردایە لە یەک وڵاتدا، بەڵام دەبێ خەسڵەتی ئەنتەرناسیونالیستی خۆی بەکردەوە دەربهێنێ و چینی کرێکارانی وڵاتەکەی لە هێزێکی چینایەتی جیهانیدا و بەم ئاسۆ جیهانیەوە بە حەرەکەت دەربهێنێ. تەنانەت مادام ئەوەی کە شۆڕشی کۆمۆنیستی خۆی کردەیەکی جیهانیە، نابێ هیچکات بۆ ئامادەکاری مەلزوماتی ئەم شۆڕشە و ئەگەری سەرهەڵدانی لە چەند وڵاتدا، چاوپۆشی بکا و ئەرکەکانی بە فەرامۆشی بسپێرێت. ئەنتەر ناسیونالیزم بە مانای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاری وڵاتەکەی لەپاڵ کرێکارانی جیهاندا ڕادەگرێ و وەک بەشێک لەوان خەباتی چینایەتی ئەم ئۆردوە جیهانیە دەباتەپێشەوە. ئەنتەرناسیونالیزم لە ئاستێکی دیاریکراو و ئێستاییدا واتە، دەخاڵەتکردن لە کێشە و مەسەلەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی جیهانی و خەباتی کرێکارانی جیهاندا. واتە کارکردن بە ئاڕاستەی لێکهەڵپێکانی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کرێکارانی ناوچەکە و جیهاندا، لەدژی سەرمایەداری جیهانی و هێزەکانی بۆرژوازی، یانی خەباتکردن لەدژی ئەو بەربەستانەی کە لەبەردەم یەکیەتی و یەکگرتوویی کرێکارانی جیهاندایە. ئەمە کارێکە کە

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

دواخستن هەڵناگرێ بۆ ئەوکاتەی کە چینی کرێکار و حیزبەکەی لە دەسەڵاتدان، بەڵکو هەر ئێستا دەبێ کاریان لەسەر بکات.

٨/ ستراتیژ:

حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی حیزبێک نییە بەدوای ڕوداوەکانەوە بێت و سیاسەت بەنرخی ڕۆژ بچەرخێنێ. بەپێچەوانەوە ئەم حیزبە دەبێ خاوەنی ستراتیژێکی سیاسی_عەمەلی ڕۆشن بێت و بزانێت کە قۆناغ بە قۆناغ هێزی چینەکەی و جەماوەری بێبەش چۆن ڕێنمایی دەکا و لەسەر چ مەسائیل و نەخشەیەکی عەمەلی کاردەکات. لەم ڕووەوە دانانی نەخشە، ئەگەرەکان و ئاستی خەباتی چینایەتی و ڕەوتی چوونەپێشەوەی ململانێ سیاسیەکان ، هاوسەنگی هێز... لەبەرچاوبگرێ و قۆناغبەندی لە ستراتیژی خۆیدا بکا و بۆ هەر قۆناغێک ئەولەویات و ئەرکەکانی بەڕۆشنی لەبەرچاوبگرێ. بەنمونە ئەگەر باس لە قۆناغبەندیەکانی ستراتیژی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی بکەم بابەتەکە بەمجۆرەیە:

لە قۆناغی یەکەمدا حیزب دەبێ وەک هێزێکی خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا دەرکەوێت. لە قۆناغی دواتردا، وەک هێزێک کە بەشێک لە دەسەڵاتی لەخوارەوە سازداوە و بەدەستەوەیە، لەدوا قۆناغیشدا حیزبێکە کە لە دەسەڵاتدایە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لەئەستۆیە. حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی لەهەر یەک لەم قۆناغانەدا، ئەرکی تایبەت و خەسڵەتی دیاریکراوی هەیە و دەبێ ئەولەویاتەکان ڕوویان لە گوێزانەوەی پێگەی حیزب بێت لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە هەموو ئەم قۆناغانەشدا حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی تاکتیکەکانی لە سەردەمانی شۆڕشگێڕیدا و کاتێک کە کۆمەڵگە بەرەو چەپ دەگۆڕدرێ، لەکاتێکی تردا کە دەسەڵات دوولایەنەیە و لە خوارەوە دەسەڵاتی جەماوەری شکڵی گرتووە، لە سەردەمانیکدا کە جەنگ و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی بەڕێوەیە وە یا بەرپا بووە... لە هەریەک لەم سەردەمانەدا، ئەولەویات و ئەرکەکان و تاکتیکەکانی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ستراتیژی خۆی گۆڕانیان بەسەرردادێ و دەبێ بە وردبینیەوە دیاری بکرێ و دەسیان بۆ ببرێ. بەڵام ئەوەی هاوبەشە لە هەموو قۆناغەکاندا، ئەوەیە کە دەبێ حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی وەک حیزبێکی ناسراو و خاوەن نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەک حیزبێکی بەهێز دەرکەوێت و ببێتە جێگای ئومێدی جەماوەر، کە خەریکە کۆمەڵگە لە گۆڕانکاری و ئامانجەکانی خۆی کە شۆڕشی کرێکاریە نزیک دەکاتەوە.

### سێهەم: ئاڕاسته و ئەرکەکانمان:

بەو باسەوە کە لەسەر حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی کرا، ئێستا دەچمە سەر باسی

## خەسرەو سایە

جیهەتگیری و ئەرکەکانمان. لەم بارەوە یەکەم خاڵ پەیوەست دەبێتەوە بە دۆخی کوردستانەوە. هەروەک لە سیمینارەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدا باس لەوەکرا، کە کوردستان دەورەیەکی تێپەڕاندووە و ئێستا ملی ناوە بە قۆناغێکی تازەوە.. ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکاریە، کۆتایی دەورەی سەرگەردانی و نامەعلوم بوونی پێگەی کۆمەڵگەیی کوردستان و هەوڵی ناسیونالیزمی کوردە بۆ گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقەوە، بەتایبەتی کە لایەنە شیعەکان لەدوای تەواوبونی شەڕی داعش و لەبەر ڕۆشنایی دۆخی ناوچەکە و هەوڵی ئەمریکا و هێزە ناوچەییەکان و ئەو کێشمە کێشەی کە بلۆکبەندیە ئیمپریالیستیەکان قەراریان تێداگرتوە، لە هەوڵی مەرکەزی کردنەوەی حکومەتی عێراقدان و ئەمەش بە زیانی ناسیونالیزمی کورد و ئەو ئیمتیازاتانەی کە لە چوارچێوەی فیدراڵیزەکردنی عێراق و شکڵدان بە قەوارەی هەرێمدا پێیان درابوو. وەلەم نێوەدا دەسەڵات و سیستمێک کە لە کوردستاندا بۆ ماوەی سێ دەیە دایمەزراندووە لەگەڵ دەیان کێشە و گرفت بەرەوڕوبۆتەوە. هەموو ئەم دۆخەش سەرچاوە لە قەیرانی ئابوری، قەیرانی حکومەتی و قەیران لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا گرتووە و ئەم لایەنانە پێکەوە و لە چوارچێوەی دۆخی جیهانی و ناوچەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە بەڕێکەوتووە جێگای گرتووە. دیارە من لێرەدا مەبەستم نییە بچمە ناو وردەکاری دۆخەکەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئەم قەیرانانە، نارەزایەتی جەماوەری بۆ موچە و خزمەتگوزاری و ئازادیەکان و.. لە مەیداندایە و خەباتی چینایەتی کرێکاران و زۆرینەی کۆمەڵگە پێی ناوەتە مەیدانەوە. ئیستا حیزبەکان باسی گۆڕانکاری دەکەن و هەمووان دەزانن کە دۆخەکە ڕوی لە گۆڕانکاریە، هەم ئەمریکا و هەم حیزبەکان لە کوردستان مەسەلەی هەڵبژاردن و دوبارە دامەزراندنەوەی پەرلەمان و حکومەت بە ڕێگاچارە و ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکاریە دەبینن بەڵام بۆ ئێمە چی؟

بێگومان ئەوەی هەڵبژاردن دەکرێ یان نا، وەیا ئەوەی دوای هەڵبژاردن چی ڕوودەدات، بابەتێکە مەعلوم نییە و دەبێ قسەی لێ بکرێ، هەروەها ئەوەی ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەین وەک تاکتیکێک یان نا لەکاتی خۆیدا دەبێ قسەی لەسەر بکەین و بزانین کام لایەنەی بە قازانجی دەرکەوتن و تێوەچونی حیزبە، بەڵام بۆ حیزبی ئێمە مەسەلەکە بە بەشداری کردن و نەکردن لەهەڵبژاردندا، سنوردار نابێتەوە. ئەوەی کە حیزب لە ستراتیژیدا باس لە شۆڕشی سۆشیالیستی دەکات، بەپێویست ئێمە دەبێ لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی کوردستان و ئەو گۆڕانکاریانەی بەڕێوەیە بۆ نزیکردنەوەی چینی کرێکار لە دەسەڵات و ئامادەکردنی پێداویستیەکانی ئەم شۆڕشە (لانیکەم) بڕوانین و هەر ئەمەش یەکەمین ئاڕاستە و ئەرکەکانی ئەم قۆناغەمان دیاری دەکات. بەڵام نزیکردنەوەی چینی کرێکار و

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

مەسەلەی شۆڕش و بردنی کۆمەڵگە بەرەو دەورانی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستی، کە تێیدا خەباتی چینایەتی کرێکار و سەرمایەدار قوتبی بێتەوە، تەنها لە ڕێگای سەرهەڵدانی دەورانێکی شۆڕشگێڕانەوە دەبێت، دەورانێک کە دەسەلاتی ئێستا مەرکەزی کێشمەکێشە چینایەتیەکانە و قودرەتی کرێکار و جەماوەری بۆ گۆرانکاری ڕیشەیی، پێی ناوەتە مەیدانەوە. ئەگەر ئەمە ئاڕاستەیەکی سەرەکیمان بێت ئەوا دەبێ ئەرکەکانمان ڕووی لە هەڵگێڕانەوەی قەیرانەکانی ئێستا بۆ قەیرانی شۆڕشگێڕانە بێت. یەکەمین پێداویستی ئەم ئاڕاستەیە خودی حیزبە واتە دەبێ حیزب و ڕابەری ئیماجی شۆڕشگێڕێتی لەخۆی بدات، هاوکات بە تێوەچون و ڕابەری کردنی ناڕەزایەتیەکانی ئێستا و یەکگرتووکردن و سەراسەری کردنەوەی دەستبەکار بێ. دەبێ حیزب لە هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی وەک ژنان و لاوان و کرێکاران و بەشە ناڕازیەکانیاندا بێ و ئەوان لە دەوری خۆاستەکان و پلاتفۆرمی عەمەلیدا بەوێنەی جولانەوەیەکی سیاسی جەماوەری سەربەخۆ لێکهەڵپێکێ و ڕێنوێنی و ڕابەرایەتییان بکات. لێرەوەیە کە گرنگی پرۆژەی کۆنگرەی جەماوەری پەیدادەبێ و حیزب دەبێ توانای خۆی بۆ تەرخان بکات.
ئاڕاستەیەکی تر ئەوەیە کە ئەگەر لە دۆخی ئێستادا مەسەلەی دەسەلات بە محیوەر بگرین و ئەگەر پێمان وایە ئەوە حیزبە کاریگەری لەسەردۆخی سیاسی و گۆڕانکاریەکان دادەنێ، ئەوا دەبێ حیزب وەک ڕەمزی خواستەکانی جەماوەر و ڕێگاچارەی ئەو بۆ قەیرانی دەسەلات و پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەدیلی خۆی بۆ ئەو فیدرالیزمەی داسەپاوە بخاتەڕوو. ڕەنگە دروشمی نان و کار و مەعیشەت و ئازادی، بتوانێ ناڕەزایەتیەکان یەکبخات و کۆبکاتەوە و ببێتە ئامرازی یەکخستنی ناڕەزایەتیەکان (دیارە دەبێ دانیشین لەسەر ئەم دروشمە قسەی حسابیتر بکەین) هەر لەمبارەوە مادام گۆڕانکاریەکان ملیان ناوە بۆ گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقەوە و خودی خەڵکیش بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانیان چاویان لە حکومەتی عێراق بڕیوە و لەسەرو بڕیار و ئیرادەی ئێمەوە ئەمە بۆتە چاوەڕوانیەکیان، ئەوا دەبێ حیزب لە مەنشورێکدا داخوازی و مافەکانی خەڵکی کوردستان داوا بکات و بەو مەرجەوە چاوەڕوانیەکانیان بەکردەوە دەربهێنن. ئەرکێکی ئاوا بەدڵنیاییەوە دەتوانێ ئومێد و ئیرادەی جەماوەری بگۆڕێ و فشارەکانیان هەم لەسەر بەغدا و هەم لەسەر دەسەلات لە کوردستان توند بکاتەوە و هێزی گۆڕانکاری بە قازانجی خەڵک بهێنێتەکایەوە. هەر لەم ڕاستایەدا ئەرکێکی ترمان مەسەلەی لێکگرێدانی خەباتی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی کوردستانە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکانی تردا. بێگومان لەم بارەوە ناسیونالیزم بۆشایی و دابڕانێکی کۆمەلایەتی پێکهێناوە، بۆیە حیزب دەبی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە وجەماوەر فێربکات کە دۆستی ئەوان سودانی و شیعەکان نییە و دەبێ

## خەسرەو سایە

هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی شارەکانی خواروودا پێک بهێنن. لەمبارەوە، مەسەلەی یەکخستنی نەخشەی کارمان لەگەڵ هاوڕێیانی عێراقدا ئەرکێکی حەیاتیە.
خاڵیکی تر کاری ئەنتەرناسونالیستی و دەرەوەمانە، یەکەم ڕێکخراوی دەرەوە دەبێ حزوری بەشداریکردن لە نارەزایەتیەکانی دژ بە جەنگ و میلیتاریزم و شەڕ لە غەزە بگۆرردرێ بە ڕابەری کردنی ئەم نارەزایەتیە و لانی کەم وەک بەشێکی کاریگەر دەور بگێڕێ. هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بلۆکێکی ڕادیکاڵی جەماوەری دەتوانێ یەکێک لە ئەولەویات و کارمان بێت لە دەرەوە و لەپاڵ کارەکانمان ڕوو بە کوردستان جێگا بگرێ.
دووەم لەسەر کاری ئەنتەرناسیونالیستی، جگە لە دامەزراندنی نوێنەرایەتیەکانی دەنگی کرێکار لە دەرەوە، کارمان بۆ پێکهێنانی بەرەی کرێکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدژی جەنگ و مەسەلەکانی ڕۆژهەڵات پرۆژەیەکی جدیمان دەبێ، هاوکات ڕیکخراوی دەرەوە دەبێ کادرانێک سازبکات بۆ بەشداری کردن لە مەسەلەکانی بەردەم کۆمۆنیزمی جیهانی و پەرەدان بە باوەڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ شکڵدان بە ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەپەیوەند بەو حیزب و ڕیکخراوانەوە کە ئیدعای کۆمۆنیستی و سۆشیالسیتی دەکەن و بکەوینە جەدەلێکی فکری و تیۆریەوە. بۆ ئەمەش بەرێخستنی پرۆژەی گۆڤارێکی سیاسی و تیۆری بە زمانی ئینگلیزی، کە لەسەر پرسیارەکان و گرفتەکانی بەردەم کۆمۆنیزمی جیهانی و ئەو دۆخەی کە دونیای چەند قوتبی دروستی کردووە وەڵام بداتەوە.
ئاڕاستەیەکی تری حیزب لەم قۆناغەدا، حیزب خۆیەتی، واتە دەبێ پێکهات و تواناییەکان و ئامادەییەکانی حیزب و ڕێکخستنەکانی بگۆڕدرێ، تابتوانێ ئەرکەکانی ئەم قۆناغە ڕاپەڕێنێ.
لەم ڕاستایەشدا، من ئەم خاڵانەم وەک ئەرکەکانی حیزب لە نەزەردایە:
١/ دەرکەوتنی حیزب وەک حیزبێکی سیاسی قودرەتمەند کە بۆتە ڕەمزی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە و قەیرانانەی یەخەی بە کۆمەڵگەی کوردستان گرتووە. حیزبێک کە ئەو ئیماجە لە خۆی دەدات کە خەریکی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەیە و دەسەڵاتداریتی جەماوەری وەک بەدیلێک بۆ وەڵامدانەوە بە ئازادیەکان، بەدیهێنانی مەعیشەت و باش بژێوی لە دۆخەکە دەڕوانێ و خەڵکی ناڕازی لە دەور ساز و یەکگرتوو دەکات.
٢/ حیزب دەبێ بە ڕۆشنی جوگرافیای هێزی خۆی دیاری بکات، بۆنمونە، تەرکیز لە سەر ناوچەی سلێمانی بکا و لە هەوڵی فراوانکردنەوەی خۆیدا بێت، وە بۆ هەولێر و کەرکوک و ناوچەکانی تر نەخشەی تایبەتی بەدەستەوەبگرێت.
٣/ حیزب دەبێ لەبەرامبەر کارنامە و هەموو ئەو باوەڕانەی کە حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەیخەنەڕوو ڕاوەستێت، بەتایبەتی بەرامبەر بە ڕەوتی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی. بۆ ئەمەش دەبێ لە هەوڵی دانانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کاریگەردا بێت، لەوانە

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئه‌وله‌ویاته‌کانمان

که‌ناڵی گه‌وره‌ی ته‌له‌فزیۆن تا ده‌نگی خۆی بگه‌یه‌نێته جه‌ماوه‌ر و ئه‌وان بزانن که حیزب ده‌ڵێت چی.

٤/ ده‌رکه‌وتنی ڕیزێکی فراوان له ڕابه‌ری چ له‌ئاستی سه‌راسه‌ری و چ له‌ئاستی ناوه‌نده‌کانی کار و شاره‌کاندا، که خه‌ریکن له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌کانی کۆمه‌ڵگه قسه‌ده‌که‌ن و ده‌بنه جێگای متمانه‌ی خه‌ڵک و له کێشمه‌کێشه سه‌راسه‌ری و ناوچه‌ییه‌کاندا ده‌خاڵه‌ت ده‌که‌ن وه‌ڵامی بزووتنه‌وه و حیزبه‌کانی تر ده‌ده‌نه‌وه و جه‌ماوه‌ری له‌ده‌ور هه‌ڵده‌خڕێنن. به‌دڵنیاییه‌وه حیزب به‌بێ شه‌خسیه‌ته‌کانی که شه‌ڕ و جه‌ده‌ل له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌کانی تردا ده‌که‌ن، به هیچ کوێ ناگات.

٥/ کارکردن له‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری و ژنان و لاوان و.. به ئاڕاسته‌ی دروستکردنی ڕێکخراوه‌ی جه‌ماوه‌ری ئه‌رکێکی ترمانه.

٦/ دامه‌زراندنی کۆمیته و ڕێکخراوه مه‌حه‌لی و ناوچه‌ییه‌کانی حیزب، کارێکی ترمانه. حیزب به‌بێ ڕێکخستن و ڕێکخراوه‌کانی ناتوانێ ئه‌رکه‌کانی به‌کرده‌وه ده‌ربهێنێ، ده‌بێ له ده‌وری شکڵدان به کۆمیته کۆمۆنیستیه‌کان، به‌خێرایی هه‌نگاوهه‌ڵگرین.

٧/ کارکردن بۆ هێنانه‌پێشه‌وه‌ی ڕیزێکی فراوان له کادرانی مارکسیست و موسه‌ڵه‌ت به‌سه‌ر باوه‌ڕه‌کانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئه‌رکێکی ترمانه. بۆ ئه‌مه‌ش ده‌بێ به‌رنامه‌ی په‌روه‌رده‌ی کادرانمان هه‌بێ و به‌رده‌وام له ئاماده‌کردن و په‌روه‌رده‌کردنی کادراندا به‌پێی نه‌خشه‌یه‌ک بیبه‌ینه پێشه‌وه و به‌رپرسیارێتی حیزبییان پێ بسپێردرێ.

٨/ ده‌ستبردن بۆ خه‌باتێکی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی فکری و سیاسی له دژی ناسیونالیزم و ئیسلام و هه‌وڵدان بۆ به‌ده‌ستهێنانی هه‌ژمونی فکری و سیاسی کۆمۆنیزم له‌ئاستی کۆمه‌ڵگه‌دا.

٩/ به‌ده‌سته‌وه‌گرتن و به‌هێزکردنی کارمان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات. ئه‌مه له په‌یوه‌ند به دۆخی عێراق و کوردستان و ناوچه‌که‌وه، به‌تایبه‌تی به‌ده‌ستهێنانی ڕابه‌ری بزووتنه‌وه‌ی جه‌مه‌وه‌ری له‌دژی جه‌نگی ئیسرائیل و میلیتاریزمێک که ئه‌مریکا و هێزه ئیمپریالیستیه‌کان ده‌ستیان بۆ بردووه. هاوکات دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندییه‌کی مونه‌زه‌م و خه‌باتکارانه له‌گه‌ڵ ڕێکخراوه کریکاریه‌کان و بزووتنه‌وه‌ی سۆشیالیستی و هه‌وڵدان بۆ به‌هێزکردنی ڕه‌وتی کۆمۆنیستی ....

١٠/ به‌هێزکردنی بونیه‌ی مالی حیزب

١١/...

هاوڕێیانی به‌شدار له‌م سیمیناره‌دا، .. له کۆتاییدا ده‌مه‌وێت بڵێم که ئه‌و ئه‌رکانه‌ی من پێشتر ئاماژه‌م بۆ کردن، ده‌کرێ زیاتر بن وه‌یا که‌م کرێنه‌وه وه‌یاخود ده‌ستکارییان بکرێت. واته بڕیاری کۆتایی نییه و قه‌راره من و هاوڕێ موحسین که‌ریم هاوکات له‌گه‌ڵ

## حیزبی سیاسی و ئاڕاسته و ئەولەویاتەکانمان

جیهەت و ئاڕاسته سیاسیەکانی حیزبدا، له بەڵگەنامەیەکدا بیخەینه بەردەم نوێنەرانی کۆنگرەوه و قسەوباسی لەسەر بکرێ، که به دڵنیایەوه به هەوڵی ئێوه و سەرنجەکانتان دەوڵەمەنتر و پوختتر دەکرێ. هەروەک له سەرەتاوه وتم که ئەوەی مەبەستی منه له گشت ئەم قسەوباسانەدا، دۆخەکه و پێگەی خۆمان بزانین و ڕۆشن بێت که دەمانەوێت بەرەوکوێ دەچین و لەسەر ئەمەش هاوڕایی بەدەست بهێنین...



عوسمانی حاجی مارف

# مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان، دوای قۆناغێکی تایبەتی چەند ساڵەی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا سەریهەڵداوە. لە سەرەتادا ئەم پرۆژەیە وەک ڕێگەیەک بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان سەیردەکرا، بە هەوڵدان بۆ نیشاندانی مەبەستی حکومەت بە دەستپێکردنی پرۆژەی گەورە و هەمەچەشنە لە ڕێڕەوی ئابووری عێراقدا، بەتایبەتی کە ئابووری عێراق تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە بەرهەمهێنان و بازرگانی بە نەوت و گاز دەبەستێت. واتە وەک بەشێک لەو قەیرانە سیاسیەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٨وە بەرەو ڕووی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بوەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ ئاڵوگۆڕی شکڵییان لە دەسەڵاتی سیاسیدا ئەنجامدا، لە هەمان کاتدا مەسەلەی پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدانی ئابوریش لە نەخشەی حکومەتی عێراقدا حساباتی جدی لەسەرکرا.

لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٣دا، عێراق پرۆژەی ژێرخانێککە جۆرێک لە ڕیسک بەخۆیەوە دەبینێ، بێ دودڵی دەستپێکرد، کە بەندەری گەورەی فاو لە کەنداوەوە لە ڕێگەی تۆڕەکانی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبانەوە بە تورکیاوە دەبەستێتەوە. ڕێگای گەشەپێدان بە بڕی ١٧ ملیار دۆلار پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان ئاسیا و ئەوروپادا دروست دەکات، ئەم پلانە تەوەری

# عوسمانی حاجی مارف

سەرەکی گفتوگۆی کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژە بوو لە بەغدا، کە لەلایەن سودانیەوە ڕێکخرابوو، وەزیرانی گواستنەوە و بەرپرسانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، ئێران، تورکیا، سوریا و ئوردن ئامادەی بوون.
عێراق پرۆژەی گواستنەوەی بە ناوی "ڕێگای گەشەپێدان" پێشنیار کرد، کە عێراق و دەوڵەتانی کەنداو ئاسیا بەیەکەوە ببەستێتەوە و بە تورکیادا تێپەڕێت و بگاتە ئەورووپا. ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەسەر زەوی بەرجەستە بکرێت، ئەوە تەنها ڕێڕەوێک نابێت، بەڵکو گەشەی ئابوری و سەرمایەگوزاری لە عێراق و ناوچەکەدا دەباتە پێشەوە و ئاڵوگۆڕێک لە دۆخی سیاسی دەبێتە پێویستییەک، چونکە ڕۆڵی پێگەی عێراق زیاد دەکات و پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆری عەرەبی و ناوچەیی پتەوتر دەکات. ئامانجی ڕێڕەوی گەشەپێدان گۆڕینی ژێرخانی گواستنەوەی عێراقە، بەگوێرەی ئامارەکانی حکومەتی عێراق، پرۆژەکە دەبێت دەست پێبکات یان دەستی پێکردووە!
حکومەتی محەممەد سودانی، پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی پەسەند کرد، کە بە ئامرازێکی شیاو و گونجاوی دەزانێت بۆ خێراکردنی گەشەی ئابووری لە عێراق و پتەوکردنی پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ بازارە جیهانیەکان و دابینکردنی سەرچاوەی نوێی داهات و هەلی کار. هەرچەندە پرۆژەکە و قۆناغی سەرەتای جێبەجێکردنی، پێش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی سودانی بووە، بەڵام سودانی بە هەلی زانی پێشوازی لێبکات و خۆشی بکاتە خاوەنی ئەو پرۆژەیە و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی. هەروەها حکومەتی سودانی هەوڵیداوە و نەیوستووە کە ئەم پرۆژانە بکێشرێتە ناو پرۆسەی ئەو کێشمەکێش و پرسە سیاسیانەی کە لەبەڕێوەبردنی کارگێری حکومەتەکانی  پێش خۆی کاری لەسەرکراوەو بەربەست بون بۆ پرۆژەکە.
سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە ئۆکرانیا، قەناعەتێکی گشتی هەیە کە مۆدێلی دووبارە دابەشکردنەوەی سامانی نەوتی عێراق کەموکوڕی تێدایە، قەیرانی سیاسی داهاتوو زۆر گەورەتر دەبێت ئەگەر ئەمە ڕاست نەکرێتەوە.
پشکی سیاسی و دارایی و هاوبەشکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەتی عێراق لە نێوان پارتە دەسەڵاتدارەکان و سەرکردەکانیاندا، دامەزراوەکانی دەوڵەتیان کردووە بە تەکییەکی تایبەت، بەڵام هەر لایەنێک لە هەوڵی تێکدانی بەرژەوەندیە چەسپاوەکانی ئەم تەکییانە بێت، مانەوەی سیاسی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. بۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق مەیلیان هەبوو تەنها هەندێ چاکسازی جێبەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی تەحەدای دۆخی ئێستا و تەکییەکان بکەن.
سودانی لە هەوڵی چونە پێشەوەی ئەم پرۆسەیەدا، دەیەوێت مۆدێلێک لە سەرمایەداری

## مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

دەوڵەتی بخاتەڕوو کە تێیدا پرۆژە ستراتیژیەکان وەک گۆڕانکارییەک بە دەور و دەخاڵەتی دەوڵەت سەیر بکرێن. چەندین نمونەی ئەم مۆدێلە لە میسر و سعودیە و تورکیادا هەیە و بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەڵسەنگاندنی بەپەلە  بۆ پێگە و دەوری دەوڵەت لە گەشەی ئابوری و سەرمایەگوزاریدا دەبەستێت. بە واتایەکی تر ئەم ڕێبازە تیشک دەخاتە سەر بەدەستهێنانی پشتیوانی بنکەی سیاسی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەوە کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی پێگەی دەوڵەتە، لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشە ئابوریەکانەوە، کە ئەم وڵاتانە ناتوانن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا پشت بە کەرتی تایبەت ببەستن. بەجیا لەوەش  بەتایبەتی کە عێراق دەورانێکی نائارامی سەخت و جەنجاڵی تێپەڕاندوە، هێزە میلیشیاکان و پارچەپارچە بوونی عێراق مانایەکیان بۆ دەوڵەت و حکومەتەکان نەهێشتەوە. سودانی و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی پرۆژە ئابوریەکانەوە هەوڵئەدەن کاریگەری خێرایان لەسەر پرۆسەی ئارامبونەوە و جێگیری سیاسی هەبێت، تا هەلی گونجاو و زیاتر بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی باڵادەستی بۆ دەوڵەت و یاسا و دەستور دابین بکەنەوە، هەر بەم مانایەش ناوەند بوونەی حکومەتی عێراق خراوەتە بەرنامەوە و کاری لەسەر دەکرێت.

ڕێڕەوی گەشەپێدان لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا یەکدەگرێتەوە، بەو پێیەی پرۆژەیەکی ئابوریە کە لە دەوری ئامانجێکی سیاسی پاراستنی دۆخی ئێستادا، بە گەڕان بەدوای ڕێوشوێنێکەوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئابوریەکان لە عێراقدا. ڕێگای گەشەپێدان نەک تەنها ئامانجی بەرزکردنەوەی بازرگانی نێوان سنوورەکانە، بەڵکو بەو دەمارە نوێیە دادەنرێت کە ڕێگە دەدات خوێنی نوێ بخرێتە ناو  دڵی ئابووری عێراقەوە.

جگە لە تۆڕی ڕێگاوبان و شەمەندەفەر کە بەندەری فاو لە باشووری عێراق لەسەر سنوری عێراق و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کارگەکان و وۆرکشۆپ لە ڕێگای خۆیدا دادەمەزرێنرێت، کە دەبێتە هۆی هاندانی چالاکیە بازرگانیەکان. بەپێی پلانەکە ڕێڕەوی گەشەپێدان کە زیاتر بە ناوچە بیابانیەکانی دەرەوەی ناوەندە گەورەکانی شارەکاندا تێدەپەڕێت، ڕێگە دەدات قورسایی چالاکیە ئابوریەکان لە ناوەندە شاریەکان دوور بخرێتەوە کە ژێرخانێکی وێرانە، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی دانیشتوان بۆ گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارەکان.

ئامانجی حکومەتی عێراق لەپشت پرۆژەکەوە ئەوەیە کە بگاتە سەرچاوەی داهاتی تر لە پرۆسەی سەرمایەگوزاری لە عێراقدا، تا لەژێر ڕۆشنایی ئابورییەکی یەکلایەنەدا بێتە دەرەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی داهات و ئابورییەکەی پشتبەستنە بە دەرهێنان و بازارگانی بە نەوتەوە ، چونکە ئەم پرۆژەی گەشەپێدانە بەشدارە لە هەمەچەشنکردنی

## عوسمانی حاجی مارف

ئابوری ناوخۆیی و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری و بەدەستهێنانی قازانجی دارایی، بەشدارە لە بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابوری لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەتایبەتی ئەو شارانەی کە ڕێگاکە بەلایاندا تێدەپەڕێت.

ئەم پرۆژەیە پێکدێت لە ڕێگایەکی زەمینی نێودەوڵەتی کە درێژیەکەی ١١٩٠ کیلۆمەترە، ئەمە جگە لە هێڵی شەمەندەفەری دووانە کە شەمەندەفەرەکان لەسەری دەڕۆن بۆ گواستنەوەی سەرنشین و کاڵاکان، پرۆژەکە لە بەندەری فاوەوە دەست پێدەکات و بە دە پارێزگاری عێراقدا تێدەپەڕێت، دەگاتە ناوچەی فیش خابور، بۆ ئەوەی ببەسترێتەوە بە تۆڕی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبانی تورکیاوە.

***

هەرچەندە پرۆژەکە سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کە ڕێڕەوی گەشەسەندن بە هیچ شێوەیەک چەمکێکی نوێ نییە، وەک چۆن عێراق لە زۆر قۆناغی مێژووی خۆیدا، تەماحی فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەریا و سودوەرگرتن لە پێگەی جوگرافیای لە باکووری کەنداوی عەرەبی هەبووە. بیرۆکەیەکی هاوشێوە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا باسکراوە، کە ناوی پرۆژەی کەناڵی وشک بوو، بەو پێیەی عێراق دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی ترانزێتی بازرگانی لە نێوان ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، هاوشێوەی ڕۆڵی ڕێڕەوی دەریایی بنەڕەتی وەک کەناڵی سوێس، بەڵام ساڵانی درێژخایەنی جەنگ و گەمارۆ ئابوریەکان و دابڕانی نێودەوڵەتی و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی، نەیانهێشت عێراق ڕێڕەوی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات.

کۆتاییهاتنی شەڕی تائیفی و شکستی قاعیدە لە ساڵی ٢٠٠٨ و قۆناغێکی سەقامگیری ڕێژەیی لە عێراقدا دەستی پێکرد، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر دروستکردنی بەندەرێکی گەورە لە قەزای فاو، کە دەکەوێتە باشووری پارێزگای بەسرە، کە تاکە شوێنە لە عێراقدا قووڵی دەریای ئەوەندەی هەیە کە ڕێگە بە کەشتیە بارهەڵگرە زەبەلاحەکان بدات لەنگەر بگرن. دەرچەی عێراق بۆ دەریا سنووردارە، بەو پێیەی درێژدەبێتەوە کەناراوەکانی تەنها ٥٨ کیلۆمەتر درێژە، ئەمەش کێشەیەکە کە نیگەرانی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی لێکەوتووەتەوە، چونکە عێراقی لەو سودانە بێبەش کردووە کە کەناراوەکان و چالاکیە دەریایەکان ڕێگەی پێدەدات.

جگە لەوەش دەستڕاگەیشتن بە دەریا بۆ وڵاتێکی هەناردەکاری نەوت زۆر گرنگە کە نایەوێت بەتەواوی پشت بەو بۆریانە ببەستێت کە بە وڵاتانی دیکەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی نائارامی و ناهاوسەنگی. "ئەم کێشەیە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پشت داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حسێنەوە، کە لە ساڵی ١٩٩٠ وایکرد ئەمریکا

## مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

هاوپەیمانیەکی سەربازی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت و فرسەتێک بوو بۆ سەلماندنی باڵادەسەتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا".

لەمڕۆشدا جارجارە گفتوگۆ دەگەڕێتەوە دەربارەی ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کەناراوەکانی عێراق کە سنووردارە، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی ناکۆکی لەسەر پرسی سنووردارکردنی سنوورە دەریایەکان لەگەڵ کوەیت، کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی نوێ لە نێوان هەردوو وڵات لە سێپتەمبەری ٢٠٢٣دا، هەروەها ئەم بەندەرە لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە "گەراجێکی گەورە و دەرگایەکی زۆر بچووک" وەسف کراوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا، پەرەپێدانی بەندەری فاو وردە وردە بوو بە ئامانجێکی ستراتیژی بۆ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ ئیمکانی پرۆژە ئابووریەکان وردتر مامەڵەی کراوە، هەروەها بەندەری ئوم قەسر کە ٦٠ کیلۆمەترە لە فاوەوە، بەهرەمەندە لە توانای شوێنی فراوان بۆ دابەزاندنی بەندەر و پانتایی زیاتر بۆ کۆنتێنەر و عەمبارکردن، کە دەتوانرێت تواناکانیشی بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیەکانی گەورەترین کەشتیەکانی جیهان دابین بکات، بە تێچووی زۆر کەمتر لەوەی کە بە کۆکردنەوەی کەشتیی لە فاو پێویستە.

دواجار ئەو پرۆژەیە لە ڕووی سیاسیەوە سەرنجڕاکێشە، حکومەتەکانی حەیدەر عەبادی و عادل عەبدولمەهدی و مستەفا کازمی وەک بژاردەیەکی پێشخستنی ئابوری عێراق تەماشایان کردووە. هەروەها پرۆژەکە بە مۆدێلێکی سەرکەوتوو دەزانرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆڵی عێراق وەک یاریزانێکی سەرەکی لە کەنداودا دووپات دەکاتەوە و کێشەی دەروازە سنووردارەکانی بۆ دەریا چارەسەر دەکات. لە مانگی جانیوەری ٢٠٢٠، حکومەت گرێبەستێکی بە بڕی ٢٦ ملیار دۆلاری لەگەڵ کۆمپانیای Daewooی کۆریای باشوور واژۆکرد بۆ دروستکردنی ژێرخانی بەندەری فاو، لەنێویاندا ١٥ کیلۆمەتر درێژی شەپۆل شکێن بۆ پاراستنی کەشتیەکان پێکدەهێنێت.

کۆی تێچوی پرۆژەی بیناسازی بەندەرەکە مەزەندە دەکرێت بە نزیکەی ٧ ملیار دۆلار، بەندەرەکە پانتاییەک بۆ کۆنتێنەر لەخۆدەگرێت کە ڕووبەرەکەی دوو ملیۆن مەتر چوارگۆشە دەبێت، جگە لە بینا و کۆگاکان. کەناڵە کۆنکرێتکراوەکە کە پانیەکەی ٤٠٠ مەتر و درێژیەکەی ٢٤ کیلۆمەترە، بەندەرەکە بە ئاوە قووڵەکانی ناوچەکە دەبەستێتەوە.

لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند، قۆناغی یەکەمی پرۆژەی گەشەپێدانی ڕێگاوبان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ تەواو دەبێت و ڕێگە بە بەندەرەکە دەدات، ئەتوانێ ساڵانە ٢٠ ملیۆن تۆن کەلوپەل وەربگرێت تا ساڵی ٢٠٢٨، کە دواتر

فراوانتر دەکرێت.

دەستپێکردنی دروستکردنی بەندەرێکی سەرەتایی تەنها لە حاڵەتێکدا جێگای خۆیەتی کە خواست لەسەر برێکی زۆر کاڵای تێدا دابەزێنرێت بۆ گواستنەوەی بۆ تورکیا و وڵاتانی دیکە، بەناوخۆی عێراقدا تێپەڕێت.

ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا، بەمەش ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ گواستنەوەی کاڵا لە نێوان بەندەری شەنگەهای چینی و بەندەری رۆتەردامی هۆڵەندا لە سی و سێ ڕۆژەوە بۆ پانزە ڕۆژ کەمدەکاتەوە. لە ئەنجامدا عێراق دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کاڵا، کە ئابووری وڵاتەکە زیندوو دەکاتەوە، سەرچاوەی نوێی داهات بۆ دەوڵەت دروست دەکات. پێشبینی دەکرێت داهاتی ساڵانەی بگاتە نزیکە ی 4 ملیار دۆلار، لە کاتێکدا کۆی تێچووی پرۆژە کە بە نزیکەی ١٧ ملیار دۆلار دەخەملێنرت.

ڕێگای گەشەپێدان بەدیلێک بۆ کەناڵی سوێس پێکناهێنێت، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم پرۆژەیە سیمای سنوورەکانی باشوور و باکوری عێراق دادەرێژێتەوە و پێویستی تەواوی بە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆو و باڵادەستی دەسەڵاتی ناوەند دەبێت، سنورەکان بەشێکی دانەبڕاون لە ڕێڕەوی گەشەپێدان، کە بۆ ماوەیەکی زۆر چەقی ململانێ و ناسەقامگیری بوون. بەندەری نوێ نوێنەرایەتی پێشهاتێکی گرنگ دەکات لە نیمچە دورگەی فاودا، چونکە بەشدارییەکی گەورەی دەبێت لە گۆڕینی دیمەنی ئابوری عێراق و پەیوەندیەکانی بە جیهانەوە، بەهەمان شێوە سنوری نێوان عێراق و تورکیا.

***

حکومەتی عێراق لە ئێستادا هەوڵدەدات سوود لە کەشوهەوای ئارامی نێوان زلهێزە ناکۆکەکانی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ناوچەیی وەربگرێت، بە مەبەستی بەرزکردنەوە و پتەوکردنی ڕۆڵی عێراق لەبەرامبەر پەیوەندی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناوچەکە و دەوری عێراق لە خاڵی لێکنزیک بوونەوەی نێوانیان، تا ئایندەی عێراق بە جۆرێکی تر لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا بناسێنرێت. واتە لەبری ئەوەی عێراق گۆرەپانێک بێت بۆ ململانێ و کێبڕکێی نێوان ئێران و تورکیا و سعودیە... کە چەندین ساڵە لەو گێژاوەدایە، بەڵکو ببێتە بەشێکی کاریگەر و سەرەکی لەو پێشهاتانەی کە پێویستە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری بەدەستی بهێنێت، بۆیە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پرۆژەکە بۆنەیەک بوو بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ناوچەیی پەیوەندیدار کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا

## مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

بگونجێت و پێگەی عێراق لەم پرۆژەیەدا ڕوون بێتەوە.
پرۆژەکە بە یەکێک لە ئامرازەکانی حکومەتی عێراق دادەنرێت کە دەتوانێت بەشداری بکات لە فراوانکردنی هاوبەشیە دەرەکیەکانی عێراق و بەبازاڕکردنی میکانیزمەکانی گەشەی جیۆپۆلەتیک لە پێگەی عێراقدا، کە هەوڵی بەدەستهێنان و گەڕاندنەوەی دەدات وەک هێزێکی کاریگەر لە نەخشەی ئابوری و سیاسی ناوچەکەدا.
عێراق کە یەدەگی زۆری نەوت و غازی سروشتی هەیە، خواست و پێویستی بۆ کردنەوەی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بە دۆزینەوەی دەرچەی نوێ لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ ئەوروپا هەیە، بۆیە ڕێڕەوی ئەم پرۆژەی گەشەپێدانە دەبێتە ئەو دەرچە و دەروازەیە کە ئەو یەدەگانە بگوازێتەوە.
حکومەتی عێراق هەوڵئەدات لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە زۆر ڕەهەند بەدیبهێنێت، ئەوەی بە تایبەتی بۆ عێراق گرنگ و حەیاتیە ڕەهەندی پەیوەست بە دابینکردنی تەواوی سەقامگیریە لە ئاستی سیاسیدا، بەو پێیەی لەلایەن کۆمپانیا هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێت، لە ئەنجامی هاوبەشی ئابوری لەگەڵ وڵاتان، ئەم کۆمپانیایانە ناچار دەبن بەشداری بکەن لە بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا.
هەروەها لەلایەک ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئیمارات و سعودیە بڕیار بدەن هاوکاری عێراق بکەن، بەتایبەتی لە دابینکردنی دارایی پرۆژەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەنگە بەرپرسانی ئیماراتی بڕیار بدەن وەبەرهێنان لەو پرۆژەیەدا نەکەن بەهۆی ئەو مەترسیە گەورەیەی کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش دوژمنایەتیە لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران. بۆیە ئەگەری ئەوە زیاترە کە قەتەر ببێتە هاوبەشی سەرەکی عێراق لە کەنداو لەم پرۆژەیەدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیە دۆستانەکانی لەگەڵ ئێران و بەرژەوەندیەکانی بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکی ئابوری ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا، هەرلەم بارەیەوە قەتەر ئارەزوی جددی خۆی نیشانداوە بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی سودانی و زیادکردنی وەبەرهێنانەکانی لە عێراقدا.

***

ڕێگای گەشەپێدان، وەک پرۆژەیەکی گرنگ لەبەر ئەوەی کاریگەری ستراتیژی لەسەر ئایندەی ئابوری عێراق هەیە، ئەشێ دەرفەتێک بۆ حکومەتی عێراق پێکبهێنێت و هاندەرێک بێت بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی ئەمنی خۆی بەسەر ناوچە پەراوێزەکانیشدا و فراوانکردنی بازنەی دەسەڵاتی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق. دامودەزگا حکومیەکان و هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە سنووری و دەوروبەرەکان دەبێت ئامادەیی خۆیان بەهێزتر بکەن بۆ دڵنیابوون لە بەرەوپێشچوونی بێ کێشەی پرۆژەکە.

## عوسمانی حاجی مارف

جگە لەوەش ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی نوێ دەبێتە هۆی خێراترکردنی گواستنەوەی نێوان پارێزگاکانی عێراق و یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشتر تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتر، هەروەها بەرەوپێشبردنی چالاکیە ئابوریە ناوخۆییەکان و پڕۆژە گەورەکان کە سوودمەندن لەم ژێرخانە.

جگە لەوەش پێگەی عێراق لە پرۆژەی "دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگادا" پرسیاری گرنگی لە ناوخۆی عێراق وروژاند، چونکە چاودێران و چالاکوانان پرسیاریان دەکرد کە ئایا پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پەیوەستە بە خواستەکانی پەکین یان جیابوونەوە لێیان. لە ساڵی ٢٠٢١ عێراق بووە گەورەترین سوودمەند لەو پارەیەی چین کە تەرخانکراوە بۆ دەستپێشخەری پشتێنەی هەناردەکردنی نەوت بۆ گەڕاندنەوەی قەرز و وەبەرهێنانەکانی چین کە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا بەکاردەهێنرا.

"هەنگاونان بەرەو چین" بووەتە بەشێک لە گوتاری سیاسی هەندێک لە کوتلە سیاسیە عێراقیەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، کە ئەمەیان وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکی وێنا کردووە. بەستنەوەی عێراق بە "دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا" و گۆڕینی بۆ ڕێڕەوی بازرگانی بنەڕەتی بۆ چین، بووەتە بیرۆکەیەکی باو لەنێوان هەندێک لە چالاکوانان و کۆمپانیاکان، تەنانەت وەک فیشەکێکی زیوین بۆ گەشەی ژێرخانی ئابوری عێراق وەسفیان کردووە.

لەم نێوەدا یەکێک لەو کێشە دیارانەی کە سەختی بۆ پڕۆژەکە دروستکردووە، کاتێک ڕێگای گەشەپێدان، بەسرە بە بەغدا و موسڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پێش ئەوەی بەرەو سنوری تورکیا بەردەوام بێت، بەتەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەر دەکات و هەرێم دەخاتە لاوە.

هەڵبەتە ئەوەی لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە، فەرامۆشکردن و دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئەم پرۆژەی گەشەپێدانەی ئابوری عێراق. ئاشکرایە کە هەنگاوێکی تەواو سیاسیە و بێ متمانەییە بە حزبەکانی کوردایەتی، کە لە چوارچێوەی هەمان هەوڵدانا بۆ زیاتر ئاوەدانکرنەوەی حکومەتی بەغدا هەنگاوی بۆدەنرێت. لە هەمان کاتدا زیاتر ملکەچکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی تیا دەبینرێت، هەر لەم ڕاستایەشەوە پێگەی حکومەتی هەرێم لاواز و لاوازتر دەکرێت، تا ئەو ئاستەی حکومەتی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی دەبنە پاشکۆ و کۆنترۆڵی تەواوی نەخشە سیاسی و ئابوریەکانی حکومەتی بەغداد. هەر بەم مانایەش پرۆسەی بچوککردنەوە قەوارەی حکومەتی هەرێم و سنوردارکردنی هێزە میلیشیاکانیان دەچێتە ناو دەورانێکی ترەوە کە دەبێت یا پاشکۆ بوونی خۆیان لەگەڵ خزمەتکردن بە ستراتیژی ئایندەی سیاسی حکومەتی

عێراقدا بگونجێنن، واتە خۆیان ڕادەستی تەواوی سیاسەتی ناوەندبوونەوەی حکومەتی عێراق بکەن، یان دەبێت بکەونەوە دەورانێکی تر لە وەستانەوە بەرامبەر حکومەتی عێراق. بەڵام ئەم حاڵەتی وەستانەوەیە، دوای سێ دەیە لە ئەزمونی حکومڕانی بنەماڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەزمونی سەوداوامامەڵەیان، ئەوە نیشان ئەدات بەهێچ جورێک شانوشەوکەتی ئەوەیان نەماوە جارێکی تر بتوانن وەک ئۆپۆزیسیۆن دەرکەونەوە، واتە جگە لە ملکەچی ڕێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نەماوە.

هەر لەدوای ڕیفراندۆمەوە، حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە دەستڕاگەیشتنی هەرێمی کوردستانی عێراق بە جیهانی دەرەوە سنووردار بکات و بیکاتە قەوارەیەکی ئیداری ناوخۆیی. هەنگاوەکان و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لەم بارەیەوە ڕۆشنن. بەتایبەتی پوچەڵکردنەوەی یاسای نەوت و غاز کە لە فێبروەری ٢٠٢٢ بڕیاری لەسەردرا. هەروەها ئەم بڕیارە ڕێگەیدا بە بەغدا، لە بەرامبەر داهاتی نەوتی پێشووی هەولێر لێپرسینەوە لە بەرامبەر تەرخانکردنی بودجەی خۆی بکات.

لەم نێوەدا ئەوە ئاشکرایە کە عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە کۆتایی بهێنێت بە کێشەی نائەمنی و ناسەقامگیری و یەکلایی بوونەوەی ناوەندبوونی حکومەتی ناوەند، هەرچەندە لەم بارەیەوە لە هەوڵێکی سەرسەختدایە، بەتایبەتی هەوڵەکانی لە پچوککردنەوەی قەوارەی هەرێم و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان. بەڵام مانەوەی ئەم حاڵەتە بۆ خۆی بەربەستێکە لەبەرامبەر چوونە پێشەوەی ئەو پڕۆژەیەدا. هەر لەم بارەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نارەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر بەو پڕۆژەیە، چونکە پلانی سەرەتایی بۆ دانانی ڕێگای سەرەکی، هەرێمی لێدەرکراوە کە سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا هەیە، بەجۆرێک ڕێگاکە بە پارێزگاری نەینەوادا تێپەدەڕێت. دەسەڵاتدارانی کوردی پێیان وایە دوورخستنەوەی هەرێم لەو پلانە، پاڵنەری سیاسی و ئابوری هەیە و ئامانجی لاوازکردنی حکومەتی هەرێمە. مەسرور بارزانی، وەها بانگەواز دەکات کە حکومەتەکەی ڕێگە نادات ئەو لاوازکردنە ڕوובدات. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بارزانی بۆ ئەوەی پشکێک لەم پرۆژیە بەدەست بهێنێت، وەها نیشان ئەدات کە ڕەنگە مەترسی ئەمنی بۆ سەر پرۆژەکە دروست بکەن، یان تەنانەت ڕێگری لە بیناسازی لە ناوچەکانی نزیک لە هەرێم بکەن. بەڵام ئەوەی تاچەند مەسرور ئەو بانگەوازەی بۆ جێبەجێ دەکرێت، جێگای پرسیارە، چونکە ئەتوانین بڵێین هەروەک دەورانی بانگەشەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕفراندۆمەکەیان دەردەچێت کە بە ڕیسوایی و بە زوویی پاشەکشەیان لێکرد و کەوتنەوە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ باوەشی حکومەتی ناوەندی.

گەر شتێکی لەو چەشنە پێشهات، بەمەش ڕێگای گەشەپێدان لەبەرامبەر جۆرێک لە

# عوسمانی حاجی مارف

ناسەقامگیری بەرەوڕو دەبێت. لە هەمان کاتدا (پەکەکە) کە لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و ئەودیوی سنوورەکانی سوریا بوونی بەهێزی هەیە و لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە ململانێدایە، ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگری لە کاری بیناسازی بکات یان کە پڕۆژەکە تەواو بوو، گرفت لەسەر کاری گواستنەوە دروست بکات.

***

ئەگەر سەرکردەکانی عێراق پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان تەنها وەک چارەسەرێکی ئەفسوناوی لەبەرامبەر گێژاوی سیاسی و کێشە زۆرەکانی ئێستای عێراق سەیر بکەن، لەم بارەیەوە ئەوەی پێویستە جێگای سەرنجمان بێت و لێکدانەوەی دروستی لەسەر بکەین، خودی ئەو کێشانەی کە ئێستا یەخەی نائارامی دۆخی سیاسی عێراقی گرتووە، دەتوانین بڵێین بۆ خۆیان بەشدارن لە ڕێگریکردن لە پڕۆژەکە، یان ڕاگرتنی جێبەجێکردنی. واتە تەشەنەکردنی گەندەڵی فراوان و کێشەی نێوان حزبە ئیسلامی و تائیفیە میلیشیاکان لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، دەبێتە هۆی بەربەست لە جێبەجێکردنی پڕۆژە گەورەکان لە عێراقدا، بەو مانایەی بەردەوامییە بە نائەمنی بۆ سەرمایەگوزاری، هەروەها دەستبەسەرا گرتن و دزین و خستنەلاوەی بەشێکی زۆری ئەو برە پارە زۆرانەی کە پێویستن و تەرخان کراوە بۆ خەرجی پڕۆژەکە، گورزی گەورە لە جێبەجێ بوونی پڕۆژەکە ئەدات.

لە هەمان کاتدا کێشەی نەبوونی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی، ڕەنگە نەک تەنها ڕێگری لە تەواوکردنی پڕۆژەکان بکات، بەڵکو ڕەنگە سەرمایەگوزاری و کڕیار و وەبەرهێنەرانیش دوورخاتەوە.

هەروەها کێبڕکێی توندی جیۆئابوری و جیۆپۆلەتیکی لەسەر پڕۆژەکانی ڕێڕەوی بازرگانی ناوچەیی، ئەو مانایەی لێدەبێتەوە کە هەندێک وڵات یان دژایەتی ڕێڕەوی گەشەپێدان دەکەن یان بێ پشتیوان دەمێننەوە.

تاڕادەیەک جۆری لاوازی حکومەتی عێراق لەجێخستنی تەواوی ناوەندبونەوەی عێراقدا و بوونی کوتلە چەکدارە بەهێزەکان کە زۆربەیان مێژوی زەوتکردن و گەندەڵییان جێخستووە، ڕەنگە ببێتە بەربەستێکی ڕاستەقینەی زیادە لەبەردەم سەرکەوتنی پڕۆژەکەدا. هەروەها هەندێک لە گروپە چەکدارەکانی هاوپەیمان لەگەڵ ئێران کە ئامادەییەکی بەهێزیان لە باکوری عێراق و لە سێگۆشەی سنووری عێراق-سوریا-تورکیا دامەزراندووە، ڕەنگە مەترسی ئەمنی دروست بکەن، چونکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن و هەندێکجاریش تەحەدای سیاسەتی حکومەت دەکەن، وەک لە هێرشەکانیاندا دەرکەوتووە کە هێزەکانی ئەمریکایان کردە ئامانج، بۆیە ئەم گروپانە دەتوانن کارەکانی گواستنەوە بخەنە مەترسییەوە.

## مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

شایانی باسە کە بەشێک لە میلیشیاکانی لایەنگری ئێران بە هاوکاری لەگەڵ پەکەکە تۆڕی قاچاخ بەدرێژایی سنووری عێراق و سوریا بەڕێوەدەبەن.
بەو پێیەی کە هێشتا پاشماوە چەکدارەکانی داعش لە ناوچەکانی نزیک سنوور چالاکن، ڕەنگە لاوازیە سروشتیەکانی پڕۆژەکەش بقۆزنەوە بۆ دەرکێشانی پارە لە دەوڵەت.
ناکۆکی لەسەر سنووره دەریایەکانی نێوان عێراق و کوەیت لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی نوێ لە هەر کاتێکدا، کە سەلامەتی هاتوچۆی کەشتیوانی لە کەنداوی عەرەبی بخاتە مەترسیەوە و ئاستەنگیەکانی بەردەم پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان زیاد دەکات. بەڵام ڕەنگە ئەو پرۆژەیە هاندەرێک بێت بۆ بەغدا کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی دەریایی لەگەڵ کوەیت لە ڕێگەی دانوستانەوە بدات. پێدەچێت گەیشتن بە ڕێککەوتنێک سوودی بۆ هەردوو وڵات هەبێت، و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە پڕۆژەکانی گەشەپێدانیان لە ناوچەکەدا نەک ڕکابەری ناوەندی بازرگانی ئازادی دەریایی. ئەم جۆرە هاوکاریە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی تێچونەکانی وڵاتان و هێورکردنەوەی گرژیەکان لەسەر سنووره دەریاییەکان، کە لەم بارەیە سودانی دڵنیایی و نەرمییەکی زۆر لەگەڵ کوەیت بەخەرج ئەدات.

***

بەدامەزراوەکردنی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە، ڕەنگە بە پێکهێنانی دەستەیەکی هەمیشەیی بە سەرۆکایەتی سودانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە بکرێت و ئەو کێشانەش چارەسەر بکەن کە ڕەنگە سەرهەڵبدات. هەروەها بە جیا لەدەوری حکومەت لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، جۆرێک لە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت دادەنرێت، هەرچەندە حکومەتی عێراق وەها نیشان ئەدات ئەوپەڕی گرنگی بە شەفافیەت دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆژەکەدا. بەڵام ئەمە بەس نابێت، مەگەر لەگەڵ سەرکەوتنی حکومەت لە دەستەبەرکردنی پشتیوانی سیاسی بەردەوام بۆ ڕێڕەوی گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بودجەی پێویست بۆی، کە پێویستی بە خستنەڕوی ئارگیومێنتی بەهێز و قەناعەتبەخشە لە بەرژەوەندی پڕۆژەکە بە ئامانجی ڕەواندنەوەی گومانەکان لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی کە ئەتوانین تا ڕادەیەک پشتیوانی دەوری پێکهاتەی حکوماتی عێراق کە "چوارچێوەی هەماهەنگی" بەڕێوەی دەبات لەم بارەیەوە ببینین. سودانیش لەسەر بنەمای ئەو پشتیوانییە، هەوڵ ئەدات پێشڕەوی ئەو پڕۆژەیە بێت و بەسەرکەوتنی بگەیەنێت. بەڵام دەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە ئەم پڕۆژەیە لەلایەک کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ و مانگ و دوو مانگ و ساڵ و دوو ساڵ نییە... لەلایەکی ترەوە پڕۆژەی تایبەتی سودانی و حکومەتی عێراق نییە، ڕێڕەو و ئاڕاستەیەکە بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دابینکردنی ئەمنیەت بۆ

## عوسمانی حاجی مارف

سەرمایەگوزاری، کە دوای پاشەکشە و شکستی ستراتیژی ئەمریکا و کێشمەکێشێکی بەرفراوانی وڵاتانی زلهێزی دنیا لەم ناوچەیەدا بە قەیران و بن بەستێک گەیشتووە. بۆیە ئەم ئاڕاستەیە بۆتە پێداویستییەک، پێویستی بەوەیە کۆتایی بەو گێژاوە بهێنرێت و بڕواتە دەورانێکی ئارامیەوە، ئەم پرۆژەیە گەر سودانی و حکومەتی ئێستای عیراقیش تیا سەرکەوتوو نەبن، هەر ناوەستێت بەڵام دوادەکەوێت.

گەورەترین دەستکەوت بۆ ئابوری عێراق لەم پرۆژەیە پەرەپێدانی کەرتی وێرانبوی گواستنەوەیە، کە لەگەڵ خۆیدا گەشەسەندنێک لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، و کەرتەکانی دیکەدا دەهێنێت کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا گەورەتین زیانیان بەرکەوتووە.

ئەم پرۆژەیە لە ڕێڕەوی ئەو بارودۆخەدا زیاتر مانا پەیدا دەکا، کە هەوڵێکی جدی هەیە لەسەر ئایندەی هێوەرکردنەوەی دۆخی پرگێژاو و ناسەقامگیری سیاسی چەندین ساڵەی عێراق و کوردستان بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی، کە ناوچەکە دەخاتە دەورانێکی تەواو جیاواز و ئاڵوگۆڕەوە، هەوڵێکە بۆ دامەزراندنەوەی ناوچەکە لەسەر ڕێڕەوی دابینکرنی دۆخێکی گونجاو لە دابیکرنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری. ئەم ئاڕاستەی ئارامبونەوەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆسەیەکە لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداری گەورەی جیهانیەوە بە جدی وەرگیراوە و کاری لەسەر دەکرێت.

حکومەتی سودانی لەڕێگەی هەوڵدانی بۆ سەرکەوتنی بەسەر ئەم پرۆژەیەدا بە دەوری کابینەکەی، هەوڵئەدات ببێتە دەستکەوتێک بۆی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی جدیەتی سودانی نیشان ئەدات لە گرتنەبەری بەرنامەیەکی گەشەپێدانی گەورە، کە هەوڵئەدات دۆخی ئابوری وڵات گەشەپێئەدات، کە لە هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا ئەگەری پاراستنی پێگەی سودانی زیاتر دەکات.

***

ئەگەر حکومەتی عێراق بەڕاستی بتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا چەندین سوود و دەستکەوت بەدەستبهێنێت، کە دەکرێت بەمانەی خوارەوە نوێنەرایەتی بکرێت:

- پێشبینی دەکرێت ئەم پرۆژەیە قازانجی ساڵانە بۆ عێراق بەدەستبهێنێت کە بە زیاتر لە چوار ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.
- لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ببێتە وێستگەیەکی بازرگانی بنەڕەتی و وێستگەیەکی گرنگی گواستنەوە لەنێوان وڵاتانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپادا، ڕێگەش دەدات کاتی گەشتە دەریایەکان لە ٣٣ ڕۆژەوە بۆ ١٥ ڕۆژ

کەمبکرێتەوە.

- پرۆژەکە هۆکار و پاڵنەرەکانی یەکگرتنی ئابوری بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە دابین دەکات، لەوانە دەرفەتی وەبەرهێنان، بەرزکردنەوەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان، بەهێزکردنی هاوبەشی سیاسی و ئابوری، هەروەها ڕێگە خۆشکردن بۆ هاوکاری لە بواری وزە و ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکان.
- کەرتی گواستنەوە لە عێراقدا وێرانە، بۆیە ڕێگاوبانەکان دروستدەکرێن بە ئامرازەکانی گواستنەوەی هاوچەرخ کە پرۆژەکە پێویستی پێیەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتیاری، و کەرتەکانی دیکە.
- جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بوژانەوەی ئابوری و بازرگانی بە ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار، بەتایبەتی کاتێک شاری فاو دەگۆڕدرێت بۆ شارێکی پیشەسازی گەورە کە ڕەنگە زۆرێک لە کارگە نێودەوڵەتیەکان بۆی بگوازرێنەوە ئامادەیی بۆ گواستنەوەی ژمارەیەک کارگە بۆ فاو بۆ ئەوەی سوود لە مەودای کورت و بوونی هێزی مرۆیی وەربگرێت، بەتایبەتی کە عێراق بەشێکە لە حەوزەی کاری هەرزان وەک هەر ناوچەیەکی ئەو حەوزەیە گەر ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری دابین بکرێت، سەرمایە گوزاری بە قازانج و سودێکی بێ شومارەوە بەڕێوەدەبرێت.
- پرۆژەکە پلانی پاککردنەوەی ئاوی دەریایی بەسرە لەخۆدەگرێت، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ خزمەتکردنی کەرتی ئاو لە عێراق کە چەندساڵێکە بەدەست قەیرانی ئاوەوە دەناڵێنێت.
- پلانی پرۆژەی ڕێگاوبان بریتیە لە دروستکردنی شارە پیشەسازیەکانی نزیک لێیەوە، هەروەها دامەزراندنی شارە نوێیەکانی نیشتەجێبوون لەگەڵیاندا کە 10 بۆ 20 کیلۆمەتر لە ناوەندە گەورەکانی شارەکانەوە دوورن، ئەم شارانە بەشدار دەبن لە کەمکردنەوەی نرخی بەرزی خانووبەرەی نیشتەجێبوون و چڕی دانیشتوان قەیرانێک کە وڵاتەکە لە ساڵانی ڕابردوودا شاهیدی بووە.

***

وەزیرانی گواستنەوە یان نوێنەرەکانیان لە چەند وڵاتێکەوە بەشداریان لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی فەرمی ڕێڕەوی گەشەپێدانی ستراتیژی عێراق کرد، کە لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٣ لە بەغدا بەڕێوەچوو، کە پێک هاتبون لە سعودیە، ئیمارات، کوێت، قەتەر، عومان، ئوردن ، سوریا، تورکیا، و ئێران، هەروەها نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و بانکی نێودەوڵەتیش بەشدار بون.

بانکی نێودەوڵەتی، و نوێنەرەکەی لە کۆنفرانسەکەدا ڕایانگەیاند کە: "ڕێگای گەشەپێدان

## مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

دەبێتە هۆی زیادکردنی پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکە"، هەروەها وتیان "پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی دەردانی پیسبوون". جەختی لەوە کردەوە کە: "بانکی نێودەوڵەتی پابەندە بە پاڵپشتیکردنی عێراق لە مۆدێرنکردنی ژێرخانی وڵاتەکەیدا و ڕەخساندنی هەلی کاردا"، بەتایبەتی کە عێراق هێزێکی زۆری یەدەکی ئامادەبەکار لە بێکاران لەخۆدەگرێت و بەکەمترین کرێ ئامادەن کاربکەن.
ئەوەی شایانی باسە چین زیاتر ئارەزوی خۆی بۆ پڕۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" نیشانداوە، نەک تەنها بۆ بەدەستهێنانی گرێبەست بۆ دروستکردنی ڕێگاکە و دروستکردنی پرد و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەکی دیکە بۆ ڕۆیشتنی کاڵای چینی بەرەو ڕۆژئاوا و گەیشتن بە ئەوروپا، بە کەمترین تێچوون و زۆرترین قازانج.
سەرچاوە عێراقیەکان ئەوەیان ڕاگەیاندوە، پەکین پەیوەندی چڕوپڕی لەگەڵ بەغدا دەستپێکردووە بۆ خستنەڕووی پێشنیازی کرداری جێبەجێکردن سەبارەت بە بەشداری چین لە پڕۆژەکەدا، کە ئێستا لە نێوان لایەنی تورکیا و عێراق هەماهەنگی دەکرێت. سەرچاوە عێراقیەکان ڕونیشیان کردۆتەوە، کە باڵوێزی چین لە بەغدا، لەلایەن وڵاتەکەیەوە ڕاسپێردراوە بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنی عێراقی سەبارەت بەو پڕۆژەیە. چین سوودی زیاتر پێشکەش بە لایەنی عێراقی دەکات بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕێگاکە بە وێستگەی ئابووری لە شێوەی شارە بچووکەکانی پڕ لە ئاسانکاری و دوکان و ناوەندی ڕۆشنبیری و کات بەسەربردن.
پەکین بۆ ئەوەی بچێتە هێڵی کێبڕکێی نێوان سێ جەمسەرەکە بۆ کاریگەری لە عێراقدا، کە ئێران و ئەمریکا و تورکیایە، دریغی نەکردووە لە بەکارهێنانی شێوازی توند و چڕ لە کێبڕکێدا. هەروەها چینیەکان حساب بۆ سەرخستنی ژمارەیەک سەرکردەی عێراقی دەکەن کە سەر بە پارتە شیعەکانی دڵسۆز بە ئێرانن، چونکە لە ئەنجامدا بۆ دژایەتی دەور و کاریگەری ئەمریکایە لە عێراق و ناوچەکەدا.
هەروەها داگیرکاری ئیسرائیل لەسەر غەززە، سێبەری کاریگەر بەسەر پێشهاتە سیاسی و ئابوریە نێودەوڵەتیەکان داناوە، ناوچەی دەریای سوور شایەتی پەرەسەندنی حوسیەکان بوو بۆ ڕێگریکردن لە تێپەڕبوونی کەشتیەکان، بەم شێوەیەش ڕێگای دەریایی بە دەریای سووردا کەوتە مەترسیەوە، ئەمەش وایکردوە بەندەری فاو و ڕێگای گەشەپێدان ببێتە پێویستیەکی بەپەلە بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و یەکێتی ئەوروپا.
بەگوێرەی لێدوانەکانی وەزیری گواستنەوەی عێراق، لایەنی تورکیا عێراقی ئاگادار کردۆتەوە کە فشارێکی زۆر لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە هەیە لەسەر پێویستی خێراکردن لەگەڵ عێراق لە تەواوکردنی ڕێگەی گەشەپێدان بە خێرایی، بەهۆی پچڕانی کەشتیوانی لە

# مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

دەریای سوردا.

***

لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی چین و هندستان و عێراق و تورکیا و وڵاتانی کەنداو... لەناوچەکەدا کە لەڕێگەی دارشتنی پرۆژەی ئاسانکردنەوە و خێراکردنی گوستنەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدرێت، دواتر وەک شانەی هەنگ چەندین تۆری بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و بازرگانی دائەچنن و فراوانتر دەبێت، لە هەمان کاتدا بازاڕێکی گەورە بۆ فرۆشتنی هێزی کاری هەرزان دەرەخسێنن.

ڕۆشنە کە ناوچەکە لە پرۆسەیەکدا دەخاتە دۆخێکی تەواو جیاواز بەکۆتایی هێنان بە دەورانی جەنگ و ناسەقامگیری سیاسی و فەراهەم هێنانی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە.

دروستکردن و زیادکردنی هەلی کار ئەو بانگەوازەیە کە سەرمایەداران و حکومەتەکان وەک مژدەیەک بانگەوازی بۆ دەکەن و بە خەڵکی بێکار و هەژار و نەداری ناوچەکەی دەفرۆشنەوە، لەبەرامبەر ئەو دۆخە نالەبارەی کە هەر ئێستا دۆزەخێکی وەهایان بۆ ئەو خەڵکە خوڵقاندوە، تاریکاییەکیان لە پانتاییەکی فراواندا چەسپاندووە کە ئەو خەڵکە ناتوانن هەناسەی ئومێد بۆ ژیانێکی باشتر هەست پێبکەن و بۆنی ئاسودەیی و ژیانێکی خۆشگوزەران پێشبینی بکەن.

بۆیە ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری نەک مانای ئەمنیەتی کرێکاران و بێکاران و خەڵکی هەژار و نەدار و برسی ناوچەکە نییە، بەڵکو هەلی کار بۆ ڕێژەیەک لە بێکاران بە مەرجی کاری هەرزان و تاقەتپروکێن و نائینسانی دەکاتە دیاری بۆ بەشێک لە لەشکری بێکاران.

ئەم دۆخەی کە بەناوی ئارامی بۆ سەرمایەگوزاری دێتە ئاراوە، ئازادکردنی بازاڕی کاڵای سەرمایەدارانە کە لەپێش هەمو شتێکەوە، بەردەوامی بەو دۆخە ئەدەن کە بازاڕی کاری هەرزان سەرسەختانە ڕاگرن، لەژێر سایەی سیستمی ئەو بازارە ئازادەدا گەر بۆیان بلوێت کرێی کار هەرزانتریش دەکەن.

هاوکاتی ئەو دۆخی ئاڵوگۆڕەی کە سەرمایەداران و حکومەتەکانیان پێشوازی لێدەکەن و بەرنامەڕێژی لەسەر دەکەن بۆ کەڵەکەی سەرمایە، پێویستە هێزی کرێکاران و ڕیزی بەرینی بێکاران بە ئامادەییەکی پێشوەخت و بەرنامەڕێژییەوە پێشوازی لەو دۆخە تازەیە بکەن، بەهیچ جۆرێک ڕێگە بە مامەڵەی کاری هەرزان نەدەن، سەعاتی کار ٣٥ سەعات زیاتر نەبێت لە هەفتەیەکدا، مەرجدارکردن بۆ دابینکردنی شوێنی ژیان، دابینکردنی سەلامەتی کارو تەندروستی... بەڕەسمی ناساندنی تەواوی مافەکانی کرێکاران و بێکاران.. بەهێزی یەکگرتویی و بوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و هاوکاری و هاوخەباتی

# مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان لە عێراق

تەواو کرێکارانی ناوچەکە و ئامادەیی بۆ خۆ ڕێکخستن و شێوازی گونجاو بۆ ناڕەزایەتی لە بەرنامەیاندا بێت.

حزب و لایەنە کۆمۆنیست و ئازادیخواز و ئینساندۆستەکان، پێویستە بە ئامادەییەوە لەم هەلومەرجی ئاڵوگۆڕانەدا ڕووبەڕووی بەرنامەڕێژی سەرمایەداران و حکومەتەکانیان ببنەوە و ڕۆڵێکی پێشڕەوانە ببینن لە بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی کرێکاران و بێکارانی ناوچەکە و پشتیوانی و بەڕێخستنی خواستەکانیان، هەوڵدان بۆ بەهیزکردنی ئاستی خەباتی سیاسی و ئابوری کرێکاران. خەباتێک کە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ناو هاوکێشەی سیاسی و کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بچەسپێنێت.

---

**بۆ نوسینی ئەم وتارە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:**


1. حارث حسن /.. ،الشؤون الجيوسياسية، والريعية :طريق التنمية في العراق
2. مثنى العبيدي .د /ما له وما عليه ..مشروع طريق التنمية في العراق
3. سعد رعد الحميري .د /ريق التنمية وأثره في الاقتصاد العراقي.ط
4. فيض الله تونا آيگون /رؤية العراق المستقبلية :طريق التنمية
5. سردار عزيز .د /لا مكان لكردستان؟ :طريق التنمية في العراق
6. فراس حسين علي الصفار .د /طريق التنمية خطوة مهمة لتطوير الاقتصاد العراقي
7. News شفق /.."طريق التنمية" تساؤلات بريطانية عن
8. «التنمية طريق» الأبعاد الجيوسياسية والاقتصادية لمشروع :من الفاو إلى فيشخابور مركز الإمارات للسياسات /رص نجاحهُالعراقي، وف
9. https:// صحيفة العرب/المتنافسة لحق الصين بمجموعة القوىُطريق التنمية ي alarab.co.uk

رێبوار ئەحمەد

# ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش (ئیتحاد عەمەل)

**ئەم باسە لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە لە پلینۆمی ٢٦ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا پێشکەش کراوە**

سەرەتا ئەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم کە من چوارچێوەیەکی فراوان و کراوەم لە بەرچاوە بۆ ئەم باسە لەژێر ئەم ناونیشانەدا، هەرچەندە ڕەنگە چوارچێوەی باسەکە فراوانتر بێت لە ناونیشانەکە. لەم چوارچێوەدا دەمەوێ هەم وەڵامی هەندێک لەو بۆچوونانە بدەمەوە کە لە ڕوانگەی چەپەوە ئاڕاستەمان دەکرێت، هەم باسی پێویستیی پاراستنی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کۆمۆنیستی بکەم، هەم بۆچوونی خۆم سەبارەت بە کاری هاوبەش لەگەڵ ڕەوت و ئەحزابی تر ڕوونبکەمەوە.
دەمەوێ ڕوونکرنەوەیەکیش دەربارەی پێویستیی ئەم باسە بدەم. ئێمە چ بۆ ئەوەی هاوفکری لە ڕیزی حیزب و بزووتنەوەکەمان پتەو بکەین، چ بۆ ئەوەی بەرچاو ڕونیمان هەبێت لە کارماندا، پێویستمان بەوەیە کە بەردەوام کاری خۆمان هەڵسەنگێنین و ناڕۆشنیەکان ڕوونبکەینەوە و لایەنە لاوازەکانی کارمان بدەینە بەر ڕەخنەی پێشڕەوانە.

## ڕێبوار ئەحەمد

پێویستمان بەوەیە ڕیزی خۆمان لە ڕووی فکریەوە مەحکەم بکەین و وەڵامی ئەو ڕەخنە نادروستانە بدەینەوە کە ئاراستەمان دەکرێت. بە تایبەت وەڵامی ئەو کۆبەندیە بدەینەوە کە بە شێوەی جۆراوجۆر ئاستەنگیەکانی بزووتنەوە و تەجروبەکەمان دەگێڕێتەوە بۆ نادروستی ڕێباز و ڕەوت و خەتی فکری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری. ئەمە کەم تا زۆر بووەتە مایەی پرسیار و ڕامان لە ئاستی چەپ و ڕەنگە لە ڕیزەکانی خۆشماندا پرسیاری هێنابێتە گۆڕێ.. ئەو کۆبەندی و ڕەخنە نادروستانە پێویستە وەڵام وەرگرنەوە هەم لە ئاستی ڕیزەکانی خۆماندا هەم لە ئاستی گشت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا.

باسەکەی من لە ڕاستیدا باسێکی ڕەخنەگرانەیە لەو بۆچوونەی کە کاری هاوبەش لەگەڵ لایەن و گروپ و ئەحزابی دیکەی چەپ و بەناو کۆمۆنیست و داشکاندنی ماکسیماڵیزمی مارکسیستی، وەکو ڕێگایەک بۆ بەهێزکردن و توانا بەخشین بە کۆمۆنیزم دەخاتەڕوو. ئەم بۆچوونە لە ناو ڕیزەکانی خۆشماندا هەیە، بەکردەوەش لەم بارەیەوە گرفتمان هەبووە. بۆ نمونە ئەوەی پارەکە ڕوویدا لە بەشداری لە کۆبوونەوەیەک بۆ کاری هاوبەش سەبارەت بە یەکی ئایار کە سازمانی زەحمەتکێشانیش تیایدا بەشدار بوو (ئەمە ئاماژەیە بۆ کۆبوونەوەیەک کە بەر لە ١ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢ لەسەر بانگەوازی حیزبی شیوعی کوردستان لە بارەگای ئەو حیزبە ئەنجام درا، کە چەند لایەن ئامادەی بوون لەوانە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، دەزانم بەسەرماندا تێپەڕی و هاوڕێیانی ئێمە لە بوون و بەشداری لایەنەکانی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادار نەبوون. بەڵام ئەگەر لەم بارەیەوە بەرچاوڕوونیەکی باش لە ڕابەری حیزبدا هەبوایە، بێگومان بە دیقەتێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەکرا و نەدەچووینە ناو کۆبوونەوەیەکەوە بەبێ ئەوەی زانیاری تەواومان هەبێت لەسەر لایەنەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە. ئەوە بوو دواتر سەرباری ئەوەی حیزب لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دا، کەچی کرایە بابەتی پڕوپاگەندە لەدژی حیزب. دەڵێم پڕوپاگەندە، چونکە ئەگەر حیزب ڕوونکردنەوەی نەدایە و ڕاینەگەیاندایە کە ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە کۆبوونەوە و کاری هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنانە و بەدیاریکراوی سازمانی زەحمەتکێشان بکەین، ئەگەر حیزب ڕوونی نەکردبایەوە کە ئاگاداری ئامادەیی و بەشداری لایەنەکانی ناو ئەو کۆبوونەوەیە نەبووە، ئەگەر حیزب ڕاینەگەیاندبایە کە ئەمە ئەبێتە ئەزمونێک بۆ مامەڵەیەکی وردتر لەگەڵ ئەم جۆرە مەسەلانە، وە ئەگەر حیزب ڕوونی نەکردبایەوە کە لە کۆبوونەوەکەشدا بە کردەوە ڕێگامان لەوە گرتوە کۆمیتەی ١ی ئایار لەو لایەنانە پێکبێت، من مافم دەدا بەوانەی ڕەخنەیان لەو بەشداریەی حیزب گرتووە. بەڵام دوای ڕوونکردنەوەکە، یان دەبێ ئەگەر ڕەخنەیان هەیە لە ڕوونکردنەوەکەی بگرن یان قسەکانیان

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

دەچێتە خانەی پڕوپاگەندەوە لەدژی حیزب. بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە کە ئەوە سیاسەتی حیزب نەبووە و نییە، ئەگەرنا من شەخسی بەشبەحاڵی خۆم بەوە ڕازی نەدەبووم. بێگومان ئەوەی کە ڕوویدا دەبێتە ئەزمونێک بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەربگیرێ هەر وەکو لە ڕوونکردنەوەکەی حیزبیشدا هاتبوو. بەڵام نیگەرانی و ڕەخنەی من لەوەش زیاترە، کێشەکە تەنها سازمانی زەحمەتکێشان نییە، بەڕای من لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو ئەو کۆبوونەوەیەش دەبێ بە دیقەتی زیاترەوە مامەڵە بکەین و پرەنسیپ و پێوانەی دروست ڕەچاو بکەین بۆ کاری لەو جۆرە لەگەڵیان. هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش دەبێ ڕوانگەیەکی ڕۆشنمان هەبێت لەسەر کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنی تر. دەبێ هەڵسەنگاندنێکی وردیشمان هەبێت بۆ ئەو کاری هاوبەش و بلۆک و هاوپەیمانیەی کە لە ناو چەپ بەگشتی و لە ناو چەپی ئێران بەتایبەتی ڕەواجی پەیداکردووە.

### پاراستنی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی

ئێستا من دەمەوێ سەرەتا لە بارەی پێویستیی پاراستنی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتیەوە برۆمە ناو باسەکەوە. ئەم مەسەلەیە هەرچەند وەکو بەڵگەنەویستی لێهاتووە کە ئێمە پێداگری لەسەر ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی دەکەین، بۆ نمونە ئەوە بەڵگەنەویستە کە لەگەڵ ئەحزابی بۆرژوازی لە هیچ هەلومەرجێکدا بەرە و هاوپەیمانی دروست ناکەین، بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنها ئەو شێوازە ڕۆشن و ڕاشکاوەی نییە. لە دنیای ئێستادا چەندین جۆرە کۆمۆنیزم هەیە، ئێمە لەگەڵ ڕیزێکی فراوان لە حیزب و ڕێکخراوەی چەپ بەرەوڕووین کە لە ژێر ناوی کۆمۆنیزمدا کار دەکەن. هەروەها بەرە و هاوپەیمانیش جۆرەها شێوەی هەیە. زۆر جار خودی ئەوەی ئەحزابێکی بۆرژوازی ناوی خۆیان ناوە چەپ و کۆمۆنیست ئەکرێ بە بەڵگە بۆ ئەوەی جیاوازییان هەبێت لەگەڵ ئەحزابی دیکەی بۆرژوازی، ئەکرێ بە بنەما بۆ ئەوەی جۆرێکی تر پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبێت، کاری هاوبەش و بە قەولی مشهور ئیتحاد عەمەلیان لەگەڵ بکەین.
گومان لەوە نییە کە ئەحزابی سیاسی لە دوالێکدانەوەدا چینایەتین، ئەحزابی سیاسی غەیرە چینایەتی بوونی نییە. جا هەر ناوێکیان هەبێت لە کۆتاییدا یان حیزبی بۆرژوازی و خوردەبۆرژوازین یان کرێکارین. ئەوەش ئاشکرایە کە لەبەرئەوەی کۆمۆنیزم لە ١٧٠ ساڵی ڕابردودا لە خەباتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا ڕۆڵێکی ئەوەندە گەورە و کاریگەری گێڕاوە، کە بەشێک لە بۆرژوازی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی چینی کرێکار، ئەحزابی خۆیان لەژێر ناوی کۆمۆنیزمدا دروست کردوە. ئەمڕۆ هەر کۆمەڵگەیەک بگری کۆمەڵێک لەم جۆرە حیزبانەی تێدایە. ناویان کۆمۆنیستە بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە بزووتنەوەی دژی

## ڕێبوار ئەحمەد

سەرمایەداریی چینی کرێکار.

بە مانایەکی تر لە دنیای هاوچەرخدا چەندین شێوەی کۆمۆنیزمی بۆرژوازی پەیدا بووە. بێگومان ئەمانە بۆ گونجاندنی لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی خۆیان تیئۆری کۆمۆنیزمیان دەسکاری (تەحریف) کردووە، وەکو منصور حیکمەت باسی دەکات سەرجەم ئەم کۆمۆنیزمانە یەکێک یان هەردوو خەسڵەتە بنەڕەتیەکەی کۆمۆنیزمیان تەحریف کردووە. دوو خەسڵەت کە لە دوو ڕستەی سادەدا بەیان کراوە؛ یەکەم کۆمۆنیزم زانستی هەلومەرجی ڕزگاری چینی کرێکارە، ئەو کۆمەڵە ئایدیا و بنەما و تیئوریەیە کە چاودێرە بەسەر خەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکاردا. دووەم چینی کرێکار ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات مەگەر هەموو بەشەریەت لەگەڵ خۆی ڕزگار بکات. سەرنجی هەر کۆمۆنیزمێکی بۆرژوازی بدەی یەکێک لەم حوکمە سادە و بنەڕەتیانە یان هەردووکیانی تەحریف کردووە. کردوویانە بە کۆمۆنیزمێک کە زانستی ڕزگاری چینی کرێکار نییە، بۆ نمونە ماوتستۆنگ کردی بە زانستی ڕزگاری جوتیاری چینی، ستالین کردی بە زانستی پەرەپێدانی پیشەسازی کە ئامانجی ناسیۆنالیزمی ڕوسی بوو، لە ئەمریکای لاتین کراوە بە زانستی ڕزگاری نیشتمان یان ڕزگاری لە ڕکێفی ئیمپریالیزم، بیرمەندانی چەپی عەرەب کردیان بە زانستی ڕزگاری نیشتمان لە زایۆنیزم، حیزبی شیوعی کردوویەتی بە زانستی بەدیهێنانی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار وە زۆر شێوازی دیکە. دووەم ئەوەی کە چینی کرێکار ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات مەگەر ئەوەی هەموو بەشەریەت لەگەڵ خۆیدا ڕزگار بکات، نەک لەبەر ئەوەی چینی کرێکار زۆر دانا و میهرەبان و بەسۆز و تەنانەت شۆڕشگێڕ و چی و چییە، بەڵکو ئەو بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات دەبێ شتێک بگۆڕێ و دەبێ هەلومەرجێک بهێنێتە ئاراوە، ئەگەر ئەو کارەشی کرد ئیتر چەوسانەوە نامێنێ. بۆرژوازی شۆڕشی کرد و خۆی لە کۆت و بەندی نیزامی فیوداڵی و باج و سەرانە دان بە میر و پادشا و ئاغاکان ڕزگار کرد بەڵام هەموو کۆمەڵگەی ڕزگار نەکرد. چینی کرێکار ناتوانێ وابکات ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات بەبێ ئەوەی هەموو بەشەریەت ڕزگار بکات، بەبێ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک.

بەهەرحاڵ لە جیهانی هاوچەرخدا لەگەڵ ڕیزێکی فراوان لە ئەحزاب بەرەوڕووین کە لەژێر ناوی کۆمۆنیزمدا کار دەکەن بەبێ ئەوەی پابەندی خەسڵەتە بنچینەیەکانی کۆمۆنیزم بن. بۆیە خودی هەڵبژاردنی ناوی کۆمۆنیزم نابێتە بنەمایەک بۆ نزیکایەتی لەگەڵ کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری. بەم پێیە یەکەم ئەنجام کە لەم باسە بیگرین ئەوەیە کە تێڕوانینی ئێمە بۆ چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتی و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتایبەتی، مەسەلەیەکی زهنی نییە بەڵکو کۆمەڵایەتیە. واتە ئێمە

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و بیروبۆچوون حوکم لەسەر خەسڵەتی چینایەتی ئەحزاب نادەین، گرنگ ئەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە کام چین و کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین نەک بیروبۆچوونیان چییە و چۆنە؟! ئەفکار ئەگەر عەیبێکیشی هەبێت دەکرێ چارەسەر بکرێت. بۆیە هەموو مەیل و نەریتەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری فکریان هەرچۆنیک بێت بەشێکن لە بزووتنەوەی ئەم چینە، بەڵام ئەوانەی دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیە تەنانەت ئەگەر ناوی خۆشیان بنێن کۆمۆنیست و ئیدعای کۆمۆنیزمیش بکەن، بەشێک نین لە بزووتنەوەی ئەم چینە. لەم بارەیەوە مانیفێستی کۆمۆنیست نمونەیەکی زۆر ڕۆشنمان پێدەدات. دەبینین ڕەوتگەلێک سەرباری ئەوەی لەڕوی فکریەوە بە خۆیان دەگوت سۆسیالیست و خۆیان بە سۆسیالیست دەزانی، وەکو سۆسیالیستە خەیاڵیەکان و سۆسیالیستە حەقیقیەکان و سۆسیالیزمی بورژوازی و سۆسیالیزمی فیودالی.... کەچی لە لایەن مارکس و ئەنگلسەوە وەکو بەشگەلێک لە بزوتنەوەی کرێکاری ئەژمار نەکراون، تەنانەت بە کۆنەپەرستانە و بورژوازی لە قەڵەم دراون. بەڵام ئەحزاب و ڕەوتی دیکە کە کۆمۆنیست نین و خۆیان بە سۆسیالیستیش نازانن، بەڵام لە ڕوانگەی مارکس و ئەنگلسەوە وەکو ئەحزابی کرێکاری و بەشێک لە بزوتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار ئەژمار کراون. ئەمە نمونەیەکی زۆر ڕۆشنە لە هەڵسەنگاندنی ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر پایەی کۆمەڵایەتی نەک لەسەر بنەمای فکر و ئایدۆلۆژی.

بۆیە بنەمای هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەر لایەنێک ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە و لە مەیدانی سیاسی و بەرامبەرکێی سیاسیدا، لە کوێ ڕاوەستاوە، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ناوی خۆی ناوە کۆمۆنیست یان چەپ یان خۆی چۆن باسی خۆی دەکات. هیچ حیزبێک لەسەر ئەو بنەمایە هەڵناسەنگێندرێت کە چۆن باسی خۆی دەکات، بەڵکو بنەما ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە و مەیدانی سیاسیدا لە کوێ ڕاوەستاوە. بە تایبەتیش دەستەواژەی چەپ لە دنیای ئێستادا زۆر لاستیکیە و بە هیچ جۆرێک تەعبیر نییە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم و تەنانەت لە ڕادیکالیزمیش، ئەحزابێک بانگەشەی چەپ بوون دەکەن کە لەوپەڕی ڕاستی کۆمەڵگەکاندا جێگایان گرتووە. دەکرێت لیستێکی درێژ لە ناوی ئەم حیزب و گروپانە ڕیز بکەین، سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران تەنها نمونەیەکە. جگە لەوە با بۆ نمونە لە حیزبی شیوعی بڕوانین، بە خۆی دەڵێت کۆمۆنیست، بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا هەمیشە لە هاوشانی حیزبە بۆرژوازیەکاندایە، ئەمە لە هەموو سیاسەت و هەڵوێست و کرداریدا دەبینرێت، ڕەخنەیەکی ڕیفۆرمیستانەی لە سیستەم و دەسەڵاتی ئێستا هەیە، ئەوپەڕەکەی داوای ئەوە دەکات کە سیستەمی هەڵبژاردنی بۆرژوازی شەفاف و پاک بێت، گەندەڵی نەمێنێ، هێزی پێشمەرگە یەکگرتو و نیشتمانی بێت، ئەوان شەریک بکرێن لە دەسەڵات.

## ڕێبوار ئەحمەد

دروشمی سەرەکی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیارە. باسی خەباتی چینایەتی و پێویستیی سۆسیالیزم و شۆڕشی کرێکاری لە دیدگایدا هیچ جێگایەکی نییە، بە هەمان شێوەی حیزبە بۆرژوازیەکان دەڕوانێتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، باسی هەڵوەشانەوەی مولکیەی تایبەت و کاری بەکرێ لە دیدگایدا نییە. کەوایە لەسەر چ بنەمایەک ئەم حیزبە دەبێتە بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی؟! یان بۆچی دەبێ ئیمتیازێکی پێبدرێت لەچاو ئەحزابی دیکەی بۆرژوازیدا؟

بێگومان لە نێو ئەو حیزبانەی کە بانگەشەی چەپ و کۆمۆنیستی دەکەن، هەن جۆرێک لە ڕادیکالیەت لە خۆیان نیشان دەدەن، ئەمە باجێکە دەبێ بیدەن مادام کەڵک لە ناو و ئیعتباری کۆمۆنیزم وەردەگرن، ناچارن هەندێک هەڵوێست لە خۆیان نیشان بدەن کە بیانشوبهێنێ بە کۆمۆنیزم، بۆ نمونە لایەنگری لە سکولاریزم هەرچەندە ناپەیگیر، یان بە جۆرێک خۆیان وەکو لایەنگری لە مافەکانی ژنان نیشانبدەن، ناچارن بەشێوەی خۆیان لایەنگری لە ئازادی و یان بە قەولی خۆیان لە دیموکراسی بکەن، ناچارن جارجارە ناڕەزایەتیەک دژی سەرکوت دەرببڕن و بەم جۆرە. بێگومان لەم بارەیەوە بوار بۆ ئێمە هەیە کە سود لەم ناچار بوونەیان وەرگرین و فشاریان لەسەر بکەین بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی ڕادیکاڵ بەرامبەر مەسەلە و ڕوداوەکان، یان کاری دیاریکراوی هاوبەشیان لەگەڵ بکەین، کە دواتر دێمە سەر شێوازی ئەو کارە و پرەنسیپ و قەید و بەندەکانی.

ئێستا باسەکەمان دەربارەی سەربەخۆیی ڕیزی چینایەتیە. لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو کۆمۆنیزمی مارکس، وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری، ڕەخنەیەکی لە هەمووان جیاوازمان هەیە لە دنیای ئێستا، لە کەپیتاڵیزم، ڕەخنەی ئێمە لە خودی سەرمایەداریە، نەک لە دواکەوتوییەکەی، نەک لە وابەستەییەکەی، نەک لە نانیشتمانیەکەی، نەک لە سەرکوتگەریەکەی، نەک لە توندی چەوسانەوە و فەوقە سودەکەی (زێدە قازانج). ئێمە ڕەخنەمان لەوەیە کە ئینسان ناچار بێت هێزی کاری بفرۆشێ، ناچار بێت هەموو ڕۆژ بگەڕێت بە دوای کرپاردا بۆ هێزی کارەکەی بۆ ئەوەی بژی. ئێمە ڕەخنەمان لەوەیە کە کۆمەڵگە دابەش بێت بۆ دوو چین، کەمایەتیەکی چەوسێنەر و زۆربەیەکی چەوساوە. ڕەخنەمان لەوەیە کە خەڵکێکی زۆر لە برسا دەمرن و لەولاوە مەوادی خۆراکی لە کۆگادا حەشار دراوە بۆ ئەوەی نرخی دانەبەزێت. خەڵکانیکی زۆر گرفتارن بە نەخۆشیەکی سادە، لەولاوە دەرمان و دکتۆر هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارەیان نییە نایاندەنێ و دەمرن. بەهەرحاڵ ئێمە بزووتنەوەیەکی جیاوازین و ڕەخنەیەکی جیاوازمان هەیە لە وەزعی ئێستا و ئامانجێکی جیاوازیشمان هەیە لە خەبات. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان پێویستمان بە ئامڕاز و بە سیاسەت و ڕێباز و تاکتیک و شێوەکاری تایبەتی هەیە. پێویستمان بە حیزبێکی

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

تایبەتە. هیچ حیزبێکی غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکاری لەم ڕەخنە و سیاسەت و تاکتیک و ڕێبازە هاوبەشمان نییە. بۆیە ئێمە پێداگری توند دەکەین لەسەر سەربەخۆیی ڕیزی چینایەتی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی. ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی کۆمۆنیزمی ئێمە. پێویستە ئێمە ئەم جیاوازی ڕیزی چینایەتی و جەمسەرگیریە چینایەتیە زەق و ڕۆشن و بەرجەستە بکەین. ڕێک بە پێچەوانەی بۆرژوازی کە هەوڵ ئەدات بیشارێتەوە و وا نیشان بدات کە هەموو گەل هاودەردە و ئامانجێکی هاوبەشی هەیە، هەوڵدەدات ئامانجەکانی خۆی لە بەرگی ئامانجەکانی هەموو گەلدا نیشان بدات. لە بەرامبەردا کۆمۆنیزم پێداگری دەکات لەسەر ناکۆکبوونی بەرژەوەندیەکان و سەربەخۆیی ڕیزی چینایەتی و پووچی ئەوەی کە گوایە هەموو گەل دەبێ یەکبگرن چونکە یەک بەرژەوەندی و یەک دەردیان هەیە. ئێمە دەڵێین نەخێر کۆمەڵگە دوو بەشە، کە دەرد و کێشە و خەمەکانیان جیاواز و بە تەواوی پێچەوانەی یەکن. قازانجی بۆرژوازی لەسەر مەینەتەکانی چینی کرێکار دامەزراوە و بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاریش لەسەر حیسابی کەم کردنەوەی قازانجی سەرمایە مەیسەر دەبێت. ئەمە لە مەیدانی سیاسیشدا هەروایە، دەبێ ڕیزی ئەم چینانە جیاواز بن کە هەموو شتێکیان دژی یەکە. مەنسور حیکمەت باسی ئەوە دەکات کە چینی کرێکار و خەڵک مافی ئەوەیان هەیە جیاوازی خەتە سیاسیەکان بە ڕوونی ببینن و بتوانن بەوپەڕی ئاگاهیەوە لە محەکیان بدەن و ئاگاهانە هەڵبژاردنی خۆیان بکەن لە نێوانیان. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە دەبێ ئەو ئیمکانە فەراهەم بکەین، جیاوازی خەت و نەریتە سیاسیەکان ڕۆشن و بەرجەستە بکەین بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ هوشیارانە هەڵبژاردنی خۆی بکات.

یەکێک لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی لینینیزم و حیکمەتیزم، بریتیە لە پاراستنی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کۆمۆنیستی، هەموان داستانی بەڵشەفیزم و مەنشەفیزم دەزانین، هەمیشە و دایم باسی یەکگرتنەوەی ئەم دوو خەتە دەهێنرایە پێشەوە. بەڵام لینینیزم خەتی سیاسی سەربەخۆی تیژ و دەخاڵەتگەر و متەمایز تەنانەت ئەگەر کەمایەتیەکی بچوکیش بێت، لەلا گرنگتر بوو لە زۆربەیەک لەسەر بنەمای نێوەندگیری(معەدەل). دوای شۆڕشی شوبات لە غیابی لینیندا خەریک بوو جەژنی یەکگرتنەوەی بەڵشەفی و مەنشەفی بگرن، کە ئەو بە تێزەکانی نیسان هاتەمەیدانەوە و ئەو پلانەی تێک دا. هەموو دەزانین لەو برگەیەدا لینین نەک کەمایەتی بەڵکو تەنیا مایەوە، بەڵام بە پێداگری لەسەر خەتی تیژ و ڕادیکاڵ و جیاوازی کۆمۆنیستی، لە نیسان تا ئۆکتۆبەر توانی ئەو شۆڕشە مەزنە ڕێکبخات و ڕابەری بکات.

# ڕێبوار ئەحەمد

## کۆمۆنیزم دەبێ ڕادیکاڵ بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی بێت

بەڵام ڕاگرتنی ڕیزی سەربەخۆ بەم سادەییە نییە کە لە دوو وشە پێکهاتووە، جۆرەها شێوە هەیە بۆ تێکدانی و جۆرەها پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. کە من دەمەوێ بەپێی ئەو کاتەی لەبەردەستدایە، باسی هەندێکیان بکەم. هەندێک کات بە تایبەت مخالفینی ئێمە بەوە بەڵگە دەهێننەوە بۆ هاوپەیمانی و کاری هاوبەش و نزیکایەتی لەگەڵ باڵی چەپی بۆرژوازی، کە دەبێ ئەم کارە بکرێت بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم کۆمەڵایەتی بێتەوە. واتە کاری هاوبەش لەگەڵ ئەحزابی تر وەکو کاری کۆمەڵایەتی نیشان ئەدرێت. ئەگەر ئەم کارە نەکەین مانای وایە غەیرە کۆمەڵایەتی و وشک و چەقبەستو و سێکتین. ڕێگای کۆمەڵایەتی کردنەوەی کۆمۆنیزم بەوە نیشان دەدرێت کە کەمێک کۆمۆنیزمەکەمان کاڵ بکەینەوە، توندڕەو نەبین، جۆرێک بکەین کە لەگەڵ هەندێک لایەن بتوانین کاری هاوبەش بکەین. لە کاتێکدا کۆمۆنیزم خۆی بەشێوە بە تەواو ڕادیکاڵ و تۆخەکەی قابیلیەتی کۆمەڵایەتی بوونەوەی هەیە، کۆمۆنیزم بە شێوە ئیفراتی (لە رادەبەدەر) دژی ستەم و چەوسانەوەکەی، بە شێوە توند و ئیفراتیە دژی کەپیتالیستیەکەی، بە شێوە توند و ئیفراتیە یەکسانیخوازیەکەی، بە پێداگری توندڕەوانەی لەسەر ئازادی ژن، بە شێوە توندڕەوانەکەی لە دژی کۆنەپەرستی و دواکەوتویی قابیلەیەتی کۆمەڵایەتی بوونەوەی هەیە. هەرچی ڕاشکاوتر بڵێی کۆمۆنیزم دژی چەوسانەوەیە، یەکسانیخوازە، مودێرنخوازە، ئینسان دۆستە، کە ئەمانە هەموی خەسڵەتی بنەڕەتی کۆمۆنیزمن، ئەوەندە زیاتر پەسەند دەبێ لە ناو چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا. بەشێکی زۆر لە چەپ کە باسی کۆمەڵایەتی بوونەوە دەکات بە ناکۆکی دەبینێ لەگەڵ ڕادیکاڵیزمدا، پێی وایە یان دەبێ ڕادیکاڵ بیت یان کۆمەڵایەتی. لای وایە ناتوانیت هەم ڕادیکاڵ و هەم کۆمەڵایەتی بیت. دەڵێن  بارودۆخەکە گۆڕاوە ئێمەش دەبێ کەمێک خۆمان لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە بگونجێنین. لە ڕوانگەی چەپەوە ڕادیکاڵ بوون ئۆتۆماتیک مانای پەراوێز (حاشیە) بوونە. تەواوی چەپی پەراوێزکەوتو منصور حیکمەتیان بە دۆگم و چەقبەستو و زەقکەرەوەی خیلافات و تەنانەت بەوەی کە مەیلی وەهمی دروست دەکات لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، تاوانبار دەکرد. لەبەر ئەوەی باسی مارکسیزمێکی ماکسیماڵیست و کارگەری و بێ کەم و کەسری دەکرد. دواتریش بینیمان چۆن بەکردەوە هەموو مەیلەکانی ناو ئەو حیزبە جۆرەها حیزب و ڕەوتی خۆیان دروست کرد و کەوتنە دوای بەرنامە و پلاتفۆرمی لە بنەڕەتەوە جیاوازی خۆیان. تەنانەت دژی کۆمۆنیستیترین ڕەوت لە ناو ئەو حیزبەوە سەری دەرهێنا. کەچی دەیانگوت مەنسور حیکمەت زیادەڕۆیی دەکات لە باسی بوونی مەیلی کۆمەڵایەتی جیاواز لە ناو ئەو حیزبەدا.

بەهەرحاڵ باسەکەمان دەربارەی ڕادیکاڵیزمێکی کۆمەڵایەتیە، لە ڕاستیدا دەکرێت

# ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

ماکسیماڵیستترین مارکسیست لە هەمان کاتدا کۆمەڵایەتیترین بێت. کۆمۆنیزمێکی کاڵکراوە و نیوەناچڵ و حەواوە لەگەڵ وەزعی ئێستا، ئیتر ئەگەر کۆمەڵایەتیش بێتەوە، خۆ کۆمۆنیزم نییە، جۆرێکی ترە لەو کۆمۆنیزمانەی کە پەیوەندییان بە مارکسەوە نییە. ئەوەتا کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران کۆمەڵایەتیە، بەڵام بەداخەوە ئیتر کۆمۆنیست نەماوە، جا ئیتر ئەو کۆمەڵایەتی بوونە سودی چییە؟ یەکێک لە حوکمە بنچینەییەکانی کۆمۆنیزمی مارکس و حیکمەت ئەوەیە کە کۆمۆنیزم  هەم ڕادیکاڵ و هەم کۆمەڵایەتی بێت. تەجروبە نیشانی داوە کە ئەمە واقعی و زۆریش مومکینە، ئەزمونی لینینیزم ئەوەی نیشان داوە، ئەزمونی خودی حیکمەتیزم ئەوەی نیشان داوە. مەنسور حیکمەت ئەڵێ من لایەنگری تۆخترین مارکسیزمم کە بتوانێ جیهانی دەوروبەری خۆی لە ڕیشەوە بگۆڕێت. ئەو بە پێچەوانەی تەواوی چەپەوە دەڵێ بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی و بەهێز و کرێکاری بیت، مەرجە کە ئیفراتی و ماکسیماڵیست بیت. خۆی ئەمەی تەجروبە کرد و بە کردەوە حەقانیەتی سەلماند. هاوڕێیانێک کە بەشداری ئەو قۆناغە بوون کە کۆمەڵە پەیوەست بوو بە ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە، باسی دەکەن، دەڵێن کاتێ کە باسی پێویستیی چەکدارکردنی ژنان کرا، کاتێک باسی فرێدانی سەرپۆشی ژنانی پێشمەرگە کرا، کاتێک باسی تەبلیغات لە دژی دین و کۆنەپەرستی کرا، لە پێشدا دەنگی ناڕەزایەتی لەناو ڕیزەکانی خودی کۆمەڵەوە بەرز بووەوە: دەیانووت ئەمە ناکرێت، ناکرێ ژن چەکدار بێت، ناکرێ ژنانی پێشمەرگە سەرپۆش فڕێدەن، ناکرێ دژی دین و بیروباوەڕی جەماوەر قسە بکەین. ناکرێ پێشمەرگەی ژن بڕۆنە مزگەوتەکانەوە و وتار بۆ پیاوان بدەن، خەڵک قبوڵی ناکات...و.. بەڵام دوای ئەوەی هەموو ئەمانە و زۆر مەسەلەی تر بە کردەوە چوونە دەستورەوە، بێگومان دوای شکاندنی بەربەستەکان لە ناو ڕیزەکانی خودی کۆمەڵەدا، هەموو ئەمانە لە ماوەیەکی کورتدا بووە جێگای پێشوازی خەڵک و بە خێرایی کۆمەڵایەتی بوونەوە. کۆمۆنیزم و کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران کۆمەڵایەتی بوەوە دروست لەبەرئەوەی بە شێوەی ئیفراتی پێداگری لەسەر خەباتی چینایەتی دەکرد، بەرگری ئیفراتی لە یەکسانی ژن و پیاو کرد، دروست لەبەرئەوەی سازشی لەگەڵ نەتەوەگەری نەکرد، سازشی لەگەڵ بیروباوەڕ و نەریتە کۆنەپەرستەکانی جەماوەر (تودەها) نەکرد، لە بەرامبەرکێی کرێکار و بۆرژوازیدا نوێنەرایەتی کرێکاری کرد لە دژی بۆرژوازی خۆیی. ڕەخنەی لەو بۆچوونە گرت کە دەیگوت بەهۆی بوونی ستەمی میلیەوە بۆرژوازی کورد و کرێکاری کورد بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. بە پێچەوانەوە وتی بوونی ستەمی میللی بەڵگەیەک نییە بۆ ئیمتیازدان بە حیزبی دیموکرات، ستەمی میللی ئەو حیزبە ناکاتە شۆڕشگێڕ!

بەهەرحاڵ وەکو حیکمەت دەڵێ ئێمە یەکێ لەو کۆمەڵە ڕێکخراوە کۆمۆنیستانەین کە دوای

## ڕێبوار ئەحمەد

بەڵشەفیەکان دەمانەوێ لەسەری ڕادیکاڵیزم و ماکسیماڵیستی بوونمانەوە جەماوەری ببینەوە. دەمانەوێ کۆمۆنیزمێکی ماکسیماڵیست کۆمەڵایەتی بکەینەوە. دەمانەوێ قسەی ئەخیرمان لەسەر دین بکەین بە قسەی کۆمەڵگە.

ئێمە خۆشمان ئەوەمان تەجروبە کرد کە ئەم کارە کردەنیە و دەکرێت، لە تەقابولی ساڵی ١٩٩٥مان لەگەڵ ئیسلامیەکان تەجروبەمان کرد، کە ئەگەر ئازادیخوازی و مودێرنیزم و یەکسانیخوازیەکەت ماکسیماڵیست و ئیفراتی بێت، هەرچۆن بەشی کۆنەپەرست و دواکەوتوی کۆمەڵگە دەچێت بە گژتدا، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەش پێشوازیت لێ دەکا. ئێمە ئەو قسانەمان لەسەر ئیسلام کرد کە هەرگیز لە کوردستان نەکرابوون، کۆمەڵگە بۆ چەند مانگ بوو بە مەیدانی بەرامبەرکێی ئیسلام و کۆمۆنیزم، حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش پشتیوانییان لە کۆنەپەرەستی ئیسلامی کرد، تەنانەت حیزبی شیوعیش بە قەولی محسن کەریم لە بەرامبەر ئیسلامیەکان چەمیەوە، هەموو حیزبەکان لە دژی ئێمە قسەیان کرد و بوون بە یەک، بڵاوکراوەی (بۆپێشەوە)یان داخست، کردیان بە هەرا وتیان دەبێ کۆمۆنیستەکان کۆمەڵکوژ و شار بەدەر بکرێن. چەندەها مزگەوت وتاری هەینی بۆ هاندان و هەڵخراندنی هەستی دواکەوتوانە دژی ئێمە تەرخان کرد، میدیای حیزبەکان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوە و بەیاننامە، هەمویان خستەکار بۆ هاندانی خەڵک لەدژی ئێمە. بەڵام حیزب پەیگیرانە لەسەر قسەی خۆی ڕاوەستا، بەڕاستی لەو کاتەدا مەسەلەی ئەسڵی خودی وتارەکە نەبوو، ئەوەی گرنگ بوو ڕاوەستانی حیزب بوو لەسەر قسە و هەڵوێستی خۆی، ئەوەی چارەنوسساز بوو جەسارەتی کۆمۆنیستی هاوڕێیانی حیزبی بوو کە لە نوسینگەی حیزب وتیان مەگەر بەسەر لاشەی ئێمەدا بڕۆن نوسینگە دابخەن، ڕۆڵی جەسورانەی ڕابەری حیزب بوو کە عەزمی جەزم کرد و جەسارەتی بە حیزبدا بۆ تێکشکاندنی ئیسلامیەکان. بۆ نمونە جەسوری تاهیر حەسەن کە لە مەراسیمی یەکگرتنەوەی دوو بەشەکەی بێکاراندا عەزمی حیزب و ڕابەری نیشاندا بۆ ڕاوەستان بەرامبەر گشت بەرەی کۆنەپەرستی. ئەم کارە لەو ڕۆژەدا هیچ ئاسان نەبوو ها، بە ڕاستی تەحەدایەکی زۆر گەورە بوو. بەڵام هەر ئەوەندەی لەو بەرامبەرکێیە سەرکەوتین، ئیتر هەموو تەلیسمێکی ڕەخنەگرتن لە دین و لە ئیسلام شکا، بەشێکی زۆر فراوان لە بەشی پێشکەوتووی کۆمەڵگە لە پاڵ ئێمە ڕاوەستا، بە دەیان پارێزەر ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ بەرگری لە (بۆپێشەوە)، دەیان ڕاگەیاندن و بەیانی هاوپشتی بە کۆمەڵی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز و کەسایەتی و ...لە ئێمە بڵاوبوەوە. لەوەوە ئیتر دەرگا کرایەوە هەر کەس هەرچی هەیە لەسەر ئیسلام و دین بیڵێت، بە ڕاستی ڕەخنەی دین کۆمەڵایەتی بوەوە. تەواوی داستانی ڕەخنەی ڕاشکاو لە ئیسلام لە دوای ئەو تەحەدایەوە دەستی پێکرد. ئەمانە ڕاستی ئەو

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

بۆچوونەی حیکمەتیان سەلماندوە کە دەڵێ بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی بیتەوە دەبێ کۆمۆنیزمێکی ماکسیماڵیست و ئیفراتی بی لە ئازادیخوازی لە یەکسانیخوازی لە مۆدێرنیزم و لە ڕەخنە لە هەموو جۆرەکانی کۆنەپەرستی. بەشێکی زۆر فراوانی کۆمەڵگە ئەو ئاوات و ئامانجانەیان هەیە، پێویستیان بە ڕابەر و پێشەنگ هەیە کە پێشیان کەوێت بۆ ئەوەی لە پشتی ڕاوەستن.

### ڕیزی سەربەخۆ و سیکتاریزم

باسی سیکتاریزم یەکێکی ترە لەو پاساوانەی کە دەخرێتە بەرامبەر سەربەخۆیی ڕیزی چینایەتی. دەڵێن ئێوە نابێ ئەوەندە سیکتاریست بن کە لەگەڵ هیچ لایەکی تر کاری هاوبەش نەکەن. سیکتاریزم کە لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە مانای ئەوەیە بەرژەوەندی حیزبەکەت بخەیتە پێش بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە، گۆڕیویانە بۆ ئیمتیازدان بە بزووتنەوەکانی تر. گۆڕیویانە بۆ بە کۆمۆنیست ناسینی ئەحزابی ناکۆمۆنیست. بۆ ئەوەی سیکتاریست نەبیت دەبێ لەگەڵ بزووتنەوە و ڕەوتەکانی دەرەوەی بزووتنەوەکەت بەرە دروست بکەیت و کاری هاوبەش بکەیت. بۆ ئەوەی سیکتاریست نەبیت دەبێ ئەحزابی کۆمۆنیستی بۆرژوازی بە کۆمۆنیست ناوبەری، دەبێ برۆی کۆمیتە و ئیئتلاف و شورا بەناوی هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەگەڵ بزووتنەوەکانی تر دروست بکەیت و دان بە کۆمۆنیست بوونی ڕەوتی غەیرە کۆمۆنیست بنێیت و بلۆکی لەگەڵ دروست بکەیت. پێمان دەڵێن کۆمۆنیزمی کرێکاری سێکت و چەق بەستووە، جگە لە خۆیان کەس بە کۆمۆنیست نازانن، پێمان دەڵێن سیکتاریست، چونکە ئەو ڕەوت و ئەحزابەی بە ناحەق ناوی کۆمۆنیستیان ئیستعارە کردووە بە کۆمۆنیست نازانین. بەڵام ئەمە هیچ ڕەبتێکی بە باسی سیکتاریزمەوە نییە. پێداگری لەسەر جیاوازی و ناکۆکی سیاسی و فکری واقعی حیزبەکەت لەگەڵ ئەحزابی تر سیکتاریزم نییە. ئەگەر باوەڕت وابێت کە خەتی فکری و سیاسی و بۆچوونەکانی حیزبەکەت دروستە و بەم پێیەش پێداگری لەسەر بکەیت و بەوپەڕی تواناتەوە لە ناو چینی کرێکار هەوڵی جێخستنی بدەیت، سیکتاریزم نییە. سیکتاریزم مانای ئەوەیە کە لە جیاتی ئەوەی وەکو هەڵسوڕاوی چینی کرێکار دەرکەویت، وەکو هەڵسوڕاوی گروپێکی تایبەت دەرکەویت کە بەرژەوەندیەکی جیاواز و لەپێشتر لە چینی کرێکاری هەیە. ئاخر بۆچی دەبێ ئێمە ناچار بین بە کۆمۆنیزمی بۆرژوازی بڵێین کۆمۆنیزم، بۆچی دەبێ ناچار بین بە باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بڵێین کۆمۆنیست؟! ئەگەر نا دەبین بە سیکتاریست! بۆچی ئەگەر ماویزم و ترۆتسکیزم و ستالینیزم و ئەنوەر خۆجە بە کۆمۆنیست نەزانین دەبین بە سێکت و چەقبەستوو؟! بۆچی

# ڕێبوار ئەحمەد

لە کاتێکدا کە بە هەموو پێوانەیەک دەزانین حیزبی شیوعی کۆمۆنیست نییە، ئەگەر لەگەڵی ئیتلاف نەکەین دەبین بە سیکیتاریست؟! بەپێچەوانەوە ئەلفوبای کۆمۆنیزم فێرمان دەکات کە ڕاستیەکان بە کۆمەڵگە و چینی کرێکار بڵێین، ئەگەر ڕەوتێک بۆ خۆڵکردنە چاو چینی کرێکار ناوی کۆمۆنیزمی ئیستعارە کردووە، دەبێ ئێمە پەردە لەسەر ماهیەتی ڕاستەقینەی لابەرین. نابێ ئیمتیاز بە چەپی غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکاری بدەین؟! کۆمۆنیزمی مارکس و حیکمەت ئەمە دەڵێت. ئەمە بەشێکی گرنگی باسی سەربەخۆیی ڕیزی چینایەتیە کە لینینیزم جەختی لەسەر کردووە و کۆمۆنیزمی کرێکاری جەختی لەسەر کردووە. ئەگەر ئێمە لەگەڵ ڕەوتەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان هەر جۆرە ئیئتلافێک بکەین و ڕاوەستین، ناڕۆشنی و سەرلێشێواوی و خۆشباوەڕی لە ناو چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش دروست دەکات.

لە ڕاستیدا بە ئیمتیازدان بە بزووتنەوەکانی تر کۆمەڵایەتی نابینەوە، بەڵکو تایبەتمەندی خۆمان وەکو کۆمۆنیست لەدەست دەدەین. چینی کرێکار بە تایبەت پرۆلیتاریای پیشەسازیی مودێرن، پێویستی بە کۆمۆنیزمێکی تۆخ و ڕاشکاو و ئیفراتی هەیە. هەر چۆن چینی کرێکار و بزووتنەوە و خەباتەکەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بەشێوەی کۆمەڵایەتی شکڵی گرتووە، کۆمۆنیزمی کرێکاریش بە مانا گشتیەکەی وەکو خەت و نەریت و ئاڕاستەیەکی ناو ئەو بزووتنەوەیە لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتیە و زادەی خەباتی چینایەتیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ڕەنگە ناڕۆشنی هەبێت، ڕەنگە چاوی تا ئاستێک بڕ بکات، ڕەنگە ئاستتەنگی هەبێت و.... بەڵام کۆمەڵایەتیە. بە پێچەوانەی سێکت و حاشیەیی بوون کە داستانی ژیانی سەدان ڕەوت و ڕێکخراوەی چەپە، لە بنەڕەتدا بەشێک نییە لە نەریتی کاری کۆمۆنیستی. تەنانەت ئەگەر ئەم نەریتانە لە کار و هەڵسوڕانی حیزبە کۆمۆنیستیەکاندا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەیە کە بەسەر کۆمۆنیستەکاندا داسەپێنراوە، بەرئەنجامی سەرکوت و داپڵۆسین و ئەو شکستانەیە کە بەسەر کۆمۆنیزمدا هاتووە. بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمەکەمان لە کۆمەڵگەدا ڕیشەدار و جەماوەری بێت، ڕێگاکەی ئەوە نییە کەمێک مارکسیزمەکەمان کاڵ بکەینەوە، ڕێگاکەی ئەوە نییە کە پێمان دەڵێن کۆمۆنیزمەکەتان لەگەڵ باروزروف بگونجێنن، کەمێک دەست شل بکەن و لەگەڵ ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن چەپ و کۆمۆنیست کاری هاوبەش بکەن. یان ئەوانەی بۆ چەواشەکاری بە خۆیان دەڵێن کۆمۆنیست، بە کۆمۆنیست بزانین. ئێمە دەمانەوێ مارکسسیستی واقعی و ماکسیماڵیست و تۆخ و ئیفراتی و عەیار ٢٤ و تیئوریک بین و لە هەمان کاتدا جەماوەری و کۆمەڵایەتی بین. سەرچاوەی کۆمۆنیزمی ئێمە کە مارکسە، بە دیفاعی پەیگیرانەی لە کرێکار، لە ژن، لە ئازادی و ئینسانیەت و لە وەستانەوەی بێ ئەماوئەگەری دژی کۆنەپەرستی و ستەم و نایەکسانی توانای کۆمەڵایەتی

بوونەوەی هەیە. تەماشاکەن ڕەوتە بۆرژوازیەکان لە کاتێکدا کە دژی هەموو ئەمانەن، بەدرۆ بۆ فریوکاری خۆیان بە لایەنگری ئەم شتانە نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا جێگا پەیدا بکەن، لە کاتێکدا ئازادیخوازی، یەکسانیخوازی، پێشکەوتنخوازی خەسڵەتی بنەڕەتی کۆمۆنیزمەکەی ئێمەیە. نابێ دوودڵی بکەین لە بەرجەستە کردنی ئیفراتی ئەم خەسڵەتانەی خۆمان!

## کاری هاوبەش و بەرەیی ڕێگای گەورەبوونەوە نییە

چەپی حاشیەیی پێی وایە ئەگەر کۆمەڵە گروپ و ڕێکخراوێکی پەراوێزکەوتو یەکبگرن یان کاری هاوبەش بکەن، دەتوانن حیزبێکی جەماوەری و گەورە پێکبهێنن. لە ڕوانگەی تیپێکی چەپەوە لە جیاتی دەستبردن بۆ میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکانی گەورەبوونەوە و بەهێزبوون، بیر لەوە دەکەنەوە بە یەکگرتن یان کاری هاوبەش لەگەڵ گروپی وەکو خۆیان حاشیەیی گەورەبنەوە. لە کاتێکدا ئەگەر دەیان گروپی حاشیەیی یەکبگرن و کاری هاوبەش بکەن دیسان هەر حاشیەیی دەمێننەوە و هەر لە حاشیەدا دەبن. حاشیەیی بوون خەسڵەتە، نەریتە، شێوەکارە، خەتی سیاسیە، ئاسۆیە. ئەگەر لەو خەت و نەریت و شێوەکارە دانەبڕێی لە حاشیە دەرناچی. میکانیزمی گەورەبون لە بنەڕەتەوە شتێکی ترە، دەبێ دەست بە قانونمەندی گەورەبوونەوە و بەهێزبوونەوە بگری بۆ ئەوەی گەورە بیتەوە. ئەوە میکانیزمی کۆمەڵگەیە کە بوار دەدات و وا دەکات هەندێک حیزب گەورە و هەندێک بچوک بمێننەوە. هەر میکانیزمی کۆمەڵگەیە کە ڕێگامان دەدات بزووتنەوە و حیزبمان گەورە بکەین و گەشەی پێبدەین و نفوز پەیدا بکەین و هێزهەڵخڕێنین و شۆڕش بکەین و دەسەڵات بگرین و بەرنامەمان پیادە بکەین. چەپی دابڕاو لەم میکانیزمانە وادەزانێ بە کاری هاوبەش و بەرە دروست کردن و یەکگرتن لە نێوان گروپە پەراوێز کەوتوەکاندا لە پەراوێز ڕزگاری دەبێت. ئەمانە بەشێکن لە داستانی ژیانی چەپی پەراوێزکەوتوو.

بەهەرحاڵ ئەمەوێ بڵێم لە دنیای واقعدا هەندێک حیزب و ڕێکخراوە ئەگەر بچوکیش بن دەتوانن جەماوەری و کۆمەڵایەتی بنەوە، هەندێکی دیکە ناتوانن. مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە هەر حیزبێک بە کوێوەی کۆمەڵگەوە بەندە؟ بزووتنەوە و پراتیکی کام چین بەرجەستە و نوێنەرایەتی دەکات، لە پەیوەند بە کام گرێوگۆڵ و مەسائیلی کۆمەڵگەوە مانا پەیدا دەکات و دەیەوێ وەڵامی کام کێشەی کۆمەڵگە بداتەوە؟ چەندە لە میکانیزمی کۆمەڵایەتی بوونەوەدا ئاوێتە بووە؟ ئەوەندەی بە کۆمۆنیزم پەیوەست دەبێت، بەندە بەوەی چەند لەسەر خەتێکی تیژ و جیاواز و ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی ڕاوەستاوە. ئەمە هەم بۆ کۆمۆنیزم و هەم بۆ بزووتنەوە بۆرژوازیەکانیش هەر وایە. بۆیە هەتا هەندێک لە ئەحزابی

## ڕێبوار ئەحمەد

ناسیۆنالیست بە ماوەیەکی کەم کۆمەڵایەتی و گەورە دەبنەوە، وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی، هەندێکی دیکە دەیان ساڵە هەن بەڵام هەر لە حاشیەدان. وەکو زەحمەتکیشان و حسک و پاسۆک و ئەوانی تر. ئەمە بۆ کۆمۆنیزمیش هەر وایە.
هێشتا ئەو بۆچوونە لە کوردستاندا باوە کە پێی وایە بە ڕوانگەی چەپی تەقلیدی دەکرێت کۆمۆنیزم گەورەبێتەوە. هەندێک لە چەپەکان وادەزانن ئەگەر حیزب خۆی هەڵوەشێنێتەوە و پاشان بە نێوەندگیری(معەدەلگیری) لەگەڵ ئەوان یەکبگرن دەتوانن پرۆژەیەکی تازەی گەورە دابمەزرێنن. لە کاتێکدا ئەمە ڕەوتی ڕوخاندنی ئاخرین دیوارەکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستیە. ئەمە پرۆژەیەکە  کە لە سایەیدا زۆر ئەستەمە چوار کۆمۆنیستی ڕێکخراو لە پراتیکی واقعیدا بتوانن دەستی یەک بگرن. ئەمە پرۆژەی ئەو بەشەیە لە چەپ کە خۆی نایەوێ تەحەزوبی کۆمۆنیستی پراتیک بکات و ئەگەر خەڵکی تریش بیکات پێی هەراسان دەبێت.

### کاری هاوبەش و ڕیزی سەربەخۆ

سەرئەنجام دوای هەموو ئەم باسانە، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی مارکس و کرێکاریەوە هەموو جۆرە کارێکی هاوبەش کوفر و ڕەتکراوەیە؟ ئایا ناکرێت لە هەلومەرجی دیاریکراو و بە پرەنسیپ و میکانیزمی گونجاو لەگەڵ ئەحزاب و ڕەوتگەلێک کە لە هەندێک مەسەلەدا هەڵوێست و بۆچوونی نزیک بەیەکمان هەبێت، کاری هاوبەش بکەین؟ بۆ نمونە لەسەر مەسەلەی ژنان و سکولاریزم و ئازادی سیاسی و هی تر؟ ئایا ناکرێت لەگەڵ ئەو حیزب و ڕەوتانەی بەهەر ڕادەیەک لایەنگری لە مافی ژنان دەکەن ئەگەر لایەنگرییەکی بە هەمان ڕادەی کۆمۆنیستەکان پەیگیریش نەبێت، بۆ دروستکردنی فشارێکی سیاسی گەورە  لەسەر هەنگاوی تایبەت و دیاریکراو کاری هاوبەشیان لەگەڵ بکەین؟! بە هەمان شێوە بۆ سکولاریزم و ئازادیە سیاسیەکان و وەستانەوە دژی سیناریۆی شەڕی قەومی و مەزهەبی و تیرۆریزم و کۆنەپەرستی ئیسلامی و زۆر مەسەلەی تر؟
بێگومان کوفر نییە و دەتوانین بە مەوازین و پرەنسیپی خۆی ئەم کارانە بکەین. بەڵام بەر لە باسی کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری دەمەوێ دوو خاڵ باس بکەم کە ناچێتە ئەو خانەیەوە؛ <u>یەکەم</u> ئەوەیە کە ئێمە وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ هەموو بەش و ڕەوت و نەریتەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری، نەک هەر ئامادەی کاری هاوبەشین، بەڵکو پێویستە ئێمە بۆ ئەم مەبەستە دەستپێشخەری بکەین. ئێمە وەکو کۆمۆنیست دەبێ هەوڵ بدەین گەورەترین یەکێتی و ئینسجام لە دەرونی چین و

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

بزووتنەوەی کرێکاریدا پێکبهێنین. یەکگرتوکردنی بزووتنەوەی کرێکار بە هەمو مەیل و نەریتەکانیەوە کارێکی هەمیشەیی کۆمۆنیستەکانە. ئێمە تەنها ڕەوتی ناو بزووتنەوەی کرێکاری نین، چینی کرێکار بەگشتی لە هەر برگەیەکی مێژوییدا جۆرەها مەیل و خەتی فکری و سیاسی و نەریتی خەباتکارانەی جیاواز دەگرێتە خۆی. هەر لە ئانارشیزمەوە تا سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم تا سۆسیالیزم ..و... هەر کامیشیان لەسەر هوشیاری سیاسی و نەریتی خەباتکارانەی ئەم چینە کاریگەرییان هەیە. ئەم مەیل و نەریتانە لەوپەڕی ڕادیکاڵەکەیانەوە تا ئەوپەڕی موحافەزەکارەکەیان بەشێکن لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە گەورەیە. هەر یەکەیان بە ڕۆڵی خۆی بیر لە دەرد و خەمەکانی ئەم چینە دەکاتەوە و لە بنەڕەتدا لە وەڵامدانەوە بەو دەرد و خەمانەوە سەریان هەڵداوە. بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەی دایکە و هەموویان دەگرێتە خۆ. بزووتنەوەی کرێکاری لە سۆسیالیزمی کرێکاری گەورەترە، سۆسیالیزمی کرێکاریش لە کۆمۆنیزمی کرێکاری گەورەترە، کۆمۆنیزمی کرێکاریش لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەورەترە. ئەرکی ئێمەیە وەکو کۆمۆنیزم کە هەموو بزووتنەوەی چینەکە، بزووتنەوە دایکەکە یەکگرتوو و بە خەت و ئاسۆدار بکەین و فراوانترین یەکێتی چینایەتی دروست بکەین. وەکو پێشتر باسم کرد لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە پایەی کۆمەڵایەتی گرنگترە لە بیروبۆچوون. بۆ ئێمە یەکەم شت ئەوە گرنگە کە هەر حیزب و ڕێکخراوێک لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەر بەکام بەشی کۆمەڵگەیە، ئەگەر لایەنێک سەر بە چینەکەی خۆمان بێت با بیروبۆچوونیشی عەیبی هەبێت، با بە فکر ئانارشیست و یان سەندیکالیست یان ئیسلام یان ناسیۆنالیست یان لیبرال یان هەرچی بێت، ئێمە هێشتا لەگەڵی کارمان هەیە، چونکە دەردە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکەمان هاوبەشە. بۆ نمونە ڕێکخراوێکی کرێکاری، سەندیکایەکی کرێکاری یان یەکێتیەکی کرێکاری، کە بچوکترین سەنگەری لێدابێت بۆ بەرگری لە مافی کرێکاران، تەنانەت ئەگەر لەژێر نفوزی ئاسۆ و مەیلی ڕیفۆرمیستی یان تەنانەت ناسیۆنالیستی و لیبراڵی و هەتا ئیسلامیش بێت، بۆ نمونە من بینیومە ڕێکخراوی کرێکارانی نەوتی بەسرە بەیاننامەکانی بە بسمیلا دەست پێکردووە، نوێنەرەکەیان کە لە کاتی مانگرتندا قسە بۆ میدیاکان دەکات بە بسمیلا دەست پێدەکات، بەڵام هێشتا لە ڕوانگەی ئێمەوە بەبێ هیچ دوودڵیەک شایانی هاوکاری و شایانی پشتیوانییەکی بێ ئەملا و ئەولایە. لەبەر ئەوەی لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیەتی و سەنگەرێکە بۆ بەرگری لە مافی کرێکاران. گرنگ ئەوەیە لە چ سەنگەرێکی کۆمەڵایەتیدا ڕاوەستاوە. ئەم پایەی کۆمەڵایەتیە زۆر گرنگترە لە ئیستعارە کردنی ناوی چەپ و کۆمۆنیزم لەلایەن ئەحزابی غەیرە کرێکاریەوە. بەهەرحاڵ ئەمە یەکەم ئەنجامگیریە. کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو ڕەوت و مەیلەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری

## ڕێبوار ئەحەمد

(بە گشتی نەک لە عێراق و کوردستان)؛ لە ڕیفۆرمیست و سەندیکالیستەوە تا ئانارکۆسەندیکالیست دەکەین. خودی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم نمونە و بەڵگەیەکی بەرجەستەی ئەم یەکێتیە چینایەتیەیە. دروست لەسەر ئەم بنەمایەیە کە لەو سەردەمەدا سەندیکالیستەکان و ئانارشیستەکان کە بێگومان کۆمۆنیست و سۆسیالیست نەبوون، هەروەها باکۆنینەکان کە لەگەڵ ڕوانگەی مارکس بۆ کۆمۆنیزم ناکۆک بوون، کەچی وەکو بەشگەلێک لە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار، لە ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم بەشدار بوون.

دووەم خاڵ دەربارەی بزووتنەوە جەماوەریەکانە، بەشداری لەگەڵ لایەنی تر لەم بزووتنەوە جەماوەریانە فەرق دەکات، ڕەنگە بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچ لایەک باسی کاری هاوبەشمان کردبێت لەم جۆرە بزووتنەوانەدا هەم ئێمە هەبین و هەم ئەحزابی تریش هەبن. ڕەنگە لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا هەم ئێمە بەشدار بین و هەم حیزبی شیوعی و گۆڕان و نەوەی نوێش هەبن، تەنانەت ڕەنگە ئیسلامیەکانیشی تیا بێت. بۆ نمونە وەکو بزووتنەوەی ١٧ی شوباتی ٢٠١١. بێگومان هەر لایەک هەوڵدەدات هەژمونی خۆی بەسەریدا زاڵ بکات و ڕۆڵی لایەنەکانی تر لەکار بخات. ئێمەش ئەو کارە دەکەین، بەڵام ڕەنگە بەدەر لە ئیرادەی ئێمە ئەحزابی تریش هەبن و پێگەیان هەبێت، وەکو بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری یان بزووتنەوەی دژی جەنگ و هی تر. ئەمە ناچێتە خانەی کاری هاوبەشەوە. مەگەر ئەوەی لە ناو ئەو بزووتنەوانەدا ئێمە لەگەڵ لایەن یان چەند لایەنی دیاریکراوی ناو بزووتنەوەکە ڕێککەوتبین لەسەر کاری تایبەتی هاوبەش، کە ئەمەیان دەچێتە خانەی کاری هاوبەشەوە و مەرجەکانی ئەوی بەسەردا دەسەپێ.

دوای ئەم دوو خاڵە دێمە سەر هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ ئەحزابی دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری. بەڕاستی من ئەوە بە مەرجی یەکلاکەرەوە نازانم کە حیزبێک بەخۆی دەڵێت چەپ و کۆمۆنیست یان نا، مەسەلەن ئەوە هیچ گرنگ نییە کە حیزبی شیوعی بەخۆی بڵێت کۆمۆنیست یان نا؟ ئەوە هیچ گرنگ نییە کۆمەڵە و چریکی فیدائی و... بە خۆیان بڵێن کۆمۆنیست یان نا؟ من ئەم حیزبانە لەسەر پایەی کۆمەڵایەتی و بەوجۆرە هەڵدەسەنگێنم کە لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە پراتیکیاندا هەن، نەک لەسەر بنەمای ناوەکەیان یان ئیدعاکەیان. بێگومان ڕادیکاڵ بوون گرنگە، سکولاریزم گرنگە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەبدا، بەرگری لە مافەکانی ژن گرنگە، با حیزبێکی غەیرە کرێکاری و بۆرژوازیش بێت و با ناویشی چەپ و کۆمۆنیست نەبێت. بەڵام دژایەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی و تیرۆریزم گرنگە، وەستانەوە دژی شەڕی کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستی گرنگە... بەهەرحاڵ لە کاتی خۆیدا و لەسەر بنەمای لێکدانەوە و بەڵگەی

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

واقعی ڕەنگە لەگەڵ ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەت لەگەڵ ڕەوتە ڕادیکاڵەکان، لەسەر بەرگری لە مافەکانی ژنان، ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان و لە خەبات دژی تیرۆریزم و کۆنەپەرستی ئیسلامی و جەنگی کۆنەپەرستانە..هتد هاوکاری و کاری هاوبەش بکەین. بەڵام بە چەند مەرج؛ ١ ئەم جۆرە لە کاری هاوبەش لەگەڵ ئەحزابێک مانای هەیە کە وەزنێکیان هەبێت و کارێکیان لەدەست بێت نەک هەر قسەکردن بێت. هاوکات کاری هاوبەش بۆ ئێمە لەگەڵ ئەحزابی سیاسی خاوەن پرەنسیپی سیاسی و پابەند بە پێوانە سیاسیە مودێرن و ئینسانیەکان مانای هەیە. مەسەلەن لە هیچ هەلومەرجێکدا لەگەڵ ڕەوتێکی قەومپەرستی وەکو سازمانی زەحمەتکێشان یان دەستەوتاقمی مەزهەبی و ئیسلامی مومکین نییە و تەنانەت تەعامولیشیان لەگەڵ ناکەین. ٢ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان تەنها لەسەر مەسەلەی دیاریکراو و تاک مەوردی (یەک جار یەک جار) مانای هەیە. بۆ نمونە دەرکردنی بەیاننامەیەک لەسەر مافەکانی ژنان، یان جیایی دین لە دەوڵەت، یان ئازادیە سیاسیەکان یان داخوازیە جەماوەریەکان. ڕەنگە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بە گونجاوی بزانین بەیاننامەیەک دەرکەین بە ئیمزای هەردوولا یان هەرچەند لایەک، و ئیتر ئەوکارە لەوێ تەواو دەبێت و دواتر هەرلایەک بە شێوەی سەربەخۆ کاری خۆی دەکات. یان بۆ نمونە کەمپینێکی هاوبەش بکەین لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، یان بەڕێخستنی مانگرتنێک، یان بەرپاکردنی میتینگ یان مەراسیمێک..بەهەرحاڵ هەر کارێکی تاک مەوردی بێت و ڕاوەستان لە پەنای یەک و لەیەک سەنگەری تیا نەبێت و پێویستی و قازانجەکەشی بۆ کۆمەڵگە و بەهێزکردنی فەزای ئازادیخوازی ڕۆشن بێت. ٣ ئێمە لەبەر خاتری هیچ کاری هاوبەشێک ناچینە ژێر باری بە کۆمۆنیست ناساندنی حیزبێک کە بە کۆمۆنیستی نازانین. ڕەنگە ئامادە بین لەسەر مەسەلەیەک بەیانی هاوبەش بە ناوی هەردوولا یان هەرچەندلاوە دەرکەین یان کاریکی دیاریکراوی هاوبەشیان لەگەڵ بکەین، بەبێ ئەوەی لەژێر ناوی هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان شایەتی لەسەر کۆمۆنیست بوونی لایەنی ناکۆمۆنیست بدەین. ٤ ئێمە کاری هاوبەشی سیستماتیک ناکەین لەگەڵ لایەنی دەرەوەی بزووتنەوەی چینەکەمان، مەبەستم ئەوەیە: ئامادە نین پەیماننامەیەکی سیاسی لەگەڵ لایەن یان لایەنگەلێک ببەستین لەسەر چوارچێوەیەک و بڵێین لەسەر ئەم بنەمایە بەشێوەی سیستماتیک لەم مەیدانانەدا پێکەوە کار دەکەین. ٥ ئێمە کاری ئۆرگانیزەی هاوبەش لەگەڵ ئەحزابی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان ناکەین، مەبەستم لە ئۆرگانیزە ئەوەیە کە ئۆرگان و تەشکیلەی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان دروست ناکەین لە بابەت کۆمیتە و شورا و بلۆک و..هتد. ٦ هەروەها کاری هاوبەشی ئیدامەکاریش لەگەڵ ئەحزابی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان ناکەین، بۆ نمونە لەگەڵ

## ڕێبوار ئەحەمد

لایەنێک ئیتفاق بکەین کە خەبات دژی ئیسلامی سیاسی یان لە مەیدانی بزووتنەوەی ژنان کاری بەردەوام و ئیدامەکار بە هاوبەشی بکەین. هەر یەک لەمانە ناکۆکە لەگەڵ ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی، لە ناو چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش ناڕۆشنی و سەرەگێژە دروست دەکات. چۆن ئەکرێت ڕۆژێک بڵێی فلان لایەن ناسیۆنالیستە و ڕۆژی دواتر بە ناوی هیزێکی چەپ و کۆمۆنیست کۆمیتە یان بلۆک یان شورای لەگەڵ دروست بکەین؟! چۆن ئەکرێت لەلایەک باسی غەیرە کرێکاری و غەیرە کۆمۆنیست بوونی فلان لایەن بکەیت و لە لایەکی تروە بە شێوەی سیستماتیک لە پەنایەوە ڕاوەستی و کاری هاوبەشی لەگەڵ بکەی؟ چۆن ئەکرێت لەلایەک پێی بڵێی بۆرژوازی یان کۆمۆنیزمی بۆرژوازی و لەولایەکی ترەوە سەنگەر یان تەشکیلە یان ئۆرگانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبهێنیت؟ ئەمە دەبێتە هەڵوسێتێکی هەلپەرستانە و لە ئاستی کۆمەڵگەدا سەرەگێژە و خۆشباوەڕی دروست دەکات.

لەم بارەیەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە لە هەموو مێژوی بزووتنەوەی ئێمەدا لە سەردەمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، من تەنها چوار حاڵەت شک دەبەم، چوار حاڵەت لە ماوەی چوار دەهەدا، کە ڕەوتی ئێمە بە شێوەی مەدروس و ئوصوڵی هەنگاوی ناوە بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان. پێش ئەوەی باسی ئەو چوار نمونەیە بکەم، پێویستە ئاماژەیەک بەوە بکەم کە ڕەوتی ئێمە لە هەمان ڕوانگەوە لە دەرەوەی وڵات دەیانجار لەگەڵ ڕێکخراوە و ئەحزاب و ڕەوت و کەسایەتی دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری کاری هاوبەشی بەشێوەی تاک مەوردی کردووە، یان لە بزووتنەوەکانی دژی جەنگ و میلیتاریزم و ملهوڕی بەشداری کردووە کە جۆرەها لایەنی تیا بووە، وەکو بزوتنەوەی دژی جەنگ، پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی بەرگری لە خەڵکی فەلەستین و وەستانەوە دژی بەربەریەتی ئیسرائیل. بەڵام ئەو چوار نمونەیەی کە ڕەوتی ئێمە دەستپێشخەری کردووە بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی چینەکەمان ئەمانەن؛ یەکەم کاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران منصور حیکمەت و وەفدێک لەگەڵ ڕاهی کارگەر و وەحدەتی کۆمۆنیستی کۆبوونەوەیان بووە دەربارەی کاری هاوبەش، سەرئەنجام وەفدی حیزبی کۆمۆنیست تەنها لەگەڵ وەحدەتی کۆمۆنیستی بەو ئەنجامە گەیشتوون کە چوار بەیانی هاوبەش ئامادە بکەن و پاشان بینێرن بۆ لایەنەکانی تر کە ئەگەر موافقن ئیمزای بکەن، بەیانەکان دەربارەی مافەکانی ژنان و ئازادی سیاسی و جیایی دین لە دەوڵەت و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بوون. ئەوەی کە دواتر ئەم کارە تەحقیق بوو یان نا نازانم. بەڵام ئیتفاقەکە ئەوە بوو کە تەنها ئەو چوار بەیانە بە هاوبەشی دەرکەن. دووەم کار وەستانەوە دژی ئەوەی

## ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش

منصور حیکمەت ناوی نا "سیناریۆی ڕەش" هەمووان ئاگادارن مەنصور حیکمەت باسی ئەگەر و مەترسی سیناریۆیەکی لەو جۆرەی کرد لە ئێران، بەیانێک بۆ پێشگرتن بەو سیناریۆیە ئامادە کرا و نێردرا بۆ ئەو لایەنانەی کە بە دژی ئەو سیناریۆیە لەقەڵەم دران بۆ ئەوەی ئیمزای بکەن. هیچ لایەک ئیمزای نەکرد. ئەو کارەش هەر لەوێ تەواو بوو. جاری سێیەم کە من خۆم لە ناو مەسەلەکە بووم حیزبی حیکمەتی بەر لە جیابوونەوە داوای لە کۆمەڵە_ ڕێکخراوی کوردستانی حکا کرد کە پێکەوە مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان بانگەواز و ڕێکبخەن، کە ئەویش سەری نەگرت. چوارەم حاڵەتیش هەر کاتی حیزبی حیکمەتی بەر لە جیابوونەوە بوو، مەنشورێک بۆ ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی نێردراوە بۆ لایەنەکانی تر کە ئیمزای بکەن. بەڵام دیسان هیچ لایەک ئیمزای نەکرد و بڕایەوە. لە هەموو ئەو مێژوەدا بە بەڵگەی زۆر ڕوون و دیاریکراو ئەو کارانە کراوە.

بە بڕوای من ئەوەی ئێستا خەریکە ڕەواج پەیدا دەکات دەربارەی کاری هاوبەش لە ناو چەپەکان، گوایە بەم جۆرە دەکرێت جەمسەرێکی چەپ و کۆمۆنیستی بەهێز شکڵ بگرێت، نەک هیچ ڕەبتێکی بە کۆمۆنیزمی مارکس و کرێکاریەوە نییە، نەک هەر ڕێگایەک نییە بۆ بەهێزکردنی چەپ و کۆمۆنیزم، بەڵکو ئەلگۆیەکە بۆ داشکاندنی ماکسیماڵیزم و بەرزەفڕی کۆمۆنیزم و دابڕان لە خەتی سەربەخۆ و جیاواز و پێشڕەوی مارکسیستی. لە کاتێکدا بەهێزبوون و سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەندە بە بەرجەستە بوونی بە وێنەی خەتێکی سەربەخۆ و تیژ و جیاوازەوە.

ڕێبوار ئەحمەد

# لە وەڵامی سەرنجەکانی هاوڕێیەکدا، دەربارەی باسی ڕیزی سەربەخۆ و کاری هاوبەش

هاوڕێی ئازیز من زۆر بە وردی نوسراوەکەتم خوێندەوە. لە پێشدا زۆر دەستخۆشانەت لێ دەکەم، کارێکی زۆر باشت کردووە بۆچونەکانی خۆت نووسیوە، بێگومان ئەمە کۆمەک دەکات بە لەیەک تێگەیشتنی باشتر.

هاوڕێی ئازیز من زۆر بە وردی نوسراوەکەتم خوێندەوە. لە پێشدا زۆر دەستخۆشانەت لێ دەکەم، کارێکی زۆر باشت کردووە بۆچونەکانی خۆت نووسیوە، بێگومان ئەمە کۆمەک دەکات بە لەیەک تێگەیشتنی باشتر.

لەم سەرەتایەوە دەمەوێ سەرنجت بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە تۆ حیزبی خۆمان زۆر بە سیکتاریست و دۆگماتیست دەزانی کە ناتوانین قبوڵی بکەین بە موو لە بۆچونەکانمان لابدرێت. بێگومان لە بۆچونی خۆمان نایەینە خوارەوە. بەڵام با واقعیانە چاوێک لەم حوکمە بکەین بزانین چەندە نزیکە لە ڕاستیەوە. تۆ کادرێکی حیزبی و لە هەمان کاتدا ڕەخنەت لە زۆر شی حیزب هەیە (بەرنامە، پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا حیزبیەکان، خەتی فکری و سیاسی

## له وەڵامی سەرنجەکانی هاوڕێیەکدا

و پراتیکی نەریتەکانی حیزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکس و لینین و حیکمەت و هەموو شتێک) و هەر لەم نوسراوەیەدا بەشێک لەمانەت دەربڕیوە. من لە خۆت دەپرسم ئایا هیچ کەس هیچ سنورێکی بۆت دیاری کردووە بڵێ لەوە زیاتر بۆت نییە ڕەخنەی لێ بگری؟ ئایا هەست بە هیچ قەیدوبەندێک دەکەی لە ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن لە ناو ئەم حیزبەدا؟ ئەگەر سنور و قەید و بەندێک هەیە بۆمان باس بکە تا بەرامبەری ڕاوەستین. ئەگەر نییە من لە خۆت دەپرسم لە کاتێکدا کە حیزبی ئێمە ئەوەندە کراوەیە کە کادرەکانی دەتوانن هەموو شتێکی حیزب نقد بکەن، ئایا ناحەقی نییە پێی بڵێی داخراو و دۆگم و سیکتاریست و ...؟ ئایا لە ناو حیزبە کراوە و گەورەکانی تردا کرانەوەی لەمە زیاتر هەیە؟ سۆسیال دیمکراتی بە یەکێک لە نەریت و بزووتنەوە و حیزبە کراوەکان ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام ئەگەر کادرێکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوید تەنها بڵێ من کۆمۆنیستم، ئیتر ئەگەر دەری نەکەن ئەوە لانی کەم لە گۆشەیەک گیری دەکەن کە نەتوانێ هەناسە بدات. بەڵام هاوڕێ گیان ئەوەی کە ئێمە پێمان وابێت لەسەر حەقین و ڕاستین، ئەوەی پێمان وابێ ڕێبازێکی دروستمان گرتوەتە پێش و پەیگیرانە بەرگری لێ بکەین، نە سیکتاریزمە و نە دۆگماتیست. بێگومان دەزانی کە هەرکام لە ئێمە بگری سەرنج و ڕەخنەی لەسەر کاری خۆمان و ئەزمونەکەمان هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە هیچ کەس لە ئێمە هەموو شتێکی خۆمانی بەلاوە پێرفێکت نییە و هەمومان ڕەخنەمان لە کاری حیزبەکەمان هەیە. بەڵام سەرباری سەرنج و ڕەخنەکانمان ئاساییە من ئەگەر ڕێبازی خۆمانم پی دروست نەبوایە ئامادە نەئەبووم کاری بۆ بکەم. بۆ هەر حیزبێکی تریش هەروایە. ئەوەی کە من ڕێبازی حیزبەکەم بە دروست بزانم هیچ پەیوەندیەکی بە سیکتاریزمەوە نییە. لە باسەکەمدا ڕوونم کردوەتەوە کە سیکتاریزم یانی ئەوەی بەرژەوەندی حیزبەکەت بخەیتە پێش بەرژەوەندی بزووتنەوە و چینەکەتەوە، نەک ئەوەی کە لەگەڵ لایەن و ئەحزابی تر کاری هاوبەش دەکەی یان نا، یان ڕێبازی حیزبەکەی خۆت پێدروست بێت و بەرگری لێ بکەی.

دەربارەی بۆچوونی من لەسەر نوسراوەکەت، لە ڕاستیدا گەلێک مەسەلەت هیناوەتە گۆڕێ کە ئەگەر بمەوێ لەسەر هەموو ئەوانە قسە بکەم، کارێکی زۆری دەوێ، کە لە ئێستادا بۆ من مەیسەر نییە. بۆیە تەنها لەسەر چەند لایەنێکی سەرەکی نوسراوەکەت قسە دەکەم. تۆ وتوتە ئەگەر لەو ٥٠٠٠ وشەیەی نوسیوتە، ٥٠٠ ی جێگا بگرێت خۆت بە سەرکەوتوو دەزانی، بەڵام هاوڕێی ئازیز کێشەی من لەگەڵ ژمارەی وشەکانت نییە، کێشەی من لەگەڵ میسۆدی بیرکردنەوەی تۆیە. تۆ کۆمەڵگە بە مەیدانی جەنگ و بەرامبەرکێی ئەفکاری موجەڕەد دەزانی. تۆ پێت وایە کۆمەڵگە مەیدانی جەنگ و کێشمەکێشی نێوان ئەوانەیە کە لە ڕوی فکری موجەڕەدەوە خۆیان بە کۆمۆنیست یان ناسیۆنالیست یان ئیسلامی یان لیبراڵ

## ڕێبوار ئەحمەد

و دیمکراسی و ...هتد دەزانن. بۆیە ئەوەی بۆ تۆ دەبێتە بنەما ئەوەیە کە بڵێی هیچ ئەفکارێک لەسەداسەد هەڵە و هیچ بۆچوونێکیش لەسەداسەد ڕاست نییە، هەر ئاڕاستەیەکی فکری لایەنی باش و لایەنی هەڵەی هەیە، دەبێ لە هەموو شتێک لایەنی پۆزەتیف وەرگری و لایەنی نێگەتیڤی لابەری. سەرئەنجام دەتوانی لەسەر ئەم بنەمایە سەنتێزێکی نێوانیان وەرگری و هەموو لایەنە باشەکانی ئەو ڕەوتە فکریانە لانی کەم بۆ قۆناغێک یەک بخەیت و ئاڵوگۆڕی پێ بکەی. بەڵام هاوڕێی ئازیز ئەمە دروست و زانستی نییە. ئێمە وەکو مارکسیست و وەکو ماتریالیست لە بنەڕەتەوە دنیا جۆرێکی تر دەبینین. بەڕای ئێمە کۆمەڵگە مەیدانی کێشمەکێش و بەرامبەرکێی چینەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە، ئەم بەرامبەرکێیە ڕاستە لایەنی فکریشی هەیە، بەڵام لەسەر فکری موجەڕەد نییە، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و لەسەر نان و ژیانە. لەم جەنگەدا بە ملیۆنەها لەوانەی کە هەتا ئەفکاریان وەکو یەکە دەکەونە بەرامبەر یەک و بە ملیۆنەهاش لەوانەی فکریان ناکۆکە دەکەونە پاڵ یەک. وەرە با مەسەلەکە زۆر سادە بکەینەوە و لەسەر ئێستای کوردستان لە محەکی بدەین؛ تەماشاکە دوو مانگ لەمەوبەر لە پێنجوێن مانگرتن و خۆپیشاندان بوو بۆ کارەبا و سوتەمەنی، ئێستا لە دەربەند مانگرتن و خۆپیشاندانە بۆ ئاوی خواردنەوە و کارەبا، چەند مانگ لەمەوبەر لە کەلار خۆپیشاندان بوو بۆ ڕێگاوبان، چەند مانگ لەوە پێشتر کرێکارانی ژینگەپارێز مانیان گرت بۆ وەرگرتنی کرێ، کرێکارانی کارگەی فڵان مانیان گرت بۆ وەگرتنی قازانجی ساڵانەی کارگە و..هتد. لەم کێشمەکێشەدا بە دەیان هەزار لەو کرێکار و زەحمەتکێشانەی کە ڕەنگە بە فکر ناسیۆنالیست یان ئیسلام یان لەژێر کاریگەری ئەو ئەفکارانەدا بن، دەکەونە جەنگ و کێشمەکیش لەگەڵ هاوفکرە ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکانیان، تەنانەت لەوەش زیاتر لە ناو جەماوەری خۆپیشاندەردا بە هەزاران لە ئەندامی هەر ئەو حیزبە بوونیان هەیە کە دەسەڵاتی بەدەستە. واتە نە تەنیا دەکەونە بەرامبەر هاوفکرە ناسیۆنالیستەکانیان بەڵکو تەنانەت دەکەونە بەرامبەر هاوحیزبیەکانیشیان کە یەک ئاڕاستەی فکری و سیاسی و حیزبییان هەیە. بە پێچەوانەوە ئێمە هیچ کاتێک خۆپیشاندان یان مانگرتنێک نابینین بە ناوی مانگرتنی کۆمۆنیستەکان یان ناسیۆنالیستەکان یان لیبراڵەکان یان... بێت. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانەیە کە بۆ نان و ژیان و کرێ و کارەبا و ئاو و سەکەن و ..هتد ناچارن مانبگرن و خۆپیشاندان بکەن و شۆڕش بکەن، نەک بزووتنەوەی ئەوکەسانەی فکریان وەکو یەکە. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژی سیستەمی سەرمایەداری چینی کرێکارە نەک بزووتنەوەی ئەو کەسانەی کە سوێندیان بەسەری مارکس خواردووە. هەڵبەت ئەمە لەگەڵ ئەو ڕاستیە ناکۆک نییە کە بێگومان کۆمۆنیزم هەرچۆن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، لە هەمانکاتدا ڕێبازێکی سیاسی

و مەکتەبێکی فکری و جیهانبینیەکی تایبەتیشە.
لەم بارەیەوە سەرنجت ڕادەکێشم بۆ خوێندنەوەی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی کە ئەم مەسەلەیە زۆر جوان ڕۆشن دەکاتەوە. لە یەکەم پەرەگرافی ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا مارکس بەم جۆرە بە تەنزەوە ڕوانگەی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە دەخاتەڕوو کە دنیا بە مەیدانی جەنگی ئەفکاری موجەڕەد دەزانن: "مرۆڤەکان تا وەکو ئێستا هەمیشە بیروباوەڕێکی هەڵەیان دەربارەی خۆیان و دەربارەی ئەوەی کە هەن و ئەوەی کە دەبێ بن، داڕشتوە. پەیوەندیەکانیان لەسەر بناغەی ڕوانگەیان بۆ خودا و مرۆڤی ئاسایی....هتد ڕێکخستوە. بەرهەمەکانی مێشکیان پلە بە پلە لە دەستیان دەرچووە. ئەم داهێنەرانە لەبەرامبەر داهێنانەکانی خۆیاندا کڕنوشیان بردووە. با ئەوان لە خۆشباوەڕی و لە بیروبۆچون و لە دوگمەکان و لەو خۆشخەیاڵیەی کە لە سایەیدا دیل بوون ڕزگار بکەین. با لە دژی ئەم دەسەڵاتی بیروباوەڕە بخرۆشێین. لۆدفیک فیۆرباخ دەڵێ با مرۆڤەکان فێر بکەین کە چۆن ئەم خەیاڵانە بگۆڕن بە بیروباوەڕێک کە هاوتا بێت لەگەڵ خودی ئینسان. برۆنۆ باوەر دەڵێ با مرۆڤەکان فێر بکرێن کە هەڵوسێتێکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر ئەوانەدا بگرنەبەر. ماکس شتیرنر دەڵێ با مرۆڤەکان فێر بکەین کە ئەوانە لە مێشکی خۆیان بکەنە دەرەوە، ئیتر واقعیەتی ئێستا هەرەس دەهێنێت."
لە ڕوانگەی مارکسیزم و ماتریالیزمەوە ڕۆڵی ئاسۆ و ئاڕاستە فکری و سیاسیەکان لە هەنگاوی دواتردا دێن و کاریگەری دادەنێن لەسەر ئەو جەنگ و کێشمەکێشەی کە بەشێوەی بەردەوام لەسەر نان و ژیان و گوزەران لە ئارادایە. بۆ ئێمەی کۆمۆنیست ناسیۆنالیزم ئەو شتە نییە کە تۆ باسی دەکەی، کێشەی ئێمە لەگەڵ ناسیۆنالیزم ئەوە نییە کە تۆ دەڵێی "ڕەنگە کەسێک پێی خۆش بێت کوردستان ئاوەدان بێت یان ببێت بە دەوڵەت یان خۆشی دەوێ" و چی و چی. نەخێر ئەمانە مەسەلە نیین. ڕۆڵی ناسیۆنالیزم یەکەم ئەوەیە کە هەوڵدەدات دەنگی ئەم کرێکار و زەحمەتکێشە بەدەنگهاتووە بخنکێنێ، بە پاساوی ئەوەی کە ئێوە دەبێ تەحەمولی بێ نان و ئاو و کارەبایی بکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەزمونەکەمان پارێزراوبێت، دەڵێ هۆکارەکە بورژوازی خۆماڵی کورد نییە بەڵکو ئەوە نەتەوەی زۆرداری عەرەبە کە پارە و داهات و دەرمانی بڕیوە، دەڵێ کرێکاری کورد و بۆرژوازی کورد بران و هەردووکیان ئاوەدانی کوردستانیان دەوێ، دەڵێ تەماشای ئەوە مەکەن کە کەمایەتیەکی "کورد" وەکو فیرعەون دەژی و ملیۆنەها "کورد"یش وەکو کۆیلەی برسی موحتاجی نان و ئاوی خواردنەوە و سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانن. دەڵێ ئەمانە گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە هەردووکیان هاوزمان و کوردن و بران. بەڵام کرێکاری کورد و کرێکاری عەرەب کە هاوچین و هاوبەرژەوەندن، وەکو دوژمنی یەکتر

# ڕێبوار ئەحەمد

نیشانیان دەدات. ئێمە دەڵێین بچوکترین هەستی ناسیۆنالیستی شتێک نییە جگە لە خورافەیەک کە بۆرژوازی خۆماڵی بەکاری دەهێنێ بۆ ڕاگرتنی نەزمێک کە لە سایەیدا ئەو سەرمایە و سەروەت کەڵەکە دەکات و کرێکاریش مەینەتی دەکێشێ. بەکوردی و بە کورتی خراپی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ڕیزی کرێکاران پەرت دەکات و زۆرداری بۆرژوازی دەشارێتەوە. بە هەمان شێوە دەڕوانین بۆ دین. ڕەخنەی سەرەکی ئێمە لە دین ئەوە نییە کە خورافاتە، کە زانستی سروشتی ئەوەی سەلماندوە، بەڵام ڕەخنەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە دین بە خەڵکی چەوەساوە ئەڵێ ئەوەندەی هەتە چارەنوسی تۆیە و خودا ئەوەندەی پێداوی و دەبێ پێی شوکر بیت و چاو نەبڕیتە موڵک و ماڵی سەرمایەدار کە خودا پێی بەخشیوە. هەروەها دین لەسەر بنەمای دینی دووبەرەکی دەخاتە نێوان کرێکاری موسڵمان و یەهودی و مەسیحی. بورژوازی موسڵمان بە برای کرێکاری موسڵمان و کرێکاری یەهودی بە دوژمنی کرێکاری موسڵمان دەناسێنێ. بەکورتی ڕۆڵی ناسیۆنالیزم و دین ئەوەیە کە کرێکار لە دۆخی چەوسانەوە ڕابگرن و خەبات و ڕیزەکەی پەرتوبڵاو بکەن و ڕێگای لێ ون بکەن و پارێزگاری لە نیزامی سەرمایەداری بکەن. ناسیۆنالیزم سی ساڵە لە کوردستان دەسەڵاتدارە و ئەزمونی خۆی پێشکەش کردوە، ئەوە باشترین پێوانەیە بۆ قەزاوەت لەسەری. ئێمە وەکو کۆمۆنیست بە پێودانگی کۆمەڵایەتی و چینایەتی مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار دەکەین نەک ئایدۆلۆژیگەری، چونکە ئایدۆلۆژیگەری بە گشتی دەبێتە مایەی دووبەرەکی لە ڕیزی کرێکاردا بە ناوی ناسیۆنالیست و ئیسلام و لیبراڵ و تەنانەتی کۆمۆنیزمیش..هتد. هەرچیەکیش بکەین ناتوانین چینی کرێکار لە ئاستی ملیۆنیدا بکەینە خاوەن یەک ئایدۆلۆژی تەنانەت ئەگەر کۆمۆنیستیش بێت. بەڵام دەکرێت لە ئاستی ملیۆنیدا، بەدەر لە جیاوازی فکری و ئایدۆلۆژییان، لە دەوری خەبات بۆ نان و گوزەران و ئازادی و ڕزگاری لە ستەم ڕێکخراو و یەکگرتوو بین.

ئێمە کاتیک لەم ڕوانگەیەوە بەم میسۆدە چاو لە ناسیۆنالیزم و ئیسلام دەکەین، ئیتر تەنانەت زەڕڕەیەکیش لایەنی پۆزەتیڤیان نییە و سەدلەسەد ڕۆڵێکی سلبی و دژی کرێکاری دەگێڕن. لەسەر بنەمای ئەم میسۆدەیە کە لە باسەکەی پلینۆمدا وتم بۆ ئێمە لە پێشدا پایەی کۆمەڵایەتی و ئەوەی هەر ڕەوت و حیزب و گروپێک سەر بەکام بەشی کۆمەڵگەیە گرنگە نەک ئەوەی فکری چۆنە. ئێمە لەگەڵ کرێکارێک تەنانەت ئەگەر بە فکر ناسیۆنالیست و موسڵمان و یەهودی و لیبرال یان هەرچیەک بێت هاوچارەنوس و هاودەردین و کارمان بەیەکەوە هەیە چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە یەک بەشی کۆمەڵگەین. ئەگەر فکر هەر عەیبێکی هەبێت یان هەڵە بێت، قابیلی چارە و ڕاست کردنەوەیە.

## له وەڵامی سەرنجەکانی هاوڕێیەکدا

من لە نوسراوی پێشوم لە وەڵام بە نامەکەی تۆ باسی ئەوەم کردبوو کە دنیا مەیدانی بەرامبەرکێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە لە بابەت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و لیبراڵی و ئیسلامی و کۆمۆنیستی و..هتد. کێشمەکێشی ئەم بزووتنەوانە لە بنەڕەتدا لەسەر فکر نییە، بەڵکو لەسەر دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی چارەنوسی کۆمەڵگە و بەدیلی ئابوریە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. بێگومان ئەم بنەما کۆمەڵایەتیە ڕەنگدانەوەی فکریشی هەیە و هەرکامیان خاوەنی دیدگای فکری و جیهانبینی خۆیانن کە لە مەیدانی فکری و سیاسیدا بەرگری لە ئاسۆ و ئامانجەکانیان دەکات. ئەم بزووتنەوانە بەدەر لە ویست و ئیرادەی من و تۆ و هەرکەس، لەیەکتری جیاوازن و بەرامبەر یەکیان گرتوە. هەرکامیان دەیەوێ ڕۆڵی ئەوانی تر لەکار بخات و خۆی چارەنوسی کۆمەڵگە بەدەستەوە بگرێت. هەر لەو نوسراوەدا باسی ئەوەم کردبوو کە هەر هەڵسوڕاوێکی سیاسی دەبێ سەرئەنجام خۆی یەکلا بکاتەوە کە هەڵسوڕاوی کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە، بۆ کام ئاسۆ و ئامانج خەبات دەکات؟ ناکرێ لە ناوەڕاستی دوو یان چەند بزووتنەوە ڕاوەستی و بڵێی من لە هەر کامیان لایەنی باش وەر دەگرم و لایەنی خراپ وەلا دەنێم و لەسەر ئەم بنەمایە بزووتنەوەیەکی بەیناوبەینی دەخوڵقێنم. ئەمە ئیمکانی نییە. بزووتنەوە لە دەوری ئەفکاری باش بەڕێناکەوێت، بەڵکو لەسەر پایەی کۆمەڵایەتی و ئاسۆ و ئامانجی سیاسی و چینایەتی بەڕێدەکەوێت. بزووتنەوەی ئێمە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریی چینی کرێکارە. ئێمە وەکو حیزب هەبین یان نا، مارکس هەبێت یان نەبێت، ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەی واقعی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوونی هەیە. ڕۆڵی مارکس و ئێمە وەکو کۆمۆنیست و مارکسیست ڕێکخستن و ڕابەری کردن و یەکگرتوکردنی ئەم بزووتنەوەیەیە بۆ باشتر کردنی ژیان و سەرئەنجامیش بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریی.

پرسیارێکی تر کە تۆ بەردەوام دووپاتی دەکەیتەوە، ئەوەیە کە تۆ دەڵێی بۆچی ئێمە لە ناو هەزاران بیرمەند و فەیلەسوف و زانادا تەنها پێداگری لەسەر مارکس دەکەین و هەر ئەو بەڕاست دەزانین. بێگومان ئەوە ڕاست نییە کە ئێمە تەنها مارکس بە زانا و ڕاست دەزانیین. لە پێشدا دەبێ ئەوە بڵێم کە بۆ ئێمە زانست بنەمایە و زانست بەڕاست دەزانین و بە وێنەی زانستێکیش لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمی دەڕوانین. هەروەها پێمان وایە هەر زانست و زانایەک لە بواری خۆیدا ڕاستە، یەکێک لە فیزیا و یەکێک لە کیمیا، یەکێک لە ماتماتیک و....هتد. کاتێک باس بێتە سەر زانستی فیزیا من دەگەڕێمەوە بۆ نیوتن و ئەنیشتاین نەک مارکس. دەزانم ئەمە هێشتا وەڵامی پرسیارەکەی تۆ نییە. بەڵام هاوڕێی ئازیز ئێمە کۆمۆنیستەکان کۆمەڵێک خێرخواز و چاکسازی کۆمەڵایەتی نین کە خەریکی چاکسازی کۆمەڵگە بن و بۆ ئەم مەبەستەش بگەڕێن لە ناو بیرمەنداندا هەرچی بیربۆچون و تیئوری

## ڕێبوار ئەحمەد

باش و بەکەڵک هەیە کۆی بکەنەوە و بۆ ئەم کارە سودی لێ وەرگرن. نەخێر ئەمە پێناسە و کاری ئێمە نییە. ئێمە بەشێکین لە بزووتنەوەی چینێک کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر بنەمای چەوسانەوەی ئەو بنیاتنراوە. ئەم بزووتنەوەیە لە مارکسەوە دەستی پێنەکردووە، بەر لەوەی مارکس هەبێت و هیچ بڵێت بەشێوەی واقعی لە مەیدان و لە بزووتندا بوو. هەرچۆن نارەزایەتی و خەباتی کۆیلەکان لەدژی سیستمی کۆیلایەتی پێش سپارتاکۆسیش هەر لەئارادابوو. دەتوانم بڵێم ئێستاش بە ملیۆنەها کرێکار لەکاتێکدا ڕۆژانە لە کێشمەکێش و بەرامبەرکێدان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری، ڕەنگە هیچ لە بارەی مارکسەوە نەزانن و تەنانەت ناویشیان نەبیستبێت. میسۆدی ئێمە لە مارکسەوە ناگات بە بزووتنەوەی کرێکاری بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بزووتنەوەی کرێکاریەوە دەگات بە مارکس. ئێستا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین ئیتر زۆر سادە و ڕۆشن دەبێت، چینێکی چەوساوە بەناچاری نەک ئیختیاریی لە خەباتی بەردەوامدایە بۆ بەرگری لە مانەوە و مافەکانی خۆی و بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە، مارکس هاتووە تیئۆری و زانستی بۆ چۆنییەتی بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە داڕشتوە. کەسی تر ئەم کارەی بەم جۆرە نەکردووە، ئەگەر تۆ کەسێکی تر شک دەبەی کە تیئۆریەکی دروستی بۆ بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار داڕشتبێت، بە ئێمەی بناسێنە ئەگەر دروست بێت حەتمەن زۆر بە بایەخەوە سەرنجی دەدەینێ. هەڵبەت کە دەڵێم کەسی تر ئەم کارەی نەکردووە، مەبەستم بنەمای سەرەکی ئەم تیئۆری و زانستەیە، ئەگینا گومان لەوە نییە کە دەیان بیرمەند و ڕابەر و هەڵسوڕاوی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە هەم بە باسی تیئۆری و هەم بە پراتیک ئەم بزووتنەوەیان دەوڵەمەندتر و ڕێبازەکەیان هەموار کردووە، کە بەرجەستەترینەکانیان ئەنگس و لینین و ترۆتسکی و ڕۆزا لۆکسمبورگ ...و..مەنسور حیکمەت و...هتد. واتە باسەکەی ئێمە ئەوە نییە کە تەنها مارکس بیرمەند و زانا و چی و چی بووە، بەڵکو باسەکە ئەوەیە فەزڵ و سەرچاوەی تیئۆری کۆمۆنیزم وەکو زانست و ڕەخنەیەکی شۆڕشگێرانە کە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار ڕێنمایی و ئاڕاستە دەکات بەرەو ڕزگاری لە ستەمی سەرمایە، دەگەڕێتەوە بۆ مارکس.

بەڵام دەربارەی پێگەی مارکس، تۆ مارکس لەگەڵ زانایانی دیکەی مەیدانەکانی تر بەراورد دەکەیت و دەڵێی بۆچی تەنها مارکس بە بیرمەند و تیئورسیۆن و زانا و فەیلەسوف ..و...دەزانن؟ بۆچی تەنها ئەو بەڕاست دەزانین؟! ئەم قسەیەی تۆ قسەیەکی ئیبراهیمی عەلیزادەی بیرهێنامەوە، ئەو لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەیەکی حیزبەکەیدا (کۆمەڵە)، مارکسی وەکو زانای بواری کۆمەڵایەتی ناساند و وتی "دەکرێ بە مارکسیزم بڵێین زانستی کۆمەڵایەتی، مارکس زانا بوو هەروەکو ئەنیشتاین، بۆیە حەق وایە هەر چۆن

## له وەڵامی سەرنجەکانی هاوڕێیەکدا

وێنەی مارکس هەڵدەواسین حەقوایە وێنەی ئەنیشتاینیش هەڵواسین". من نازانم کێ دەستی عەلیزادەی گرتووە لە هەڵواسینی وێنەی ئەنیشتایندا، ئەگەر ئەو مارکس و ئەنیشتاین لە هاوشانی یەک دادەنێت دەتوانێ وێنەی هەردووکیان و نیوتن و زاناکانی تریش پێکەوە هەڵبواسێت. بەڵام خودی ئەم قسەیە نیشانەی ئەوەیە کە علیزادە هێشتا ڕوانگەیەکی دروستی لەسەر مارکس نییە. چونکە مارکس زانا بوو زانایەکی مەزنیش، بەڵام ئەمە بەرجەستترین لایەنی کەسایەتی ئەو نییە. مارکس بیرمەند بوو، بیرمەندیکی عەبقەریش، بەڵام ئەمەش بەرجەستەترین لایەنی کەسایەتی ئەو نییە. مارکس ئابوریزانێکی زۆر بلیمەت بوو، بەڵام ئەمەش بەرجەستەترین لایەنی کەسایەتی ئەو نییە، مارکس لە فەلسەفەدا عملاق بوو، ڕەخنەی لە گەورەترین فەیلەسوف و فەلسەفەکانی سەردەم گرت و تەنانەت فەلسەفەی تێپەڕاند. بەڵام ئەمەش بەرجەستەترین لایەنی ئەو نییە...، ئەوەی کە مارکس لە زانا و ئابورریناس و فەیلەسوف و بیرمەندەکانی تر جیادەکاتەوە، عملاق بونی نییە، کە ئەوەش هەیە، بەڵام ئەوەی لە بنەڕەتەوە مارکس لە هەموان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕەخنەگر و شۆڕشگێڕ و ڕابەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە پانتایی هەموو گۆی زەوی لە برەودایە. ڕەخنەگری و شۆڕشگێڕی بە هیچ جۆرێک لە مارکس و هیچ بەرهەمێکی ئەو جیاناکرێتەوە، لایەنی بەرجەستەی مارکس ئەوەیە کە ڕەخنەیەکی قوڵ و بنەڕەتی و هەمەلایەنە و شۆڕشگێڕانەی لە سیستەمی سەرمایەداری گرتووە. ئەمە خاڵی هەرە بنەڕەتی جیاوازی مارکسە لەگەڵ زانا و بیرمەندان و فەیلەسوفان و ... ئەگەر ئەم لایەنەی کەسایەتی و تیئۆری مارکس نەبوایە، وەکو مەنسور حیکمەت دەڵێ بێگومان کەپیتاڵ لەڕووی زانستیەوە ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەکرا بە مەنهەجی خوێندن لە زانکۆکاندا. بەڵام ئەم لایەنی شۆڕشگێڕیە وای کردوە کە نەک هەر داهێنانەکانی مارکس نەبنە مەنهەجی خوێندن، بگرە سانسۆر لەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەی دادەنرێت و بە لێشاو داهات بۆ شێواندن و لەکارخستنی ڕۆڵی ڕەخنەکەی مارکس خەرج دەکرێت. کەسێک کە مارکس لە هاوشانی ئەنیشتاین دابنێت، ناتوانێ ئەوە ڕوونبکاتەوە کە بۆچی بە هەرچی زمانی دنیا هەیە هەم لانی کەم بەشێک لە بەرهەمەکانی مارکس تەرجومە و بڵاوکراوەتەوە و هەم لێشاوێکی هەرە گەورە لە کتیب لە دژ یان لە بەرگری لە مارکس نوسراوە. هەر کۆمەڵگەیەک بگری چەندین حیزب و ڕێکخراوە و ڕەوتی سیاسی جۆراوجۆر دەبینی کە بە حەق و ناحەق خۆی بە مارکس تەداعی دەکاتەوە یان لە دژی مارکس ئەجەنگێ. لە کاتێکدا ئەسڵەن ئەم دیاردەیە لە پەیوەند بە ئەنیشتاین و هیچ زانا و بلیمەتێکی ترەوە هەر بوونی نییە. هۆکاری ئەوەی کە ملیۆنەها کتێب لەسەر مارکس نوسراوە ئەوەیە کە ئەو ڕابەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە پانتایی هەمو دنیا لە برەودایە و هیچ کۆمەڵگەیەک نییە

## ڕێبوار ئەحەمد

کەم یان زۆر کاریگەری مارکسی پێوە دیار نەبێت.
ئەگەر ئەمە هۆکاری ئەوە بێت کە ئێمە مارکس و مارکسیزم بە سەرچاوەی تیئۆری کۆمۆنیزمی کرێکاری دەزانین، ئایا مانای ئەوەیە جگە لە مارکسیزم پێویستمان بە خوێندنەوەی بیرمەندان و مەکاتبە فکریەکانی تر نییە؟ بێگومان نەخێر! بێگومان پێویستمان بەوەیە لە ئاستێکی فراواندا هەموو مەکتەبە فکریەکان بخوێننەوە و بیاناسین، بەوانەشەوە کە دژی کۆمۆنیزم و دژی خودی مارکس قسەیان کردوە، چ بۆ ئەوەی بیانناسین و قەزاوەتیان لەسەر بکەین و چ بۆ ئەوەی لەگەڵیان بجەنگێین.
ئێستا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە جارێکی تر چاوێک لە مەسەلەی کاری هاوبەش و ئەوەی تۆ پێی دەڵێی وەحدەت بکەین، مەسەلەکە ڕۆشنتر دەبێتەوە. ئێمە لەگەڵ هەموو مەیل و ئاڕاستە و ڕەوتەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بەشەکانی ئەم بزووتنەوەیە نەک هەر کاری هاوبەش دەکەین بەڵکو بۆ گەورەترین و فراوانترین وەحدەتی ئەم بزووتنەوەیە هەوڵدەدەین. هەمو بەش و ڕەوتەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە، فکریان هەرچۆنێک بیت، مارکسیست و کۆمۆنیست بن یان سەندیکالیست و ڕیفۆرمیست و ئانارشیست ئێمە بێ قەیدوبەند هەوڵدەدەین لەسەر بناغەی چینایەتی یەکگرتو و مونسەجیمیان بکەین. بێگومان هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەمو ئەو ڕەوت و گروپ و لایەن و حیزبانەی کە بە خۆیان دەڵێن چەپ و کۆمۆنیست و ..هتد، تەنانەت ئەگەر جیاوازی فکریشیان لەگەڵ ئێمە هەبێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە سەر بە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار بن، ئێمە بە هەمان پێوانە هەوڵ بۆ پەیوەندی و کاری هاوبەش و تەنانەت لەوەش زیاتریان لەگەڵ بکەین. هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە ڕووی فکری و سیاسیەوە چالنجیان ناکەین. کاری هاوبەشیان لەگەڵ دەکەین و جەدەلی فکریشیان لەگەل دەکەین و هەوڵدەدەین بۆ هێژمۆنی کۆمۆنیزم لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. بەڵام ئەگەر ئەو حیزب و ڕەوت و لایەنانە بەشێک نەبن لە بزووتنەوەکەی ئێمە، ئیتر بەدەر لەوەی فکریان هەر جۆرێک بێت تەنانەت ئەگەر خۆیان بە کۆمۆنیزمی عەیار ٢٤ بزانن، ئێمە وەکو بزووتنەوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و بەو پێوانەیە ئامادەی کاری هاوبەش دەبین لەگەڵیان کە لە باسی "ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی و کاری هاوبەش" باسم کردووە. بۆیە ئەوەی کە من باسی چوار حاڵەتم کردووە کە بزووتنەوەی ئێمە بە شێوەیەکی دروست و ئوسوڵی هەنگاوی ناوە، ئەوانە بە زۆری دەستپێشخەری ئێمە بوون بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی خۆمان، جەختم لەسەر <u>کاری هاوبەشە لەگەڵ بزووتنەوەکانی تر</u>. ئەگەرنا ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکان لە عێراق و کوردستان و لە ئاستی جیهاندا، سەدان جار کاری هاوبەشمان کردووە و بە هەمو تواناش

## له وەڵامی سەرنجەکانی هاوڕێیەکدا

هەوڵی وەحدەتی چینایەتیمان داوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش، وا نییە کە ئێمە حیزب و بزووتنەوەیەک بین کە لە هیچ جێگایەکی دنیادا وێنەمان نەبێت. من دەڵێم بە پێچەوانەوە هیچ جێگایەکی دنیا نییە کە بزووتنەوەکەی ئێمەی تیادا نەبێت. بزووتنەوەی ئێمە بزووتنەوەیەکی جیهانییە و بە پانتایی دنیا لە برەودایە. بزووتنەوەی ئێمە بزووتنەوەی هێلەک زەردەکانی فەرەنسا و کانەکانی بەریتانیا و نەوت و پیترۆ کیمیاوی ئێران و ..هتدە. من بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بۆچونی ئەو چوار ڕابەرەی کۆمۆنیزمی کرێکاری نیم کە گوایە وتویانە ئێمە حیزبێکین کە لە هەموو دنیادا کەس ناناسین لە خۆمان بچێت. ئەمە زۆر ڕوانگەیەکی نادروست و ئایدۆلۆجی و فکری موجەرەدە بۆ کۆمۆنیزم، نەک ماتریالیستی و کۆمەڵایەتی. ئەوەی کە لە هەر وڵاتێکدا بزووتنەوەکەمان لە چ دۆخێکدایە، ئایا ڕێکخراو و یەکگرتوو و بەهێزە و حیزب و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری بەهێزی هەیە یان نا؟ لە رووی فکری و سیاسیەوە چۆن خۆی گەڵاڵە کردووە؟ چەندە پێشڕەوی کردووە یان چ ئاستەنگییەکی هەیە؟ ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام دەتوانم بڵێم بەبێ ئیستسنا بزووتنەوەی ئێمە لە هەمو کۆمەڵگەیەک بوونی هەیە. هەڵبەت ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە کە لە ڕوی فکریەوە لەگەڵ ئەو ئاڕاستە و ڕەوتانەی لە جیهاندا خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانن جیاوازیمان هەیە، هۆکارەکەی سادەیە و بریتیە لەوەی کە ڕەوتی ئێمە پاش دەیان ساڵ لە باڵادەستی شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوازی، بە وێنەی ترەندێکی کرێکاری و لینینی لە کۆمۆنیزم، لەم ناوچەیە خۆی گەڵاڵە کردووە و لە قاڵبی چەند حیزبی کۆمۆنیستیدا خۆی بەرجەستە کردووە. ئەم ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئاستی جیهاندا ئەحزابی خۆی پێکبهێنێت، دەبێ ببێتە هۆکاری ئەزمونێکی سەرکەوتوو لە یەکێک لەو وڵاتانەی تیایدا هەڵدەسوڕێ. ئەمە لە پانتایی دنیادا سەرنجی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی بۆ خۆی ڕادەکێشێت و دەیان حیزب لەسەر بنەمای ئەم ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم شکڵ دەگرێت.

کەواتە ئێمە حیزبەکان و ڕەوت و لایەنەکان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵدەسەنگێنین کە سەر بە کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین. ئەگەر ڕەوتگەلی چەپی دنیای عەرەب بە خۆیان دەڵێن مارکسیست و سۆسیالیست، بەڵام ئامانج و ئاسۆیان بەرتەسکە بە ڕزگارکردنی فەڵەستین لە ڕکێفی زایۆنیزم، کەوایە ئەوان بەشێکن لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی. ئەگەر ڕەوت و ئەحزابێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین بە خۆیان گوتووە کۆمۆنیست و خەباتیان کردووە بۆ ڕزگاری لە ڕکێفی ئیمپریالیزم، ئەوە ئێمە وەکو بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی و ڕزگاریخوازی نیشتمانی دەیانناسین، ئەگەر حیزبی شیوعی عێراقی بە خۆی دەڵێت کۆمۆنیست و ئامانجی خۆی بە "نیشتمانیکی ئازاد و گەلێکی بەختیار" دیاری کردووە، ئێمە

# ڕێبوار ئەحمەد

وەکو بزووتنەوەی ناسیۆنال-ریفۆرمیست دەیانناسین...هتد. ئەمانە هەر ناوێکیان هەبێت بەشێکن لەو بزوتنەوانە و جیاوازن لە بزووتنەوەی ئێمە "بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار"کە ئامانجی خۆی بە بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی و خاڵی لە چەوسانەوە دیاری کردووە. ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوانە بۆ ئامانجی جیاواز خەبات دەکەن. هەر بەو پێیەی جیاوازن و ئامانج و ئاسۆ و ڕێباز و خەتی سیاسی و تاکتیکی لەگەڵ یەک جیاوازیان هەیە. کەوایە دەبێ حیزب و ڕیزەکەشیان جیاواز بێت. ئێمە ناتوانین بە حیزبی ناسیۆنالیستی یان دژی ئیمپریالیستی خەبات بکەین بۆ سۆسیالیزم. من کە ئامانجم سۆسیالیزمە ناتوانم لەگەڵ حیزبی شیوعی یەکبگرم کە ئامانجی ئیسلاح کردنی وەزعی ئێستایە. جارێ باسەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئەوانە باشن یان خراپ، باسەکە ئەوە نییە کە هیچ لایەنێکی پۆزەتیف یان نێگەتیف لە بیروبۆچونیاندا هەیە یان نا، بەڵکو باسی ئەوەیە کە ئەمانە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەیەک جیاوازن و بۆ ئامانجی جیاواز دروست بوون و خەبات دەکەن.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لە ناو حیزبی شیوعیدا هیچ کۆمۆنیستیک بوونی نییە؟ ڕەنگە هەبێت و کەمیش نەبێت. بەڵام خەسڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبێک بەوە ناپێورێت کە تاک تاکی ئەندامەکانی چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵکو بە پایەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکەی و بە ئاسۆ و ئامانج و بەرنامە و ڕێبازی سیاسی و تاکتیکی و ستراتیژی  حیزبەکە دەپێورێت. هەمو ئەوانەی لەو حیزبەدا خۆیان ڕێکخستوە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان هەرچیەک بێت خەباتەکەیان دەچێتە خزمەتی ئەو ئامانجەوە کە حیزبەکە بۆ خۆی دیاری کردووە. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان بە درۆ بە خۆیان دەڵێن کۆمۆنیست؟ ئەسڵی باسەکە درۆکردنیش نییە، باسەکە ئەوەیە کە کۆمۆنیزم لە مەجرایەکی مێژوییدا بەکاربردنێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی پەیدا کردووە. بۆ نمونە لە ئەنجامی شکستی شۆڕشی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت لە گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ژێرخانی ئابوری سەرمایەدار بە ئابوری سۆسیالیستی، سۆسیالیزم وەکو سەرمایەداری دەوڵەتی و گەشەپێدانی پیشەسازی پێناسە کرا. ئەمە لە ئاستی سیاسیدا نەریتێکی گەلآڵە کرد و ئۆردوگایەکی بە ناو سۆسیالیستی جیهانی و سەدان حیزبی بە ناو کۆمۆنیستی سەر بەم ئۆردوگایە و بە هەمان مەنهەجیەتەوە پەیدا بوون. بێگومان بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەم مۆدیلە بە ناو سۆسیالیستیە تیئوری کۆمۆنیزمیشیان دەسکاری کردووە. حیزبی شیوعی عێراقی کە حیزبێکی سەر بە ئۆردوگای شورەوی بوو، دروست هەمان ڕوانگەی سۆڤیەتی هەبوو بۆ سۆسیالیزم. بۆیە لە جیاتی هەڵوەشانەی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی ئەو ئامانجی خۆی بە "نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار" دیاری کردووە هەر ئەوەش ڕوانگەکەیەتی بۆ سۆسیالیزم. کۆمۆنیزمی چینی هەر

بەم جۆرە، کۆمۆنیزمی ئەورووپی بەجۆریکی تر... بەم جۆرە چەندین جۆر کۆمۆنیزمی بورژوازی پەیدا بوو. ئەم کۆمۆنیزمە بورژوازیانە کە هەر کامیان سەر بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازن لە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار، ناکرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە بە فکر ئیدعای کۆمۆنیست بوون دەکەن، لەگەڵ بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار ببن بە یەک و یەکبگرن. چونکە پایەی کۆمەڵایەتی و ئامانج و ئاسۆ و ڕێباز و ئامراز و سیاسەت و تاکتیک ..هتد یان جیاوازە.
با دەربارەی ڕەوتی عەبدوڵای موهتەدی چەند ڕستە بڵێم. هاوڕێ گیان بە پێوەری تۆ سەرئەنجام هیچ لایەن و حیزبێک نامێنێتەوە کە وەکو تۆ دەڵێی پۆینتێکی پۆزەتیڤی نەبێت. ئەگەر بڕیاربێت بۆ نمونە عەلمانی بوون پێوەر بێت ئەوە سوپای فاشیست و سەرکوتگەری تورکی لە موهتەدی عەلمانیترە. بەڵام ئەمانە پێوەر نیین، ڕەوتی موهتەدی لە ڕاستیدا باندێکی فالانژی قەومپەرستی فیدرالیستە کە بۆ تەسفیە حیسابی ڕێکخراوەیی لەگەڵ هاوڕێیانی دەیانساڵەی خۆی پەنای برد بۆ تیرۆر کردن، هەرچەندە سەرکەوتو نەبوو. ئەم ڕەوتەی کە لای تۆ خاوەنی لایەنی ئیجابیە، لە ناو هەموو چەپی ئێراندا بایکۆت کراوە و لایەنە چەپە پەراوێزکەوتوەکانیش ئامادە نین تەنانەت لەگەڵیان دانیشن. بۆیە لە باسەکەمدا وتم ئەگەر حیزب سیاسەتی دانیشتن و کاری هاوبەشی لەگەڵ ئەو ڕەوتە تەبەنی بکردایە، بۆ من مایەی قبوڵ کردن نەبوو، ئامادە بوم لە دژی سیاسەتێکی وا بجەنگم. بەڕاستی کاری وا لەگەڵ ئەو باندە جەریمەی سیاسیە. تەنانەت ئەوە خەتایە کە ئەو باندە وەکو حیزبی سیاسی پێناسە بکەی. وەکو وتم ئەم باندە بایکۆت کراوە، چۆن دەکرێت ئێمە ببینە کەناڵ و هۆکاری هاتنە ناوەوەی بۆ ڕیزی ئەحزابی چەپ. بۆیە من ماف دەدەم بە هەموو ئەوانەی کە سەرەتا ڕەخنەیان لەم مەسەلەیە گرت. بەڵام ئەوانەی کە دوای دەرچونی ڕونکردنەوەکەی حیزب لەسەر ئەو مەسەلەیە، دیسانەوە وەکو ئەوەی هیچیان نەبیستبێت، قسەکانی خۆیان دوپات دەکردەوە، دەچێتە خانەی پڕوپاگەندەوە. ڕەخنە لە سیاسەت یان پراتیکێکی حیزبێک دەگیرێت کە تەبەنی کردبێت نەک خۆی ڕەتی کردبێتەوە.
لە کۆتاییدا با دەربارەی بەرنامەی دنیایەکی باشتر ڕونکردنەوەیەک بدەم، تۆ دەڵێی ٣٠ ساڵ پێش ئێستا نووسراوە و ئێستاش ئامادەنین وشەیەکی لێ بگۆڕین. ئەمە ڕاست نییە، پیم وابێ کۆنگرەی پێشوتر بوو کە بەرنامەی خستە دەستوری کاری خۆیەوە و لیژنەی بۆ پێداچونەوە و ئاڵوگۆڕی پێویست دامەزراند و لە هەر جێگایەک بە پێویست زانرا ئاڵوگۆڕی تیا کرا. ئاڵوگۆڕەکانیش کەم نەبوو. ئێستاش ئەگەر تۆ پێت وابێت پێویستی بەدەسکاری هەیە، دەتوانی بەڵگەکانت بخەیتەڕوو و پێشنیار بکەی بۆ ئەوەی بخرێتە دەستوری کۆنگرەی داهاتووەوە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی پێویستی تیا بکرێت.

عوسمانی حاجی مارف

# مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

## (باسێک لە هەفتەی مەنسور حیکمەتدا)

لە ١١ای جونی ٢٠٢٢ لە هەفتەی مەنسور حیکمەتدا، لە لەندەن باسێکم دەربارەی زیاتر ناسینی مەنسور حیکمەت وەک کەسێکی مارکسیستی واقعی و پراکتیکی پێشکەشکرد، بە پێویسم زانی کە ئەم باسە، وەک نوسینێکیش بخەمە بەردەست خوێنەران. لەم بارەیەوە هاوڕێ بنار مستەفا زەحمەتی کێشا و تەواوی باسەکەی نوسییەوە، پێشەکی زۆر سوپاس بۆ هاوڕێ بنار کە بەو ئەرکە هەستا. ئەوەش کە پێویستە خوێنەران ئاگاداربکەمەوە، دوای خوێندنەوەی باسەکەم بە باشمزانی کە دەستکاریەکی زۆری ئەم نوسراوە بکەم، بۆیە لەسەر بنەمای هەمان ناوەڕۆک پێویستی بە چاکردنێکی زۆر بوو لە شێوەی داڕشتن و لە وردترکردنەوەی زیاتری باسەکەدا.

*عوسمانی حاجی مارف*

# مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

ڕۆڵی ئەو لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەدا، پێویستە بچینە سەر ناسینی کەسایەتی هاوڕێ مەنسور وەک تەواوی دەورەیەک کە لە ژیانی سیاسیدا هەوڵدان و پێگەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا چۆن دەناسێنرێت، لە هەمان کاتدا گەڕانەوەش بۆ ئەو دیدگایانەی کە چۆن هاوڕێ مەنسور دەناسێنن و چ ڕەخنەیەکیان هەیە، قسەیەکی لەسەر بکەین؟

لەم بیست ساڵەدا، واتە لە ماوەی ژیان لە دەستدانی هاوڕێ مەنسورەوە تا ئێستا، زۆرتر ئەوە دەبیستین، کە هاوڕێ مەنسور بە شێوەیەک پێناسە دەکەن، وەک کەسێکی بەتوانا لە مارکسیزم، کەسێکی بیرمەند و تێگەشتووە، مارکسیەکی هاوچەرخ، کە لەم چوارچێوەیە زیاتر بۆ ناساندنی هاوڕێ مەنسور ئەولاتر ناچن. بە مانایەک تەنها بەرهەمی نوسینەکانی وەک نوسەرێکی باشی مارکسیستی لێک ئەدەنەوە. هەر لەم ئاڕاستەیەشەوە لە لێکدانەوەی بۆچونەکانیانەوە ڕەخنە و جیاوازیەکانیان بەیان دەکەن! ڕەخنە لە بەشێک لە نوسراوەکانی دەگرن، هەرچەندە لەم بارەیەوە ئەوانە دوای گیان لەدەستدانی هاوڕێ مەنسور بەهەر بەڵگەیەک باوەڕیان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نەماوە و پێداچونەوە بە باسەکانیدا دەکەن، ئەوەی ڕاستی بێت نەمدیوە لێکدانەوەیەکی جدی و ورد لەو بارەیەوە بەیان بکرێت، نە بە نوسراو نە لە هیچ کۆڕ و سمینارێکدا.

هیچ یەکێک لەو کەس و لایەنانەی خەریکی پێداچونەوەن لەسەر بۆچونەکانی هاوڕێ مەنسور، نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە، ئەو لایەنە لێکبدەنەوە کە هاوڕێ مەنسور وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ، دەور و دەخاڵەتی لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەدا بناسنەوە، یان دەور و دەخاڵەتی وەک ڕابەرێک بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و ئامادەیی بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی بخەنە نێو باسەکانیانەوە، یان بە ئاشکرا ئەم خەسڵەتەی دەخەنە لاوە و لە دنیای ئایدۆلۆژیا و بۆچونەکانیدا دەخولێنەوە، بە مانایەک ئاوێزان بوونی فکر و پراکتیکی لێک جیا دەکەنەوە و ڕۆڵی هاوڕێ مەنسور وەک شۆڕگێڕێک و کەسێکی پراگماتیزم و کەسایەتی سیاسی مانایەکی پێ نابەخشن. تەنها لە ئاستێکی سەتحیدا لەسەر بەشێک لە "دیدگا فکریەکانی" سەرنجەکانیان بەیان دەکەن، ئەوەش نەک بە باس و لێکدانەوە بەڵکو تەنها وەک بۆچونێک ڕایدەگەیەنن کە ئەو باسانەیان قەبوڵ نییە!

تەنانەت کەسانێک کە ئەمرۆ وازیان لە ڕیزەکانی ئێمە هێناوە و کەسانی ئازیزی ئێمە بوون، کە چوونەتە دەرەوەی حیزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ڕەخنەکانیان لە مەنسور حیکمەت لەو چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە کە ئەو تەنها وەک بیرمەندێک دەناسێنن، واتە وەک هەر بیرمەندێکی تر قابیلی ئەوەیە خاوەنی لێکدانەوەی نادروست بێت. تەنانەت بۆ نمونە جیاوازیەکانیان ڕۆشن نییە چیمان پێ ڕادەگەیەنن، جگەلەوەی دەڵێن نوسینەکانی جێگای ڕەخنە و پێداچونەوەیە. لەو بارەیەشەوە کەسانێک هەوڵیانداوە بە نوسراو هەندێ

## عوسمانی حاجی مارف

مەسەلە بەیان بکەن، بەڵام لەباری عەمەلیەوە بەچی ئەگەن و چی ئەکەن، نەک ناڕۆشنن بەڵکو دەورانێکی سەرەگێژەش بەسەر دەبەن.

مەبەستی من زیاتر لەم لایەنەوەیە کە مەنسور حیکمەت چۆن بناسین، ئەمەش ئەتوانێ خاڵی جدی چۆنیەتی تێگەیشتنمان بێت، کە هاوڕێ مەنسور چۆن پێشڕەو بووە وەک کەسێکی مارکسیست، کە لە ژیانی پراکتیکی سیاسیدا نیشانی داوین. ڕاستە خاوەنی ئەدەبیاتێکی فراوان و نوسینی زۆری هەیە و دەکرێ بەچاوی ڕەخنەوە بە هەموو نووسینەکانیدا بچینەوە، بەڵام ئەمە بەتەنها ناتوانێ ڕەخنەیەکی دروست بدات بەدەستەوە یان مانای ناسینی کەسایەتی پێگەی هاوڕێ مەنسور بێت لە نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا.

بۆ نمونە دەورانێک، کە باسی مارکس دەکرا، یان تەنانەت ئێستاش، کە بۆرژوازی دەیەوێت مارکس بە شێواوی بناسێنێت، وەک کەسێکی شارەزا لە بواری ئابووریدا دەیناسێنن، یان تەنها وەک فەیلەسوفێک. بەڵام کۆمۆنیستەکان مارکس وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و ڕابەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەناسێنن. هەروەها ئەو کەسێکە لای کۆمۆنیستە سیاسیەکان لەسەر ڕێڕەوی ماتریالیزمی پراکتیکی دەناسرێتەوە، لە ژیانی سیاسی و دەور و دەخالەتی ڕۆژانەی بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی و دەوری لە یەکخستنی ڕیزی خەباتی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاراندایە. واتە گرنگ ئەوەیە مارکس بەدوای چ ئامانجێکەوەیە و تا چەند پراکتیکی ئەو ئامانجە بە کارە فکری و سیاسیەکانی بەرجەستە بۆتەوە. ئامانجی مارکس لەسەر ڕێڕەوی گۆڕانی دنیایە و پێویستە هەر لەو ڕێڕەوەدا وەک کەسایەتییەک بیناسین کە مانای گۆڕینی دنیا چۆن بە بنەما وەردەگرێت، نەک لەسەر ئەوەی کە چەندە وتار و کتێبی نووسیوە و لە ئایدۆلۆجی ئەڵمانی چی نووسیوە و لە کاپیتاڵدا چی دەڵێت. هەڵبەت نووسینەکانی بەرهەمی گەورە و مەزنی مارکسن.

بە هەمان شێوە بۆ لینینیش. لینین دواقۆناغەکانی سەرمایەداری نووسی و دەیان نوسراو و کتێبی تری هەیە. بەڵام لەسەر ئەوەی دەخالەتی لینین لە شۆڕشدا، لە ڕێکخستنی چینی کرێکاردا، وەکو مارکسیەکی واقعی و پراکتیکێک بناسرێتەو، دەخەنە لاوە. ئەوانەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەگرن، بە شێوەیەک دەچنە جەدەلێکەوە بۆچوونەکانی خۆشیان ناگەیەنن! ڕۆشن نییە بەدوای چییەوەن و چییان دەوێت و دەیانەوێت چی بکەن.

سەبارەت بەو کەس و لایەنانەی ڕێگای پێداچونەوەیان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت و لینین کردۆتە مەشغەڵەی ڕێڕەوی گۆرانی بۆچوون و سیاسەتەکانیان، یان ئەم کۆمۆنیزمی کرێکاریە بە ئەزمونێکی شکستخواردو و لە قەیراندا دەبینن، دوای ئەوەی پێیان وایە سەرنج و ڕەخنانەکانیان جێگای خۆی هەیە، ئەو کات ئەو ڕێڕەوەی هەڵیانبژاردووە،

## مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

پێویستە لە باری عەمەلیەوە کاریگەری خێرا لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی نیشان بدات، چونکە بۆچوونێک نەتوانێ لە کاتێکی دیاری کراودا پراکتیزەکردنی خۆی بەرجەستە بکاتەوە، بۆچوونێکە کە نەیتوانیوە لە ئەزمونێکی ئاڵوگۆڕدا نیشانەکانی هەڵسانەوەی کۆمۆنیزمێکی تر بە ناوی "هاوچەرخ" و "نوێ"وە... ئاگری خەڵوزەکەی بگەشێنێتەوە. بۆیە خاوەنەکەی و ئەوانەی بڕوایان پێیەتی لە چاوەڕوانییەکی درێژخایەندادەبن تا خەڵوزەکەیان دەبێتە خۆڵەمێش.

مەنسور حیکمەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە خەباتی فکری و سیاسی و دەخاڵەتی لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، هەر لە ئیتحادی موبارەزانی کۆمۆنیستەوە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بووە یەک میتۆلۆژی پیادە کردووەو وەک ڕابەرێک لە هەر دەورانێکدا وەڵامدەرەوەی گرفتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بووە، کاری لەسەر کردووە و بەرەو پێشی بردووە بە هەمان میتۆلۆژی و بە هەمان هێڵی سیاسی کۆمۆنیستی ناسراوەتەوە. لینینیش بە هەمان شێوە. لینین لە یەکەم ئەدەبیاتیەوە خاوەنی دەور و دەخالەتی شۆڕشگێڕانەیە، وەک ڕابەرێکی کۆمۆنیستی لە نێو کێشمەکێشی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو دەورانەی روسیادا، کە چۆن ڕێکخستن و ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی بەرێتە پێشەوە. ئەمە پێگەی لینینە. مارکسیش بە هەمان ئەندازە. لە مانیفێستەوە بۆ دەورانی پێش مانیفێست و دوای مانیفێست. لە هەموو باسەکانیدا ئەوە بەرجەستەیە، کە چینی کرێکار ئامادە بکرێت بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی و کۆتایهێنان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری. باسەکەی من، کە دەمەوێت لەم کۆڕەی ئەمڕۆدا قسەی لەسەر بکەم هەر لەو بارەیەوە کە پێگەی هاوڕێ مەنسور لە خەباتی چینایەتیدا چییە و چ مێژوویەکی وەک ڕابەر و کەسایەتییەک لەسەر ڕۆڵی خۆی تۆمار کردووە.

واتە بەر لەوەی باس لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە بکەین، پێویستە لە خودی شۆڕش وردبینەوە کە خۆی چ مانایەکی هەیە، لای هەر یەک لە مارکس و لینین و مەنسور حیکمەت و چۆن پێناسە کراوە. هەڵبەتە ئامانجدارانە، ئەم سێ کەسایەتیە بەنمونە دەهێنمەوە، لە خەباتی کۆمۆنیستی و خەباتی چینی کرێکاردا. زۆر کەس و لایەن لە نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا لە باسی شۆڕشدا جۆرەها پێناسە دەکەن، لە ناسیۆنالستەکان و ئیسلامیەکان و تا بەشێک لە چەپەکان و کەسانی تریشەوە پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیە لە سەر شۆڕش، لەبابەتی شەڕی چەکدارانە و ڕوخانی دەسەڵات و هەرجۆرە ناڕەزایەتی و هەڵسانێکی جەماوەری... دەخەنە نێو چوارچێوەی پێناسەی شۆڕشەوە. بەڵام لای مارکس و لینین و مەنسور حیکمەت، شۆڕش تەواو مانایەکی وردتر و ڕۆشنتر و دیاریکراوی هەیە. لای مارکس و لینین و مەنسور حیکمەت تەنها یەک شۆڕش لە واقعیەتی پێکهاتەی

## عوسمانی حاجی مارف

کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوون و مانای هەیە، کە شۆڕش جگە هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی مانایەکی تری نییە. بە مانایەک تەنها شۆڕشی سۆشیالیستیە دەتوانێ مانایەکی واقعی ببەخشێت لە گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگەدا، ئەمەش لە دنیای واقعی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەوە تەنها چینی کرێکارە بەو ئەرکە مێژووییە هەڵدەستێت. هەربۆیە دەڵێین شۆڕشی کرێکاری، خەباتی چینی کرێکار پێگەی سەرەکیە لە مانای شۆڕش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، هیچ چین و توێژێک ئەو پێگەیەی نییە و نابێت.

واتە کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای پەیوەندی کار و سەرمایە دامەزرابێت، پێکەوە گرێدانی چینی کرێکار و سەرمایەداران ئەو پێکهاتەیەبێت و لە شێوازێکی پەیوەندی بەرهەمهێناندا بەرجەستەبێتەوە، قازانج و کەڵەکەی سەرمایە دەکاتە مایەی فەراهەم هێنانی سەخترین ژیان و گوزەران و ئەوپەری نائینسانی و بێ مافی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە، لەهەر کاتێکداا قابیلی تەقینەوە و لێک هەڵوەشاندنەوەیە.

پەیوەندی چینی کرێکار و سەرمایەدار ، کار و سەرمایە دەبێت هەڵوەشێتەوە و کۆتایی پێ بێت. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، بە ڕاپەڕینی جەماوەری و شەڕی چەکداری و کودەتا و هاتنە پێشەوەی سەندیکا و هاتنە مەیدانی چین و توێژە غەیرە کرێکاریەکان بەدەست نایەت و کاری ئەوان نییە. کۆتایی هێنان بە سەرمایەداری، کۆتایی هێنانە بە پەیوەندیەک کە خۆی هەر لە ئەساسەوە وەها پێکهاتوە درێژکراوەی چەوسانەوەی ئینسانە لەسەر ئینسان، چەوسانەوەی سەرمایەدارانە لەسەر کرێکاران، دەسەڵات و دەوڵەت بەدەست ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانی چینی بۆرجوازیەوە لە خزمەت سەرمایەداران و پاراستنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریەوەیە، هەربۆیە دەبێت بەرامبەرەکەی و ئەڵتەرناتیڤەکەی حکومەتی کرێکاری بێت.

سەرمایەداری شێوازێک لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانە کە تەواوی جیهانی داگرتوە، کاری بەکرێ و بەرهەم هێنانی کاڵایە بۆ بازاڕ، بۆ قازانج و داهاتێک، کەڵەکەی سەرمایە بۆ بەشێکی زۆر کەمی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێت، کرێکاران و سەرمایەداران کۆمەڵگەی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندیەکی دژ بەیەک دەچەرخێنن. ئەوەی مانای شۆڕشە، ئەو ڕێڕەوەیە کە هەنگاو دەنێت ئەم پەیوەندیە هەڵبوەشێنێتەوە و کۆتایی بە پەیوەندی کار و سەرمایە بهێنێت، بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کاری بەکرێ نەمێنێت. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت چینێک ئەتوانێ شۆڕش بکات کە چەوساوەی کاری بەکرێیە، سەرکەوتنی ئەو ململانێیە بە ئەنجام بگەیەنێت و کۆتایی بەکاری بەکرێ بهێنێ و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی

دامەزرێنێت. هیچ لایەن و چین و توێژ و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی غەیرە کرێکاری ناتوانێ و ناکرێ ئەو ڕۆڵە مێژووییە لە بری چینی کرێکار بگرێتە ئەستۆ.

ئەم ڕێڕەوە لای مارکس و لینین و مەنسور حیکمەت ڕۆشنە و هەڵسوڕانی سیاسی هەر ئەو مانایەیان پێداوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کاری سیاسی و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیان بردۆتە پێشەوە و دەوریان بینیوە. هەر یەکێک لەم شەخسیەتانە و هەر کەسێکی تر، کاتێ دەوریان بووە و چالاکی سیاسییان نیشانداوە، هەر بەو پێوەرەش پێگەی کەسایەتیان بەهەند وەردەگیرێت، کە تا چەند لەباری پراکتیکییەوە لە نێو خەباتی کرێکاراندا دەست و نەخشیان دیارە و هەنگاوی بەرەو پێشیان ناوە. هەنگاوە عەمەلیەکانیان تاچەند لە بواری کارکردن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی دەورێکی سیاسی عەمەلییان عەکس کردۆتەوە.

***

ئەو دیاردەیەی لەسەردەمانی دوای شۆڕشی ئێران و ڕوخانی شا و پێش جێگیربونی کۆماری ئسلامی، بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو بەرفراون، واقعیەتی هەڵسوڕانی سیاسی کۆمۆنیستەکانی لە ئێراندا نیشان ئەدا، چەندین ڕێکخراو بە شێوەی جیاواز بەیانی خەتی سیاسی و هەڵسوڕانی سیاسییان ئەنجام ئەدا، لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کێشمەکێشەکاندا چەندین ڕێکخراو بە ناوی جیاواز ناوبانگیان دەرکرد، بەڵام جگە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هیچ لایەنێکی تر نەیانتوانی هێمای کۆمۆنیستی وەک هێزێکی دەخالەتگەر لەڕوداوەکانی ئێراندا وەک هێزێک عەمەلی بکەنەوە.

ئەتوانم بڵێم "ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست"، کە بە یەکێک لە بچوکترین ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستانەی ئەو سەردەمە ئەژمار دەکرێت، لە دۆخی ئەوکاتەی ئێراندا، دەبینین بەدەوری هاوڕێ مەنسور کە سەرنج و مەیلی خۆیانی خستە سەر پەیوەست بون بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە، ئەم کارە دۆخێکی تری لە خەباتی کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمەی خستە بەر بەپرسیاریەتێکی مێژوویی، کە کۆمۆنیستەکان لەو جەنجاڵیەی ئەو سەردەمەدا دەتوانن چی بکەن، کە تا ئێستاش ئەوە دەبینین چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێراندا دانا. ئەمەش سەرەتای ئەو هەنگاوە عەمەلی و جدیە بوو کە مانای پێگەی ڕاگرتن و بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە هەند وەردەگرێت، یان بە مانایەک لە ساتێکی مێژوییدا پراتیکی شۆڕشگێڕانەیە کە ئاکامەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لێ بەرهەم هات، کە بۆ دەورەیەک کۆتایی بە پەرشوبڵاوی ڕێکخراوبونی کۆمۆنیستی هێنا.

لەباری عەمەلیەوە ئەم کارەی ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کارێکی خۆبەخۆ نییە، دەور و پراتیکی ڕابەرانێکە چارەنوسی بە سەرکەوتن گەیاندن و

## عوسمانی حاجی مارف

نیشاندانی قودرەتی سیاسی کۆمۆنیزمیان لە ئەولەویەتی خۆیاندا دانابوو، توانییان ئەزمونێک بەرجەستە بکەنەوە کە تائێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران و عێراق و کوردستان ماوەتەوە.

هەڵبەتە هەر لەم بارەیەوە ڕۆڵی لینینیش لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەخالەتێکی گەورەتر و کاریگەرتری نیشانداوە کە لەباری پراتیکیەوە دەوری لینین لە کاتی خۆیدا بەرجەستەتر و پێشڕەوانەتر مێژووی خەباتی سیاسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نیشانداوە، تا ئاستی گەیاندنی کۆمۆنیستەکان بە دەسەڵاتی سیاسی.

هەر لەو دەورانەدا زۆرێک لە مەنشەفیەکان، یان چەپی لیبراڵ وەها شۆڕشی سۆشیالیستی یان ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریان بۆ سۆشیالیزم لێکداوەتەوە، کە لە ڕێگەی گەشەی ئابوری و ئامادەیی چینی کرێکار هاوشانی ئەو گەشە ئابوریە، شۆڕشی سۆشیالیستی بە ئاکامی واقعی خۆی دەگات. واتە نیشاندانی تێڕوانینێکی میکانیکی لەبەردەم ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمەڵگە بەبێ پراتیکی شۆڕشگێڕانە مەیسەر دەبێت، مادام چینەکان هەن، واتە ناکۆکیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری حەتمیە کە  شۆڕشی کرێکاری بەبێ حیزب تیا بەدەست دێت، یان کرێکاران بۆ خۆیان ڕێکخراوی گونجاوی خۆیان دروست دەکەن شۆڕشێکی جیهانی بەرپا دەکەن ئەم ئاڵوگۆڕەش سروشتی  و خۆبەخۆ بە ئەنجام دەگات! بەڵام ئەم ئاڕاستەیە نە لای مارکس و لینین نە لای  مەنسور حیکمەت بەو شێوەیە دەست نیشان نەکراوە. بەڵکو دەخالەتی ڕاستەوخۆ و پێکهێنانی حیزب و ڕابەری حیزب لە خەباتی سیاسی بزووتنەوەی کرێکاریدا مانایەکی پراکتیکی و تایبەتی هەیە.

گواستنەوەی شوێنی هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی لە تارانەوە، بۆ کوردستان بەدەستپێشخەری هاوڕێ مەنسورەوە بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە و بەرجەستەکردنەوە و قوڵترکردنەوەی، زیاتری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە دەورانێکی تایبەت لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، تەشخیسێکی عەمەلی بوو لە کارکردن بۆ ڕێکخراوبون و بەهێزکردنی حیزبی کۆمۆنیست لە نێو هاوکێشەی سیاسی ئەو دەورانەی کێشمەکێشی چینایەتی و هێز و لایەنە سیاسیەکانی ئێران، یان موشەخەستر لەبەرامبەر دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەرچەند ئاڕاستەیەک لە نێو کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا بۆ خۆی پێداگری لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکرد، لە هەمانکاتدا ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست ئەو باسەیان شەفافتر و ڕۆشنتر و قوڵتر کردەوە.

دواتر هاوکاتی چونە پێشەوەی خەباتی کۆمۆنیستی لە هەلومەرجی سیاسی ئێران و ململانێی ڕەوتە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هاوڕێ مەنسور لەسەر ئەو واقعە پێشبینی کرد، کە پێگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەوران و

# مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

ئاڵوگۆڕ لە دۆخێکی تری ناوچەکەدا پێشهاتووە، ڕەوت و باڵە جیاوازەکانی ناو حیزب ناتوانن ئەو حیزبە بن کە دەوری ڕابەری لە خەباتی کرێکاراندا بۆ شۆڕشی کرێکاری لەو بارودۆخە تازەیەدا پیادەبکات. هەربۆیە خۆی وەک نوێنەری ڕەوتێکی تر لە نێو ئەو حیزبەدا ناساند، کە دەبێت ئاوێزان بونی حیزب بە خەباتی چینی کرێکارەوە مانا پەیدا بکات. هەربۆیە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ئەو ڕەوتە ناساند کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر ئەو بنەمایە پێک دێت، کە مەشغەڵەی سەرەکی ڕێکخستن و ڕابەری کردنی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی.

هەرچەندە بە ناچاری ئەو حیزبەی لە دەرەوی وواڵت پێک هێنا، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا بووە حیزبی ئۆپۆزسیۆنی یەکەم لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لەم بارەیەوە ناتوانین نکوڵی لە دەوری باسە سیاسی و فکریەکانی هاوڕێ مەنسور بکەین لەسەر ناساندن و ڕۆشنکردنەوەی خەتی فکری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵام ئەوەی حیزبی گەیاند بەو ئاستەی مانایەک لە هاوسەنگی هێز بدات بەدەسەتەوە بە قازانجی حیزبەکەی، یەکەم هەنگاو ئەنجامدانی پێکهێنانەکەی بوو، بە بەرنامە و خەتێکی سیاسی تەواو جیاوازەوە. پێکهێنانی حیزب و هەڵسوڕانی حیزبی و سیاسی ئەو هەنگاوە عەمەلیانە بوون کە حیزبەکەی بە دەوریدا هەڵدەخڕاند و کاریان لەسەر دەکرد.

من بۆ خۆم لە ژیانی سیاسیمدا بە دوو شێوە مەنسور حیکمەتم ناسیوە، بەشێکی دەربارەی نوسراوەکانیەتی، کە کاریگەرییان بووە لەسەر بەشێکی زۆری کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق. بەشێکیشی لەوەدا سەرنجی ڕاکێشام و بەبایەخ بووە لام کە لە باری عەمەلیەوە هەمیشە خاوەنی پێشنیار و داهێنان بووە کە چی بکرێت و چۆن کۆمۆنیزمی کرێکاری قودرەت پەیدادەکات و دەسەڵات بگرێت وەک نوێنەری چینی کرێکار.

هەر بەو مانایەی کەسێکی خاوەن ئەزمون و لێهاتو و داهێنەر بووە لە باری عەمەلیەوە، کە بە بۆچونی من ئەم خەسڵەتە سیفەتێکی کاریگەری تایبەتی هاوڕێ مەنسور حیکمەت بووە لە ژیانی سیاسیدا، هەر ئەمەشە بە بۆچونی من دەیخاتە ڕیزی هەمان خەتی پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کە لە ڕیزی دەخالەتگەرێکی سیاسی و عەمەلی وەک مارکس و لینینە، جا نە ناسینی ئەم خەسڵەتەیە ئەوانەی پێداچونەوە بە باسەکانیدا دەکەن ناتوانن ئەنجامگیریەکی دروست لە هەڵسوڕانی سیاسیاندا بەدەست بهێنن، هەربۆیە هەمیشە لە گێژاوێکدا دەمێننەوە و هیچ کات ناتوانن کاری تاکرەوی و گروپی و مەحفەلی تێپەڕێنن.

ئاڵوگۆڕێک کە مەنسور حیکمەت لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا خوڵقاندی، بە تایبەتی لە دەورانێکدا کە قەیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی دەنگدانەوەی دارمانی سۆڤیەتدا، جیهان لەبەردەم دەورانێکی تایبەتدا گوزەری دەکرد، کە لە

# عوسمانی حاجی مارف

هەموولایەکەوە هێرش دەکرایە سەر کۆمۆنیزم و مارکسیزم، لەسەردەمێکدا کە بانگەوزای حەتمی شکست و فەشەلی کۆمۆنیزم ڕادەگەیاندرا، هاوڕێ مەنسور پێداگری لەسەر هەقیانەت و سەلماندنی واقعیەتی ئایندەی سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی نیشان ئەدا و کاری بۆ دەکرد و پێشڕەوی گەورەی لەو قەیرانەدا نیشاندا.

بەڕاستی کەوتبووینە دەورانێکی سەختەوە بۆ بەرگری لە کۆمۆنیزم، هاوڕێ مەنسور هەر لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا، وتی، کە "ئێمە توانیمان کۆمۆنیزمەکەمان لەم بەڵای قەیرانە بپارێزین" چونکە هەر لەو سەردەمە سەختەی کە لە هەمو لایەکەوە هێرش دەکرایە سەر شکستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، هاوڕێ مەنسور حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕاگەیاند و هاوکات کاریگەری و ڕۆڵی جدی هەبوو لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا وە کە دواتریش لە هەناوی هەمان بزووتنەوە و خەتی سیاسیدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیش پێکهات.

هاوڕێ مەنسور، خەسڵەتی پراکتیزە بون و وەڵام بەوەی لەهەر دەورە و توندپێچیەکدا دەبێ چی بکرێت، هەمیشە نمونەیەکی بەرجەستەی کەسایەتی ئەو بووە، تەواوی ئەو کەسانەی ئێستا لە هەوڵی پێداچونەوەدان بە کۆمۆنیزمە کرێکاریەکەی هاوڕێ مەنسوردا، پێم وانییە بۆ ساتێک لە ژیانی سیاسییاندا دوودڵیان لەبەرامبەر خستنەڕووی هەر هەنگاوێکی عەمەلی بووبێت کە هاوڕێ مەنسور پێشنیاری کردبێت، لەهەمان کاتدا ئەو هاوڕێیانە، هەوڵیانداوە بیسەلمێنن کە نوێنەری ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی ئەوکارە عەمەلیانەن و وایان نیشانداوە لە پێش ئێمەوەن!

لەلایەکی ترەوە ئەوەی جێگای سەرنجە بەشێک لەو هاوڕێیانەی کە ڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییان بەجێ هێشتوە، ئەوەندە بە مەنسور حیکمەت ڕەوا دەبینن کە وەک "مارکسیەکی هاوچەرخ" بیناسێنن، ئەمەش هەر ئەو مانایەمان دەداتێ، کە تەنها لە ئەدەبیاتە فکری و سیاسیەکانیەوە وەک نوسەرێک مارکسیەکی هاوچەرخە و هیچی تر، هەر بەو مانایە تەواوی ژیانی سیاسی دەور و دەخالەتی لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، پێشڕەوی و بەرزڕاگرتنی ئەو بزووتنەوەیە و هەوڵدان بۆ بەهێزکردن و گەیاندنی بۆ دەسەڵات بە فەرامۆشی دەسپێرن و دەیکەنە کەسایەتییەکی ئاکادیمی و نایانەوێت خۆیان لە قەرەی ئەو ڕابردووە سیاسیە بدەن کە خۆشیانی تیا دروست بوون.

بەکارهێنانی "مارکسیزمی هاوچەرخ" پێناسەیەکی تەواو نادەقیق و نادروستە بۆ هاوڕێ مەنسور، بە بۆچوونی من بنەمای ئەم بۆچوونە لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک مەکتەبێکی ئایدۆلۆژی دەناسێنن و هاوڕێ مەنسوریش لەو مەکتەبەدا مامۆستایەکی باش بووە.

## مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

هەرلەدرێژەی جەنجاڵی ئەم بۆچونانەدا لەسەر ڕابەرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، کەسانێک بە خۆیان دەڵێن مارکسیزمی هاوچەرخ، واتە خەریکی گەڕانن بەدوای ئەو گرفتە تیوریانەی کە لە جیهانی فکری خۆیاندا هێشتا وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە و پێکهێنانی حیزبەکەشیان دەسپێرن بە ئایندەیەکی نادیار، یا چاوەڕێ دەکەن کرێکاران خۆیان حیزبی خۆیان پێکبهێنن.

خاڵێک کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبدەم، لە زۆربەی کۆبونەوەکان و دانیشتنەکاندا بەگشتی هاوڕێ مەنسور زۆر باس و نمونەی کارە عەمەلیەکانی لینینی دەهێنایەوە و قسەی لەسەر دەکردن، دەوری لینین لە خەباتی سیاسی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا نمونەیەکی بەرجەستەی عەمەلی بوو بەلایەوە بۆ گەیاندنی حیزبی کۆمۆنیست بە دەسەڵاتی سیاسی.

هەمیشە دووبارەی دەکردەوە "لینین مارکسیەکی واقعییە." هەر بەومانا پراگماتیزمەی دەوری مەنسور حیکمەت دەتوانم بڵێم هاوڕێ مەنسور "مارکسیەکی واقعی و عەمەلیە" نەک "مارکسیەکی هاوچەرخ".

لە ئاکامی پێداچونەوە بە باسەکانی هاوڕێ مەنسور کێشەیەک نییە، بۆ هەر کەسێک بەو ئەنجامە جیاوازیە فکری و سیاسیانە بگاتە باسێکی جدی و گرتنەبەری پرۆسەیەک، کە ئاڵوگۆڕێکی کاریگەر لە باری عەمەلیەوە نیشان بدات، بەڵام بەداخەوە لەم بارەیەوە تائێستا لە ڕێڕەوی باسکردنی ئەو هاوڕێیانە لە سەر جیاوازییان لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت، جگە لە بیستنی وشەی "جیاوازیمان هەیە" کە نەمانزانی ئەو جیاوازیانەی کە دەبێت ئاڵوگۆڕ، بۆ پێشڕەوی زیاتر لە خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی بگرێتە بەر، لەباری عەمەلیەوە چییە، لە بۆشاییدا ماوەتەوە. یان هەر تەرحێکیش کرابێت لە بۆچونی خاوەنەکەی یا کەسانێک کە بە پەنجەکانی دەست ئەژمار دەکرێن تێنەپەڕیوە. هەڵبەتە جەدەل لەسەر بیروباوەر بەدور لە مانا عەمەلیەکەی، هەر ئەو پەراوێزبونەی لێ بەرهەم دێت.

لەگەڵ ئەوەی مەشغەڵەی جیاوازی بۆتە ڕێگای بیرکردنەوەیەک کە نەتوانن ئەجندای سیاسی لێدەرکێشن، لە هەمان کاتدا لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "مارکسیزمی هاوچەرخ" بۆ پێناسەی هاوڕێ مەنسور، لەبەردەم ئەو ناکۆکیەدا بەرەوڕوو دەبنەوە کە نەیانتوانی وەک "مارکسیەکی هاوچەرخ" خۆشیان بناسێنن.

کەسانێک سی ساڵ زیاتر لایەنگری مەنسور حیکمەت بوون و وەک ڕابەرێک تا لە ژیاندا بوو مەرجەعی سەرەکییان بوو، لە مەیدانی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەوریان بینیوە، سی ساڵە لەگەڵ ئەدەبیاتی مەنسور حیکمەتدا دەستیان تێکەڵاو کردووە و هەر ئەو

## عوسمانی حاجی مارف

ئەدەبیاتانە زهنیانی لە بیروباوەڕی ماویزم و پۆپۆلیزم و خەباتی ناکرێکاری و ناکۆمۆنیستی دوورخستەوە، بەڵام ڕۆژێک لە ناکاو لە خەو هەڵدەستن و لە هەستکردن بە تارماییەکی نەزانراو، مەنسور حیکمەت بۆیان دەبێت بە شتێکی تر. مەنسور حیکمەت بووە بە کەسێک، کە تەنها "مارکسیزمێکی هاوچەرخە"، یان "بۆچوونەکانی هاوڕێ مەنسور لەسەر حیزب و کۆمەڵگە و حیزب و دەسەڵات نادەقیقە"!؟ ئەمە ئەو ئاڕاستەیەیە، کە ناتوانن مەنسور حیکمەت وەک مارکسیزمێکی واقعی و پراکتیکی بناسن، وەک کەسێکی ناکارامە و ناشۆڕشگێڕ، لە ڕیزی مارکس و لینین دایدەبڕن، هەرچەندە کەسانێکیش هەر لە درێژکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی لەبەرامبەر هاوڕێ مەنسوردا هەیانە، بەوە گەیشتون کە هەمان پێناسەش لەسەر لینین دەکەن، بەو مانایەی ڕۆڵی ڕابەری لینین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەخەنە ژێر پرسیارێکەوە، کە نەدەبوو بەلشەفیکەکان ڕابەری ئەو شۆڕشە بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست، شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە دوای لینین لەو خاڵەدا دەستنیشان دەکەن. لینین کە نمونەی کەسایەتیەکی پراکتیزەن و نمونەییە و ڕۆڵی لە گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی کۆمۆنیستەکان لە دەوارنی خۆیدا سەلماندوە، بەڵام لای ئەم هاوڕێیانەی ئێمە بۆتە شەبەحێک و ئەزمونێک، نابێت دەرس لە سەرکەوتنەکانی وەرگرین. لە هەمان کاتدا جەگە لە بانگەشە و خواستی پێداچوونەوە بەو ئەزمونانە ڕێگایەکی تری سەرنجڕاکێش و عەمەلی ناخەنە سەر ڕێگای بەهێز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیەوە، تەنها بۆچونەکانیان لەو بارەیەوە لە ئاستی پرسیارێکی بێ وەڵامدا جێدەهێڵن!

وەرگرتنی ئەزمونێک لە کار و نەخشەکانی هاوڕێ مەنسوردا مەسەلەیەکی جدیە، کاتێک لە پێشنیاری هەرکارێکی حیزبی و سیاسی گەر بۆ خۆشی ئەو پێشنیارەی کردبێت و خاوەنی نەخشەیەک بووبێت، گەر ئەو کارە ڕێگری بۆ دروست بووبێت و گیری تێکەوتبێت، یا ئاکامێکی عەمەلی و ئەرێنی نەدابێ بەدەستەوە، هیچ کات دوودڵی لەسەر ئەوە نەبووە، کە نەخشەکەی بۆ شێوەیەکی تر بگۆڕێت، دەیوت "کاری ڕۆتین کوشندەیە"، بۆیە پێویستە هەمیشە لە نەچونە پێشەوەی هەرکارێکدا ڕێگا و کاراکتەری تری بۆ پەیدابکەی، ئەو کارە ڕوتینەی کوشندەیە، ئەتوانین بە باشی و ئاسانی گروپ و مەحفەلەکانی پێبناسینەوە.

بەداخەوە ئەم ئەزمونە لەنێو هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێنەکەوتوە، دەبینین ئامادەن بۆ چەندین ساڵ ژیانی سیاسی بە چەند کارێکی ڕۆتینی بێبەرهەم بگوزەرێنن، هەڵبەتە ئەم سەرەنجامە تەنها لەسەر ئەوکەس و گروپانە نییە کە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری جیابوونەتەوە، بەڵکو نەخۆشییەکە هێشتا یەخەی حیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریشی بەرنەداوە. پێویستە کاری سیاسی بەردەوام و ئاڵوگۆڕ و داهێنانی

## مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

تیا بکرێت، گەر نەتزانی وەک گروپێکی حاشیەیی و ناسیاسی و تەریک دەمێنیتەوە و ناتوانی ڕێکخەر و ڕابەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بیت.

به بۆچوونی من ئەوانەی لەم بزووتنەوەیە چوونە دەرەوە و ڕێگایەکی تریان گرتۆتە بەر، پێش هەموو شتێک ڕێگای نوسین و وتارو بڵاوکراوە و کتێب دەرکردنیان گرتۆتە بەر، دەستە و گروپی جیاوازیان پێکهێناوە، بانگەوازی ڕابەری بۆ خەباتی کرێکاری دەکەن، یان چاوەڕێن کرێکاران لە نێو خۆیاندا ڕابەرانی خۆیان و حیزبی خۆیان پێک بهێنن. بەڵام لە باری عەمەلیەوە نەیانتوانیەوە یان نەیانویستوە نیشانی بدەن ئەو کارانەی ئاڕاستەکەیان دەباتە پێشەوە چین؟

ئەمەش جگە لەوەی کەموکوڕییەکی گەورەی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەن کە بە شێوەیەکی تر لە بەیانکردنی تێگەیشتن لە مارکسیزم و سۆشیالیزم خۆیان ڕاگەیاندووە، لە هەمان کاتدا دووبارەکردنەوەی هەمان پرۆسەی ئەو سەردەمانەیە کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشودا، چەند ڕێکخراوێک لە هەمان چەقبەستنندا بە دیار ئایندەیەکی نادیارەوە هەڵسوڕانی ڕێکخراوەییان دەکرد، بەڵام هاوڕێ مەنسور وەک فریاد ڕەسێک لەو چەقبەست بوونە دەریکێشان. هەر بەو مانایەش کە گەڕاونەتەوە بۆ دووبارەکردنەوەی مێژوویەک کە لە باری فکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بەسەرچووە، بۆیە ئەو کەسانە لەلایەک خۆناساندیان وەک ڕابەر و لەلایەکی ترەوە ئومێدی سەرکەوتن لە ئاڕاستەکەیاندا، دەکەونە ژێر پرسیارێکی جدییەوە.

نەناسینی مەنسور حیکمەت وەک مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ، مارکسیستێکی واقعی، کە دەور و جێگەوڕێگەی خۆی نەخشاندوە لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەدا، دەوروبەرەکەی وەها ڕاهێنا بوو، کە دەبێت ئامادەبن بۆ شۆڕش، شۆڕشێک نا کە مانای کۆتایی هێنان بێت بە کۆماری ئیسلامی، شۆڕشێک نا کە ڕوخانی سەدام و حکومەتی بەعس بێت، بەڵکو شۆڕشێک کە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بسەپێنێت. ئامادەبون بۆ شۆڕشێک کە دەسەڵاتی چینی کرێکار تەواوی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری ژێرەوژور کات، ئەمە مەشغەڵە و ئامانج و ئەزمونی داهێنەرانەی پراکتیکی و دەوردەخالەتی هاوڕێ مەنسور بووە، کە ڕۆژانە و هەمو ساتێک ڕەنگدانەوەی تەواوی کارە عەمەلی و سیاسیەکانی ئەو بووە.

ئەگەر مەبەستی باسەکەم کورت بکەمەوە، ئەوەی گرنگە لەم باسەدا هەوڵدانێکە بۆ باشتر ناسینی مەنسور حیکمەت وەک مارکسیەکی واقعی و پراگماتیک، بەومانەیە لە دەورانی خۆیدا زانیویەتی وەڵام بەچی باتەوە و دەبێت چی بکات، بەمانایەک بەیانکردنی جیاوازیە لەبەرامبەر ئەو لایەن و کەسانەی کە خۆیان لە مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری جیادەکەنەوە و دوای سی ساڵ زیاتر کارکردن لەژێر چەتری مەنسور حیکمەت و

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئێستا بەبێ ڕۆشنکردنەوەی پێش وەختی جیاوازیەکانیان، هاوڕێیانی هاوخەباتی چەندساڵەیان بەجێ دەهێڵن، دواتریش وەها ڕادەگەیەنن ڕێگایەکی دروستتریان پەیدا کردووە، یان بەدوای ڕێگایەکی دروستتردا دەگەڕێن!

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێ سەرنجەکانم دەچێتە سەر ئەو هاوڕێیانەی پێداچوونەوە بە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەکەن، مانای ئەوە نییە زۆرینەی ئەو لایەن و هاوڕێیانەی لە پەیوەند بە کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە هەڵسوڕانی سیاسی دەکەن، لە باری عەمەلیەوە خۆیان بە درێژکراوەی هەمان ئەو ڕەیڵە مارکسیە واقعی و پراکتیکیە پێناسە دەکەن، کە پەیڕەوییان لە مەنسور حیکمەت و لینین کردووە. تێبینی من وەهایە ئەمەش پرۆسەیەکە کە لە مەیدانی عەمەلی و کارکردن و هەڵسوڕانی سیاسی لە دنیای واقع و ململانێدا کۆمۆنیست بوون و شۆڕشگێڕ بوونی خۆی دەسەلمێنێت.



موحسین کەریم

# مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

تێبینی:
ئەم باسە لەسەر بنەمای وتارێکم ئامادەکراوە کە لە سیمیناری هەفتەی مەنسور حیکمەت لە حوزەیرانی ٢٠٢٤ دا لە لەندەن پێشکەشم کرد. ناوەڕۆکی وتاری سیمینارەکە هەمان ناوەڕۆکی ئەم نوسینەیە، بەڵام لێرەدا هەندێ دەسکاریکراوە لە شێوازی دەربڕین و ڕستەبەندی و دابەشکردن و فراوانکردنی چوارچێوەی باسەکەو هێنانەوەی نمونە لە قسەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین و مەنسور حیکمەت لەو شوێنانەدا کە بەپێویستم زانیوە، کاتێک باسی ئەوانم کردووە، وەکو پشتیوانی لە لێکدانەوەکانی خۆم.

**بایەخی ئەم باسە لە ئێستادا چییە؟**

کاتێک مەنسور حیکمەت باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسی هێنایەئاراوە، لەناو خودی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ئێران و لە عێراقیشدا تاڕادەیەک، بووە جێگای مشتومڕ

# موحسین کەریم

و وەکو بابەتێکی سەیر و نامۆ سەیردەکرا. تائێستاش ئەم باسە بابەتی کێشمەکێش و هێنانوبردنە لەناو ئەو بزووتنەوەیەی بە کۆمۆنیزم ناوزەد دەکرێ. پێموایە ئەم باسە مەسەلەیەکی بنەڕەتی کۆمۆنیزمە لەم قۆناغەی ئێستاشدا، بۆیە لەناو باس و بابەتە پڕبایەخ و گرنگەکانی مەنسور حیکمەتدا، ئەم بابەتەم هەڵبژارد بۆ قسەوباسکردن لەسەری. بێگومان ئەم باسەی من پشتی بەو دوو باسەی هاورێ مەنسور حیکمەت بەستوە کە لەژێرناوی "حزب و کۆمەڵگا" و "حزب و دەسەڵاتی سیاسی"دا ئەنجامی داون، کە ڕوانگەو بینینی ئەو نیشان دەدات دەربارەی پرسی دەسەڵاتی سیاسی و جێگەوپێگەی حزبی سیاسی لەپەیوەند بەو پرسەوە. من لەدرێژەی باسەکەمدا دەچمە سەر باسی هەرسێ چەمکی "شۆڕش، دەسەڵاتی سیاسی و حزبی سیاسی کۆمۆنیستی" کە سێ چەمکی پێکەوەگرێدراون لە تیۆر و میسۆدی شۆڕگێڕانەی مارکسیستیدا. بایەخی ئەم باسە لەئێستادا ئەوەیە کە لەدوای ئەوەی دەسەڵاتی کرێکاری لە ڕوسیادا شکست دەهێنێ ، پرسی دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە مەسەلەیەکی لاوەکی و لەپراتیکی سیاسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەچێتەدەرەوە و هیچ نەخشەو پلانێکیان نابێت بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. لەدوای بەلشەفیەکان و لینین هیچ ڕەوتێکی کۆمۆنیستی نییە کە بەکردەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی تێکۆشابێت. هەڵبەتپرسی دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە وەکو چەمکێک لەلایەن بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیەوە بەرزکراوەتەوەو وەکو مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست تەماشاکراوە، بەڵام لەدنیای واقعیدا، لەدوای ناکام مانەوەی حکومەتی کرێکاری دوای مردنی لینین، ئەم پرسە شتێکی زیاتر لە ئیدیعایەکی سیاسی نەبووە و بەکردەوە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەوتە سیاسیە کۆمۆنیستیەکان لەچوارچێوەی خەباتێکی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە دەسەڵاتی بۆرژوازی واوەتر نەچوون! بێگومان مەبەستی من ئەو بزووتنەوەو ڕەوتە بۆرژواییانە نییە کە لەژێرناوی کۆمۆنیزمدا، لەدوای هاتنەسەرکاری ناسیۆنالیزمی ڕوسی، کە لەسەر داروپەردوی شۆڕشی کرێکاری و ناکام مانەوەی حکومەتی کرێکاری لە ڕوسیادا بەدەسەڵات گەیشتبوو، لە زۆرێک لە وولاتانی دنیادا دەسەڵاتی سیاسییان گرتبووە دەست یان بەشێک بوون لەدەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی، لەوانە باڵ و لقەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی ڕوسی،کۆمۆنیزمی ئەوروپایی، کۆمۆنیزمی چینی، کۆمۆنیزمی جیهان سێهەمی و ڕێبازی چریکی و تاد....مەبەستی من ئەو کۆمۆنیزمەیە کە خۆی بە میراتگری کۆمۆنیزمی کرێکاری دەزانێت کە لە روسیادا شۆڕشی کردو حکومەتی کرێکاری دامەزراند، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ٢٠ ی سەدەی ڕابردوو لە ڕوسیادا شکست دەهێنێ.لەئاکامی ئەوەشەوە، ئەو ڕەوت و بزووتنەوەیە لەسەر ئاستی دنیادا دەکەوێتە ژێر هەلومەرجێکی فکری و سیاسی سەخت و دژوارەوەو چاوەڕوانیەکانی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی- حزبی چینی کرێکار

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

پاشەکشەدەکات. بەرەبەرە پرسی دەسەڵاتی سیاسی بۆی دەبێتە ئیدیعاو روئیاو بەکردەوە لە پەراوێزی کۆمەڵگادا جێگا بۆخۆی دەگرێ وەکو بزووتنەوەو ڕەوتێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕادیکاڵی سەرمایەداری کە پرسی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەکو ئامانجی دوورەدەست دەمێنێتەوە، بەڵام لەدنیای واقعیدا و لەکردەوەی سیاسی رۆژانەیدا خەریکی خەباتە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ریفۆرمی سیاسی و ئابوری بۆ چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا!

مێژووی نزیکەی ١٠٠ ساڵی رابردووی ئەم بزووتنەوەیە، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن پرسی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار بەکردەوە لە ئەجێندای سیاسی-پراتیکییدا نەماوە یان ئەوەندە کاڵبۆتەوە کە تەنها ڕەنگە لەهەندێ بۆنەو یادەوەریدا ئاماژەی پێبکرێتەوە!

بایەخی باسی "حزب و دەسەڵاتی سیاسی" مەنسور حیکمەت لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. لەکاتێکدا کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەکردەوە دەستبەرداری دەسەڵاتی سیاسی دەبێت و لەکەناری کۆمەڵگادا وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن و گروپی فشار جێگا دەگرێ، جارێکی دیکە مەنسور حیکمەت پرسی دەسەڵاتی سیاسی وەکو گرنگترین مەسەلەی سیاسی و پێناسەیی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاری- کۆمۆنیستی تەئیکد دەکاتەوە. وەکو مەسەلەی ڕۆژ دەیخاتەوە بەردەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری.مەنسور حیکمەت لە باسی " حزب و کۆمەڵگا" دا ئاماژە بەوە دەکات کە "ئەو شتەی کە ڕێکخراویک دەکاتە حیزبیکی سیاسی و لە گروپەکانی فشار، کۆڕوکۆمەڵە فیکری، فیرقە عەقیدەییەکان، ناوەندە ئەدەبی و چاپەمەنییەکان و تۆڕی کۆڕوکۆمەڵەکان جیایدەکاتەوە، لەپلەی یەکەمدا پەیوەندی ئەو ڕێکخراوەیە بە دەسەڵاتی سیاسیەوە."

لە باسی حزب و دەسەڵاتی سیاسیدا دەڵێت:" یەکەم خاڵ کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم و ڕەنگە وەکو کوفر بێتەپێشچاو ئەوەیە کەئەم حزبە چاوی لە دەسەڵاتی سیاسی بڕیوە و دەیەوێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. ئەمەش نەک هیچ ناکۆکیەکی نییە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکاردا، بەڵکو لە بنەڕەتدا تەنها ڕێگای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە هەر ئەمەیە کە لە ڕێگای حزبی خۆیەوە بەدەسەڵات بگات." لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"رەنگە دەسەڵاتگرتنی حزب بە دەسەڵاتگرتنی چینەکە کۆتایی نەیەت، ئەوە پەیوەستە بەوەی کە چ جۆرە حزبێکە. من باسی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکەم".

### دوو چەمکی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسی

چەمکی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسی دوو چەمکی سەرەکی و بناغەیین لە بیرکردنەوەی

## موحسین کەریم

مارکسیستی و خەباتی چینایەتی چینی کرێکار لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا. چینی کرێکار بۆئەوەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە هەلومەرجی سیاسی- ئابوری – کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا بکات، بۆئەوەی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دۆخی ژیان و گوزەران و پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی خۆیدا بکات، واتە بۆئەوەی لە پێگەی کۆیلەی کاری بەکرێ ڕزگاری ببێت و وەکو مرۆڤێکی ئازاد کە بەشدارە لە خاوەندارێتی گشتیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، پێگەی خۆی پەیدا بکاتەوە، دەبێ دەست بۆ شۆڕش بەرێت بەسەر ئەو هەلومەرجە سیاسی- ئابوری- کۆمەڵایەتیەی کە پێگەی کۆیلەبوونی ئەوی بۆ کاری بەکرێ هێشتۆتەوەو دەیهێڵێتەوە! چینی کرێکار یەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەناسێت کە شۆڕشی کۆمۆنیستییە. شۆڕشێک کە سەرتاپای سیستمی ئابوری- سیاسی ئێستا هەڵدەوەشێنێتەوەو لەجێگایدا سیستمێک دادەمەزرێنێ کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ دامەزراوە.

بەڵام ئامانجی یەکەمی شۆڕشی کۆمۆنیستی گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە لەلایەن چینی کرێکارەوە. واتە هەنگاوی یەکەم لە پرۆسەی شۆڕشی کۆمۆنیستیدا داماڵینی بۆرژوازیە لە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکارو دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە.

مارکس و ئەنگڵس زۆر بەڕوونی لە سەردەمێکدا کە بۆرژوازی لەسەرەتای داکوتانی بناغەکانی دەسەڵاتی ئابوری- سیاسی خۆیدا بوو، ئەویش لە بەشێکی جیهاندا، ئەم پەیامەیان سەبارەت بە شۆڕشی کرێکاری و پرسی دەسەڵاتی سیاسی ڕاگەیاند و کردیانە بەردی بناغەی دیدگاو بۆچوون و جیهانبینی و پراتیکی سیاسی خۆیان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێن: "شۆڕشی کۆمۆنیستی، ڕیشەییترین پچڕانە لە پێوەندی نەریتی خاوەندارێتی، سەیریش نییە کە لە گەشەی خۆیدا سەردەکێشێتە ڕیشەییرین پچڕان لە بیروڕا نەریتیەکان...بینیمان کە یەکەم هەنگاوی شۆڕشی چینی کرێکار ئەوەیە کە پرۆلیتاریا، هەتا پێگەی چینی دەسەڵاتدار بەرێتەسەر و پرسی دیموکراسی بباتەوە....

ئامانجی <u>یەکەمی کۆمۆنیستەکان هەمان</u> ئامانجی پارتە کرێکاریەکانی دیکەیە؛ ڕێخکستنی پرۆلیتاریا بەشێوەی چینێک، شکستهێنان بە باڵادەستیی بۆرژوازی، و <u>دەستگرتنی پرۆلیتاریایە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا</u>."

ئەنگڵس لە کتێبی "ئەنتی دوهرینگ" دا سەبارەت بە پرسی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت دەنوسێت:"پرۆلیتاریا دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە دەگرێ و پیش هەموو شتێک

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەگوێزێتەوە بۆ دەوڵەت."
ئەو نمونانەی سەرەوە تەنها چەند ئاماژەیەکە بە بۆچوون و هەڵوێستی مارکس و ئەنگلس سەبارەت بە شۆڕشی کرێکاری و دەسەڵاتی سیاسی. ئەوان بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆئەوەی پرۆلیتاریا لە پێگەی کۆیلەی بەکرێ ڕزگاری ببێت، دەبێت شۆڕش بکات و یەکەم هەنگاوی شۆڕشیش گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتییە لەلایەن چینی کرێکارەوە. بەم پێیە، ئەو جۆرە بۆچوونەی کە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی وەکو پرسێکی پراتیکی هەرە گرنگ لە خەباتی چینایەتی و ئامانجی ڕزگاریی چینی کرێکاردا دەردەکێشێ و وەکو هەنگاوی کۆدێتاچیانەو سەپاندنی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانە ناوزەدی دەکات و گوایە هەر جۆرە دەسەڵات و دەوڵەتێک پێچەوانەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی چینی کرێکارو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ئەو چینەیە، بێجگە لە هەڵویست و بۆچوونێکی ئانارشیستانە کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقعیەتی ماددی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاوە نییە، شتێکی دیکە نییە. لە دنیای واقعیشدا قبوڵکردنی مانەوەی دۆخی سیاسی_کۆمەڵایەتی ئێستایە.
هەڵبەتە لینین ئەو پەیامەی مارکس و ئەنگلس و مانیفێستی کۆمۆنیستی لە پراتیکی چینایەتی کرێکارانی ڕوسیادا تائاستی بەرپاکردنی شۆڕش و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری برد. لینین بە دروستی جێگاوریگای شۆڕشی لە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریادا دەرک کرد و هەموو هەوڵێکی بۆئەوە بوو کە ئەو دەرفەتانەی خودی کۆمەڵگای بۆرژوازی ڕوسیا بۆ شۆڕشی چینی کرێکار فەراهەمی دەکەن، لەدەست نەدات و ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشیش بە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار بەرجەستە بکات. بەڵام لینین بەدروستی لە دەورونەخشی چارەنوسسازی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاری تێگەیشتبوو لە پرسی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیدا.گومان لەوەدا نییە کە پرس و چەمکی حزبی سیاسی ( چ کرێکاری و تەنانەت بۆرژواییش) لە دەورانی مارکس و ئەنگلسدا بەوڕادەیەی سەردەمی لینین و سەردەمی ئێمە گەشە و تەکامولی نەکردبوو، ئەگەرچی ئەوان بەڕوونی ئاماژە بۆ پێگەی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار دەکەن لە پرسی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکاردا و مانیفێستەکەشیان ناوناوە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست. لینین لەو تێگەیشتن و بڕوا قوڵەی بە جێگاوریگای حزبی سیاسی چینی کرێکار هەیبوو، لەپرۆسەی بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی چینی کرێکار بەرەو کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کاری بەکرێ و سەرمایەداری، خەباتێکی سەرسەخت و لێبڕاوو بەردەوامی کرد بۆ دروستکردن و دامەزراندنی پایە فکری_سیاسی_عەمەلیەکانی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کرێکاری و لە ڕێگای ئەو حزبەوە لەناو هەلومەرجێکی سیاسی شۆرشگێڕانەدا توانی چینی کرێکاری ڕوسیا بۆ

# موحسین کەریم

ئەنجامدانی شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕابەری و ڕێنمایی بکات.
پرسیارێک ڕەنگە بێتەپێشەوە کە ئایا بۆچی چینی کرێکار بەبێ بەرپاکردنی شۆڕش ناتوانێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سیستمی ئابوری سیاسی بۆرژوازیدا بکات، واتە ناتوانێ ئاڵوگۆڕی ئابوری بە ئاقاری دامەزراندنی ئابوری سۆشیالیستی بکات؟ بۆچی مەرجی یەکەمی ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستیانەی ئابوری گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە لەلایەن چینی کرێکارەوە؟ بەکورتی لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕدا و گۆڕینی بۆ خاوەندارێتی گشتی کۆمەڵگا لە ڕێگای ڕیفۆرمی سیاسی- ئابوریەوە مەیسەرنابێت. هەڵوەشاندنەوەی دابەشبوونی چینایەتی بەسەر چەوسێنەرو چەوساوەدا، بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریەوە، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەبێ شۆڕش و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە مومکین نابێت، چونکە لە هەموو کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا خاوەندارێتی لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە گۆڕاوە. شێوازی دابەشبوونی چینایەتی گۆڕاوە. بەڵام گواستنەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی تەنها شێوازی دابەشبوونی چینایەتی ناگۆڕێت، بەڵکو دابەشبوونی چینایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە. لەبەرئەوەی خاوەندارێتی لە چینێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ چینێکی دیکە، بەڵکو دەگوێزرێتەوە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا. واتە خاوەندارێتی لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا لە چینی بۆرژواوە ناگوزرێتەوە بۆ چینی کرێکار، بەڵکو چینی کرێکار لەگەڵ دامەزراندنی ئابوری سۆشیالیستیدا، ئیتر وەکو چینێک نامێنێ و کۆتایی پێدێت. مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا بریتی نین لە چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵەی مرۆڤەکان کە پێکەوە کاردەکەن. واتە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوە کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی خۆیان و پێکەوەش کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن و پێویستیان بە دەزگای دەوڵەتی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.
مەسەلەیەکی دیکە کە جێی خۆیەتی ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە، واتە تەنها شۆڕشێکی سیاسی نییە کە دوای گرتنی دەسەڵاتی سیاسی کۆتایی بێت، بەڵکو دوای گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری، هەنگاوەکانی دواتری شۆڕش کە ئامادەسازییە بۆ لەنێوبردنی ئابوری سەرمایەداری و دامەزراندنی ئابوری سۆشیالیستی دەست پێدەکات و تا تەواوکردنی ئەو ئەرکە بەردەوام دەبێت. شۆڕشی کرێکاری ئەوکاتە ئەرکەکەی تەواو دەبێت کە پێویستی دەوڵەتیش نامێنێ و کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و دامەزراندنی دامەزراوە هەرەوەرزییە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئابوریی کۆمەڵگا دەڕوات.بەپێچەوانەی چینەکانی دیکەوە، کە لەناو هەناوی خودی پەیوەندییە ئابوری- کۆمەڵایەتیەکانی پێشوودا، بەرلەوەی

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

دەسەڵاتی سیاسی کەوتبێتە دەستیان، گۆڕانکاری ئابوری و فکری و تەنانەت فەرهەنگییان ئەنجامداوە. بۆنمونە، بۆرژوازی، پێشئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی بکەوێتە دەستی تەنها پێویستیبە ئەنجامدانی شۆڕشێکی سیاسی هەبووە، بگرە زۆرجاریش پێویستی بەوە نەبووەو چینی دەسەڵاتداری پێشوو، کاتێک بنیویەتی زەمینەکانی پەیوەندیە ئابوریە نوێیەکان خەملیوەو پەیوەندیە کۆنەکان بەرەو پوکانەوە دەچن، خۆشیان دەبنە بەشێک لە چینی خاوەن موڵکی نوێ، بۆیەلە ڕێکەوتنێکی سیاسیدا، دەسەڵاتی ڕادەستی بۆرژوازی کردووەو خۆشی بووتە بەشێک لەو دەسەڵاتە نوێیە.

مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێن:" **بینیمان کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ کە لەسەر بنەمای ئەو بۆرژوازی سەریهەڵدا، لەناو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا دروستبوو بوو....** " بەوجۆرە ئەوە ڕوونە کە لەهەموو ئەو وولاتانەدا لە پێشەوە بنەماکانی ئابوری سەرمایەداری دامەزرابوو، وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بۆرژوازیەوە لەرێگای ریفۆرمێکی سیاسیەوە مەیسەر دەبوو.

### جێگای حزب لە پرسی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیدا

بەبڕوای من حزبی سیاسی کۆمۆنیستی دەوری چارەنوسسازی هەیە لە پرسی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەوە ڕاستە کە حزبی سیاسی شۆڕش و هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە دروست ناکات، بەڵکو بەرهەمی دۆخێکی ئابوری_سیاسی دیاریکراوە کە بۆرژوازی گیرۆدەی دەبێت و وەکو لینین دەڵێت سەرەوە ناتوانێ وەکو دوێنێ حوکم بکات و خوارەوەش ڕازی نییە و خوازیاری گۆڕانکارییە، بەڵام حزبی سیاسی دەتوانێ لەو دۆخەدا فرسەت لەدەست نەدات و چینی کرێکار بەرەو سەرکەوتنی شۆڕش و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕابەری بکات.

لەڕووی مێژووییەوە، سەرمایەداری دەمێکە زەمینەو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕشی کرێکاری فەراهەم کردووە. بەپێچەوانەی دەورانی فیوداڵیەوە کە هەزاران ساڵ درێژەی کێشا، هەر لەسەرەتاوە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری توخمی نەفیکردنەوەی خۆی (واتە چینی کرێکار)ی بەرهەم هێناوەو ئیمکاناتەکانی شۆڕشی کرێکاریشی فەراهەمکردووە، ئەوەش خاسیەتێکی تایبەت بەخودی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە.

سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بەپێچەوانەی سیستمی بەرهەمهێنانی دەرەبەگییەوە، کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی سروشتی و پەیوەندی جوتیار بە زەویەکەیەوە ڕاوەستابوو، کە جوتیارێک هیچ پەیوەندیەکی بەرهەمهێنانی لەگەڵ جوتیارێکی دیکەدا نەبوو، دوو گۆڕانکاری گەورەی کرد؛ یەکەم: بە کۆکردنەوەی کرێکاران لەژێر سەقفێکی کارکردندا

لەلایەکەوە و دووەم: بە کۆمەڵایەتیکردنی خەسڵەتی کار لەلایەکی دیکەوە، دەرفەتی تێکەڵبوونی کرێکاران و هەستکردن بە هاوبەشی و هاوبەرژەوەندی و لەئاکامی ئەوەشەوە خۆرێکخستن بۆ خەباتکردن لەپێناو ئامانجی هاوبەشدا، دەستەبەر دەکات. مارکس لە کتێبی " هەژدەی برومێر"دا سەبارەت بە جوتیار وەکو چینێک ئاوا باس دەکات:"... پارچە زەوییەکی بچووک و جوتیارو خێزانەکەی، لەتەنیشتیەوە پارچەیەکی دیکەی بچووکی زەوی و جوتیارو خێزانەکەی. دەیان خێزانی لەوجۆرە لادێیەک پێکدەهێنن و چەند دێیەکیش ناوچەیەک. بەوجۆرە کوتلەی گەورەی نەتەوەی فەرەنسا تەنها بەزیادکردنی بڕی چوونیەک پێکدێت، وەکو چۆن چەند پەتاتەیەک لەناو کیسەیەکدا، کیسەیەک پەتاتە پێکدەهێنن".

کەواتە یەکەم فاکتەری ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری، ئیمکانی ڕێکخراوبوونی کرێکارە وەکو چینێک، کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە فەراهەم بووە. دووەم، ئەوەیە کە خودی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لەپاڵ توانای ڕێکخستندا، تواناو ئیمکاناتەکانی هوشیاربوونەوەی چینایەتی کرێکارانیشی مەیسەرکردووە. ئەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی بۆرژوازی لەبواری تەکنۆلۆژیادا هێنایەئاراوە، ئەوەی پێویست دەکرد کە کرێکار لەڕووی زانست و زانیاریەوە ئەوەندە کارامەیی هەبێت کە بتوانێ ئامێرەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان کارپێبکات. ئەوەش خۆی پێویستی بە چوونەسەری ئاستی هوشیاری چینی کرێکار هەبوو، پێویستی بە شارەزایی لەبواری تەکنۆلۆژیا هەبوو، دەبوایە بەردەوام ئاستی زانستی کرێکار بەپێی پێداویستی بەرهەمهێنان و بەرکاربردنی ئامێری نوێ، گەشەبکات و بەرەوپێش بچێت، بەپێچەوانەی کۆمەڵگای دەرەبەگییەوە کە جوتیاری بە زەویەوە دەبەستەوەو بۆ سەدان ساڵ گەمژەیی فکری بەسەر کۆمەڵگای جوتیاریدا زاڵ دەکرد.

مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستدا بەوجۆرە باسی ئەو گۆڕانکاریە فکری و هوشیاریە دەکەن کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لەبەرژەوەندی چینی کرێکاردا هاتۆتەئاراوە: " بۆرژوازی دەسەڵاتی شارەکانی بەسەر وولاتدا زاڵکرد. شاری گەورەی دروستکرد، بەشێوەیەکی فراوان ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لەچاو دێهاتەکاندا زیادی کرد، بەمجۆرە بەشێکی گەورەی دانیشتوانی لە گەمژەیی ژیانی لادێنشین ڕزگارکرد.."

بێگومان بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورە، دروستکردن و گەورەبوونی شارەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بوونە جێگای نیشتەجێبوونی هەزاران کرێکار کە بەشێکیان ئەو جوتیارانە بوون لە لادێکانەوە بەرەوشارەکان هاتبوون و بووبوونە کرێکار.

لەپاڵ ئەو دوو فاکتەرە سەرەکیەکەدا، مەسەلەیکی دیکەش دەوری گرنگی هەبووە لەسەر بردنەسەری ئاستی هوشیاری چینایەتی و سیاسی کریکاران، ئەویش ئەوەبوو کە

# مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

بۆرژوازی لە کێشمەکێشمەکانیدا لەگەڵ پاشماوەکانی کۆن و هەروەها لەنێوان باڵەکانی بۆرژوازی لەناوخۆی وولاتێکدا و یاخود لەگەڵ بۆرژوازی وولاتانی دیکەدا، بەناچار پێویستی بە چینی کرێکاربووە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەو بەوجۆرەش، کرێکاری ڕاکێشاوەتە ناو بزووتنەوەی سیاسیەوە لەپێناو بەرژەوەندی بۆرژوازیدا، بەڵام سەرەنجام لەئاکامی ئەوەوە چینی کرێکار هەرچی زیاتر بەرەو خەباتی سیاسی ڕاکێشراوەو هاتۆتە مەیدانی خەباتی سیاسیەوە دژ بە بۆرژوازی و لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا. کەواتە لەباری مێژووییەوە هەموو ئیمکاناتەکانی بەرپاکردنی شۆڕش و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە ئامادەیە، دەمێکیشە ئامادەیە، بەڵام تەنها ئەوکاتانە کرێکار دەستی بۆ شۆڕش بردووە کە ئاستێک لەهوشیاری و ڕێکخراوبوونی سیاسی سۆشیالیستی گەشەی کردوە، لەهەناوی هەلومەجەرجیکی شۆڕشگێڕانەدا، کە چینی بۆرژوازی گیرۆدەی قەیرانی ئابوری- سیاسی و بەدوای ئەوەدا قەیرانی حکومەتی بووە. کاتێکیش شۆڕش توانیویەتی سەربکەوێ و دەسەڵاتی بۆرژوازی بکێشێتە خوارەوە کە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی لەپێشەوەی خەباتی چینی کرێکاردا ڕاوەستابێت و لەجەرگەی هەلومەرجی شۆرشگێڕانەدا ڕابەرایەتی چینەکەی کردبێت بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. کەواتە لە ڕاستیدا چینی کرێکار، لەڕێگای حزبی سیاسی کۆمۆنیستی خۆیەوە دەتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بگرێ. ئەوە سەرەتاییترین مەسەلەیەکی لۆجیکی و پراتیکیشە لە مەسەلەی خەباتی چینایەتیدا. چونکە چین بەبێ ڕێکخستن ناتوانێ هیچ کارێک بکات، نەک هەر ئەوە بەڵکو بۆئەوەی کارێک بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی، بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین وسادەترین ماف و داواکاری، نەک کارێکی گەورە و گرنگی وەکو شۆڕش، خۆی ڕێکخستوەو سەندیکاو نەقابەی دروست کردووە.. تایبەتمەندی چینی کرێکار بەوجۆرەیە. کرێکار وەکو تاک نە پێگەیەکی کۆمەلایەتی ئەوتۆی هەیە و نە ئەتوانێ توخمی ئاڵوگۆڕ بێت. بەڵکو هێزی ئەو لە ڕێکخراوبوونیدایە، لە پێکەوەبوونیدایە، لە کاری دەستەجەمعیدایە. حزبی سیاسی باڵاترین و هوشیارترین و ڕێکخراوترین و بەدیسپلینترین و کارسازترین کاری دەستەجەمعی چینی کرێکارە کە دەتوانێ لە ڕێگایەوە شەڕی سەرومالّی لەگەڵ بۆرژوایدا بکات، لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا، لەگەڵ میدیای پانو فراوانیدا، لەگەڵ دەزگاکانی سەرکوتیدا، لەگەڵ پیلانگێڕییەکانیدا ، لەگەڵ چەواشەکارییەکانیداو....تاد..

مێژووی خەباتی چینی کرێکار پڕیەتی لە ئەزمونی پڕبایەخ لە پەیوەند بە دەرونەخشی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کرێکارەوە لە خەبات و هەڵچون و ڕاپەڕین و شۆڕشە کرێکاریەکاندا. شۆڕش و خرۆشانە جەماوەرییەکانی ساڵانی ١٨٤٨-١٨٥٠ ی ئەوروپا، سەربارەی ئەوەی چینی کرێکار لێبڕاوانەو چالاکانە بەشداریی تێیاندا کرد، بەڵام بەهۆی

## موحسین کەریم

ئەوەی کە چینی کرێکار خاوەنی ڕێکخستنی سیاسی سەربەخۆ و پارتی کۆمۆنیستی خۆی نەبوو، نەیتوانی خواستەکانی لە پەیوەند بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابوری و ئامانجەکانی لە مەسەلەی دیموکراسی و مافە دیموکراسیەکانی بەدەستبهێنێ. تەنانەت شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، کە بەپلەی سەرەکی لەلایەن ڕەوتی ئانارشیستی ناو چینی کرێکار و لایەنگرانی "بلانکی"یەوە ئەنجام درا، بۆماوەی ٧٢ ڕۆژ دەسەڵاتی سیاسی لە پاریسدا گرتەدەست و دەسەڵاتی شورایی دامەزراند. کۆمەڵێک یاسای گرنگی لەپەیوەند بە بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەر لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا دەرکرد کە تائێستاش دیموکراتیکترین ڕەوت و بزووتنەوەو دەسەڵاتی بۆرژوازی پێی نەگەیشتوە، بەڵام نەیتوانی شکست بە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی بۆرژوازی فەرەنسی بهێنێ. سەرەنجام لەبەرامبەر هێرشی پێچەوانەی بۆرژوازیدا شکستی هێنا. بەپێچەوانەوە، شۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩١٧ لەسەر دەستی حزبی بەلشەفیک و بە ڕابەریی لینین، واتە حزبی سیاسی کۆمۆنیستیی خاوەن زەبت و ڕەبتی ڕێکخراوەیی و روئیا و خەت و ستراتیژی سیاسی، نەک هەر توانییان دەسەڵاتی بۆرژوازی بکێشنەخوارەوە، بەڵکو توانییان لەبەرامبەر هێرشێکی سەربازی دەیان دەوڵەتی سەرمایەداری و پاشماوەکانی دەسەڵاتی قەیسەر و حکومەتی کاتیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن و لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە شکست بە بۆرژوازی ناوخۆیی و جیهانی بهێنن.

بێگومان مەسەلەی شکستی شۆرش و دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا لە سۆڤیەت لە مەیدانی ئابوری و تەواونەکردنی هەنگاوی دوەمی شۆڕشی کرێکاری، واتە گواستنەوە بۆ ئابوری سۆشیالیستی، بابەتی ئەم باسەی ئێمە نییە. لەوبارەوە سەرنجی خوێنەر بۆ نوسینێکی هاورێ مەنسور حیکمەت بەناوی ( هێڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی سۆشیالیستی لە ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیەت) ڕادەکێشم، کە بەووردی ئەو لایەنەی مەسەلەکە ڕۆشن دەکاتەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە دوو بۆچوونی ڕواڵەتی و پۆپۆلیستی بکەم لە پەیوەند بە حزبی سیاسی کۆمۆنیستیەوە، کە ئێستا پروپاگەندەی بۆدەکرێ. بۆچوونی یەکەمیان بۆچوونێکی ڕواڵەتیە کە حزبی سیاسی کۆمۆنیستی وەکو دیاردەیەکی کاتی دەبینێ کە تەنها لەدەورانی هەڵچوونە کرێکاریەکاندا بوونی هەیە و بەتەواوبوونی ئەو دەورانە ئیتر حیزبیش تەواو دەبێت، کە دەڵێت: "وەڵامی مارکس لەباری حزبی سیاسی پرۆلیتاریاوە ... باسی پێویستی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە لە چرکەسات و روداوێکدا کە ئەم چینە و بزووتنەوەکەی لەقامەتی هێزی یەکگرتوودا نمایشی کۆمەڵایەتی دەکات و بەتایبەتی لەهەلومەرجی شۆڕشگێرانەدا". یان دەڵێت:" لەهەمانکاتدا میتۆد و ڕێبازی مارکس بۆ

# مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

تێڕوانینی لەچەمکی حزبی سیاسی وەکو دیاردەیەک کە ناوبەناو سەرهەڵئەدات و ڕاگوزەرە، وەک چرکەساتی یەکگرتووبوون و یەکبوونی پرۆلیتاریا دژی سەرمایەداری".
پێموایە ئەمجۆرە تێڕوانینە بۆ حزبی سیاسی جدی و ڕەسەنی کۆمەڵایەتی، چ بۆرژوازی بێت یان کرێکاری، لەهیچ جێگایەکی دنیاو لەهیچ سەردەمێکی مێژوودا نەبنیراوەو دەبێ چاوەڕێ بین بزانین لە داهاتوودا لەدایک دەبێ یان نا!؟
بۆچوونی دووەم پێیوایە:"حزب دەبێ نەک تارادەیەکی پێویست ڕەزامەندی چینی کرێکاری لەپشت سەر بێت، بەڵکو دەبێ بەشی چالاک و سیاسی ئەم چینەی یەکگرتووکردبێ و لەحزبدا و لە ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا ڕێکی خستبێ. هەرجۆرە سیکتاریزم و جیاکردنەوەیەکی ناو کرێکاران بەناوی کۆمۆنیستەکان، سەندیکالیستەکان ئانارکیستەکان و ...هتد دەبێ وەک ڕێگریەک و کێشەیەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەیری بکرێ، کە دەبێ چارسەر بکرێ...."
ئەم بۆچوونەی دووەمیش دەربارەی حزبی سیاسی، بەبڕوای من بۆچوونێکی پۆپۆلیستیە کە یەکەم مەرجی دروستبوونی حزب پەیوەست دەکاتەوە بە ڕەزامەندی بەشیکی بەرچاو لە چینی کرێکار، کە هیچ کەس نازانێ و ناتوانێ بەخاوەنی ئەو تێڕوانینەش خۆیەوە، دەستنیشانی بکات کە ئەو ڕادەیەلە چینی کرێکار چەندەو چۆن هەژمار دەکرێ و چۆن ئەو ڕەزامەندیە بەدەست دێت؟ ئایا دەنگدان و ریفراندۆمی بۆ دەکرێ؟ دووەم، ئەم بۆچوونە بەتەواوی دژی بۆچوونی مارکس و ئەنگڵس و مانیفێستە سەبارەت بە مەیل و ڕەوتی کۆمۆنیستی ناو چینی کرێکار و حزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کرێکار! من هەوڵ دەدەم ئەوە زیاتر ڕوون بکەمەوە.
بێگومان حزبی کۆمۆنیستی دەتوانێ هەموو کرێکارێک وەکو ئەندام قبوڵ بکات، تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕی دواکەوتوانەی دینیشی هەبێت. بەڵام ناکرێ بەرنامە و خەتی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێکەڵەیەک بێت لە کۆمۆنیزم و ئانارشیزم و ترەیدیونیونیزم و تاد. ئەگەر وابوایە، ئەوا بۆچی مارکس و ئەنگڵس بەرنامەی حزبی کۆمۆنستیان دەنوسی؟ هەر بیانوتایە بەرنامەی حزبی کرێکاری. مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستدا دەربارەی کۆمۆنیستەکان دەڵێن:" **...کۆمۆنیستەکان بە کردەوە لەناو پارتە کرێکاریەکانی هەموو وڵاتەکاندا لێبڕواترین دەستەن و هەمیشە بەرەوپێش دەڕوانن، لەڕووی تیۆریشەوە بەشی پێشەنگی جەماوەری پرۆلیتاریان لە بواری تێگەیشتن لە دۆخی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و ڕەوتی بەرەوپێچوون و ئامانجە گشتیەکانی...**"
هەروەها ئەگەر بۆ مارکس و ئەنگڵس ئاسایی بوایە حزبێکی لەوجۆرەیاندروستبکردایە، ئەویش لەوکاتەدا کە بەشی زۆری ئەو ڕەوتانەی ناو چینی کرێکار، هێشتا بەورادەیەی

## موحسین کەریم

ئێستا لەرووی فکری و سیاسی و عەمەلیەوە لە چینی کرێکار لە بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار دوور نەکەوتبوونەوە، ئیتر چ پێویست بوو شەڕێکی بێئەمانی سیاسی- فکری دژی پرۆدۆن و باکۆنین و لاسال و بلانکی بەرپابکەن؟ بۆنمونە مارکس لە نامەیەکدا بۆ فریدریک بۆلت دەنوسێت:"لە پاریس، لەبەرئەوەی برۆدۆنیەکان دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکەن، بۆیە بەشێوەیەکی ئاسایی لە ساڵەکانی سەرەتادا دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو. بەڵام لەدواتردا بێگومان گرووپی گشتگەرا ( (collectiveو ئیجابی دیکەی ڕکابەری ئەوان دروست بوون.

لە ئەڵمانیا، .. ڕێکخراوەکەی لاسال شتێک نیە بێجگە لە ڕێکخراوێکی سکتاریست و دژ بە ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری ڕاستەقینە، کە ئینتەرناسیۆنال هەوڵی بۆدەدات."

دەربارەی باکۆنین دەڵێت:" ساڵی ١٨٦٨ باکۆنینی ڕوسی هاتە ناو ئینتەرناسیۆناڵەوە بە ئامانجی ئەوەی کە ئینتەرناسیۆناڵێکی دووەم لەناویدا دروست بکات بەناوی " هاوپەیمانی سۆشیال دیموکراتی" و خۆشی ببێت بە سەرۆکی... بەرنامەکەی بریتی بوو لە تێکەڵەیەکی ڕواڵەتی لەنێوان ڕاست و چەپدا- یەکسانی نێوان چینەکاندا!....."

لێرەوە دەبینین کە مارکس و ئەنگڵس، بەتوندی پێداگرییان لەسەر جیاکردنەوەی هێڵی سیاسی کۆمۆنیستی کردوە بەرامبەر بە ڕەوت و مەیلەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکار، ئەویش نەک لەناو حزبی کۆمۆنیستیدا، بەڵکو لەناو ئنیتەرناسیۆنال دا، کە ناوەندێکی ڕێکخراوەیی کۆکردنەوەی سەرجەم رەوت و رێکخراو و حزبە سیاسیە کرێکاریەکان بووە! حزبی کۆمۆنیستی، حیزبی چینی کرێکارە، بەڵام حزبی تێکەڵەیەکی فکری سیاسی نییە لە کۆمۆنیزم و ئانارشیزم و نەقابەگەرایی و سۆشیال دیموکراسی و تاد... حیزبی یەکگرتنی ڕەوت و نەریتە فکری و سیاسی و عەمەلیەجیاوازەکانی ناو چینی کرێکار نییە.. حزبی ڕەوتێک و مەیلێک و نەریتێکی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و خەباتکارانەیە، کە ئامانجی سیاسی گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە و بەرزکردنەوەی چینی کرێکارە بۆ چینی دەسەڵاتدار کە دەوڵەتی لەدەستگرتوە و دیکاتۆریەتی چینایەتی خۆی دژ بە دوژمنانی چینایەتی بەکاردەهێنێ!

### کێ دەسەڵات دەگرێ؛ حزب یان چین!؟

بێگومان ئامانجی من لێرەدا وەڵامدانەوە بەو بۆچوونە ئانارشیستیە نییە کە بەبیانووی ئەوەی دەسەڵاتە سیاسیەکان دەسەڵاتی سەرکوتگەرن، هەموو جۆرە شێوازەکانی دەسەڵات، بەدەوڵەتی کرێکاری و دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریاشەوە ڕەد دەکاتەوە. ئەم کارە پێشتر لەلایەن مارکس و ئەنگڵس و دواتریش لەلایەن لینینەوە وەڵامی پێدراوەتەوە. من

تەنها چەند نمونەیەک لە قسەی ئەوان لێرەدا دەنوسمەوە. بەڵام باسەکەی خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەو جۆرە لێکدانەوەیەی کە دژی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار نییە، بەڵام دژی ئەوەیە حزب دەسەڵاتی سیاسی بگرێ. پێیوایە ئەوە پێچەوانەی پرەنیسپە بنەڕەتیەکانی مارکسیزمە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا کە دەڵێت چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ!

ئەنگلس لە کتێبی "ئەنتی دوهرینگ" لە بەشی (شۆڕشی توندوتیژانە و" هەڵوەشانەوە"ی دەوڵەت)دا بەوجۆرە باسی لێکدانەوەی ئانارشیستی دەکات سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی کرێکاری:" پرۆلیتاریا دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە دەگرێت و بەر لە هەموو شتێک هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەکاتە موڵکی دەوڵەت. بەڵام ئیتر کۆتایی بەخۆی دێنێت وەکو پرۆلیتاریا، بەوە کۆتایی دێنێت بە هەموو جیاکاریە چینایەتی و ناکۆکیە چینایەتیەکان و بە دەوڵەتیش وەکو دەوڵەت لەهەمانکاتدا.... وە یەکەم کردەوە کە دەوڵەت بەڕاستی وەکو نوێنەری هەموو کۆمەڵگا تێیدا دەردەکەوێت- کۆنترۆڵکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە بەناوی کۆمەڵگاوە_ ئەوەش لەهەمانکاتدا دوا کاریەتی کە وەکو دەوڵەت پێی هەڵدەستێت، لەوکاتەوە ئیتر دەستێوەردانی دەوڵەت لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندایەک بەدوای یەکدەبێتە کارێکی ناپێویست و بەرەو پووکانەوە دەڕوات".

ئەوجۆرە بۆچوونە ئانارشیستیە دەربارەی دەوڵەت، بەکردەوە وەکو مەنسور حیکمەت دەڵێ ژیانکردن لەژێر دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی بۆرژوا لیبراڵدا قبوڵ دەکات، بەڵام ژیانکردنی لەژێرسایەی حکومەتێکدا قبوڵ نییە کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتەکەی لە مرۆڤی چەشنی خۆی پێکهاتبێت! سەرەنجام و بەکردەوە پارێزگاری لە مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی وەکو دەسەڵاتی ئەمری واقیع دەکەن! چونکە وەکو مانیفسێت دەڵێت:" یەکەم هەنگاوی شۆڕشی چینی کرێکار ئەوەیە کە پرۆلیتاریا، هەتا پێگەی چینی دەسەڵاتدار بەرێتەسەر .."کاتێک ئەم یەکەم هەنگاوە رەد دەکەیتەوە، واتە گرتنی دەسەلات لەلایەن چینی کرێکارەوە، ئەوا ئیتر بەکردەوە دەسەڵاتی سیاسی مەوجودی بۆرژوازی دەهێڵیتەوە!

مەبەستی من ئەو دەستەیە لە کۆمۆنیستەکانە کە پێیانوایە چین دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ نەک حیزب، بەو ئەرگیومێنتەی کە تیۆری مارکسیستی و مانیفێست وادەڵێت. بەبڕوای من کێشەی ئەوان ئەوەیە کە جۆرێک تێگەیشتنیان هەیە دەربارەی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی کە چینی کرێکار لە ڕێگای شوراکانەوە کە بەشی هەرەزۆری کرێکارانی ڕێکخراوکردووە، شۆڕش بەرپادەکات و دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ و دەسەڵاتی شورایی دادەمەزرێنێت. لە باشترین حاڵەتدا ئەو دەورەی کە بۆ حزبی کۆمۆنیستیقایلن ئەوەیە کە لە پرۆسەیەکدا نفوزێکی گەورەی لەناو چینی کرێکاردا بەدەستهێنابێت و بتوانێ لەدەورانی شۆڕشگێڕانە و

## موحسین کەریم

پرۆسەی شۆڕش و ڕاپەڕیندا، کۆمەک بە دروستکردنی شوراکان بکات و نەخشی هەبێت لە ئامادەکردنیان بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

بەبڕوای من چینی کرێکار بەبێ حزبی سیاسی ناتوانێ دەسەڵات بگرێ. بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریشلە سەردەمی ئێمەدا بەرنامەی مەیل و ڕەوتێکی تایبەتی ناو چینی کرێکارە؛ واتە مەیل و رەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری، نەک مەیل و ڕەوتەکانی دیکە لەبابەتی سەندیکایی و نەقابەگەری(ترەیدیۆنینیزم)....  ئەم ڕەوتانە کاریان بەسەر شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیەوە نییە. لەباشترین دۆخدا کاری ئەوان لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی_ئابوری بۆرژوازیدایە بۆ ریفۆرم. تەنانەت لەئێستادا ئەو ڕەوتانەی ناوچینی کرێکار هەڵگری هەمان تایبەتمەندی خەباتکارانەی سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چینی کرێکار نین و زۆرتر وەکو ڕەوتێکی بۆرژوازی لەناو چینی کرێکاردا کاردەکەن. بەپێچەوانەی دەورانی سەرەتاوە، کە وەکو مانیفێست دەڵێ: "حزبە کرێکاریەکانی دیکەش هەمان ئامانجی دەسەڵاتی سیاسیان هەیە" ئێستا هیچ حزبێکی دیکەی کرێکاری نییە کە هەمان خاسیەتی کرێکاری و خەباتکارانەی ئەو دەورانەی هەبێت، ئەوە تەنها بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئەو مەیلو ڕەوتە تایبەتەی ناو چینی کرێکارە کە دەیەوێ لە ڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕینی کرێکارییەوە دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی وەربگرێتەوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی و ڕیشەیی لەبواری سیاسی_ئابوریدا ئەنجام بدات.   مێژووی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی ڕابردووی کۆمەڵگای بۆرژوازی و خەباتی چینایەتی کرێکاران، ئەو ڕاستیەی بەکردەوە سەلماندوە کە بواری بۆ هیچ جۆرە گومان و دوودڵیەک نەهێشتۆتەوە!

بەهەرحاڵ، بەبڕوای من بەشێک لەوانەی دژی چەمکی حزب و دەسەڵاتی سیاسین، ڕەنگە بڕوایان وابێت کە لینین و بەلشەفیەکانیش هەمان ئەوکارەیان کردووە، واتە دەوریان ئەوەبووە کە شوراکان دەسەڵات بگرنە دەست.چونکە بەلشەفیەکان لەبەرامبەر ئەو ئاڕاستە مەنشەفیەی ناو شوراکاندا کە خەریک بوو دەسەڵات ڕادەستی حکومەتی کاتی بۆرژوازیی بکەنەوە، لایەنگری "هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان" بوون؛ واتە لینین و بەلشەفیەکان باسی دەسەڵاتی حزبیان نەکردوە.بەبڕوای من ئەوە بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە، چونکە شوراکان جێگای کۆبونەوەی مەیل و ڕەوتە جیاوازە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵک بوون. مەنشەفیەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە لەناو شوراکاندا زۆرینە بوون، هیچ بڕوایەکیان بە دەسەڵاتی سیاسی نەبووە لەلایەن شوراکانەوە، بەبیانوی ئەوەی کە هێشتا ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوا- دیموکراتیک تەواو نەبووە و دواتریش بێجگە لە باڵی چەپی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان، مەنشەفیەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگێرەکان کەوتنە دژایەتی حکومەتی کرێکاری! بۆیە لەڕاستیدا ئەوەی بڕیاری

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

ڕاپەڕینی داو کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی کاتیی بۆرژوازی هێنا، بەلشەفیەکان بوون، نەک شوراکان، بەڵام دوای گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، شێوازی دەوڵەتداری بەلشەفیەکان شێوازی شورایی بوو. بەوجۆرەبەکردەوە دەسەلاتی سیاسی گوازرایەوە بۆ شوراکان، کە بەلشەفیەکان نفوزێکی گەورەیان تێیدا هەبوو.

هەرکەسێک مێژووی شۆڕشی ڕوسیای خوێندبێتەوە لەدوای شۆڕشی شوباتەوە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا گرتەدەست، بەلشەفیەکان بوون نەک شوراکان. لەڕاستیدا ئەو خەتە سیاسیە بوو کە لینین نوێنەرایەتی دەکرد نەک تەنانەت هەموو بەلشەفیەکانیش. بگرە لە دەورەیەکدا لە ژیانی شوراکاندا، بەهۆی زاڵبوونی ڕەوتی مەنشەفی و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانەوە لەناو شوراکاندا خەریک بوو دەسەڵات ڕادەستی بۆرژوازی و حکومەتی کاتی کیرنسکی بکەنەوە. ئەوەی کە ڕێگری لەوە کرد شوراکان لەڕووی سیاسیەوە بۆگەن نەکەن و دەسەڵات ڕادەستی بۆرژوازی نەکەنەوە بەلشەفیەکان بوون لەژێر ڕابەری و ڕێنمایی لینین دا. لینین لە نامەیەکدا لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩١٧دا بۆ سمیلگا، سەرۆکی لیژنە ناوچەییەکانی شوراکان لە فنلاند کە لایەنگری بەلشەفیەکان بوو، دەڵێت:" ..دەبێ چی بکەین؟ ئێمە تەنها پێشنیار دەکەین و هیچ کارێک ناکەین، ئێمە کات دەکوژین. تەنها بەرواری ٢٠ ی ئۆکتۆبەرمان داناوە و چاوەڕوانی بەستنی کۆنگرەی شوراکان دەکەین. ئایا شتێکی پێکەنیناوی نییە ئێمە چاوەڕێی بەستنی کۆنگرەی شوراکان بکەین؟ <u>ئایا شتێکی پێکەنیناوی نییە ئێمە بڕوامان بەم کۆنگرەیە هەبێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان؟ ئایا کارەکانی خۆمان دوادەخەین بۆ دوای تەواوبوونی کۆنگرە؟ بەلشەفیەکان هەوڵنادەن بۆئەوەی هێزی سەربازی خۆیان کۆبکەنەوە بۆ لابردنی کیرنسکی! پێویستە ئێمە وەکو حزب دەستبەرین بۆ ئەو ڕاپەرینە چەکداریە بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک..."</u> شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مێژووی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لە روسیا- مستەفا باهیر- لاپەرە٣٣٦.

"..لەیەکەم کۆنگرەی شوراکانی سەرتاسەری ڕوسیادا، کە ١٠٨٨ نوێنەر تێدا بەشداریان کردبوو( هەر نوێنەرێک نوێنەرایەتی ٢٥ هەزار کەسی دەکرد) و زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە لە مەنشەفیەکان( ٢٨٥ نوێنەر) و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان (٢٤٨ نوێنەر) پێکهاتبوون، و بەلشەفیەکان (١٠٥) نوێنەریان هەبوو، ئەوانی دیکە لە ئەندامانی حزبە بچووکەکان پێکهاتبوون، یەکێک لە بەندەکانی قسەوباسەکانی کۆنگرە بریتی دەبێت لەوەی کە "<u>ئایا سۆشیالیستەکان دەبێ لەگەڵ حزبە بۆرژوازیەکاندا پێکەوە حکومەت پێکبهێنن!؟</u>" بەلشەفیەکان دژی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش بوون لەگەڵ بۆرژوازی و دەیانووت:"دەبێ هەموو دەسەلاتەکان بۆ شوراکان بێت". بەڵام سەرەنجام <u>زۆرینەی دەنگی نوێنەرانی</u>

شوراکان (٥٤٣ کەس) دەنگی بەڵێ یان پێدا!" هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٧٠.
ئەوە واقعیەتی شوراکان بوون، کە وەکو ووتمان بەشێک لە کۆمۆنیستەکان پێیانوایە شوراکان لە ڕوسیادا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست! لەکاتێکدا بەلشەفیەکان هاوار دەکەن کە دەبێ شوراکان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و حکومەتی شوراکانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازان پێبهێنن، کەچی زۆرینەی نوێنەرانی شوراکان ئەمە قبوڵ ناکەن و دەنگ بەوە دەدەن کە لەگەڵ بۆرژوایدا بەشداری حکومەت بکەن و دەسەڵاتی لەگەڵدا بەش بکەن. لەڕاستیدا ئەگەر ئەم بەرنامەیە بچوایەتە پێشەوەو لینین و بەلشەفیەکان چاوەڕێی شوراکان و کۆنگرەی شوراکانیان بکردایەو ڕاپەڕینیان بەرپانەکردایە، ئەوا چینی کرێکاری ڕوسیا شۆڕشێکی نەدەدی بەناوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ەوە و حکومەتێکیش دروست نەدەبوو بەناوی حکومەتی کرێکاریەوە!
مەنسور حیکمەت، لە وتاری "خەباتی چینایەتی و ئەحزابی سیاسی" دا بەوجۆرە باسی پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتیە ڕەسەنەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیان و حزبە سیاسیەکانیان دەکات:" جۆراوجۆربوونی پارتە سیاسیەکان لەو واقیعیەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤەکان لەسەر ئاستی سەرخانی، واتە لەسەر ئاستی سیاسی و حقوقی و فکری و تاد...، پێیانناوەتە ناو کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیەوە و کێشمەکێشە بناغەییە چینایەتیەکان گۆڕاوە بۆ تەیفێکی فراوان لە ململانێی سیاسی و دیاریکراو لە کۆمەڵگادا. بە واتایەکی دیکە بەرامبەرکێی چینە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگا کێشەو مەسەلەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەخەنەڕوو، لەسەر بنەمای ئەم کێشەو گرفتانە مەیل و نەریتی خەباتکارانەی سیاسی خۆی دەخەمەڵێنێ و لەسەربنەمای ئەم نەریت و مەیلانەش ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن کە لەهەر سەردەمێکدا پێشڕەو و ڕێکخەری چالاکی سیاسی مرۆڤەکان دەبن لەسەر بنەمای ئەم نەریتانە و یاخود تێکهەڵکێشانێک دەبن لەوان.
لەلایەکی دیکەوە، پارتە سیاسیەکان وەسیلەکانی ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانن بۆ هەڵخراندنی سەرجەم هێزی چینەکانی خۆیان لەژێر ئاڵای ئامانج و ئاسۆی تایبەتی خۆیاندا لەپێناو زاڵکردنی هەموو ئەو ئامانج و ئاسۆیانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا. پارتە سیاسیەکان، لەهەناوی هەر نەریتێکدا خەملابن، لەپێشەوەی هەموو کۆمەڵگا و چینە ڕەسەنەکانیدا ڕادەوەستن و بۆ هەڵخراندنی هەموو پایەی مادی خۆی لە کۆمەڵگا تێدەکۆشێت!" ( سایتی تەلەگراف بەزمانی فارسی:/https://www.jahantelegraf.com/1400/01/05 (mobareze-tabaghati-va-ahzab-siasi
ئەوەی کە بەشێک لەو کۆمۆنیستانەی دوو جەمسەری دەسەڵاتی چین یان دەسەڵاتی حزب دەوروژێنن، ناتوانن ئەو ڕاستیە ببینن کە کێشمەکێشی نێوان چینە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگا

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

کاتێک سەردەکێشێتە ململانێیەکی سیاسی، مەیل و نەریتی خەباتکارانەی سیاسی جیاواز و ڕەوتی کۆمەڵایەتی_سیاسی سەربەو چینانە دروست دەکات، واتە چینەکان لە ڕێگای ڕەوت و مەیلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانەوە کە خاوەنی نەریتی سیاسی خەباتکارانەی خۆیانن ململانێی یەکتر دەکەن و ئەم مەیل و ڕەوتانەش سەرەنجام ئەحزابی سیاسی خۆیان دروست دەکەن. واتە ململانێی نێوان چینەکان کاتێک سەردەکێشێتە ململانێی سیاسی، ئیتر ئەمە ململانێ و کێشمەکێشە لەئەحزابی سیاسیدا بەرجەستە دەبێتەوە. کەواتە پرسی دەسەڵاتی سیاسیش وەکو مەسەلەیەکی میحوەری کێشمەکێشی سیاسی نێوان چینەکان لە ڕێگای حزبە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانەوە یەکلادەبێتەوە. لەو نامەیەی لینیندا بەڕوونی جێگای حزبی سیاسی کۆمۆنیستی لە پرسی دەسەڵاتی سیاسیدا تەئیکدی لێدەکرێت و پشتڕاستی ئەو بۆچونەی مەنسور حیکمەت دەکات کە دەڵێ:"حزبێکی کرێکاری هەرچەندە لەناو کرێکاراندا کەمینەبێت، ئەتوانێ لە ساتەوەختێکی مێژوویی چارەنوسسازدا، جوڵانەوەی زۆربەی کرێکاران شکڵ پێبدات، ڕاپەڕین ئەنجام بدات و دەسەڵات بگرێتەدەست و پارێزگاریشی لێبکات، ڕاستیەکەی لەم ڕێگایەوە دەکرێ ببێت بە حزبی زۆرینە"( مەنسور حیکمەت: حزب و دەسەلاتی سیاسی).

### دەوڵەتی کرێکاری، یان دەوڵەتی حزب ؟

دەستەیەک لەوانەی پێیانوایە چینی کرێکار خۆی دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ، نەک حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار، تەنانەت نەفی ئەوە دەکەنەوە کە لە ڕوسیا چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی گرتبێت. بڕوایان وایە کە ئەوەی لینین و بەلشەفیەکانیش کردویانە، دامەزراندنی دەسەڵاتی حزب بووە، نەک دەسەڵاتی چینی کرێکار، بۆیە دەسەڵاتەکە گۆڕدراوە بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری حزبی و ئەو ئابوریەشی کە لینین و بەلشەفیەکان هەوڵی دامەزراندیان داوە، ئابوری سۆشیالیستی نەبووە، بەڵکو سۆشیالیزمی دەوڵەتی بووە! ئەم لێکدانەوەیەزیاتر سەر دەکێشێتە جۆرێک لە ئانارشیزم تا کۆمۆنیزم، چونکە سەرلەبەری پرۆسەی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە لەژێر ڕابەری حزبی بەلشەفیدا، نەفیدەکاتەوە و دان بە خاسیەتی چینایەتی دەوڵەتی کرێکاری ڕوسیادا نانێت! ئەو حوکمە سەرەتاییەی مارکسیزم لەبیردەکات کە دەڵێ دەوڵەت چینایەتیە! ئەگەر وایە بەوجۆرەی ئەوان دەڵێن کە دەوڵەتی بەرهەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دەوڵەتێکی حزبی بووە، ئەی ئایا خاسیەتی چینایەتی ئەو دەوڵەتە حزبیە چی بووە؟ دەوڵەتی بۆرژوایی بووە یان کرێکاری!؟ بێگومان دەوڵەتی سەرووچینایەتی لەهیچ جێگایەکی دنیادا نییەو لە لێکدانەوەی مارکسیستیشدا جێگای نابێتەوە.

## موحسین کەریم

مارکس لە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا، بەرنامەی حزبی سۆشیال_دیموکراتی ئەڵمانیا، کە لەبەندێکیدا دەڵێت: "حزب تێدەکۆشێت لەپێناو دەوڵەتێکی ئازاد دا" بەوجۆرە باسی دەوڵەتی ئازاد دەکات:" بەهیچ جۆرێک ئامانجی کرێکاران، کە لە تەسکبینی مەسەلە کەمبایەخەکان ڕزگاریان بووە، دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد نییە..."هەروەها دەڵێت: "لەنێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمەڵگای کۆمۆنسیتیدا، قۆناغێکە کە تێیدا بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرەو کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دەگۆڕێت. قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسیش هاوکاتی ئەو گۆڕانکاریەیە کە لەو قۆناغەدا دەوڵەت شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا."

ئەنگلس لە کتێبی ئەنتی دوهرینگ دا دەڵێت:"... لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ دەستەواژەی "دەوڵەتی خەڵکیی ئازاد" هەڵسەنگێنین، ئەو دەستەواژەیەی کە بۆی هەیە تاماوەیەک وەکو بابەتێکی هاندان بمێنێتەوە، بەڵام لەدواشیکردنەوەدا، لەروانگەی زانستیەوە، پووچە."

هەڵبەتە ئەو نمونانەی لە مارکس و ئەنگلس هێناومەتەوە، بەسە بۆ نیشاندانی ڕواڵەتگەرایی سیاسی و فکری و ئیختیارگەرایی ئەو بۆچوون و بانگەشەیەی کە دەڵێت دەوڵەتی کرێکاری ڕوسیا دەوڵەتێکی حزبی بووە! چونکە وەکو ڕوونمانکردەوە دەوڵەتی سەرووچینایەتی هیچ بوونێکی واقعی نییە لە کۆمەڵگادا و لە تێڕوانینی مارکسیستی بۆ کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری. بۆیە ئەوان دوو ڕێگایان لەبەردەمدایە؛ یان ئەوەیە بڵێن کە دەوڵەتی بەلشەفی هەمان دەوڵەتی بۆرژوازی بووە و شۆڕشیک ڕوینەداوە بەناوی شۆڕشی کرێکاریەوە، کەلەو بارەشدا دەبێ ماهیەتی چینایەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧ مان بۆ ڕوون بکەنەوە؟ یان ئەوەتا ئەوە قبوڵ بکەن کە ئەو دەوڵەتەی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی سیاسی ڕوسیای گرت، دەوڵەتێکی کرێکاری بووە. بەوەش بنەمای لێکدانەوەکانی خۆیان هەڵدەتەکێنن!

### جێگاوڕێگای حزبی کۆمۆنیستی لە حکومەتی کرێکاریدا!

بێگومان لێرەدا مەسەلەیەک دێتە پێشەوە کە ئەگەر حزب دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت، ئایا جێگاوڕێگای حکومەتی شورایی چییە لەبەرنامەی کۆمۆنیستیدا؟ ئایا ئەو حکومەتەی دوای ڕاپەڕین و سەرکەوتنی شۆڕش دروست دەبێت هەر حکومەتێکی حزبییەو بەناوی چینی کرێکارەوە حوکمڕانی دەکات، یان دەسەڵاتی سیاسی بەکردەوە دەدرێتە دەستی شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان!؟

دوای ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی، کە ڕێژەیەکی بەرچاوی لە پێشڕەوان و ڕابەرانی چینی کرێکار لەگەڵدایە، کەلەناو چینەکەدا کاریگەریان هەیە، بڕیاری ڕاپەڕین و دەستگرتن بەسەر

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

دەسەڵاتی سیاسیدا دەدات، دەسەڵاتی دەوڵەتی لەلایەن شوراکانەوە بەڕێوەدەبات. پێکهاتەی حکومەتی کرێکاری دەسەڵاتی شوراییە. مۆدێلی دەسەڵاتداریێتی حزبی کۆمۆنیستی حکومەتی شوراییە. ئەو حکومەتەی بەلشەفیەکانیش پێکیانهێنا، حکومەتی شورایی کرێکاران و جوتیاران بوو.

ئێستا ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار، یاخود حکومەتی کرێکاری بریتی دەبێت لە حکومەتی شوراکان، کەواتە نەخشی حزبی کۆمۆنیستی هەرئەوەندەیە کە دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی، ئیتر دەسەڵاتی سیاسی و حوکمرانی ڕادەستی شوراکان دەکات!؟

بێگومان هەروەکو چۆن لە سیستمی پەرلەمانی بۆرژوازیدا، لە ڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە، کە لەبنەڕەتدا بەرگێکەو بۆ دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی دووراوە، پەرلەمان وەکو دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەبژێردرێت، پەرلەمانیش لەناو حزبەکانی پەرلەماندا کامەیان زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، یان لەچەند حزبێک کە پێکەوە زۆترین دەنگی ناو پەرلەمان پێکدەهێنن، دەسەڵاتی تەنفیزی یاخود حکومەت دروست دەکات، بەهەمانشێوەش، لە ڕێگەی شوراکانەوە، حزبە سیاسیەکان و لەوانەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەوڵ دەدەن کە دەنگی خەڵک بەدەست بهێنن و زۆرینەی نوێنەرانی شوراکان لە ئەندامانی خۆیان بێت. بێگومان ئەوەی مسۆگەری ئەوە دەکات کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری زۆرینەی نوێنەرایەتی شوراکان بەدەست بهێنێت، ئەو دەورەیە کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەورانی شۆڕش و ڕاپەڕیندا دیویانە بۆ سەرخستنی چینی کرێکار بۆسەر دەسەڵات و ئەو ڕادەیە لە نفوزی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فکری کە بەدەستیان هێناوەلەناو چینی کرێکاردا کە ئیمکانی ئەوەی پێداون ڕابەری شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن. کەواتە پێگەی گرنگی حزبی کۆمۆنیستی لەناو دەسەڵاتداریێتی شوراکان و لەناو دەوڵەتی شورایی کرێکاریدا،بەرهەمی ئەو جێگاوڕێگایە و ئەو ڕۆڵ و نەخشەیە کە حزبی کۆمۆنیستی دەیبینێت لە بەرپاکردن و ڕابەریکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و دامەزراندنی دەسەڵات و دەوڵەتی کرێکاریدا. بەوجۆرەش دابینبوونی زۆرینەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەناو شوراکان و دەسەڵاتی دەوڵەتی کرێکاریدا، زامنی جێبەجێبوونی بەرنامەی سیاسی چینی کرێکارو مانەوەی دەسەڵاتی کرێکاری و سەرکوتکردنی دژەشۆڕشی بۆرژوازی و هەروەها بەرەوپیشەوەچوونی نەخشەو بەرنامەی سیاسی و ئابوری سۆشیالیستییە.

مەسەلەیەک کە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی پێبکەین، ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتەی دروست دەبێت لەدوای شۆڕشدا، ئەرکی سەرەکی و لە هەنگاوەکانی یەکەمدا مەسەلەی

## موحسین کەریم

سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا و سەرکوتکردنی هەوڵەکانی دژە شۆڕشی بۆرژوازیە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی پێشوو. لەم دەورەیەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەورێکی یەجگار گرنگ و چارەنوسسازی لەسەرشانە.
ئێمە ئەزمونی شۆڕشی کۆمۆنەو شۆڕشی ئۆکتۆبەرمان هەیە. بۆ سەرکوتی شۆڕشی کۆمۆنە، حکومەتی بۆرژوازی فەڕەنسی بە سەرۆکایەتی(تیر) کە بەرامبەر بە ئەڵمانیا لەجەنگدا دۆڕابوو، دەیان هەزار سەربازی فەڕەنسی لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە بەدیل گیرابوون، لەلایەن ئەڵمانیاوە هاوکاری کرا و سەربازە دیلەکانیان بۆ سەرکوتی کۆمۆنارەکان ئازاد کرد. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بینیمان کە سەرباری پاشماوەکانی قەیسەر و ڕژێمی کۆن، کە لە سوپای (سپی)دا خۆیان ڕێکخستبوو، چەندین وڵاتی سەرمایەداری هێرشی سەربازییان کردە سەر دەسەڵاتی کرێکاری و لەماوەی نزیک بە (٤) ساڵ شەڕی ناوخۆدا، حکومەتی کرێکاری و سوپای سوور توانی شکستێکی ئابڕووبەرانەیان بەسەردا بهێنێ. ئەگەر حزبی بەلشەفی و لینین و ترۆتسکی وەکو سەرکردەی دەوڵەتی کرێکاری و سوپای سوور نەبونایە، ڕەنگ بوو چارەنوسی حکومەتی کرێکاری ڕوسیاش هەمان چارەنوسی حکومەتی کۆمۆنەی ببوایە!
ئەم دەورەیە لە مەسەلەی دەسەڵاتی کرێکاریدا بەدەورانی شۆڕشگێڕانە و دەسەڵاتی نائاسایی دەناسرێت وەکو مەنسور حیکمەت لە کتێبی (دەوڵەت لە سەردەمە شۆڕشگێڕانەکان)دا باسی دەکات، کە وەزیفەی دەوڵەتی کرێکاری وەزیفەیەکی سیاسیە.
بەڵام دوای ئەم دەورەیە ئیتر قۆناغی دووەمی ئەرکەکانی دەوڵەتی کرێکاری دەست پێدەکات، کە مەسەلەی دامەزراندنی هەلومەرجی ئاسایی و هەنگاو هەڵگرتنە بۆ گۆڕانکاری ئابوری. لەم قۆناغەدا دەوڵەت کاری بریتیە لە فەراهەمکردنی زەمینە سیاسیەکانی دامەزراندنی ئابوری سۆشیالیستی، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی، دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر هەموو دامەزراوە ئابوری و پیشەسازیەکان، دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان و دەرکردنی بڕیارو یاساو هەنگاوی کردەیی بۆ بنیاتنانی ئابوری سۆشیالیستی. بەوپێیەی کە خاوەندارێتی گشتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا پیادەبێت و ئابوری سۆشیالیستی دادەمەزرێت، کاری دەوڵەتیش کۆتایی دێت. بەپێچەوانەی دەوڵەتی بۆرژوازیەوە، کە سەرخانی سیاسی ئابوری سەرمایەداریەو بۆ هێشتنەوەی ئەو پیویستە، دەوڵەتی کرێکاری سەرخانی سیاسی هاوجوت نییە لەگەڵ ئابوری سۆشیالیستی و خاوەندارێتی گشتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، چونکە وەکو مانیفسێت دەڵێت :"دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسی چینێکە بۆسەرکوتی چینێکی دیکە"، بەڵام بە دامەزراندنی ئابوری سۆشیالیستی ئیتر چینی کرێکار کۆتایی بە بوونی خۆی دەهێنێ وەکو

## مەنسور حیکمەت و پرسی دەسەڵاتی سیاسی

چینی کرێکارو سەرجەم دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا کۆتایی پێدەێت. بەوجۆرە دەوڵەتێک نامێنێ بۆسەرکوتی چینێکی دیکە.
لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئێستا، نەک تەنها بۆ ڕزگاری چینی کرێکار لە چەوساندنەوەی سەرمایەداری و کۆتاییهێنان بە کاری بەکرێو خاوەندارێتی تایبەتی، بەڵکو تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ئێستا لەبەڵا و شەڕو لە نەگبەتیەکانی ژیانی مرۆڤ، کە لەلایەن ئەم سیستمە درندەیەوە بەسەریدا سەپێنراوە،کە نەک هەر لەناو هەژاری و برسێتی و بێمافیدا ڕاگیراوە، بەڵکو هەڕەشە لەسەر مانەوەی فیزیکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکرێ، شۆڕشی کرێکاری و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاو دەورونەخشی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە مێژووییە، بووەتە پێداویستیەکی ڕۆژو قابیلی دواخستن نییە. ئێستا پێویستی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و دروستبوونی حزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکان کە شەڕی دەسەڵات لەگەڵ بۆرژوازیدا دەکەن، بەڕادەی نان و ئاو بۆ مرۆڤایەتی پێویستە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بەحزبی لە جۆری حزبەکەی لینین و بەشۆڕشی لەجۆری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧یە..مەنسور حیکمەت لە باسی "حزب و دەسەڵاتی سیاسی"دا ئەم پەیامەی بۆ کۆمۆنیستەکان ڕاگەیاند.

**تێبینی: سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ خوێندنەوەی باسێکی من لەژێر ناونیشانی "خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی" لە ژمارە ١٢ی دیدگای سۆشیالیستی دا بڵاوبۆتەوە، کە بە وردی دەربارەی هەندێ چەمک و مەسەلە کە لێرەدا ئاماژەم پێکردوون، ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات دەستەوە.**



مەنسور حیکمەت

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە

وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیەی مەنسور حیکمەت لە چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا پێشتر بڵاوکراوەتەوە. لەبەر گرنگی ناوەخنی باسەکە بە پێویستمان زانی هەمووی پێکەوە لێرەدا بڵاوبکەینەوە.

دیدگای سۆشیالیستی

(پێشەکیەکی پێویست: ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە قسەوباسی مەنسور حیکمەتە کە لە پلینۆمی ١٥ ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، رۆژانی ١٨-٢٠ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ پێشکەشی کردوە.  باسەکە بەشێوەی زارەکی پێشکەش کراوە و دواتر لەلایەن فاتح شێخ ەوە ئامادەکراوە بۆ شێوەی نوسین. بەهۆی ئەوەی کە کواڵیتی تۆمارکردنەکە زۆر باش نەبووە، هەندێک لە قسەکانی  ماناکەی زۆر روون نەبووە، بۆیە هەندێ دەسکاری کراوەو رەوانە کراوە بۆ خۆی بەمەبەستی پێداچوونەوە. بەڵام پێدەچێ ئەو فرسەتەی بۆ نەخوڵقابێت. بەوجۆرە دەبینرێ کە لەهەندێ شوێندا یان قسەکە تەواو

## خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی..

نەکراوە یان ماناکەی نارۆشنە.
سەرەڕای ئەوە، ئەم باسە نزیکەی ٢٣ ساڵ لەمەوبەر پێشکەش کراوە، هەندێ مەسەلەکە کە مەنسور حیکمەت پێشبینی دەیکات لەپەیوەند بە ململانێی نێوان باڵەکانی ڕژێمی ئیسلامیەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام لێکدانەوەکەی بۆ پێگەی ئیسلام لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا و سیناریۆکانی روخان و سەرنگونی رژێمی ئیسلامی و مەسەلەی ڕاپەڕین و شۆڕش و نەخشی ڕاست و چەپ تێیداو سەرەنجام دەوری جەماوەر خەڵک لەو پرۆسەیەدا بۆ ئێستاش کە خرۆشانێکی جەماوەری لەئێراندا بەڕێوەدەچێت، جێگای تێڕامان و لێوەفێربوونە. بەم هۆکارەوە بوو کە وەرگێڕانی ئەم بابەتەم بۆ زمانی کوردی لەم کاتەدا بەپێویست زانی- موحسین کەریم.)
من تەنیا ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵی سەرەکی دەکەم کە دەتوانرێت لە باسکردنی بارودۆخی سیاسیدا باس بکرێن. ناتوانم باسێکی هەمەلایەنە و تەواو بخەمەڕوو، دەمەوێت بۆچوونی خۆم سەبارەت بە هەندێک پرسیک دەرببرم کە پێموایە لەدۆخی سیاسی ئێراندا گرنگن.
سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە خەڵک کێشەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، خەباتی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا - ئێستا دەتوانین باسی ئەبعادەکانی بکەین- بەردەوامە، خەریکە توندەبێتەوە و خەڵک بەشێوەی جیاواز کۆماری ئیسلامیان خستۆتەژێر پرسیارەوە. ئەمە جیاوازە بۆنموونە لە ئینگلتەرا، کە خەڵک حکومەتیان نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە، یان سوریا، خەڵکی سوریا ئەمرۆ حکومەتیان نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە. لێرەش خەباتێک لەئارادایە، بەڵام دەوڵەت خۆی ئامانج نییە.
ئەوەی لە ئێران ڕوویدا ئەوەیە کە پرۆسەیەکی نارەزایەتی سیاسی جەماوەری دەستی پێکردووە کە ناڕازیبوونی خەڵک دەردەخات؛ بەڕای من هەموو توخم و پێکهاتە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لەژێر ئەم نارەزایەتییە سیاسییەدا دەبینرێن. ئابوری ئێران ئەوەندە بەرهەم ناهێنێت کە خەڵک چاوەڕێ دەکات دەستی بکەوێت و خەرجی بکات. قەیرانێکی ئابووری لەئارادایە و ڕێکخراوی ئابووریش لە پشێویدایە. لەڕووی سیاسییەوە سەرکوت زاڵە، خەڵک سەرکوتیان ناوێت. لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە حکومەتی ئایینی حوکمڕانی دەکات، خەڵک حکومەتێکی ئایینی ناوێت. هەموو ئەم توخمانە لە نارەزایەتی خەڵکدا ئامادەن، چ لە دۆخی ئابووری، چ لە سەرکوتی سیاسی، چ لە دۆخی ئایدیۆلۆژیی حکومەتدا. ئەگەر ئەم دووانەی ئەخیر واتە سەرکوتی سیاسی و دۆخی ئایدیۆلۆژی نەبوونایە و تەنها دۆخی ئابووری خراپ بووایە، خە ڵک دەچوون دەنگیان بە پارتێکی چەپ دەدا بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکەی. یان ئەگەر کێشەکە تەنها ئایدۆلۆژیا بووایە و ئابوری گەشەی بکردایە، ڕەنگە خەڵک زۆر نارەزایەتیان دەرنەبڕیایە،

# مەنسور حیکمەت

دانیان بەجەرگی خۆیاندا بنایە، چونکە قۆناغی خۆشگوزەرانی ئابووری زاڵە. یان ئابووری باش بووایە، دۆخی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خراپ بووایە، ئابووری لەژێر دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆژیی سەرکوتگەردا کاری خۆی دەکرد، ڕەنگە وەک ساڵانی سەردەمی پینۆشە، خەڵک وردەوردە سیستەمێکیان لیبراڵیزە دەکرد کە نایانەوێت زۆر دەست لە ئابووریەکەی بدەن .

بەڵام ئەو پرۆسەیەی ئێمە دەیبینین ئەم تایبەتمەندیانەی نییە، بەڵکو تایبەتمەندیەکانی بریتیە لە ناڕەزایەتی ئابووری، ناڕەزایەتی سیاسی و ناڕەزایەتی ئایدیۆلۆژی و هەموویان پێکەوە دەبینین، و رێک گرووپگەلێک هەن کە بەجۆرێک هانی سازشکردن دەدەن لە کۆمەڵگادا، ئەوانەن کە دەیانەوێت لە یەکێک لە ڕەهەندەکاندا چاکسازی بکەن و ئەوانی تریش بهێڵنەوە. گریمانەی ئەوان ئەوەیە کە یەکێک لەو ڕەهەندانە دەتوانێت بمێنێتەوە و ئەوانی دیکەش دەتوانن بگۆڕدرێن، بۆنموونە کۆماری ئیسلامی بە ئیسلامی بمێنێتەوە، بەڵام لەرووی ئابووری و ئایدۆلۆژیەوە پاشەکشە بکات، کەمێک عەلمانیتر بێت، بەڵام هێشتا تاک حزبی دەمێنێتەوە، هێشتا ئیسلامی دەمێنێتەوە؛ لەڕوانگەی بازاڕەوە چاکسازی لە ئابوریدا بکرێت و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت. یان بۆنموونە ئەم مەیلانە هەن. هەریەکەیان شتێک گریمانە دەکەن. پێویستە ئابووری بگۆڕێت، بەڵام هەمان کۆماری ئیسلامی بەهەمان ئایدۆلۆژیاوە گۆڕانکاریە ئابوورییە پێویستەکان ئەنجام بدات. بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆن، هەندێکیان ئەم داواکارییەیان هەیە. یان لیبرالیزەکردن بەبێ گۆڕینی بنەمای کۆماری ئیسلامی. ئەمانە لەخودی دەستەی حوکمڕانیدا دەبینین، ئەمانە مەیلن، هەریەکەیان شتێک بۆخۆیان گریمانە دەکەن.

ئەو پرسیارەی کە بەبڕوای من لەبەرامبەر ئەم قەیرانە ئابوورییە و ئەم ناڕازیبوونە سیاسییە و ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییەی ناو کۆمەڵگا کە بەئاشکرا دەرکەوتووە و هەموو جیهان دەیبینێت، دێتەپێشەوە، ئەوەیە کە ئایا خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی لەم سیستەمەدا مومکینە؟ یان نا؟ ڕۆژئاوا ئێستا ،دواتر دێمەسەر ڕۆژئاوا، پێموایە دواجار بەشێوەیەکی پراگماتیک سەیر دەکات، هەنگاوێک بۆپێشەوە هەمیشە باشترە بۆ ڕۆژئاوا. ئەگەر کوڕەکەی کیم ئیل سونگ کەمێک زیاتر لە باوکی کۆریای باکوور لیبراڵیزە بکات، بۆ ڕۆژاوا باشترە. ئەو کاتە دنیایەک پیاهەڵدان بە کوڕی کیم ئیل سونگدا دەکەن، ئەو قۆناغەی کە گۆرباچۆڤ لە یەکێتی سۆڤیەت دەرکەوتبوو، یەڵتسین لایەنگری لێدان لە رەگوریشەی سۆڤیەتی پێشوو بوو، هێشتا پێیانوانەبوو کە یەلتسن شانسی بەدەسەڵات گەیشتنی هەیە، هەموو داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکی جگە لە ژمارەیەکی کەم لە کۆنگریسدا، لایەنگری گۆرباچۆڤ بوون. یەلتسن چەند لایەنگرێکی بچووکی هەبوو. مارگریت تاچەر تا ئەوکاتەی

## خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی..

لە پۆستەکەیدا بوو، وەک لایەنگری گۆرباچۆڤ مایەوە. کاتێک کودەتایەک لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە ڕوویدا و شکستی هێنا، هەروەک چۆن لینین و بەلشەفیکەکان هاتنە سەر کار، کۆرنیلۆڤ و هەڕەشەی کودەتا ئەوانی هێنایە سەر شانۆی دەسەلات، لێرەش کۆدێتای لایەنگرانی بەوەفای سۆڤیەت بوو وایکرد یەڵتسن بێتەپێشەوە. لەوە بەدواوە دەرکەوت کە گۆرباچۆف سەرۆک کۆماری هیچ شوێنێک نیە. دوای ئەوەبوو کە چوونە پشت یەڵتسین.

لەئەنجامدا دەکرێ بوترێ کە ڕۆژئاوا سەرنج دەدات بزانێ کێ لە دەستەی حوکمڕانیدا نوێنەرایەتی گۆڕانکاری دەکات لە هەنگاوی داهاتوودا تا پشتیوانی لێبکات. ئەگەر ئەم گۆڕانکاریە ڕووبدات، ئەوان کەسێکی دیکە لەناو سیستەمدا دەدۆزنەوە و لە سیاسەتی داهاتوودا بەرگری لێدەکەن. هەرگیز حکومەتێکی ڕۆژئاوا نادۆزیتەوە کە بڵێت "ئێمە لەگەڵ سەرنگونیی یەکجاریی رژێمی ئیسلامی داین!" هاوسەنگییەکی جیهانی لەئارادایە، باسی تیرۆریزم دەکەن، بەڵام ڕێکارێکی دیپلۆماسی هەیە کە ڕێگە نادات حکومەتێک پشتگیری لە سەرنگونیی حکومەتێکی تر بکات. تەنانەت لە عێراقیش ئەم کارە ناکەن، لە کاتێکدا دەیانەوێت سەدام حوسێن برووخێت، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا نایەت بەڕاشکاوی ئەمە بڵێت، دەڵێت ئێمە دەمانەوێت لیبراڵ بێت، دەمانەوێت خەڵک حکومەت بەدەستەوە بگرن. هەرچۆنێک بێت جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژئاوا، ئەو وەڵامەی ڕۆژئاوا دەیداتەوە کە بەدوای خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامیدا دەگەڕێت، کە دەیەوێت ڕژێم زیاتر لیبراڵ و لایەنگری ڕۆژئاوا بێت، هەڵوێستێکی پراگماتیکییە. دەڵێت با هەوڵ بدەین بۆ دروستکردنی ئەمە، ئەوەی کە ئێستا مومکینە یان نا، ئەوە بەخودی ڕۆژاواوە پەیوەستە. بەرگریکردنی ڕۆژئاوا لە خاتەمی یان حکومەتی ئیسلامی لەجۆری خاتەمی، ئاماژەیە بۆ بەرگری ستراتژیکی ڕۆژئاوا لە حکومەتێکی ئیسلامی لە ئێران، ئاماژەیە بۆ بەرگریی پراگماتیکی ڕۆژئاوا لە باشترکردنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ڕەنگە دواتر داوا لە ئێران بکرێت پەیوەندی پێوە بکات. دەتوانین باس لەوە بکەین کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چ جۆرە حکومەتێکدا دەگونجێت، چونکە لە قۆناغەکانی داهاتوودا، کاروباری ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەم حکومەتانەدایە، نەک لەگەڵ حکومەتی ئێستادا، بەتایبەتی کە ڕۆژئاوا بۆ بەرگریکردن لەم حکومەتە بۆردومانی هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناکات، بەڵام لە بەرگریکردن لە حکومەتە ستراتیژییەکەی لە ناوچەکەدا ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاواز رەفتاربکات.

من پێموایە خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی ناتوانێت بوونی هەبێت، بەپلەی یەکەم بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە، کێشەی ئابووری لەچوارچێوەی ئیسلامیدا لە ئێراندا وەڵام نادرێتەوە. بەهۆی ئەوەی ئابووری ئەمڕۆ زۆر جیهانی بووەتەوە، سەرمایەداری لە وڵاتێکدا کە لەسەر

## مەنسور حیکمەت

بنەمای جێگرەوەی هاوردە و ئابووریی خۆبژێوی دامەزرا بێت، بە جێگایەک ناگات و کەسیش ئەم پلانەی نییە، دەبێت هەموو شتێک بەشێوەیەکی ئاسایی لە چوارچێوەی بازاڕی جیهانیدا ڕێگاچارە بدۆزێتەوە. بزووتنەوەی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی ناوچەییە، ئەم بزووتنەوە ناوچەییە زیندووە و دژە ڕۆژئاوایە. لەئەنجامدا حکومەتێکی ئیسلامی کە ئەویش تەنها لە یەک وڵاتدا کەمێک لەبەردەم ڕۆژئاوادا سەختگیر نەبێ، هێشتا لە رابیتەی گشتی ئیسلامدا نەچوەتەدەرەوە و لە ئەنجامدا لە ململانێی بنەڕەتی جیهانیدا دژ بە سەرمایەداریی ڕۆژئاوا کە دەبێ باوکی گەشەی وڵات بێت، رابوەستێ، هێێشتا ئەو ووڵاتە لە لیستی قەدەغەکراوەکاندایە. ئەگینا میسر پێش ئێران دەبووە وڵاتێکی پیشەسازی لەکاتێکدا دیپلۆماتکارەکانی واشنتۆن لەوێ دێن و دەڕۆن. بەڵام بۆچی کەس سەرمایەکەی ناباتە ئەوێ؟ یان ئیسرائیل؟ ئیسرائیل کە بە هیچ شێوەیەک ئیسلامی نیە، بەڵام ناوچەکە بەگشتی بۆ سەرمایە قەدەغەیە، چونکە چارەنووسی نادیارە.

ئەوانەی باس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەن ئەوەیان دێتەوە بیر کە دوو بۆمب درا لە هێرۆشیما و ناگازاکی کە بەتەواوی ژاپۆنگەرایی لەو ناوچەیەدا بەکردەوە نەفیکردەوە. ئەگەر شکستی ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەم و تەسلیمبوونی ئیمپراتۆر نەبوایە، ئەوا چوونی سەرمایەی رۆژاوا بەمجۆرە بۆ ئەو ناوچەیە، بۆ سەنگافور و ڤێتنام و وولاتانی ناسراو بە پڵنگە ئابوریەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا مانای نەدەبوو. لەڕوانگەی ئیمپریالیزمی ژاپۆنییەوە، ناوچەکەی بەناوچەی نفوزی خۆی دەزانی. چارەنووسی سەرمایەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی لەوێ جێگای مشتومڕ بوو، ئایدۆلۆژیایەکیش لەوێ هەبوو کە تەحەدای ڕۆژئاوای دەکرد. ئایدۆلۆژیایەکی تر کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە تەحەدای ڕۆژئاوای دەکرد، کۆمۆنیستەکان و لایەنگری چینییەکان بوون کە ئەویش لە پرۆسەیەکدا لە جەنگی کۆریا بەدواوە، لە هاوسەنگییەکی درێژخایەندا دامەزرا کە ئەمریکا دەیگوت لەسەر پرسی کۆریا یان نفوزی کۆمۆنیستەکان لەناوچەکەدا بۆمبی ئەتۆمی بەکاردەهێنم. ئەو ئەمەی پێ وتن. لەئەنجامدا بۆمبی ئەتۆمی ئەم ناوچەیەی لە دەستی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی دەرهێنا. لەگۆشەی مەترسی ئیمپریالیزمی ژاپۆنەوە دەورەیەکی مێژوویی تێپەڕیوە، زۆر هێزیان تێکشکاندووە، هیچ ئایدۆلۆژیایەکی بەرەنگاری لەوێدا لەئارادانییە، بۆرژوازی ناوخۆیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەژێر ئاڵای بوزایی یان ئاڵای غەیرە بوزاییدا لەئاستی جیهانیدا ئیدیاعەیەکی نیە. خەریکە لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا کاردەکات، لایەنگری ڕۆژئاوایە و ئەمەش جێگیربووە. لەئاکامدا ئابوورییەکەشی بوەتە جێی سەرنجی سەرمایەی ڕۆژئاوایی. هەرکاتێک ئەم دۆخە گۆڕا، سەرمایەی ڕۆژئاوا دووبارە پێداچوونەوە دەکات. وادابنێن چین قورساییەکی بەهێز پەیدا بکات کە ڕەنگە ئەم وڵاتانە

بکاتە پارووپەک بۆخۆی، ئەوکاتە سەرمایەداری ڕۆژاوایی بەگومانەوە سەیری ئەو ناوچەیە دەکات وەک ناوچەی نفوزی خۆی.
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێک نییە ڕۆژئاوا وەبەرهێنانی تێدا بکات. وەبەرهێنان ساردەمەنی فرۆشی نییە، دەبێت ژێرخانی ئابووری بنیات بنێت، دەبێت پیشەسازییەک دەستپێبکات کەتازە دوای شەش ساڵ دەست بە بەرهەمهێنان بکات و دوای پانزە ساڵی تریش قازانج بکات. لەئەنجامدا ئەو سەرمایەدارییەی کە دەیەوێت بچێتە ئێران، میسر، ئیسرائیل، سعودیە و ئوردن، دەبێ حسابی ئەوە بکات لانی کەم تا بیست ساڵی دیکە دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئەو وولاتانە وەکو خۆیان دەمێننەوە. تا پرسی عەرەب و ئیسرائیل و مەسەلەی ئیسلام و ڕۆژئاوا کراوە بێت، و تائێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆمب و هیرۆشیمایەکی نەدیبێت، بزووتنەوە ئیسلامییەکەی لەلایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاواوە شکستی پێنەهاتبێت، بەبڕوای من ئەوەی کە ئابووری ئێران لە سیستەمی سەرمایەداریدا گەشە بکات، مەحاڵە. تەنانەت لەژێر سایەی ڕژێمی سەڵتەنەتخوازەکانیشدا، هەمیشە وتوومە لە باشترین حاڵەتدا وەک تورکیا دەبێت. ئابووری ئێران بەئاقاری تورکیادا دەڕوات نەک تایوان یان هۆنگ کۆنگ. بەئاقاری تورکیا دەڕوات چونکە پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی-سیاسی ئەم وڵاتە، مێژووەکەی یاخود داهاتووی چاوەڕوانکراوی لە ناوچەکەدا هەر ئەوەندە ڕێگا دەدات. ڕۆژئاوا بچێت وڵاتێکی پیشەسازی زەبەلاح بنیات بنێت، کە بتوانێت تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو دروست بکات، دواتر دیسانەوە بزووتنەوەیەکی گەورەی دژە ڕۆژئاوایی دەستی بەسەردا بگرێت؟ دەگوترا سوپای ڤێتنام دوای کشانەوەی ئەمریکا بووەتە یەکێک لە سوپا گەورەکانی جیهان؛ بەهۆی ئەو تۆپ و تانکانەی کە ئەمریکییەکان لە ڤێتنامی باشوور بەجێیان هێشتبوو. ئێستا بێت و ئەم کارە بکاتەوە، ئابوورییەک بنیات بنێت، دوای دوورۆژ بیداتە دەستی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، پاشان بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی، پاشان ئەوانی دیکە کە ڕەنگە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بێنە ئەم هەرێمەوە.
سەرەنجام بەبڕوای من لایەنی ئابوریی مەسەلەکە، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئیسلام و ئیسلامیزمدا وەڵامدەرەوە نیە. ئیسلام چارەسەری تاک وڵاتی پێنییە، بەبڕوای من "سەرمایەداری لە یەک وڵاتدا" بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی مومکین نییە. پێویستە چارەنوسی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە لەناوچەکەدا یەکلابێتەوە بۆئەوەی تازەبەتازە بگاتە خاڵێک وەکو بولگاریا، ئەگەر بتوانرێت. لەئێستادا تورکیایان لەودیو دیواری بازاڕی هاوبەشی ئەورووپاوە ڕاگرتوە، کە زۆر فاشیستتر نییە لەو کاتەی پورتوگال و ئیسپانیا دیکتاتۆری بوون، دواجار ئەوە ئیدارە دەکرێت، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ یۆناندا نییە، کە چەند ماوەیەک لەمەوبەر حکومەتی سەرهەنگەکانیان روخاند. تورکیا لەپشت دیواری ئەورووپاوە ڕاگیراوە، چونکە

## مەنسور حیکمەت

تائێستاش دڵنیانین لە ئایندەی، بە ئەوروپی نازانن. ترسی ئەوەی کە ئیسلام و ئیسلامیزم کە زیندووە، بخزێتەناو پێکهاتەی حوکمڕانی ئابووری- سیاسی کۆمەڵگا دیموکراسیەکانی ڕۆژئاواوە، لەشوێنی خۆیدایە. هەروەها باسی تیۆرییە بنەڕەتییەکان لەئارادایە، بەشی زۆری نیگەرانییەکە، بۆنموونە لە باسکردنی شەڕی شارستانییەکاندایە. بەشێک لەدەستەی دەسەڵاتداری ئەمریکا پێیانوایە ئەم شەڕەی شارستانیەتەکان خەریکە ڕوودەدات و هەیە. هەروەها باڵی میانڕەویش نیگەرانییەکی بنەڕەتی هەیە لەم بابەتەدا.

لەڕوانگەی سیاسییەوە، بەڕای من ناکرێ خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی هەبێت، چونکە ئەم هاوسەنگییە سیاسییە بڕیار نییە لەنێوان باڵەکاندا ڕووبدات، دەبێت لە کۆمەڵگادا ڕووبدات. چ ئەندازەیەک لە لیراڵیزەبوون لە ئێراندا دەتوانرێت پایەداربێت؟ خەڵکێک کە ئەمە ئابوریەکەیانە و ئەم ئایدۆلۆژیایە بەسەریاندا زاڵە، چ ڕادەیەک لە لیبراڵیزەبوونی سیاسی دەتوانرێ لەهەمان ئاستدا ڕایانبگرێت و ڕێگری لە تەقینەوەیان بکات؟ کێ دەتوانێت بێت و لەئێراندا مۆڵەتی بڵاوکردنەوە تەنها بە نەهزەتی ئازادی(نهضت ازادی) بدات و دڵنیابێت لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە لەدەرەوەی ئەوان بڵاوکراوەکانی خۆیان بڵاو ناکەنەوە؟ کێ دەتوانێ ڕێگەبدات سەندیکاکان دروست ببن و پێیوابێت لەدەستی پارتی کاری ئیسلامیدا دەمێنێتەوە، کاتێک دەبینێت چەپەکان ئەزمونێکی سیاسی زۆریان هەیە، ڕەنگە هەمان سەندیکای ئیسلامی خۆی سبەینێ بکەوێتە دەستی گروپێکی کۆمۆنیستی.

هۆکاری هاوسەنگی پەرلەمانی لە ڕۆژئاوا، پەرلەمان نییە لە ڕۆژئاوا، بەڵکو میدیایە، ڕۆشنگەرییە، مێژووی پیشەسازیی بۆرژوازییە، شەڕە جیهانییەکانە، ئەمانە پەرلەمانیان سەقامگیرکردووە و تاڕادەیەکیش هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا قبوڵیان کردووە. بەوجۆرە نیە کە تۆ پێتوابێت سبەی ئێران دەبێتە پەرلەمانی و ئێمەش بانگهێشت دەکەن. تازە ئەگەر قبووڵیشی بکەین، سوپا قبوڵی ناکات. دەمەوێت بڵێم هەرکات سوپای ئەم ناوچەیە لە بەهێزبوونی پەرلەمان ناڕازی بووە، کودەتای بەسەردا ئەنجامداوە. عێراق نموونەیەک بوو. کابرا مەسینەیەکی بەدەستەوەیە و دەیەوێ بچێتە تەوالێت، بەڵام دۆخەکە بەجێگایەک گەیشتوە کە بەژنەکەی دەڵێ ئەگەر کودەتا ڕوویدا ئاگادارم بکەرەوە! چونکە سێ هەفتە جارێک کودەتا ڕوودەدات…پاکستان نموونەیەکی ترە…دەمەوێت بڵێم کێ یان چی؟ بڕیارە لەم گەمە پەرلەمانییەدا لە ئێران یاری بکات؟ ئەم هاوسەنگییە پەرلەمانییە بەرهەمی هاوسەنگییەکی پێکهاتەیی(ستراکچەری)، هاوسەنگییەکی دامەزراوەیی، هاوسەنگییەکی مێژوویی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. ڕێساوڕێکارێکی پەرلەمانیی پێویستە، لەناویاندا لایەنگەلێک هەن کە لەبەرامبەر یەکتردا وەستاون. ئەگەر بزووتنەوەیەکی چەپی دژە پەرلەمانی لەم وڵاتە (ئینگلتەرا) سەرهەڵبدات، لەهەنگاوی یەکەمدا دەبێت ڕووبەڕووی بەربەستی سۆسیال

## خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی..

دیموکراسی و پارتی کرێکاران دەبێتەوە، کە وەبیری دەهێننەوە تۆ هیچ جێگەیەکت نییە! گەورەترین ڕکابەری ( پارتی سۆشیالیست ۆرکەر- SWP ) پارتی کرێکارانە کە ڕێگە نادات کرێکاران بەدوایدا بگەڕێن. حزبی پەرلەمانی هێزی هەیە، توانای هەیە جڵەوی توندڕەوەکانی ناو ژینگەکەی خۆی بگرێت. وەکو چۆن، تاچەر دەبێت جڵەوی توندڕەوە کۆنەپارێزەکانی بەرەی نیشتمانیی یانەی ماندل (ماندل کلاب ناشناڵ فرۆنت) یش بگرێت ((ناشنال فرۆنت، پارتیکی سیاسی ڕاستڕەوی فاشیستە لە بەریتانیا، The National Front_ وەرگێڕ). تا کاتێک تاچەر بە ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمەکەیەوە بتوانێت بە گەمەی پەرلەمانی بچێتە دەسەڵات، کەس دەنگ بە فڵانە حزبی فاشیستی نادات کە بیست ساڵە هەموو هەوڵێکی داوە کەچی ناتوانێت 1%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. دەمەوێت بڵێم بوونی ئەو نەریت و حزبانەیە ڕێگە بە پەرلەمان دەدات کاربکات. ئەگینا ئەگەر مۆڵەت بە پەرلەمان بدەن لە ئێران ئەوا دەبێتە شەش حەوت پەرلەمان و دواتر دەپێچرێتەوە. ئەگەر ئەو نەریتانە پێشتر لە پەرلەمان نەبووبن، ئەوا تەقە لە یەکتر دەکەن. هەرکەسێک لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو ناڕازی بێت، درەنگ یان زوو تەقە دەکات، لایەنی بەرامبەریش تەقە دەکات. بە کورتی لکاندنی پەیکەری پەرلەمانی بەو کۆمەڵگایانەوە کە نە شۆڕشی کلاسیکی بۆرژوازی تێیاندا ڕوویداوە، نە بوونەتە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، وە نە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە سەقامگیری سیاسی، لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ حکومەتدا پێناسە بکات، بەو سادەییە مومکین نیە.

لەڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە، ئایا دەکرێ خاڵێکی هاوسەنگی نوێ لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامدا دابنرێت؟ پێموانییە بتوانرێت. کێ بڕیارە ئەم هاوسەنگییە دروست بکات؟ خەڵک نایەوێت، ڕۆژئاوا خۆی حەزی لە ئیسلام نییە. باندێک، دەستەوتاقمێک، بیست ساڵ لەمەوبەر لە شەڕدا لەگەڵ حکومەتێکی شاهانەی سەربازیی لایەنگری ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر بلۆکی سۆڤیەت و لەبەرامبەر ڕیزەکانی ناوخۆدا، دەستی بۆ ئیسلام برد، ئەمە ئیسلام ناکاتە ڕەوتێکی موعتەبەر لە کۆمەڵگادا، کە سەرچاوەی ئیلهام و سەرچاوەی پەیوەندییە سیاسیەکانی بەشێک لە کۆمەڵگا بێت. نییە. ئیسلام یەکێک لە سەرچاوەکانی بیرکردنەوەی خەڵکی ئێران نییە. ناسیۆنالیزم هەیە. ناسیۆنالیزم سەرچاوەیەکی بەهێزی بیری سیاسی ئینسانی ئێرانە، بەڵام ئیسلام ئەگەر هەبووبێت، هەرچەند هەبووبێت، لەم ڕۆژانەدا زۆر لاوازبووە. لە ساڵی ١٩٠٧-١٩٠٩، لە سەردەمی شۆڕشی دەستووریدا، خەڵک ئیسلامیان قبوڵ نەکرد، دوای سەد ساڵ دەیانەوێت ئیسلام وەک بنەمای پێکهاتەی سیاسی پێناسە بکەن!؟ ئەمە پراکتیکی نییە. سەرەنجام لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە بەبڕوای من هاوسەنگی نوێی ئیسلامی مومکین نییە. تەنانەت بەگشتی عەلمانیەتی ئیسلامی، ناسیۆنالیزمی ئیسلامی،

# مەنسور حیکمەت

ئیسلامی ڕۆژئاوا، ئیسلام لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ، هەرچییەک بێت، بە بۆچوونی من هیچ کەیسێکی نییە و پراکتیکی نییە. ئەم مشتومڕە بەردەوامە و ئەوەندەی پەیوەندی بە سەرمایەداری و ئیسلام لە ئێرانەوە هەیە، پەیوەستە بە شکستی ڕابوون(نهضت)ی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تەسلیمبوونی ڕابوونی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێک خۆی لەپرسی ئیسرائیلدا نیشان دەدات. ئێستا ئیتر حکومەتی ئیسلامی ئێران. ئەم دوو هۆکارە یەکلاکەرەوەن. عەرەب و ئیسرائیل... ئایدۆلۆژیا... ڕۆژئاوا تازە خەریکە کاریگەری دادەنێت، لەئێستادا بەمشێوەیەیە. لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لەڕوانگەی فەلەستین و بزووتنەوە دژە ڕۆژئاواییەکانەوە سەیری پرسی ئیسلام دەکەن. سەرەنجام ڕۆژئاوا دەبێت نیشانە دژە ئیسلامیەکان ببینێت بۆئەوەی جیهانی ئیسلامی پێشوو بچێتە ناو گەشەسەندنی سەرمایەداریەوە. ئەمە هێشتا هیرۆشیمایەکی نییە. تازە ئەمەیە کە خەریکە لە مەنگەنەی دەدات، هێشتا رۆژاوا خەریکە...

سەرەنجام پێموایە بەدڵنیاییەوە ئیسلامییەکان دەڕۆن. هۆکارێک کە یارمەتیدەربووە تا ئێستا بمێننەوە ئەوەیە کە تا ئێستا لەم ئاراستەیەدا تەحەدایان نەکراوە، ئەم تەحەدایە تازە دەستی پێکردووە. تا پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر کەس تەحەدای نەدەکرد، ئێستا خەڵک تەحەدای دەکەن، ئەم رژێمەیان ناوێت، سەرەنجام بەڕای من دەبێ بڕوات. ئەوەی کێ جێگای دەگرێتەوە؟ هەوڵ دەدەم سەبارەت بە سێ چەمک لەپەیوەند لەگەڵ یەکتردا قسە بکەم: سەرنگونی، شۆڕش و سۆسیالیزم. پەیوەندی ئەم سێ چەمکە پێکەوە چییە؟

ئایا سەرنگونی هەردەبێ لەڕێگای شۆڕشەوە بێت؟ یەکەم باسی من ئەوە بوو کە دەکرێت وابێت، باشترین ڕێگە بۆ سەرنگونی ڕەنگە شۆڕش بێت، هەرچەندە ڕەنگە... باشترین گومانیش ئەوەیە کە سبەینێ وازبێنن و بڕۆن، داوای لێبوردن دەکەین و حکومەتەکەمان کۆتایی هات، هەمووان سواری فڕۆکەکە بن و بڕۆن و شەقامەکان بۆ خەڵک بەجێبهێڵن. ئایا سەرنگونی هەر ئاکامەکەی شۆڕش دەبێت؟ بەبڕوای من لەڕووی مادییەوە لە ئێراندا ڕووخانی کۆماری ئیسلامیش بەبێ شۆڕش دەتوانێ ڕووبدات. ڕەنگە کودەتایەک ڕووبدات، ڕەنگە لەناوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامیەوە کودەتایەک ڕووبدات، کە لەڕۆژی یەکەمدا بڵێ هەموومان پابەندین بە چارەنووسی ئیسلامەوە، بەڵام دواتر بکێشێت بەژێریدا. ڕەنگە وابیت. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە لەژێر فشاردا، لەپرۆسەیەکی گۆڕانکاری خێرادا دەستور بگۆڕن. زۆر شت مومکینە: مەلاکان بچنەلاوەو هتد. مەرج نییە سەرنگونی و شۆڕش پێکەوەبن، یان مەرج نییە شۆڕشی لەگەڵدا بێت. دیارە شۆڕش سەرنگونیش دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە سەرنگونی شۆڕش دروست بکات.

سەبارەت بە بزووتنەوەی سەرنگونیخوازی خەڵکیش، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر لەجەرگەی

## خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی..

خەباتدا بۆ سەرنگونی، کارەکە نەگاتە شۆڕش، دوای سەرنگونی چی بەسەر بزووتنەوەی سەرنگونیدا دێت؟ چونکە ئەگەری هەیە حکومەت بەهۆی نافەرمانی مەدەنیەوە، بەهۆی سەرپێچی مەدەنییەوە بڕوات، خەڵک بتوانن حکومەت ئیفلیج بکەن و حکومەت بڕوات، لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە یان ئەوەی دەسەڵات بکەوێتە دەستی کەسانی ترەوە، دوای ئەوە، بزوتنەوەی سەرنگونی چی بەسەردێت؟ ئەمە پرسیارێکە، ئایا دواتر دەگات بە شۆڕش یان نا؟ پرسیارێک کە بەڕای من دێتە پێشەوە ئەوەیە ئایا شۆڕش تاکە ڕێگایە بۆ هاتنەسەردەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان؟ تەنانەت دەڵێم ئەمەش ١٠٠٪ نییە. چونکە ڕەنگە کودەتاکە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بکرێت. وە ئەگەر کۆمۆنیستەکان بە کودەتایەک بێنە سەر کار، ئایا شەرعیەتی حکومەتی کۆمۆنیستی لەژێر پرسیاردایە؟ بەڕای من ئەگەری ئەوە هەیە لەدوای سەرنگونی شۆڕش ڕووبدات، واتە ئەم شۆڕشە بەکردەوە لەجەرگەی خەبات دژی دوژمنانی حکومەتی ئێستا ببێت بە شۆڕش. دەشێ قۆناغی شۆڕشگێڕانە قۆناغی دوای دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بێت. وەکو ڕووسیا. لەڕەوتی هاتنەسەرکاری بەلشەفیکەکاندا تەنها چەند کەسێکی کەم بریندابوون، لە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چوار پێنج کەس بریندابوون، هەندێکیش دڵتەنگ بوون. دوای سێ ساڵ، شەڕێکی ناوخۆی گەورە ڕوویدا کە هەزاران کەسی تێدا کوژران، چەندین ڕاپەڕین ڕوویدا، لە ناوچەکان لەسێدارەدان ڕوویدا، چەند سوپای زەبەلاح لەگەڵ یەکتردا کەوتنە شەڕەوە، ئەوە پرۆسەی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیا بوو. سەرەنجام شۆڕش و سەرنگونی و پاشان حکومەتی کۆمۆنیستی و سەرنگونی، بەڕای من کۆمەڵە چەمکێکن کە پێویستە لە هەموو بارودۆخەکاندا بەشێوەیەکی داهێنەرانە لەبەرچاو بگیرێن.

پێموایە پرۆسەی سەرنگونی بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتەهۆی شۆڕش لە ئێران، چونکە باڵەکانی ڕژێمی ئیسلامی ناتوانن لەسەر یەک پلانی کشانەوە سازش بکەن، بەشێکیان دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، بەبڕوای من، ئەگەری زۆر ئەوەیە کە : ئێستا دوویخوردادیەکان لەژێر دەسەڵاتی لایەنگرانی خامنەییدا دەجووڵێنەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە تەواودەبێت و دوویخوردادییەکان بەرەبەرە دەستی باڵا پەیدادەکەن. لەوساتەوەختەوە، یان تەنانەت کەمێک پێشتریش، کۆنەپارێزان دەکەونە بیری کودەتاوە، چونکە کۆتایی ئەم چیرۆکە مردنی ئەوانە. سەرەنجام، دوای باڵادەستی وردەوردەی دوویخوردادییەکان بەسەر لایەنگرانی خامنەییدا، یان تەنانەت ڕێک پێش دەستباڵاکردنی یەکجارەکی ئەوان، کودەتا یان گورزێکی سەربازی، گورزی شەڕانگێزی لایەنگرانی خامنەیی دەست پێبکات(یان ڕەنگە خامنەیی لەگەڵیان نەبێت، ڕەنگە خامنەیی سازش لەگەڵ خاتەمی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا باڵی ڕاست لێیان دەدات) و لەپرۆسەی سەرکوتکردنی ئەو جموجوڵەی باڵی

# مەنسور حیکمەت

ڕاستدایە کە بەبڕوای من ڕاپەڕین ڕوودەدات، بەو مانایەی کە دژی تەواوی دەسەلات بێت. ئەو سیناریۆیەی کە پێموایە ئەگەری هەیە ئەوەیە کە ململانێی نێوان باڵەکان بەردەوام بێت، لەشوێنێکدا باڵی ڕاست گوزری خۆی دەوەشێنێ؛ لەبەرامبەر ڕاستدا، باڵی دووی خورداد تەسلیم نابێت یان ١٠٠٪ تەسلیم نابێت، کەمێک بەرگری دەکات، ئەم بەرگریەش لەسەر شانۆی ڕوداوەکان کۆتایی نایەت، خەڵک دێنەناو شانۆی ڕوداوەکانەوە و هەموویان کۆدەکاتەوە. بەڕای من ئەمە پرۆسەی سەرنگونیی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام پڕۆسەی سەرنگونیی حکومەت زۆر ڕوون نیە، دۆخێکی زۆر ناڕوون لە تاراندا دێتەئاراوە، کە دیارنییە کام شوێن بەدەست کام حزبەوەیە. ئەوانەی ڕاپەڕینیان ئەنجامداوە دابەشدەبن، هاوشێوەی شۆڕشی پورتوگال، ئەوانەی ڕاپەڕینیان کرد لە سوپای پورتوگال بوون، بەڵام دواتر حکومەت بەردەوام دەستاودەستی پێدەکراو پێکهاتەکەی دەگۆڕدرا.

بەڕای من حکومەت لەقۆناغی دوای ڕاپەڕیندا لە ڕاستەوە بەرەو چەپ دەڕوات تا ئەوکاتەی ئەو چەپەی لە دواقۆناغدا دێت و بانگەوازی خەڵک دەکات بێنەمەیدانەوەو ئەو "شەڕی سێ ساڵە" یە لەگەڵ بۆرژوازی ئێراندا دەست پێدەکات. پێموایە پرۆسەکە بەم شێوەیەیە: دوویخوردادیەکان گەشەدەکەن تا تەحەمولی ڕاستەکان کۆتایی دێت و کاسەی سەبریان سەرڕێژدەکات، کاردانەوەی ئەوان دەبێتەهۆی ئەوەی کە دوا دەستتشکاندنەوەی نێوان باڵەکان لەشەقامدا ڕووبدات، خەڵک دەسەڵات لەدەستی هەموویاندا دەردەهێنێ، دەسەڵات دوای ماوەیەک دەستاودەستکردن، لەچەپ نزیک دەبێتەوە. ڕاست دژی ئەم چەپە خۆی سازدەکات، چەپ ئەمجارەیان ناچاردەبێت ڕاپەڕینی خۆی ئەنجام بدات و لە ڕاپەڕینی چەپدا، لە شۆڕشی خودی چەپدا ئێمە بێگومان دەبێ بەشداری بکەین. سیناریۆی ڕەش بریتیە لەمەودای یەکەم ڕاپەڕین دژی کۆماری ئیسلامی تا ڕاپەڕینی کۆتایی چەپ، دوای ئەوە بەندە بەوەوە کە چەپ چەندە دەسەڵاتی سەربازی هەیە. لە باسی ستراتیژدا بەوە دەگەین کە بەبڕوای من دەبێ حزبی ئێمە بە قیافەی چەکداریەوە لەگەڵ ئەو ریزەدا بڕوات. حیزبێک کە دەڵێ ئێمە ئەهلی خەباتی سیاسین و ئامادەی خەباتی سەربازین، هەردوو هێزەکەمان هەیەو بەپێی گونجاوی بارودۆخ بەکاریان دەهێنین. قیافەیەک کە ڕەنگە موجاهید ئێستا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی سەربازی بکاتەوە، پێویستە ئێمە دۆخێکی گونجاوترلە کۆمەڵگادا دروست بکەین: هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی شارستانی، بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەرەو شەڕ چوو، ئەوا ئەم حزبە دەتوانێت بچێت و ناوچەیەک ئازاد بکات، و دەتوانێت لەناو شاردا جێگایەک بگرێت و پارێزگاری لێبکات.

پێموایە ئاڵۆزی پرۆسەکە لەوشوێنەدایە کە کۆماری ئیسلامی دەڕوخێت. پێموایە تا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامی خەریکە دەڕوخێت، دۆخی ئێمە ڕوونتر و ڕوونتر دەبێتەوە،

## خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی..

دوای ئەوەی کە دەڕوخێت، ئێمە خۆمان دەکرێ تووشی لێکترازان بین. ڕەنگە هەموو چەپی کۆمەڵگا بترسێت، دڵنیانەبێت لە جموجوڵەکانی خۆی، ڕەنگە باڵە جیاوازەکانی هەریەکەیان ئاراستەیەک بگرنەبەر و ئەوە ئەو کاتەیە کە ڕۆژئاوا دەستوەردان دەکات. سیناریۆی ڕەش: لەکاتی سەرنگونیەوە تا زاڵبوونی چەپ بەسەر حکومەتدا چەند دەخایەنێت، چی ڕوودەدات، چ جۆرە چەپێکمان هەیە، بەبڕوای من، ئەگەر ڕۆڵی خۆمان نادیدە بگرین، چەپی ئەو کۆمەڵگایە روبەڕوی کۆمەڵکوژییەکی دیکە دەبێتەوە. واتە دوای ڕووخانی ڕژێم دەسەڵات ئەوەندە دەست بەدەست دەکات تا دواجار ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ئەوەندە پارە و چەک دەرژێننە ناوەوە، باڵێکی دەسەڵات ساغ دەکەنەوەو دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و دواتریش ئێمە دەخەنە دۆخێکی هاوشێوەی حکومەتی کرنسکیەوە، چونکە ئەوکاتە ئیسلامێک لە حکومەتدا نابێت، کە ئێمە ئەعسابیمان ووردکردوە، دەست دەکات بە سەرکوتکردنمان. هەرچەندە کۆمەڵگا بەوشێوە کاڵوکرچەی جاران نەماوە، نە چەپ و نە ڕاست، بەڵام زۆرێک لە چەپەکانی پێشوو، بەبڕوای من، لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەچنە پاڵ بزووتنەوەی دوتێل کرنسکییەوە، خەریکین نمونەکانی دەبینین.

ئەمە وێنای منە بۆ دۆخەکە. تەواوی تێزەکەم ئەوەیە کە خاڵی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی مومکین نییە. ئەگەر مومکین بێت، ئەوا هەموو ئەم تێزە پووچەڵ دەبێتەوە. چونکە ئەگەر بەکردەوە خاڵی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی بۆماوەی هەشت یان دە ساڵی دیکە، کۆماری ئیسلامی خاتەمی درێژە پێبدات، چیرۆکی ژیانی هەمووومان دەگۆڕێت. وە ستراتیجی ئێمە بۆ رژێمێکی ئیسلامی کە بۆنمونە ئیسلام لە دەستوورەکەیدایە و حیجابیش هەر ماوەو ژنانیش هیچ مافێکیان نییە، بەڵام کار دەکەن و ئۆپۆزسیۆنی بەئەدەب، تەنانەت چەپی بەئەدەبیش، تەحەمول دەکات، خەڵکیش دوای کار و ژیانی خۆیان کەوتوون، ئەمە ئێمە ڕووبەڕووی دۆخێکی نوێ دەکاتەوە کە داستانێکی تەواو جیاوازە. بەڵام ئێستا پێموانییە ئەم پرۆسەیە بەوجۆرە بچێتەپێشەوە لەبەر دوو شت: یەکەم: کۆمەڵگا زۆر لەوە زیاتر ناڕازییە کە بڵێ بەە بەە چەندە خۆش بوو! ئێمە هەموومان لێرە پێکەوە وەستاوین، سەرەنجام بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دۆخەکە بەملاوئەودا ڕادەکێشن، دووەم: بەنیسبەت ئابووریەوە، بەهاوکاری ئیسلامی جۆری تازە ناتوانرێ چارەسەرێکی خێرا و کورتخایەن و بنەڕەتی بدۆزرێتەوە کە وەڵامدەرەوە بێت، سەرەنجام ململانێی چینایەتی ڕێگە نادات دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە.

# بەیاننامەکان

# نا بۆ جیهانێکی میلیتارستی، نا بۆ جەنگ

دوای چەند مانگ لە پڕوپاگەندەی جەنگی و جوڵەی سەربازی ڕوسیا و ناتۆ و کوتانی تەپڵی جەنگ لەلایەن میدیای ڕەسمی بۆرژوازیەوە، سەرئەنجام هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، کە ترسێکە و چەند مانگە باڵی بەسەر ژیانی خەڵکی سەراسەری جیهاندا کێشاوە، ڕوویدا.

بەپێچەوانەی پڕوپاگەندی میدیای ڕەسمی وڵاتانی بۆرژوازیەوە، دونیا ڕووبەڕووی جەنگی جیهانی سێهەم یان گەڕانەوە بۆ سەردەمی جەنگی سارد نییە. بەڵکو ئەمجارە بڕیارە خەڵکی ئۆکرانیا، لەپاڵ خەڵکی عێراق و ئەفغانستان و سوریا و لیبیادا، باجی تەسفیە حسابی هێزە جیهانیەکان بەماڵویرانی و ئاوارەیی و ... هتد بدەن و ببنە قوربانی ئەم هێزانە لەپێناو دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و دیاریکردنەوەی ناوچەی نفوزیان.

ئەم هێرشە دەستپێکی ڕۆچونی جیهانە بەرەو قۆناغێکی تازە لە پێکدانان و کێشمەکێش و سەربازگیری بلۆکەکان. قۆناغێک کە چین و ڕوسیا وەک هێزێکی گەورەی ئابوری لەبەرامبەر پەلامارە سەربازی ومیلیتاریستیەکانی ناتۆدا، وەک هێزێکی میلیتاریستی خۆیان دەردەخەن و لە کەنار ئەمریکا و ناتۆدا، عەسکەرتاریەتی بێپەردە و دەخاڵەتگەری و هێرشی سەربازی وەک سیاسەتێکی ڕەسمی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشمەکێشانەیان گرتوتەبەر. قۆناغێک کە ئیتر ئاڵوگۆڕکردنی ڕژێمەکان(ڕژێم چێینج)، میلیتاریزمی بێپەردە، پەلاماردانی سەربازی و داگیرکاری لەپێناو بەلاداخستنی کێشمەکێشەکان یان چاوترسێنکردنی حەریف و هاوپەیمانانی بەرامبەریان، تەنها قۆرغکراوی ئەمریکا و ناتۆ نییە! ڕوسیا بە هێرشەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا گیانی کردەوە بە بەر لاشەی بێگیان و لاکەوتەبووی میلیتاریزمدا. ڕاگەیاندنی ڕەسمی و بێ پەردەی ڕوسیا سەبارەت بە " پێویستی دەوڵەتێکی پڕۆ ڕوسی لە ئۆکرانیا"، دوبارەکردنەوەی پاساوگەلێکی وەک "مەترسی ئۆکرانیای خاوەن چەکی ئەتۆمی" لەپێناو "ئەمنیەتی جیهان"دا، کە چەند دەیەیە لەلایەن ڕۆژئاواوە، بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەبرێتە پێشەوە، ڕەوایەتیدانەوە و زیندوکردنەوەی سیاسەتە شکستخواردووەکان و هەمان ئەو کۆنەپەرستیەیە کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ ساڵانێکە لەبەرامبەریدا ڕیزی بەستوە و ڕاوەستاوە و بەرەودواوەی بردووە.

هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و زیندوکردنەوەی میلیتاریزم و ملهوڕی سەربازی کە ئەمجارەیان لەلایەن ڕوسیاوە گیراوەتەبەر کاریگەری جدی لەسەر دۆخی نائارامی جیهان، بلۆکبەندی و سەربازگیریەکانی نێوان ناتۆ و بلۆکی ڕوسیا و چین، لەسەر ڕیزبەندی هێزە

## نا بۆ جیهانێکی میلیتارستی، نا بۆ جەنگ

سیاسیەکان و دواجاریش لەسەر گەشەی میلیتاریزم و گەرمکردنی تەنوری پروپاگەندەی جەنگی لە جیهاندا دادەنێت. هێشتا دوورۆژ لەم هێرشە تێنەپەڕی بوو کە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لەجیهاندا دەستی پێکرد. بودجەی سەربازی دەوڵەتانی بۆرژوازی چەند قات زیادی کردووە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی خراوەتە دەستوری دەوڵەتانی بۆرژوازیەوە، لەوانەش بیلاڕوسیا.
بلۆکە جیهانیەکان تەواوی هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە زۆرترین سود لە کابوس و جەهەنەمێک کە بۆ خەڵکی ئۆکرانیا پێکهێنراوە وەربگرن. ڕوسیا زۆرترین سوود دەبینێت لەم هێرشە و لەبێتوانایی ناتۆ لە دەخاڵەتکردن لەم قەیرانەدا بۆ چاوترساندنی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە هاوپەیمانی ئەمریکان. لە بەرامبەردا ئەمریکا هەوڵدەدات ناتۆی لەدەست دەرچوو بە "مەترسی ڕوسیای ئەتۆمی" زیندوبکاتەوە و هاوکات لە بەرامبەر مقاوەمەتی دەوڵەتانی ئەوروپاییدا، هەژمونی خۆی بەسەر یەکیەتی ئەوروپادا بپارێزێت.
هەوڵدان بۆ برەودان بە دۆخی نائارامی و وروژاندنی ناسیونالیزمی ڕوسی و ئەورووپایی، یان ناسیونالیزمی ئۆکرانی، کە ئەمڕۆ میدیای ڕاستڕاوانە فوی پێدادەکات، کاریگەری خراپی خۆی بەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهاندا، دادەنێ.
ئەمڕۆ چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان کە لە جەنگ و میلیتاریزم و وەحشیگەری هێزە جیهانیەکان بێزاربوون، دەڵێن نا بەم جەنگ و میلیتاریزمەکردنەی جیهان! ئێمە وەک حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەکەنار چینی کرێکاری جیهاندا، بۆ دەستکۆتا کردنی هێزە کۆنەپەرستەکان بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیەوە و لە دژی ئەو دەوڵەتانەی پڕچەکن و ئەتوانن لە چاوتروکانێکدا ژیانی ملیۆنەها ئینسان لەگەڵ مەترسی مەرگ و تیاچون ڕووبەڕووبکەنەوە، ڕاوەستاوین. جیهان بەبێ ئەو هێزانەی کە خۆیان سەرچاوەی نائارامین و هۆکاری هەموو تاوانەکانی دژی بەشەریەتن، جیهانێکی ئارامتر و ئینسانیتر دەبێ.
کۆتاییهێنان بەم وەحشیگەریە و بڕینی دەستی پۆتینەکان و بایدنەکان و ماکرۆنەکان لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ و ئاسایشی جیهانی و گەیشتن بە ژیانێکی بێ جەنگ و خوێنڕشتن و کوشتار و کۆمەڵکوژی، کاری ئێمە و چینی کرێکاری جیهانی و بزووتنەوە ئازادیخوازی و کۆمەڵایەتیەکانە لە جیهاندا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حیزبی حیکمەتیست /خەتی ڕەسمی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١ ی مارسی ٢٠٢٢**

بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزب:

# تاوانەکانی ئیسرائیل، کۆمەڵگای جیهانی و چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین

بۆردومانە بەربڵاوەکانی ئیسرائیل لە دژیخەڵکی فەڵەستین لە کەرتی غەززە و بڕینی ئاو، کارەبا، خۆراک و سووتەمەنی و وێرانکردنی غەززە بەسەر دانیشتوانەکەیدا، بەدوای بۆردومانکردنی نەخۆشخانەی مەعمدانی لەو کەرتە، دۆخەکە چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە. مەودای دڕندەیی و بەربەرییەت لەم کۆمەڵکوژیەدا کەبە پاڵپشتی تەواوی دارایی و سەربازی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و دەزگاکانی پڕوپاگەندەی جەنگییان دەچێتە پێشەوە، هاوکات لەشکرکێشی و ناردنی گەورەترین پاپۆڕی جەنگی بۆ ناوچەکە،ڕوخساری سیاسی ناوچەکە و ڕیزبەندی هێزەکانلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانداناچار بە گۆڕانکاری جددی کردوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەرەو قۆناغێکی پڕمەترسی و کارەسات ڕاپێچ کردووە.

ئەمڕۆ ئەو ڕاستییەی کە حکومەتە ڕۆژئاواییەکان کە پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن، لەوانە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەمریکا و ئەوانیتر، بۆ هەموان ئاشکرایە کەئەم دەوڵەتانە بوونەتە بەشێک لە ماشێنی جەنگی و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئیسرائیل و بوون بە بەشێک لە تابلۆی کێشەکە و بەبنبەست گەیاندنی چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین. "دیموکراسی ڕۆژئاوا "کە هەر جۆرە نارەزایەتییەک لەدژی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و پشتیوانی کردن لەخەڵکی فەڵەستین قەدەغە دەکات، کە پۆلیسی "دژە تیرۆر "بەردەداتە گیانی لایەنگرانی خەڵکی فەڵەستین و دەیانکوژێت، کاتێک کە ژیان کردنی فەڵەستینیەکان لە ڕۆژئاوادا بە تاوان هەژماردەکات، کە ڕقوکینەی نەتەوەیی و ئایینی لەقاڵبی "شارستانیەتی بەشەریەت"دا پەرەپێدەدات و کارتی سەوز بۆ دواکەوتووترین بەشەکانی کۆمەڵگا بەرز دەکاتەوە تا هێرش بەرنە سەر "بێگانەکان"، زیاتر لەهەر سەردەمێکیتر شەرعیەتی خۆی لە چاوی خەڵکی موتەمەدینی جیهان و بە تایبەتیش لە ڕۆژئاوا، لەدەست داوە. هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پەرلەمان و ئەحزاب و دامەزراوە نێو دەوڵەتییەکانیان، کە پشتیوانی بێ مەرج لەئیسرائیل دەکەن وریگرن لە کۆتاییهێنان بەبۆردومانەکان و ئەو کۆمەڵکوژیەی لەکەرتی غەززەدا کراوەو هەر ئەوانیشن کەساڵانێکە چارەسەری پرسی فەڵەستینیان بەبنبەست گەیاندووە، لە چاوی خەڵکی جیهاندا لاکەوتە وبێئابڕو نەبوون!

## بەیاننامەی سێ حیزب:

بەهەق ئەمڕۆ "دیموکراسی ڕۆژئاوا "بە جەنگ و کوشتن، کۆمەڵکوژی و سانسۆر، سەرکوت و تاوان دەناسرێتەوە. بەمجۆرەش لەچاوی خەڵکی جیهانی ئەمڕۆوەئەوە دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایەتی کە بە بەرپرسیار و سەرچاوەی هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەم ناوچەیەدا دەڕژێت دادەنرێن. لەڕوانگەی خەڵکی جیهانەوە کەلەژێر شۆکی تاوانەکانی ئیسرائیلدان و لەتاو بەرگریکردن لەخەلکی فەڵەستین دەسووتێن، دەوڵەتانێک کە لە لوتکەی دڕندەیی و کۆمەڵکوژیەکانی حکومەتی ئیسرائیلدا ڕایدەگەیەنن "ئێمە لەپاڵ ئیسرائیلدا وەستاوین "!، ئیتر شەرعیەتیان نییە. ئەمڕۆ "جیهانی ئازاد"ی ڕۆژئاوا، ئەم "کەعبەیەی ئومێدەکانی دیموکراسی"، جگە لە ئەفسانەیەک هیچی نییە!

ئەمڕۆ بەرگری کردن لەخەڵکی فەڵەستین و چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین مۆری خۆی ناوە بەپەیوەندی نێوان خەڵکی موتەمەدین و ئازادیخوازی ڕۆژئاوا و حکوومەتەکانیانەوە. پشتیوانی ئاشکرای حکومەتەکانی ڕۆژئاوا لە تاوانبارانی جەنگیی ئیسرائیل، خەڵکی موتەمەدین وسەندیکا کرێکارییەکان، دامودەزگاکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ چ لە جیهان و چ لە وڵاتانی ڕۆژئاوای بەرەو سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوە لەدژی حکومەتە "خۆییەکان "بردووە. "کێشەی فەڵەستین "ئەمڕۆ ئیتر تەنها کێشەی "خەڵکی موسڵمان "و "عەرەب "و "جیهانی عەرەب "نییە. بەڵکو کێشەی فەڵەستین، ئەمڕۆ کێشەی خەڵکی جیهانە.

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دژە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و کوشتنی هەزاران کەس، لە چوارچێوەی دۆخی نوێی جیهان و لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە جیهان و شکستی سیاسەتە سەربازییەکانی، لاوازبوونی پێگەی ئیسرائیل لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەقبەستوویی ڕێگاچارەکانی بەهێزکردنی جێگەوڕێگەی ئیسرائیل بەبێ وەڵامدانەوە بەکێشەی فەڵەستین و سەرئەنجام فشاری نارەزایەتیە جیهانی و جەماوەریەکان، زیاتر لە هەر کاتێکی تر خواستی چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستینی بەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا ونەتەوەیەکگرتوەکان و وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا داسەپاندوە. ئەمەش وا دەکات هەر جۆرە "چارەسەرێک "بۆ کێشەی فەڵەستین لە لایەن ئەم حکومەتانەوە و لە سەروو خەڵکی فەڵەستین خۆیانەوە بێتەمەحکوم بە شکست بکات.

هەر خودی بوونی ئەم ڕاستیانە ولەپاڵ گوشارەکانی خەڵکی ئازادیخوازدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین، حکومەتە کۆنەپەرستە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەی لەدەسەڵاتە هیچ لەبارانەبوەکەی مەحمود عەباس و حزبوڵلای لوبنانەوە تا دەگاتە سعودیە، ئوردن، قەتەر، میسر ، عێراق، ئێران و تورکیای خستۆتە جموجۆڵ کە ڕیاکارانە و بە ناوی "بەرگری "کردنەوە لەخەڵکی فەڵەستین بکەونە شوێن ئامانجە کۆنەپەرستانەکانیانەوە.

# تاوانەکانی ئیسرائیل، کۆمەڵگای جیهانی وچارەسەری..

حکومەتانێک کەهەر خۆیان دامەزرێنەری جەنگەڵستانێکن لە بێبەشی و هەژاری و بێمافی و سەرکوتگەری و تاوانی دژ بە خەڵک لەم وڵاتانە و لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، ئەو حکومەتانەی کە بە سودوەرگرتن لە مێژووی کێشەی فەڵەستین، خەریکی ساتوسەودا ومامەڵەکردن بوون لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیلداو هەرخۆشیان بەربەستێکی جددی بوون لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستیندا، کەچی ئەمڕۆ لەژێر فشاری پشتیوانی جیهانی خەڵکی موتەمدیندا، ڕیاکارانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە "بەرگریکار"ی خەڵکی فەڵەستینن.

ئەمڕۆ خەڵکی موتەمەدین و ئازادیخواز لەسەراسەری جیهاندا بەشێوەی بەرەیەکی بەهێز وسەربەخۆ لەدەوڵەتان وهێزە کۆنەپەرستەکان لەدژی ئیسرائیل و لایەنگرانی، پێیناوەتە مەیدانەوە. بەرەیەک کەبە کۆی دەنگ داوای دادگایی کردنی سەرانی حکومەتی ئیسرائیل وەک تاوانباری جەنگ و ئەنجامدەرانی کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی فەڵەستین و دادگایی کردنی سەرۆکی دەوڵەتان، حزبەکان، مافیای میدیایی و ...هتد. لەسەر تاوانی بەشداری کردنیان دژبە مرۆڤایەتی، لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ لە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و لایەنگرانی حکومەتی فاشیستەکانی ئیسرائیل دەکات. ئەمە ڕێژێکی فراوان و بەهێزە کەلە دڵی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە دژیخەڵکی فەڵەستینەوە سەری هەڵداوە و ڕووی لەوەیە مۆری خۆی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بدات.

بەهێزکردنی ئەم بەرەیە و هەوڵدان بۆ هێنانە مەیدانی سۆسیالیستەکان و چینی کرێکار وەک ئاڵا هەڵگری ئەم هێزە فراوانە، لە دژی تاوانەکانی جەنگ وداکۆکیکردن لە چارەسەرکردنی پرسی فەڵەستین و بۆ جیهانێکی سەلامەتتر و ئینسانیتر ئەرکی ئێمە و هەر هێز ورەوتێکی کۆمۆنیستییە.

لەسەر بنەمای ئەمەش ئێمە حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خوازیاری جێبەجێ بوونی ئەم خاڵانەی خوارەوەین:

*/ ڕاگرتنی جەنگ و کۆتایی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!

*/ کۆتایی هێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە!

*/ ناردنی دەستبەجێی هاوکاری دەرمانی و پزیشکی، خۆراک و ...بۆ کەرتی غەززە!

*/ داماڵینی دەستبەجێی ناوچەکە لەچەک و کشانەوەی پاپۆڕەجەنگیەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە!

*/ کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەڵەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و وەستانی هەر هەڕەشەیەک لە دژیان!

## تاوانەکانی ئیسرائیل، کۆمەڵگای جیهانی وچارەسەری..

ئەمانە هەنگاوی یەکەمن بۆ کۆتایی هێنان بەبەردەوامی تاوانە سیستماتیک و ڕێکخراوەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین و سازکردنی زەمینەکانی دەستڕاگەیشتن بەڕێگای چارەسەری بنەڕەتی کێشەی فەڵەستین، واتە دانپێدانان بەدوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ ئیسرائیل و فەڵەستین.

ئێمە هەموو سەندیکا کرێکاریەکان، حیزبە سیاسیەکان و دامودەزگاکانی داکۆکیکار لەمافەکانی مرۆڤ وخەڵکی موتەمەدینی جیهان، بانگەوازەکەین کەپشتیوانی لەخەڵکی بێبەشی فەڵەستین و ئەم بەیاننامەیە وچارەسەری بنەڕەتی کێشەی فەڵەستین وبەرەسمیەت ناسینی دوودەوڵەت بکەن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)**
**٢٠٢٣/١٠/١٨**

پەیامێک بۆ چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: سێیەمین بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:

# چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵکوژی لە فەڵەستین

کرێکاران!

بێگومان بۆ ئێمە و زۆرینەی بەشەریەتی گۆی زەوی، کە لە ڕوانگەی پڕوپاگەندەی ڕەگەزپەرستی و دژە ئینسانی دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە سەیری جیهان ناکەن، ئەوەی ماوەی چل ڕۆژە لە غەززە دەگوزەرێت، شەڕ نییە، بەڵکو کۆمەڵکوژییەکی بێ شەرمانە و پاکتاوکردنێکی ڕەگەزییە، کە جیهانی هەژاندووە. هیچ کەسێک بیانووی "شەڕ لەدژی حەماس"ی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە کوێرانەیە و تۆڵەسەندنەوەی بێ سنوور و سزادانی بەکۆمەڵی ملیۆنان خەڵکی فەڵەستینی قبوڵ نەکردووە. خەڵکی جیهان ئەمە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناوزەد دەکات و ڕۆژانە و هەموو ساتێک چاویان لە کۆتایی هێنانی دەستبەجێ بە یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵکوژی و تاوانە جەنگییەکانی سەدە بڕیوە، کە ئەوەش تەنها لەڕێی هەوڵ و توانای خۆیانەوە مەیسەر دەبێ.

دیمەنەکە بۆ ئێمە ئاشناترە، بەتایبەت بۆ ئێمەیەک کە چەندین دەیەیە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەک لە ململانێ و خەباتێکی ڕۆژانەداین دژ بە حکومەتە گەندەڵ و ستەمکارەکانی خۆمان بۆ دەستەبەرکردنی لانی کەمی بژێوی ژیان و ڕێز و شکۆی ئینسانی خۆمان و خێزانەکانمان. لە لایەکی دیکەوە، هەستمان بە مەترسی پەرەسەندنی میلیتاریزمی ناتۆ و جەنگە بە وەکالەتەکانیان، و هەروەها سەرئەنجام مەیلی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بۆ ئاگرخستنەوەی دەسئەنقەست هەست پێکردووە و هەستی پێئەکەین. بێگومان تۆڵەسەندنەوەی فاشیزم لە ئیسرائیل کە بە فەرمی پشتی بە پشتیوانییە سیاسی و دارایی و

## بەیاننامەی سێ حیزب:

سەربازییە بێدرێغەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بەستوە، نەک هەر تەنها بچوکترین پەیوەندی بە "ئەمنیەت" و "بەرگری لە خۆکردن"ەوە نییە، بەڵکو نائارامکردن و نائارام هێشتنەوەی چەندین دەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەیەکە بووە بۆ بەرژەوەندی گەورەی سیاسی، سەربازی و ئابووری بۆ بۆرژوازی جیهانی.

ماوەی چل ڕۆژە سەراسەری کەرتی غەززە لە ئاگردا دەسووتێت. لەم ماوەیەدا سوپای ئیسرائیل لە زەوی و ئاسمانەوە خەڵکی فەڵەستینی بۆردومان کردووە و خۆراک و ئاو و سووتەمەنی و دەرمان و هەموو ئامرازەکانی ژیانی لە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بڕیوە. نەخۆشخانە و کارمەندەکانی، ئامبولانس و فریاگوزاران، قوتابخانە و باخچەی ساوایان، کەمپی پەنابەران، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژنامەنوسان و هتد.. ، هیچ شتێک سەلامەت نییە. هەموو ئەمانە کە لەسەر خاکێکی داگیرکراو ئەنجام دراون، ناویان ناوە"مافی" ئیسرائیل بۆ بەرگری لە خۆکردن و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و میدیای فەرمی زوڕنای بۆ ئەژەنن و تەنانەت لەدژی یاسا نێودەوڵەتییەکانی خۆشیانە، بێشەرمیەکی ئاشکرایە. لە کاتێکدا فەرماندە و دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل بە فەرمی ڕایانگەیاندوە کە هاڕینی ئێسک و پروسکی خەڵک لە بەشی باکوری غەززە تا لەناوبردن و پارچە پارچەکردنی لاشە و جەستەی خەڵک لە بەشی خواروی غەزەش و وێرانکردنی یەکجاری درێژەدەکێشێ.

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا لە کەنار خەڵکی غەززە و فەڵەستیندا، لە میدیا نافەرمی و ملیارەها کەسییەکانی خۆیانەوە، لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکانی ئەو کارەساتەدان کە لەئارادایە، ئەمە هەوڵێکە کە تا ئێستا دەزگای پڕوپاگەندە ڕەسمیەکانی مێشک شۆردنەوەی ئیفلیج و بێ تواناکردووە.

تا ئەو جێگایەی کە بە پەیوەندیەکانی نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکان و دامەزراوەکانیان دەگەڕێتەوە کە بەناوی جیهان و خەڵکی جیهانەوە کاردەکەن، هیچ یاسایەک حوکم نەکات! هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ڕێگری لە هیچ تاوانێک ناکات. نەتەوە یەکگرتووەکان و سکرتێرە گشتیەکەی و لق و پۆپەکانی بێ کەڵکن. دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی و سەرجەم کۆمسیۆنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جەنگ و بڕیارنامە دەرکراوەکانیان هیچ کارێکیان لەدەست نایەت.

لێدوانە هەلپەرستانە و دووڕووییەکانی چین و ڕووسیا و بلۆکی پشتیوانی لەوان تەنیا پڕوپاگەندەیە و لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی سیاسی-و سەربازی و ئابووری لە "سبەینێی" پاش کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی نەتەوەیی فەڵەستینییەکان. دەوڵەتانی ناوچەکە، لە سعودیە و میسرەوە تا ئێران، تورکیا و هتد...، دۆستانی درۆیینەی فەڵەستین، کە بە دووڕووییەوە بەرگری لە فەڵەستین دەکەن، هەرخۆیان بەربەستی

## چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵکوژی..

سەرەکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەن و دوژمنی سوێندخواردووی ئێمە و خەڵکی فەڵەستینن. ئەم دەوڵەتانە لەپێنج دەیەی ڕابردوودا لە کێشەو مەینەتیەکانی خەڵکی فەڵەستین، بۆ مامەڵەکردن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سازان و ئیمتیاز بەدەستهێنان لە دەوڵەتانی تر کەڵکیان وەرگرتوە. تەنانەت هوشیارانە بەرگی ئاینی و ئیسلامییان کردووە بە بەر بزووتنەوەی کێشە ئینسانی و نەتەوەییەکانی فەڵەستینیەکاندا، کە لە مێژوودا بزووتنەوەیەک بووە لەلایەن جیهانەوە پشتیوانی لێکراوە و هەرگیز ملی بۆ داگیرکاری ئیسرائیل کەچ نەکردووە! گۆڕیویانە بە شەڕی ئایینی، شەڕی ئیسلامگەرایی و جولەکە گەرایی. ئەم دەوڵەتانە هاوڕێ لەگەڵ فاشیزمی نەتەوەپەرست و ئایینی لە ئیسرائیل بە کردەوە ڕێگاچارەی ئاشتیانەیان بۆ کۆتایی هێنان بە موسیبەتەکانی خەڵکی فەڵەستین بە بنبەست گەیاندووە!

کۆبوونەوەی ئەم دەوڵەتانە لە ١١ی ئەم مانگەدا کە لە شاری ڕیاز، لە ژێر ناوی "کۆبوونەوەی سەرانی عەرەبی و ئیسلامی" دا بەرپاکرا، کۆمەڵێک بانگەشەی پوچ و پروپاگەندەی درۆیینە بوو بە ناوی "بەرگری" لە فەڵەستین. ئەمەش بۆ شانخاڵیکردنەوە و خۆدەربازکردن بوو لە فشارەکانی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا! تەنانەت ئەم دەوڵەتانە ئامادە نەبوون پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان بۆ یەک ڕۆژ لەگەڵ ئیسرائیلدا بپچڕێنن. ئەم حکومەتانە کە ڕۆژانە دەست لە هیچ تاوانێک لە دژی ئێمە ناپارێزن، لە ژێر ناوی "بەرگری" لە فەڵەستیندا، بەردەوام هەوڵ ئەدەن مۆری "لایەنگریی ئیسرائیل" بدەن لە هەر جۆرە داخوازی و مافێکی ئێمە و بەمجۆرە و خەبات و ناڕەزایەتیەکانمان بێدەنگ بکەن و درێژە بە سەرکوتگەری و تەمەنی پڕ لە تاوانکاریی خۆیان بدەن.

**هاوڕێیان!**

ئێمە دەتوانین کۆتایی بەم کارەساتە بهێنین. دەتوانین ئەو کارە تەواو بکەین کە مرۆڤایەتی بۆ ڕاگرتنی ئەم مەکینەی کۆمەڵکوژیە دەستی پێکردووە! جەماوەری ملیۆنی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز، کە ڕۆژانە و هەمووسەعاتێک لە شەقام و میدیای نافەرمی خۆیان و لە کۆبوونەوەکانیاندا لە شوێنی کار و ژیاندا هاتونەتە مەیدان، چاوەڕوانی دەورونەخش و فشاری ئێمەن. چاوەڕوانی ڕۆڵ و گوشاری چینی کرێکاری جیهانی و بەتایبەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکەن! ئێمە و چینی ئێمە تاکە هێزین کە توانای نەک تەنها "ناکارامە کردن" و "خاوکردنەوە"، بگرە بە تەواوەتی ئیفلیجکردنی ماشێنی جەنگی ئەوانمان هەیە. بەسەرنجدان لەو نموونانەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، هێزی ئێمە و ڕێگاکەمان نیشان دەدات.

بە ڕۆشنی دەبینین کە: کرێکاران لە سەراسەری جیهاندا نەک هەر لەم بزووتنەوە

ئینسانییەدا، بەڵکو بە کردەوەی ڕاستەوخۆی خۆیان لە هەوڵی ئەوەدان مەکینەی کوشتن و تاوانکاری ئیسرائیل لەکار بخەن. ژمارەیەکی زۆر لە یەکێتیە کرێکارییەکان پشتیوانییان لە بانگەوازی سەندیکا کرێکارییەکانی فەڵەستین بۆ پاراستنی خەڵکی بێبەش کردووە. کرێکارانی کارگەی چەک (L3 Harris) لە ئەمریکا مانیان گرت و ڕێگەیانگرت لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل و بەرهەمهێنانیان ڕاگرت. سەندیکا کرێکارییەکانی گواستنەوەی یۆنان، تورکیا و ئیتالیا لە بانگەوازێکی هاوبەشدا جگە لە دەربڕینی بێزاری خۆیان بەرامبەر بە کوشتنی خەڵکی بێتاوانی فەڵەستین، جەختیان لەوە کردەوە کە: "تەحەمول ناکەین بەندەر و فڕۆکەخانە و کەشتی و شەمەندەفەرەکانی ئەوروپا ببنە ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی کەرەستەی مەرگ". ئەوان بانگەوازی سەندیکاکانی کرێکارانی بەندەرەکان، کرێکارانی کەشتی، فڕۆکەخانەکان، ڕێگای ئاسن و هەموو کرێکارانی گواستنەوەیان لە ئەوروپا کرد بۆ گرتنەبەری هەنگاوی هاوبەش. فیدراسیۆنی جیهانی سەندیکا کرێکارییەکانی (دەبلیو. ئیف. تی. یو) بە ١٠٥ ملیۆن ئەندامەوە لە ٣٣ وڵاتدا، لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣دا، هەڵمەتێکی هاوپشتی نێودەوڵەتییان بۆ داکۆکی لە خەڵکی فەڵەستین ڕاگەیاند. کرێکارانی بەندەر لە شاری جێنەوای ئیتاڵیا بە دروشمی "جەنگ لێرەوە دەستپێدەکات" ڕێگرییان لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل کرد.

لە بەیاننامەیەکدا سەندیکاکانی کرێکارانی گواستنەوە لە بەلجیکا داوایان لەو ئەندامانەیان کرد کە لە بەندەر و فڕۆکەخانەکان کار دەکەن، ڕێگری لە بارکردنی چەکی بەرهەمهاتوی ئەو وڵاتە بکەن  کە دەینێرێت بۆ ئیسرائیل. ڕۆژی دووشەممە ٦ی تشرینی دووەم، کرێکارانی بەندەر لە بەندەری بەرشەلۆنە لە ئیسپانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە خۆیان لە بارکردنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتانی لایەنگری بەدوور دەگرن. داواشیان لە سەرجەم کرێکارانی بەندەر لە ئیسپانیا کرد کە  بە ریزی ئەوانەوە پەیوەستبن بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ناچارکردنی حکومەتی ئیسرائیل و وڵاتانی پشتیوان تا ئەو کۆمەڵکوژیە و ئەوجەنگەی لەفەڵەستین و بەتایبەتی لە غەززە هەیە ڕابگرن. کرێکاران لە یۆنان بە دروشمی "کۆمەڵکوژی ڕابگرن" و "نابینە هاوبەشی تاوان" هەروەها داوایان لە حکومەتی یۆنان و یەکێتی ئەوروپا کرد کە لە کاتی هێرشکردنە سەر کەرتی غەززە هەموو جۆرە پشتیوانییەک لە حکومەتی ئیسرائیل ڕابگرن. لە زۆرێک لە وڵاتان، لەوانە ئەمەریکا و دانیمارک، کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە بەردەم کارگەکانی دروستکردنی چەک کۆبوونەوە و ڕێگایان لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل گرت. لە ئێران بە لەبەرچاوگرتنی هەستیارییەکی گەورە لە مەڕ چەواشەکاری مێژوویی و سیاسی و سەربازی و ئایدیۆلۆژی حکومەتی ئێران لە کارەساتەکەی غەززە و ڕۆڵی ئەو حکومەتەی

## چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵکوژی..

کە لەلایەن چینەکەمانەوە بەرەو لێواری دارمان ڕاپێچکراوە، شاهیدی دەرکردنی چەندین بەیاننامەی جوراوجۆرین لەلایەن ڕێکخراوە کرێکاری و مەدەنییەکان و چالاکوانانەوە. ئەمانە تەنها بەشێکن لەو هەنگاوە بەکردەوانەی چینی کرێکار لە دژی ئەم جینۆسایدە و پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لێی.

**هاوڕێیان!**

ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە لوتکەی بزووتنەوەیەکی ئینسانی گەورەدا بۆ کۆتایی هێنان بە دڕندەیی میلیتاریزمی ڕۆژئاوا و بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ و تاوانکاری و بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی و ژیانێکی شایستەی ئینسانیدا، راوەستین. ئێمەی کرێکارانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەمیشە پێکەوە بووین. ئێمە لە ناڕەزایەتییەکانی بەهاری عەرەبیدا دەورونەخشی سەرەکیمان هەبوو، و بۆ ڕزگاری لەدەست هەژاری و نەداری تێکۆشاین. ئێمەی کرێکاران لەکەنار ژنانی شۆڕشگێڕی ئەفغانستان، ناڕەزایەتییە ئازادیخوازەکانی خەڵکی لوبنان، ناڕەزایەتییەکانی دژی هەژاری و ستەمکاری لە عێراق و کوردستانی عێراقدا، ڕاوەستاین. ئێمە لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا، پشتیوانی سەرەکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و لاوان و خەڵکی یەکسانیخوازی ئێران بووین. ئێمە دژ بە تاوان و شەڕ، دژ بە چەوسانەوە و بێ مافی و هەژاری، سەرکوت وکۆمەڵکوژی ولایەنگری سەرسەختی ئاشتی وعەدالەت و ئارامین بۆ هەموان.

**هاوڕێیان!**

ئێمە، حیزبەکانی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) لە ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بانگەوازتان دەکەین بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی دەستبەجێ و بەهێز و کاریگەر لە دژی کۆمەڵکوژیەکانی حکومەتی ئیسرائیل و دەوڵەتانی لایەنگرانی لە ڕۆژئاوا، لەدژی چەواشەکاری حکومەتەکانی ناوچەکە و بۆ کۆتایی هاتنی دەستبەجێی بۆردومانەکان و کوشتار لە فەڵەستین. ئێمە داواتان لێ دەکەین لەکەنار کرێکارانی بەندەرەکانی بەرشەلۆنە و کرێکارانی گواستنەوەی یۆنان و تورکیا و ئیتاڵیادا، لەکەنار کرێکارانی فەڵەستینیدا ڕابوەستن و داوای کۆتاییهێنانی دەستبەجێی بۆردومانەکان، گەمارۆ و بڕینی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و خۆراک و دەرمان بۆ غەززە و کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی فەڵەستین سەرئەنجام مافی خەڵکی فەڵەستین بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ ڕاوەستن. ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەو هێز و توانایەی لە بەرهەمهێنان و لە کۆمەڵگادا هەتانە بەکاربهێنن بۆ دەخاڵەتکردن لەم بزووتنەوەیەدا.

بێگومان دەبێ تاوانبارانی جەنگ لە سەرانی ئیسرائیلەوە تا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە دادگای ئاشکرادا، بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانکاری لە دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن، ئەوەی کە

## چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵکوژی..

ئەمڕۆ سەدان پارێزەری بەناوبانگ لە خودی ڕۆژئاوادا داوای دەکەن. داواتان لێدەکەین، وەک بەشێک لە چینی کرێکاری جیهانی، یەکگرتوانە لە دژی ئەم دڕندەیەتیە هەنگاوی کاریگەر هەڵبگرن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)
١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

بەیاننامەی ژمارە چوارەمی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەناوچەکە:

# بەشەریەتی موتەمەدن، چەند هەنگاوێک بۆپێشەوە تەریک کەوتنەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل

سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر گوشاری هەمەلایەنەی سەدان ملیۆن ئینسانی نارازی بەرامبەر بەکردەوە وەحشیگەریەکانی ئیسرائیل وپشتیوانانی لەڕۆژئاوا لە دژی خەڵکی فەڵەستین، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو کوشتارە کەلەغەززە بەڕێکەوتوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕاگەیاند. ڕۆژی هەینی ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا، بڕیارنامەی "ئاگربەستی بەشەردۆستانە" بەهۆی دەنگی نەیاریی ئەمریکا و بەکارهێنانی ڤیتۆوەڕەتکرایەوە. حکومەتی بەریتانیا، هاوپەیمانێکی هەمیشەیی ئەمریکا، لەژێر گوشاری توندی بزووتنەوەی پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستیندا لە بەریتانیا، ناچار بوو دەنگی مومتەنیع بە بڕیارنامەکە بدات.

پشتیوانی کردنی بایدن لەدرێژەدان بە تاوانکاری و خوێنرێژیی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل لە فەڵەستین، لە ڕاستیدا نیشاندەری ناکامی وشکستی میلیتاریزمی ئەمریکاو شکست و بنبەستی ستراتیژی حکومەتی ئیسرائیلە لە "سەرکەوتن"یدا لەم ململانێیەدا، سەرەڕای کوشتنی دەیان هەزار کەس و کاولکردنی کەرتی غەززە. دژایەتی کردنی حکومەتی ئەمریکا بۆ ئاگربەست و هەر وەستانێک لە تاوانکاریدا، هەوڵێکە بە مەبەستی "کات کڕین" لەپێناو دەرکێشانی کۆمەڵێک فاشیستی تاوانبار لە تەلئەبیب لەو بنبەستەی تێیکەوتوون بە نیشاندانی ڕوخساری قێزەونی ئەوان وەک "براوەی" ئەم خوێنرێژییە!

پاساوەکانی نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش و ڤیتۆکردنی "ئاگربەست"ێکی کورت ماوە بۆ ڕاگرتنی کوشتن و جینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین، دەستبەجێ لەلایەن ملیارەها ئینسانەوە، لە نیویۆرک، واشنتۆن، لەندەن، پاریس، بەرلینەوە تا... قاهیرە، بەغدا، بەیروت، عەدەن، لە تۆکیۆ و سیدنیەوە تا ئەستەنبوڵ و ئەسینا و...، بە پێداگری حکومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر بەردەوامیدان بەجینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین لێکدرایەوە. ڕۆژی شەممە،

## بەیاننامەی سێ حیزب:

جارێکی دیکە جیهان هەژایەوە بەهۆی هاتنەمەیدانی خەڵکی مرۆڤدۆست لەپێناو بەرگریکردن لە خەڵکی فەڵەستین و لە دژی مەکینەی کوشتاری بەکۆمەڵ و فاشیزمی هەوسار پچڕاوی ئیسرائیل و لایەنگرانی لە ڕۆژئاوا.

دەوڵەتانی ئەوروپایی کە پشتیوانی جینۆسایدی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بوون لە کەرتی غەززە، لەژێر فشاری نارەزایەتی جەماوەری و قەیران ودووبەرەکی کە لە نێو دەسەڵاتدارانی خۆیان و حیزبەکان و پەرلەمان و ... هەیانە، لە ترسی ئەوەی کەئەو بزووتنەوە جەماوەریەی کە پشتیوانی لەخەڵکی فەڵەستین دەکات نەگوڕدرێ بۆ بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لەدژی دەوڵەتانی خۆیان و نەبێتە قەیرانێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ناوخۆی خۆیاندا، ناچاربوون یەک لە دوای یەک، بەرواڵەت خۆیان لەم تاوانە و ئەنجامدەرانی بەدوور بگرن. دەوڵەتانێک هاوکات لەگەڵ ناردنی چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل، لە کاردانەوەی "ناهاوسەنگی" دەوڵەتی ئیسرائیل گلەیی وگازندە دەکەن وبەمەشئەو بەرگرییە هەمەلایەنە و بێ دوو دڵییەیان لە کۆمەڵکوژیەکانی ئیسرائیل تا ڕادەیەک کەمرەنگ کردوەتەوە. میدیای فەرمی و ڕاستڕەوی ڕۆژئاوا کەنەیانتوانی دیمەنە ناخهەژێنەکانی جەستەی لەتوکوت کراوی ژن و پیاو و منداڵان لە ژێر وێرانەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و "پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان" سانسۆر بکەن و نەیانتوانی مێشکی هاولاتییانی خۆیان بشۆرنەوە، ناچاربوونلە پێش چاوی کامێراکان کەمێک باسی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل بکەن.

دژایەتی حکومەتەکەی بایدن سەبارەت بە سنووردار کردنێکی کاتی لە بەرامبەر تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی فەڵەستین، بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی حەماس، وایکردووە ئەمریکا و بایدن تەنانەت لە نێو هاوپەیمانە هەمیشەییەکانیان و لە "کۆمەڵگەی جیهانی"دا تەریک بکەوێتەوە و پێگەی خودی ئەمریکاش نەک هەر لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشدا لاواز بێت. ئەم تەریک کەوتنەوە و لاوازبوونە زۆر بەرچاو و ڕۆشنە.. بانگهێشتی دوبارەی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەک سەبارەت بە "ئاگربەست"، هەروەها هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارنامەیە و چەندین پێشنیاری تر لەلایەن ولاتانی ڕۆژئاواوە بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش و سنووردارکردنی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی دەوڵەتان تێیدا، سەربەخۆ لەوەی کە جێبەجێ دەبێت یان نا، ئاماژەیەکە بۆ پێگەی لاوازی ئەمریکا لەو دامەزراوانەدا کە ئەرکیان تا ئێستا دانی شەرعیەتی یاسایی و جیهانی بووە بە دەسەلات و هەژموونی ئەمریکا.

تەریک کەوتنەوە، شکست، داشکان و دارمانی فاشیزمی ئیسرائیلی، بەدوای خۆیدا تەریک

## بەشەریەتی موتەمەدن، چەند هەنگاوێک بۆ پێشەوە

کەوتنەوە و بێ بایەخی ڕۆڵی ئەمریکاوەک دەسەڵاتێکی هەژموونیخواز و هێزی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەم تەریک کەوتنەوە و شکستە، لە ئەنجامی پرتەوبۆڵەی حکومەتە عەرەبییەکان و هاتوهاواری ئەردۆغان و خامنەیی و ئەوانیتر نییە، تەنانەت لە ئەنجامی "مەترسی" چین و ڕووسیا و یارییە دیپلۆماسییەکانیان بۆ لاوازکردنی ڕکابەرەکەیان نییە. بەڵکو فاشیزمی ئیسرائیل بەهۆی دژایەتی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازی جیهانەوە، خەڵکانێک کەبۆ خواستی کۆتاییهێنان بەم کۆمەڵکوژیە و کۆتایی هێنان بە پشتیوانی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل و دانپێدانان بەدەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستین، وەک بزووتنەوەیەکی جیهانی و جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستین بەڕێکەوتووە، مۆری بێ بایەخی لە شەرعیەتی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" " و "جیهانی ئازاد" داوە و ئەوانی توشی شکست و گۆشەگیری کردووە. ئەم تەریک کەوتنەوەیە ئەنجامی ناڕەزایەتی و مانگرتنی چینی کرێکارە لەدژی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل. لە غیابی ئەم بزووتنەوەیەدا، لایەنگرانی فاشیزمی ئیسرائیل لە ڕۆژئاوا بێ شەرمانە وەک هەمیشە تەپڵی تاوان و کوشتن و پاکتاوکردنی خەڵکی فەڵەستین و لەناوبردنی تەواویان لێدەدا. تەریک کەوتنەوەی ئەمریکا ئەنجامی پێشڕەویەکانی ئەم بزووتنەوە جیهانییەیە کە بەرگری لە خەڵکی فەڵەستین دەکا و بۆ ژیانێکی ئازاد و ئینسانی تێدەکۆشێت.

ئەم بزووتنەوەیە تاکە هێزێکە کە دەتوانێت کۆتایی بەم دڕندەیی و بەربەریەتە بهێنێت. بزووتنەوەیەک کە تا ئەمڕۆبە هێز و توانای خۆی یاری و حیساباتی دیپلۆماسی و "ڕێککەوتنەکان" و "پەیماننامە" جیهانییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و"سیستەمی جیهانی" تێکداوە و ئازادی خەڵکی فەڵەستینی کردۆتە مەسەلەیەکیمومکین.

ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت بەیەکجاری مەکینەی کوشتاری ئیسرائیل لە کار بخات، دەتوانێت بەتەواوی حکومەتی ڕەگەزپەرستی دەسەڵاتداری ئیسرائیل بایکۆت بکات، دەتوانێت بەربەستێکی بەهێز لەدژی پشتیوانی حکومەتە بۆرژوازییەکان و بەرهەمهێنەرانی چەک و هەناردەکارانی کەرەستەی کوشتنی بەکۆمەڵ بۆ ئیسرائیل دروست بکات. چینی کرێکار هەر لەم ماوەیەدا لە یۆنان و تورکیا و ئیتالیا تا ئیسپانیا و ئەمریکا و ئینگلتەرا و زۆر جێگای تر چەند هەنگاوێکی بەرەو ئەم ئاڕاستەیە ناوە. داخستنی بەندەرەکان، ڕەتکردنەوەی بارکردنی چەک و چەکی سەربازی بۆ ئیسرائیل، ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەردەم کارگەکانی چەکدا، ئەمانە بەشێکن لە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەڵەستین. بەردەوامی هەمەلایەنە و بەرفراوانی ئەم ناڕەزایەتیانە لەلایەن چینی کرێکارەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، نەک هەر حکومەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل، بەڵکو ئەمریکا و هەموو ئەو وڵاتانەی پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن، پاشەکشە پێدەکات.

## بەشەریەتی موتەمەدن، چەند هەنگاوێک بۆ پێشەوە

شکست و تەریک کەوتنەوەی ئیسرائیل و بنبەستی ئەمریکا و میلیتاریزمی ڕۆژئاوا،بەهەوڵی چینی کرێکارو بەشەریەتی موتەمەدین وخەڵکی ئینسان دۆست وئاشتیخواز، دەبێتە دەسپێکی ململانێیەکی گەورە و جیهانی لە دژی دڕندەیی و هەژاری و بێ مافی لە هەموو جیهاندا. کۆتایی هێنان بەم کۆمەڵکوژی و کارەساتە مرۆییە لە کەرتی غەززە سەرەتای بزووتنەوەیەکی جیهانییە بۆ دادپەروەری بۆدەیان هەزار کوژراو و سەدان هەزار بریندارى کەرتی غەززە، لە دژی بەرێوبەرانی ئەم تاوانکاریە،لە "نەتانیاهۆ و گالانت و بن گویر"ی فاشیستەوە بگرە تا لایەنگرەکانیان وەک "بایدن" و "ماکرۆن" و "سۆناک" و "شولتز" و... بۆ دادگایی کردنی یەک بە یەکیان بەهۆی تاوانەکانیان لە دژی مرۆڤایەتی. سەرکەوتنی خەڵکی ئینساندۆست لە کۆتایی هێنان بەم بازنەی کوشتن و تاوانکاریە و چارەسەری کێشەی فەڵەستین گرێی خواردووە بە خەبات لەدژی میلیتاریزمی زاڵ بەسەر جیهاندا، بەخەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری و ژیانێکی سەلامەت و دوور لە شەڕ و تاوان.
ئەمڕۆ ململانێ لەپێناو ئازادی و ئاسایش و ژیانێکی ئینسانی بۆ خەڵکی فەڵەستین دەروازەیەکە بۆ بردنی کۆمەڵگەی بەشەریەت بەرەو خەباتێکی گەورەتر و جیهانی، لەپێناو ئازادی و ئاسایشی خەڵک و ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لەپەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، لەسەراسەری جیهاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا. ئەم ئاڵوگۆرە پێویستی بە دەورونەخشی جیهانیی چینی کرێکارە لە ڕابەریکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣**

# غەززە ئاوێنەیەک بۆ ڕوانین لەجیهانی "شارستانی"

مەکینەی جەنگیی دەوڵەتی تاوانکاری ئیسرائیل ڕۆژانە گیانی دەیان و سەدان کەسی بێتاوان لە غەززە دەکاتە قوربانی. ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا، کە بە خۆبەزلزانین و بەوپەڕی بێشەرمییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە "پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی فەلەستین"، سێ نەخۆشخانەی ئەلشەفا و ئەندەنوسی و قودس لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە بۆردومان کران. بەهۆی بەردەوامی بۆردومان و هەروەها هێرش بۆ سەر ئەمبولانسەکان تا ئێستا ژمارەی وردی قوربانیانی ئەم هێرشانە نادیارە. لە نەخۆشخانەی ئەلشەفا باس لەوە دەکرێت کە دەیان کارمەندی پزیشکی و ئەوانەی لەوێ چارەسەریان بۆ کراوە کوژراون و بریندار بوون.

ئەم ڕۆژانە غەززە لە خوێن و تاواندا نوقم کراوە! حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، وەک باسکی دڕندەیی و تاوانکاری حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، بڕیارە بەپێی نەخشە و بڕیاری ڕاگەیەندراو ژیانلە هەموو زیندەوەرانی ئەم ناوچەیە بسێنێتەوە. ئەوان بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە هیچ یاسایەک لە کەرتی غەززەدا مانی نییە! هیچ بەڵێن و پەیمان و ڕێکەوتنێک کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بڕیاریان لێدراوە، لێرەدا کاری پێناکرێت! لێرەدا تاکە یاسای زاڵ، یاسای یانەی تاوانبارانی جەنگە، کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات و قەسابەکانی دەزگای حوکمڕانی ئیسرائیل فەرماندەیی دەکات. لە کەرتی غەززە، کورەکانی سووتاندنی فاشیزمی ئیسرائیل کە لەلایەن دەوڵەتمەدارانی ڕۆژئاوا و پنتاگۆن و سەرۆکەکانی حکومەتی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێن، شەو و ڕۆژ بە بڵێسەی بەرزەوە کار دەکات بۆ ئەوەی گیانی ئینسانەکان بستێنێ. هیچ کەسێک سەلامەت نییە، تەنانەت بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەخۆشخانە و پەناگەی پەنابەران کەلە ژێر "پاراستن"ی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە سەلامەت نین. ئەمڕۆ کەرتی غەززە بووەتە کوشتارگەی هەزاران کەسی بێتاوان و دیمەنی داڕمانی هەموو بەها مرۆییەکانی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی". ئەو برینەی کە تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و لایەنگرانە جیهانییەکانی کردوویانەتە جەستەی مرۆڤایەتی، هاوشێوەی ئەو برینەیە کە

# بەیاننامەی سێ حیزب:

فاشیزمی هیتلەری کردیە سەر ویژدانی مرۆڤایەتی.
بەڵێ ئێرە کوشتارگەی غەززەیە، کوشتارگەیەک کە مۆری خوێناویی جیهانی ڕۆژئاوای بە ڕابەری ئەمریکا و جێنشینەکەی، واتە ئیسرائیل و بەهاوکاریەکانی حکومەتەکانی ئەورووپا لەجەستەی ئەو کۆمەڵگەیە داوە، لە شەقام و قوتابخانە و ئۆردوگای پەنابەران و ئۆفیسی ڕۆژنامەنووسان و ماڵی چەند ملیۆن کەس و کێڵگە و شاخ و دەشت و...هتد. لێرەدا ئیتر یاسای "جیهانی شارستانی دیموکراسی بازاڕی ئازاد" جێبەجێکراوە! لێرەدا غەززە وێرانکراوە، شوێنێکە کە هەموو بوونەوەرێکی زیندووی تیا دەکوژرێت بۆ ئەوەی نەیارانی ئەم بەربەرییەتە لە هەموو جیهاندا، لە ئەورووپا و ئەمریکا، لە تیرۆر و ترسدا بخنکێن. بڕیارە ئەم بەربەرییەتە هەموو کەس و هەموو ویژدان وهوشیارییەک،دەربرینی هەموههەستێکی نەفرەت و هەر خواستێکی عەدالەتخوازانە و ئینسانی لە سەرانسەری جیهاندا و لە خودی ڕۆژئاوادا بکوژێت و ناچاری بکات بە بێدەنگی و تەسلیمبوون.
سەرکردە و فەرماندەکانی ئەم تاوانە تەنها لە ئیسرائیلدا نین، ئەنجامدەرانی سەرەکی ئەم جینۆساید و دڕندەییە لەقامەتی سەرۆک کۆمار وشاو فەرمانڕەوا ووەزیر وپەرلەمانتارەکاندا لە واشنتۆن و لەندەن و بەرلین و پاریس و...دا خۆی نیشانداوە. بەڵام "نەیارانی" ئەم کوشتارە بەکۆمەڵە، لە چین و ڕووسیاوە تا سعودیە و ئێران و قەتەر و ...هتد، کە "لایەنگرانی" درۆزنی خەڵکی بێتاوانی فەلەستینن تاوانبارن، چونکە ڕەخنەی نیوە ناچڵ لە قەبارەی دڕندەیی ئیسرائیل و ئەمریکا وئەورووپا دەگرن و ئەو کوشتن و تاوانانەی دەرهەق بەچەند ملیۆن خەڵکی بێتاوان کراوە، کردۆتە دەستمایەی بردنی بەشی هەرچی زیاتر لە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لەجیهاندا ووەرگرتنی ئیمتیازات لەوڵاتانی ئەورووپا. دەستی هەموو زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە بە خوێنی خەڵکی فەلەستین سورە.
ئەمە جینۆسایدێکی ڕون و ئاشکرایە کەتێیدا خەڵکی فەلەستین تاکە قوربانییە، لە ڕاستیدا ئەمە شەڕێکە لەدژی بەشەریەتی موتەمەدین، لەدژی دادپەروەری ومرۆڤایەتیە لە سەرانسەری جیهان و لە خودی ڕۆژئاوادا، بە پاساوی حەماس! ئەم شەڕە بۆ ملکەچ پێکردنی ئەو خەڵکەیە کە لە دژی مەکینەی جەنگی ئەمریکی و ڕۆژئاوا هاتونەتە مەیدان.
ئەم شەڕە دژی بەئاگابوونەوەیەکی گشتی و جیهانییە لە بەرامبەر دەیان ساڵ جەنگ و خوێن ڕشتن و پڕوپاگەندەی جەنگی و میلیتاریزم و ئاپارتاید و کۆمەڵکوژی لە سەرانسەری جیهاندا. ئەو بەئاگاهاتنەوەیەی کە ئەمڕۆ بەرامبەر بە جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین لەلایەن حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل و بەهاوڕێیەتی و بەشداری وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئەورووپا و ئەمریکادا سەری بەرزکردۆتەوە، هەموو هاوکێشە مێژووییەکان و یاسا و ڕێساکان کە هەبووە وئارامیی دەسەڵاتدارانی پووچەڵ کردووەتەوە. ئەم شەڕە

دژی ئێمەیە، ئێمەی دژبەتاوان، ئێمەی دژبەڕەگەزپەرستی و بۆمباباران و کۆرپەکوژی و دڕندەیی، ئێمەی دژی بەجینۆساید و هۆلۆکۆستی جیهانی سەرمایەداری.
یانەی تاوانبارانی جەنگ مەگەر ئەم ئاواتە نەگریسە بە خەو ببینن. ئەمڕۆ چیتر سەردەمی شەڕی ڤێتنام نییە، سەردەمی هێرشکردنە سەرخەڵکی ئەفریقا و کوشتن و تاوانکاری بەرامبەریان نییە. سەردەمی لە مەیداندابوونی بۆش و بلێر و کوشتاری فراوانی نەخشەمەندانەی خەڵکی عێراق لەپێناو "فراوانکردنی دیموکراسی" نییە. سەردەمی کوشتنی خەڵک نییە لە ئەفغانستان بەناوی "شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم". سەردەمی "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە" لەژێر ناوی "یارمەتیدانی شۆڕش" لە سوریا و لیبیا و کوشتنی سەدان هەزار کەس و بێ ماڵ و حاڵکردنی سەدان ملیۆن کەسی نییە. ئەمڕۆ لاپەڕەکی تر هەڵدراوەتەوە وخەڵکی عەدالەتخواز و مرۆڤدۆست، چیتر خەڵکانێک نین کە پێشتر ترس بەسەریاندا زاڵ بوو! ئەم کۆشکی درۆ و دووڕوویییەی دەوڵەتانی "شارستانی"ی ڕۆژئاوا بە "دیموکراسی ڕۆژئاوایی" و "دەنگدان" و "مافی مرۆڤ" لە مێژە ڕووخاوە. ئەو واقعیەتەی کەبەرگری کردن لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی تاکەکەسی و مافی ناڕەزایەتی و ئازادی ڕادەربڕین، ڕووبەڕووی قەڵغانی ئاسنینی "دەوڵەتە دیموکراسیەکان" لە ڕۆژئاوادا دەبێتەوە، ڕووی ڕاستەقینەی "دیموکراسی ڕۆژئاوا"ی لەسەر ئەرزی واقعنیشانی هاوڵاتیانی وڵاتانی ڕۆژئاوا داوە و ناوەڕۆکی بێمانای بانگەشەی "نوێنەرانی جیهانی موتەمەدنی"، هەرچی زیاتر لە جاران ئاشکرا کردووە. ئەمڕۆ ئەم کۆشکی تاوان و دڕندەیەتیە لەلایەن "بەشەردۆستان"ەوە خەریکە دەڕوخێت. ئەوە ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی حاکمانی جیهانە کە لە لەندەن و واشنتۆن، لە بەرلین، ڕۆما و پاریس، لە تاران، قاهیرە و ڕیاز و لە هەموو شوێنێک کەوتۆتە بەردەم تەحەدای جەماوەر لە خوارەوە.
ئەم ڕۆژانە و هاوکات لەگەڵ تاوانەکان لە دژی خەڵکی فەلەستین، هەموو جیهان بۆتە مەیدانێک بۆ دادگاییکردنی فەرمانڕەواکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، و ئەوروپا و... ئەمەش بە تاوانی وەحشیگەری و تاوانی سیستماتیکی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی و ئینساندۆستی و شارستانییەت لەهەموو کاتێک زیاتر لە قوڵایی کۆمەڵگەدایە، لە گۆڕەپانە گەورەکانی شارەکانی جیهان و لە ڕیزی ملیۆنان کەسی ئینساندۆستی ئاسیا تا ئەوروپا و ئەفریقا. چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین لەهەرکاتێک زیاتر لە جاران بەستراوەتەوە بە توانا وبڕیار و ئیرادەی هەر ئەم خەڵکەوە. هەروەک ئەوەی کە ئێمە سێ حیزب پێشتر ڕامانگەیاندووە، کەتەنها ڕێگای ئاشتی پایەدار لەم ناوچەیەدا پێکهێنانی دوو دەوڵەتە. بەڵام کۆتایی هێنانی دەستبەجێی ئەم کۆمەڵکوژیە، کۆتایی هێنان بە گەمارۆی سەر خەڵکی غەززە و کردنەوەی ڕێگا بۆ هاوکاری مرۆیی سووتەمەنی و خۆراک و

## غەززە ئاوێنەیەک بۆ ڕوانین لە "جیهانی شارستانی"..

دامەزراوە پزیشکییەکان و هەروەها پێشگرتن بە تاوانکاریەکانی ئیسرائیل و جێهێشتنی ناوچە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ سەر ژیانی خۆیان، پێشمەرجی هەر جۆرە ئاشتیەکە لەم ناوچەیەدا،شتێک کە خەڵکی موتەمەدن وئینساندۆست، ڕۆژانە وەک داواکاری بەپەلەی خۆی هاواری بۆ دەکات. ئەمڕۆ جیهان کۆتایی هێنان بە کوشتن و تاوانەکانی ئیسرائیل و جڵەوکردنی مەکینەی تاوانکاریەکانی حکومەتە فاشیستیەکەی نەتانیاهۆ و هاوپەیمان و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی دەخوازێ.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)**
**٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٣**

بەياننامەی ژمارە پێنجی سێ حیزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

# حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای بە تاوانی کۆمەڵکوژی!

## بەشەریەتی موتەمەدین هەنگاوێک بۆ پێشەوە

دوابەدوای سکاڵاکەی ئەفریقای باشورلە دادگای لاهای لەدژی ئیسرائیل لەسەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی جەنیوەری ٢٠٢٤،دادگای لاهایداواکاری حکومەتی ئیسرائیلی لەمەڕ داخستنی دۆسیەکە ڕەتکردەوە، کە ئەمەشبەو مانایە دێت دۆسیەی "کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل" لەبڕیارە سەرەتایەکەی خۆیدا فەرمانی لێکۆڵینەوەی بۆ دەرچووە. بە پێی حوکمی ئەم دادگایە: "پێویستە ئیسرائیل هەموو تواناکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵکوژیەی کەلە غەززەدا بەڕێوەدەچێت، وە ڕێگا بدات بە هەرچی خێراتر گەیشتنی هاوکاریە مرۆییەکان بۆ خەڵکی غەززە و پێش بگرێ لە هەڵخڕاندنی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵکوژی لەم شەڕەدا و هاندەرانی سزا بدات".جگە لەوەش، ئیسرائیل دەبێت لە ماوەی یەک مانگدا پاش دەرچونی ئەم بریارە، ڕاپۆرتێک لەسەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردنی بڕیارەکان پێشکەش بە دادگا بکات.

هەرچەندە دادگای لاهای فەرمانی ڕاگرتنی دەستبەجێی کوشتنی خەڵکی فەڵەستینی دەرنەکرد، بەڵام خودی کردنەوەی دۆسیەی کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین و بڕیارەکانی ئەم دادگایە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەشەریەتی موتەمەدین.

دادگای لاهای تەنها ناوەندێکی دادوەری نییە، بەڵکو ناوەندێکی دادوەری-سیاسییە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا و بڕیارەکانی ئەم دادگایە لە ڕووی مێژووییەوە تێکەڵەیەک لە بڕیارە دادوەرییەکانە لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز و دۆخی سیاسی زاڵ بەسەر جیهاندا. لەم قۆناغەدا گوشاری بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی کردن لە خەڵکی فەڵەستین و دژ بە فاشیزم و میلیتاریزم، گوشاری بەشەریەتی موتەمەدین سەبارەت بە مەحکوومکردنی کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانییەتی، کە کاریگەری خۆی بەسەر دۆخی سیاسی و بڕیارەکانی دادگای لاهایدا لەدژی ئیسرائیل

## بەیاننامەی سێ حیزب:

داناوە.

کردنەوە و تاووتوێی دۆسیەیحکومەتی ئیسرائیل لە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی لەدژی خەڵکی فەڵەستین، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەستبەجێ بۆ ڕێگریکردن لە بەردەوام بوونی ئەم جینۆسایدە، لەژێر هەرناوێکی دیپلۆماسیدا و بە هەر خۆپارێزییەکەوە بێت، ئەنجامی فشاری نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەی سەدان ملیۆن کەسە لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا، لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا و ....ئەنجامی نارەزایەتی سەدان سەندیکا و ڕێکخراوی کرێکاری و سەدان دامەزراوە و ڕێکخراوی مرۆییە دژ بە کوشتارو بۆردومان وکۆمەڵکوژی خەڵکی فەڵەستین و بڕینی ئاو وکارەبا و دەرمان وسووتەمەنی و پێداویستی ژیان و...لەلایەن ئیسرائیلەوە، کە هەموو ئەوانە لەدژی هاوکاری و پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و میدیاکانیان لە ئیسرائیل نارەزایەتی دەر دەبڕن.

کردنەوەی دۆسیە بۆ حکومەتی ئیسرائیل بە تاوانی کۆمەڵکوژی، شکستێکی گەورەیە بۆ حکومەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، کەبەدرێژایی ئەم ماوەیە ڕایانگەیاندووە کە "ئێمە لە پاڵ ئیسرائیلدا وەستاوین"، "تۆمەتی جینۆساید بێ بنەمایە"، و بە هاوکاری هەمە لایەنەی سەربازی، دارایی، سیاسی و ڕاگەیاندنیان بەکردەوەلەم تاوانانەدا بەشدارن. خەڵکی ئینساندۆست و ئازادیخواز مافی خۆیانە ڕایبگەیەنن کە دوای ئیسرائیل، نۆرەی حکومەتەکانیئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و هەموو ئەو سیاسەتمەدارە کۆنەپەرستانەیە کە بە فەرمی ڕایانگەیاند، "لەم جینۆسایدەدا، ئێمە لە کەنار حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلدا وەستاوین".

کەسانێک کەتا ئەمڕۆ لەکەنار حکومەتی ئیسرائیلدا، لەم کۆمەڵکوژیەدا ڕاوەستاون وڕێگایان بۆ خۆش کرد. سبەی ڕۆژ ئەمانە لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتی ئیسرائیل و فاشیستە لغاو پچڕاوەکانی ئیسرائیلدا، لەنمونەی بن گوێر، لە دادگای بەشەریەتی موتەمەدیندا، دادگایی دەکرێن.

چەند ساڵ فشاری بەشەریەتی موتەمەدین، نارەزایەتی ڕۆژانەیملیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لە سەرانسەری جیهاندا لە دژی حکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، بە تایبەتی نارەزایەتییەکانی ئەم سەد ڕۆژەی دوایی لە دژی کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل، ڕێگرتن لە ناردنی چەک و ئیمکانات بۆ ئیسرائیل، داخستنی بەندەر و فرۆکەخانەکان و تا گوشار خستنەسەر دەوڵەتەکان وڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ودادگای لاهای، بۆ ڕاگرتنی ماشێنی ئەم ئینسانکوژی و کۆمەڵکوژییەی حکومەتی ئیسرائیل، سەرەرای مقاوەمەتی هێزە کۆنەپەرستەکان، سەرەنجام بە ئاکام گەیشت و لە زاری دادگای لاهایەوە پاشەکشەیەکی بەسەر ئەم فاشیزمە لغاو پچڕاوەدا داسەپاند.

## حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای

خەڵکی مرۆڤدۆست، عەدالەتخواز، دژە فاشیست و چینی کرێکاری جیهانی، نیشانیاندا کە تاکە پشتیوان و هاوپەیمانی بەهێزی خەڵکی فەڵەستینن و تاکە هیوابۆ ڕێگرتن لە فاشیزمی ئیسرائیل و چارەسەرکردنی پرسی فەڵەستین ئەمڕۆ لەئەستۆی ئەواندایە. نیشانیاندا هێزی بزوتنەوەی جیهانی بۆ بەرگری لە خەڵکی فەڵەستین، لەوە مەزنترە کەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا، وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و حکومەتی ڕەگەزپەرست و زایۆنیستی ئیسرائیل بتوانن بە گوشارخستنە سەر دادگای لاهای، یاری پێ بکەن. ئەم هێزە مرۆییە مەزنە، ڕێگای لە داخستنی دۆسیەی جینۆسایدی حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای گرت و پاشەکشەی بەحکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی کرد. لەژێر فشاری ئەم بزوتنەوەیەدا، ئەمڕۆ دۆسیەی بەشداریکردنی سەرکردەکانی ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا لە تاوانەکانی جەنگیدا لە دادگاکانی ئەو وڵاتانەدالە تاووتوێ کردندایە.

سەرکردەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لەژێر فشاری ڕای گشتیدا، بەناچاری لەگەڵ ئەوەدا کە فریوکارانە ڕایانگەیاند "ڕێز لە بڕیاری دادگا" دەگرن، بەڵام تەنها ڕۆژێک دوای بڕیارەکەی دادگای لاهای، بە پێی ئیدعای حکومەتی ئیسرائیل بەپاساوی ئەوەی کە "١٢ کەس لە کارمەندانی ئینروا"، ئاژانسی گەیاندنی هاوکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەخەڵکی فەڵەستین، (لەنێو ١٣هەزار کارمەندی ئەم دامەزراوەیەدا)، کە گوایە یارمەتی حەماسیان لە ٧ ی ئۆکتۆبەردا داوە، حکومەتی ئیسرائیل داوای ڕاگرتنی هاوکارییەکانی ئەم ڕێکخراوەی کرد وبەدوایدا هەریەک لە ئەمریکا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، کەنەدا، فینلاند، ئوستراليا، هۆڵەندا، سویسرا و ژاپۆن، هاوکارییەکانی خۆیان بۆ"ئینراو" هەڵپەسارد. وڵاتانی بەناو "موتەمەدینی" ڕۆژئاوا تەنانەت ڕۆژێک چاوەڕێی وەڵامی بڕیاری دادگاکەی خۆیان، "دادگای لاهای"، سەبارەت بە گەرەنتی دان بۆگەیاندنی هاوکاریەکان بە خەڵکی فەڵەستینیان نەکرد.

ئەمە لە دۆخێکدایە کە تا ئێستا هیچ تاوانێک نەسەلمێنراوە، هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نییە و هیچ لێکۆڵینەوەیەک بۆ سەلماندنی ئیدیعاکەی ئیسرائیل نەکراوە. ئەمە تۆڵەی سەرانی "جیهانی شارستانی"یە لە خەڵکی فەڵەستین و ئەو ملیۆنەها کەسەی کە بۆ ئازادی ئەو خەڵکە نارەزایەتی دەردەبڕن. ئەمە سزای بەکۆمەڵی خەڵکی فەڵەستین و دەرکردنی بڕیاری مەرگی شێنەییە بۆ زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەکە بۆ ڕزگارکردنیان لە برسێتی و مردن لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە پاڵپشتی دەکرێن. سزادانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسەرێک لە دۆخێکدا کە بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و سەرماوەمەترسی مەرگیان لەسەرە.ئەمە ئیترتەنیا پشتیوانی و بەشداریکردن نییە لە جینۆسایددا، بەڵکو ڕێک وڕاستەوخۆ کۆمەڵکوژیە لە دژی خەڵکی فەڵەستین.

هیچ قۆناغێک وەک ئێستا، ڕووخساری ناشرینی "جیهانی شارستانی"، "جیهانی ئازاد" و

# بەیاننامەی سێ حیزب:

فریوکارییەکەی سەبارەت بە "بەرگریکردن" لە مافی ژیان و بەها ئینسانییەکان و مرۆڤدۆستی، و تەنانەت"مافی مرۆڤی" ساختەیان هێندە ڕوون و قێزەون لەپێش چاوی جیهان دەرنەکەوتووە. چیترهیچ ڕادەیەک لە تاوان و بەربەرییەتی "دیموکراسی ڕۆژئاوایی"خەڵکی موتەمەدین ودادپەروەری جیهان تووشی سەرسوڕمان ناکات. "جیهانی شارستانی" هەموو سنوورەکانی دڕندەیی، تاوان، دووڕوویی، داڕمانی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی تێپەڕاندووە.

ئێمە سێ حیزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە، هاوڕێ لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، هاوشانی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان، دامەزراوە ئینساندۆست و ئازادیخوازەکان و خەڵکی موتەمەدینی جیهان، خوازیاریئەم هەنگاوە دەسبەجێیانەی خوارەوەین:

١/ ڕاگرتنی شەڕ ووەستانی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!

٢/کۆتاییهێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابوری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە و دەست پێکردنەوەی هاوکاری حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئینروا.

٣/ ناردنی دەستبەجێی هاوکاریە دەرمانی و پزیشکیەکان و خۆراک و... هیتر بۆ کەرتی غەززە!

٤/نەهێشتنی دەستبەجێی دیارەی سەربازیو  کشانەوەی پاپۆڕەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە!

٥/ کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لەناوچە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەڵەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و ڕاگرتنی هەر هەڕەشەیەک لە دژی ئەوان!

٦/ هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان تا ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای لاهای سەبارەت بە دۆسیەی کۆمەڵکوژییحکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین.

٧/ پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل تا ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای لاهای سەبارەت بە دۆسیەی کۆمەڵکوژییحکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین.

٨/  قەدەغە کردنی ناردنی هەر چەک و هاوکارییەکی سەربازی بۆ ئیسرائیل. هەر جۆرە هاوکارییەکی سەربازی بۆ حکومەتی ئیسرائیل دەبێ بە تاواندابنرێت.

زامنکردنی هەر ڕادەیەک لەپێشڕەوی و سەپاندنی هەر بەشێک لەم خواستانە،گرێی خواردووە بەهاتنە مەیدانی بەهێزی چینی کرێکار، مانگرتنە کرێکاریەکان ولەمەیداندا مانەوەی خەڵکی موتەمەدین و فشارهێنان بۆ سەردەوڵەتانی ڕۆژئاوا و  پشتیوانانی ئیسرائیلەوە. ئەم قۆناغە دەریخست کە نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای لاهای و

## حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای

"ڕێککەوتنەکان" و "یاسا نێودەوڵەتییەکان" نەک تەنها بۆ حکومەتی ئیسرائیل، بەڵکو بۆ حکومەتەکانی ڕۆژئاواش هیچ شەرعیەتێکیان نییە کاتێک بەرژەوەندییەکانیان دێتە پێشەوە. کۆنەپەرستی جیهانی و بازرگانانی جەنگ لە ناوچەکە خۆیان هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو تاوان و دڕندەییانەن کە لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر خەڵکی فەڵەستیندا داسەپاوە. ئێمە بانگهێشتی چینی کرێکاری جیهانی، ڕێکخراو و سەندیکا کرێکارییەکان، حزب و ڕێکخراوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و خەڵکی موتەمەدین دەکەین کە بەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەم خواست وهەنگاوانە وکۆتاییهێنان بە جینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین و بە دەستهاتنی مافی ڕەوای ئەوان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ژیانێکی ئازاد و سەلامەت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)
٣١/١/٢٠٢٤

# بەياننامەی حيزبی كۆمۆنيستی كرێكاريی كوردستان سەبارەت بە: تيرۆری ئيسماعيل هەنييە

بەرەبەيانی ٣١ی٧ی ٢٠٢٤ لە تارانی پايتەختی ئێران، ئيسماعيل هەنيە، سەرۆكی مەكتەبی سياسی حەماس، بەهۆی موشەكێكەوە كە ئاڕاستەی شوێنی حەوانەوەكەی كرابوو، لەگەڵ پاسەوانێكيدا كوژرا! ئەگەرچی ئيسرائيل تا ئێستا بەرپرسيارێتی ئەم كردەوە تيرۆريستييەی ڕاستەوخۆ هەڵنەگرتووە، بەڵام گومان لەوەدا نييە كە ئەنجامدانی كارێكی لەوجۆرە، كە ديقەتێكی زۆری هەواڵگری و تەكنۆلۆجيای سەربازی هەيە، تەنها لە ئيسرائيل و بە هاوكاری ئەمريكا و هەندێ دەوڵەتی ئەوروپی دەوەشێتەوە، سەرەڕای ئەوەی كە ئيسرائيل يەكەم لايەنە كە بەرژەوەندی لە كوشتنی ئيسماعيل هەنيە و سەركردەكانی حەماسدا هەيە.

بێگومان كردەوەی تيرۆری ئيسماعيل هەنيە، ڕاستەوخۆ دوای سەردانی نەتەنياهۆی سەرۆكی حكومەتی ئيسرائيل بە ٢ ڕۆژ دێت بۆ كۆنگرێسی ئەمريكا، كە بە چەپڵە پێشوازی لێكرا، لەكاتێكدا ناوبراو لەلايەن دادگای دادی نێونەتەوەييەوە تاوتوێی دەركردنی فەرمانی دەستگيركردنی دەكرێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانی جينۆسايد دژی خەڵكی فەڵەستين لە غەززە! پێشوازی كۆنگرێسی ئەمريكا لە تاوانباری جەنگ و جينۆسايدی خەڵكی غەززە، و دواتريش ڕاگەياندنی پشتيوانی موتڵەقی ئەمريكا بۆ ئيسرائيل بەرامبەر هەر هەڕەشە و مەترسييەك كە دوای ئەم كارە تيرۆريستيە ڕووبەرووی دەبێتەوە، نيشانەی ئەوەيە كە ئەو كردەوە تيرۆريستيە بەبێ ئاگاداری و هاوكاری ئەمريكا ئەنجام نەدراوە.

حكومەتی ڕاستڕەو و فاشيستی ئيسرائيل بە سەرۆكايەتی نەتەنياهۆ، كە نزيكەی ١٠ مانگە كوشتارێكی بەرنامە بۆداڕێژراوی خەڵكی فەلەستينی بەڕێخستووە، نەيتوانيوە ئامانجە جەنگيەكانی بەدەستبهێنێ كە لەناوبردنی حەماس و گێڕاندنەوەی ديل و بارمتەگيراوەكانی لای حەماس بوو. نەك هەرئەوە، لەڕووی سەربازييەوە تووشی بنەستێكی گەورە بووە و تەنانەت تووشی كێشەی ناوخۆی حكومەتی بۆتەوە. سەرباری ئەوە، ناڕەزايەتی خەڵكی ئيسرائيل و كەسوكاری ديلەكان كە خوازياری ڕاگرتنی جەنگ و ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕينەوەی ديلەكانن، لەپاڵ ناڕەزايەتيەكی ڕای گشتی ئازاديخواز و مرۆڤدۆستی جيهانيدا، حكومەتی ئيسرائيلی خستۆتەژێر فشارێكی گەورەوە، كە خواستی دەستلەكاركيشانەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئيسرائيل و خواستی دادگاييكردنی لەسەر ئاستی دنيا، كردۆتە

## سابەرەت بە تیرۆری ئیسماعیل هەنییە

خواستێکی دەستبەجێی. سەرباری هەموو ئەمانەش، لەسەر ئاستی دیپلۆماسی لەئاستی دنیا و ناوچەکەدا تەریک کەوتۆتەوە. بۆیە نەتەنیاهۆ و حکومەتە ڕاستڕەوەکەی لەناو ئەم گێژاوەدا پەل دەکوتێ و دەیەوێ تەڕو وشک پێکەوە بسوتێنێ و ناوچەکە ڕابکێشێ بۆناو جەنگێکی سەراپاگیر، تا ئەمریکاش بێتەناوەوە بۆ پشتیوانیکردنی ڕاستەوخۆی لە جەنگەکەیدا، تا هەم بەوجۆرە خۆی لەو بنبستە سەربازی و سیاسیە دەربکیشێت و هەم پرسی فەڵەستین و دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین کە ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر پشتیوانی جیهانی لەسەر ئاستی ڕای گشتی و جەماوەری و لەسەر ئاستی رەسمیدا بۆ پەیدابووە، بێئاکام بهێڵێتەوە.

ئەم کردەوە تیرۆریستیەی ئیسرائیل، ڕێگا لە کۆتاییهاتنی جەنگ و دەرفەتی چارەسەری سیاسیانەی کێشەی فەڵەستین دەگرێ و بۆ ماوەیەکی دیکە دۆخی ناوچەکە بەرەو نائارامی و کوشتار و فەزای جەنگی رادەکێشێت و ژیانی ملیۆنەها ئینسان نەک تەنها لە فەڵەستین، بەڵکو لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی مەترسی و ئاوارەیی و کوشتار دەکاتەوە. هاوکات فەزایەکی بەپیت بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی ڕەوت و گروپە کۆنەپەرست و ئیسلامی و فاشیست و نەتەوەپەرستەکان دەکاتەوە لەسەر حسابی بزووتنەوە ئازادیخواز و کرێکاری و عەدالەتخوازەکان و ئاوات و ئومێدە ئینسانیەکانی خەڵکی ناوچەکە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە سۆنگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە و پێشگرتن بە ڕۆچوونی هەرچی زیاتری ناوچەکە بەرەو کوشتار و وێرانبوون، هاوکات لە ڕوانگەی بەرگری لە مافی خەڵکی فەڵەستین بۆ دەست ڕاگەیشتنیان بە ئاشتی ڕاستەقینە و کۆتایی هاتن بە کوشتار وجینۆساید و ئاوارەبوون و بڕیادان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان لە دروستکردنی دەوڵەتی فەڵەستیندا، ئیدانەی ئەم تیرۆریزمە دەوڵەتیەی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل دەکات. ئێمە بانگەوازی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و دنیا دەکەین کە دژی ئەم ملهوڕییەی ئیسرائیل و هاوپەیمان و پشتیوانەکانی لە ئەمریکا و ئەورووپا دەنگ هەڵبڕن و فشاربخەنە سەریان بۆ دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تیرۆر و قبوڵکردنی ئاگربەست و ڕاگرتنی جەنگ دژی خەڵکی غەززە و هەروەها ملدان بە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین، وەک ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتار و تیرۆری دەوڵەتی و ڕقوکینەی نەتەوەیی و ئاینی لەهەردووبەرەی کێشەکە، واتە ئیسرائیل و فەڵەستین و هەرئەمەش زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی ڕەوت و هێزە کۆنەپارێزەکانیش لەناو کۆمەڵگەی فەڵەستیندا لاواز دەکات و بەرەو پووکانەوەی دەبات!

١/٨/٢٠٢٤

بەیاننامەی ژمارە ٧ ی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە:

# تیرۆر و جینۆسایدی ئیسرائیل، لە غەززەوە تا لوبنان

 دوای نزیکەی ساڵێک لە جینۆسایدکردنی خەڵکی فەلەستین و وێرانکردنی بەیەکجاری کەرتی غەززە و نەمانی ژیانکردن تێیدا، دوای ساڵێک لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تیرۆر و کوشتار لەلایەن ئامێری جەنگیی حکومەتی ڕاستڕەوی قەومی ئاینی ئیسرائیلەوە و پاش هەوڵدانێکی هەمەلایەنەی بۆ لەئاگر هەڵکێشانی ناوچەکە و ڕاکێشانی بەرەو جەنگێکی سەراپاگیر، ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ١٧ و ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، حکومەتی ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنێکی تیرۆریستی فراوان و کوێرانەی خۆی لەدژی خەڵکی بێتاوانی لوبنانی لەژێر ناوی هێرش بۆ سەر حیزبوڵلا، دەستپێکرد. لەم دوو ڕۆژەدا ڕێکخراوی ئەمنی ئیسرائیلی، "مۆساد"، بە دوو جار تەقینەوەی هەزاران پەیجەر و ئامێری پەیوەندی بێ تەل و پەیوەندی بەکۆمەڵی لە لوبنان لە یەک کاتدا، لە شوێنە گشتییەکان، لە ناوەندەکانی کار و لە ڕێوڕەسمی پرسەی قوربانیانی یەکەمی ڕۆژی ئەم هێرشانەدا، بە گشتی ٣٧ کەس و زیاتر لە ٣ هەزار کەس کوژران و بریندار بوون.

ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی تیرۆریستیە کە تیایدا دەزگاکانی پڕوپاگەندەکردن بۆ جەنگیی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک هێزی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل بەکارهێنراوە، هێزێک کە توانا و نفوزی لە حیزبوڵلا زیاترە و توانای لە ئەندازە بەدەری بۆ بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆجیا لە خزمەتی جەنگ و لە بنەڕەتدا بۆ ترساندنی خەڵک لە هێزی "گەورە و لەشکاندن نەهاتوو" گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

دوای ئەم تاوانە ترسناکە، حکومەتی ئیسرائیل بۆردومانی بەرفراوانی شار و گوندەکانی لوبنانی دەستپێکرد، شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک و قوتابخانە و نەخۆشخانە و تەنانەت ئەمبولانسیشی کردە ئامانج، تا بەیانی ڕۆژی چوارشەممە نزیکەی ٦٠٠ کەس کوژران، کە لەنێویاندا دەیان منداڵ هەیە و دوو هەزار کەسیشی بریندار کردووە. دەستەی فەرمانڕەوای ئیسرائیل هاوشێوەی کوشتاری خەڵکی غەززە، فەرمانی داوە بە بەشێک لە خەڵکی لوبنان، لەوانەش بەیروت، کە ناوچەکە چۆڵ بکەن، چونکە ئیسرائیل نیازی بۆردومانکردنی

ناوچەیەکی فراوانی هەیە. تا ئەمڕۆش دەیان هەزار کەس لە سەرتاسەری لوبنان ناچاربوون ماڵ و شارەکانیان بەجێبهێڵن و ئاوارەبوون.
دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل کە سەرەڕای قەسابی کردنی دەیان هەزار کەسی بێتاوان لە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژئاوا، سەرەڕای جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و دڕندەیەتیەکی بێ سنوور، نەک هەر بە ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی نەگەیشتووە، بگرە گۆشەگیرە لە جیهاندا و لە نێو خەڵکی موتەمەدیندا، وە وەک ڕەشترین دەوڵەتی تیرۆریستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆتە جێگای نەفرەت، دەوڵەتێک کە لە دەرونی خۆیدا لە قەیراندایە و هیچ داهاتوویەکی ڕوونی لەبەردەمدا نییە و ماوەیەکی زۆرە بۆ دەربازکردنی خۆی لە هەوڵی فراوانکردنەوەی شەڕێکی ناوچەییدایە. حکومەتی ئیسرائیل لە بۆردومانە بەردەوامەکانی سوریاوە تا کردەوەی تیرۆریستی لە ناوچەکە و دوایین نموونەشی تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران، لە هەڕەشە و تۆقاندن و پڕوپاگەندەکردنەوە بۆ جەنگی بەرفراوان، لە هەوڵدایە بۆ چوونە ناو شەڕەوە لەگەڵ ئێران. هەروەکو تریش دەستپێکردنی ڕاستەوخۆی شەڕ لەگەڵ لوبنان، تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردن و بەردەوامیدان بە تەمەنی دەسەڵاتی زایۆنیستی خۆی، شەڕێک کە هەموو خەڵکی ناوچەکەی ڕووبەڕووی مەترسییەکی جددی کردۆتەوە. ئەمڕۆ فاشیزم و تیرۆریزمێکی لغاو بەربووی حکومەتی ئیسرائیل سەرەکیترین سەرچاوەی شەڕ و نائەمنی ناوچەکەیە.
حکومەتی ئەمریکا لە ترسی دەرئەنجامە سیاسییەکانی شەڕخوازی هەمەلایەنەی دەوڵەتی ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەدا کە "بێئاگاداری و دەستتێوەرنەدانی" ڕایگەیاندووە لە کردەوەی پەیجەرەکاندا و بە"موخالەفەتکردن" بەرامبەر بە پەرەسەندنی جەنگ، بەپاساوی "کەمکردنەوەی بارگرژیەکان"، هێزی سەربازیی خۆی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە. ئەمریکا کە تا ئێستا سەرەکیترین سەرچاوەی جبەخانەی جەنگی و توانا لۆجستی و جاسوسیەکان و سەرەکیترین پشتیوانی ماڵی و سیاسی و دیبلۆماسی حکومەتی ئیسرائیل بووە، ئەمڕۆ بەوپەڕی بێشەرمییەوە، ناردنی هێزی سەربازی خۆی بۆ ناوچەکە و بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی ئیسرائیل بە هەنگاوێک لە ڕاستای کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان و بارگرژیەکان ناوزەد دەکات! ئەم هەنگاوەی حکومەتەکەی بایدن لەپاڵ سیاسەتی جەنگخوازی ئیسرائیلدا، دەبێ وەک هۆشداریەکی جدی لەڕاستای مەترسی هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەکەدا ئەژمار بکرێ و بەرپرسیارێتییەکەی بخرێتە ئەستۆیان.
وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەرگریکارانی حکومەتی ئیسرائیل و شەریک لە تاوانەکانی کەرتی غەززەدا، بەهۆی مەودا بەربەریەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە ناچاربوون مەحکومی بکەن و لەولاشەوە بێشەرمانە "هەردوولای جەنگ" بانگهێشت بکەن کە دان بەخۆیاندابگرن و

## بەیاننامەی سێ حیزب:

مەترسی پەرەسەندنی جەنگ لەناوچەکەدا "بیربهێننەوە". ئەمانە ئەو دەوڵەتانەن کە لەدژی کوشتن و جەنگ و تیرۆر قسەدەکەن، هاوکاتیش هەموو تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، چ لە فەلەستین و چ لە لوبنان، نەبۆتە بەربەستێک بۆ پشتیوانیکردنی بێ مەرجیان لە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و تەنانەت فشارێکی سیاسی جددیشیان لەسەر دانەناوە بۆ کۆتاییهێنان بەم دڕندەیەتیە.

ئەوەی لە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژئاوا و لوبنان دەگوزەرێت کوشتاری بەکۆمەڵ و تیرۆرە، بۆردومانی بەردەوامی ماڵی خەڵک و قوتابخانە و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانە و کەمپی پەنابەران و وێرانکردنی هەموو ئیمکاناتی ژیانە و بە "جەنگ" ناوزەد کردنی ئەم کارەش. درۆیەکی موتڵەقە.

کۆنەپەرستانی ناوچەکە، لە ئێران و سعودیە و میسر و تورکیا و ئوردن و هی ترەوە تا دەستەوتاقمی قەومی و مەزهەبی، ئەم زەلکاوە پڕ لە خوێن و شێتی و تاوانکارییە، بۆیان بۆتە دەرچەیەک بۆ مامەڵە و بەندوبەستی سیاسی و ئابووری و ناوی بەرگریکردنیان لە خەڵکی لوبنان و فەلەستین لێناوە و فرمێسکی تیمساحیش بۆ قوربانییەکان هەڵدەڕێژن. لە هەمان کاتدا ئەم دڕندەییەتیەی ئیسرائیلیان کردۆتە بەڵگەیەک بۆ برەودان بە کەشوهەوای جەنگ و ترس و نائەمنی لەم وڵاتانەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی هەژاری و سەرکوتگەری زیاتر بەسەر چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکاندا داسەپێنن و بۆ ڕوبەروبونەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک لەوڵاتەکانی خۆیاندا، سودی لێوەرگرن.

ئێمە، هەرسێ حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی جیهانی و سۆسیالیستی چینی کرێکار، هەموو کرێکاران، ڕێکخراوە و سەندیکا و ڕێکخستنە کرێکارییەکان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و خەڵکی موتەمەدین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، بۆ چڕکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان دژی ئیسرائیل و تاوانەکانی و لەدژی لایەنگرانی و هاوبەشەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرروویانەوە دەوڵەتی ئەمریکا، بانگەوازدەکەین. ئێمە داوا لە سەندیکاکانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە ئیسرائیل دەکەین کە لەپاڵ ئەم بەرەیەدا ڕاوەستن و بۆ بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوە لەدژی فاشیزمی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل بانگەوازیان دەکەین.

نابێ بە ناوی "جەنگ" لە دژی حەماس، "جەنگ" لە دژی حیزبوڵڵا و گرووپە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، یان "جەنگ" لە دژی ئێران، کە یەکێکە لە توندوتیژترین و تیرۆریستترین و تاوانکارترین حکومەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەپشت بەستن بە میلیتاریزمی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ناوچەکە بەئاگردا بکێشرێت. ئێمە هۆشداری دەدەین کە حکومەتەکانی ئەمریکا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و هتد، بە پشتگیری جۆراوجۆری خۆیان

## تیرۆر وجینۆسایدی ئیسرائیل لەغەززەو لوبنان

لە ئیسرائیل، نە تەنیا هاوبەشی تاوانەکانی ئیسرائیلن و بەشێکن لە کێشەکە، هاوکات لەبەرامبەر ڕۆچونی ناوچەکە بەرەو جەنگێک کە جگە لە مەرگ و وێرانکاری و لەناوچوونی خەڵک هیچ ئەنجامێکی نییە، بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆیان دەخەینە ئەستۆ.
بێ گومان ڕاگرتنی ماشێنی جەنگی ئیسرائیل کاری چینی کرێکار و خەڵکی شارستانی جیهانە و ئەمەش مومکینە. ئێمە دەتوانین ئەو حکومەتانەی پاڵپشتی حکومەتی ئیسرائیل دەکەن، ناچار بکەین کە دەست لە پشتگیریکردنی ئەم ئامێری کوشتارە بەردەن! دەتوانین میدیای ڕاستڕەوی ڕۆژئاوا ناچار بکەین کە واز لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆی فاشیستی و لایەنگری لەئیسرائیل بهێنن. دەتوانین خراپ بەکارهێنانی ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین لەلایەن حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە ڕابگرین و وەک بەرگریکاری ڕاستەقینەی خەڵکی بێبەشی فەلەستین، وەک بەرگریکاری ڕاستەقینەی ئاشتی و ئاسایش بۆ خەڵکی جیهان بێینە مەیدانەوە.
چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرانسەری جیهاندا دەتوانێت بەم ئاڕاستەیە بێت و وەک بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەیەکی مەزنی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان و جینۆساید و بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و وەحشیگەری و میلیتاریزم و کۆتاییهێنان بە هەژاری و بێبەشی و سەرکوتگەری سیاسی بێتەمەیدانەوە. ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان لەم ڕێگایەدا تێدەکۆشین و دەستی هاوکاری بۆ هاوچینەکانمان لە ناوچەکە و لە سەرانسەری جیهاندا درێژ دەکەین. ئێمە دەتوانین جڵەوی فاشیزمی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل، وەک توخمێکی وێرانکەر و شەڕانگێز و دڕندە، بگرین.

**بژی ئازادی و یەکسانی**

**بژی ئاشتی و ئاسایش**

**(خەتی ڕەسمی) حیزبی حیکمەتیست**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٤**

بەیاننامەی ژمارە ٨ی سێ حزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

# فراوانبوونی بەربڵاوی تیرۆریزمی بێسنوری ئیسرائیل (لە پەراوێزی تیرۆرکردنی حەسەن نەسروڵڵادا)

سەرچاوە فەرمییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان ڕایانگەیاند کە حەسەن نەسروڵا، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا لە لوبنان و چەند بەرپرسێکی تری ڕابەریی ئەم حزبە، کەلە نێویاندا عەلی کارکی، فەرماندەی بەرەی باشووری حیزبوڵڵا هەیە، لە هێرشێکی سوپای ئیسرائیلدا لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی ئەیلول، ولەئەنجامی بۆردومانێکی قورسی ناوچەی کەنارەکانی باشووری بەیروت، کوژراون. ئیسرائیل لەم هێرشە سەربازییەدا کە توندترین هێرشە بۆ سەر لوبنان، لەدوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی مانگی تەمموزی ٢٠٠٦، زیاتر لە ٨٥ بۆمبی تەقاندەوە، واتە ٨٥ تۆن بۆمب، کەبەهۆیەوە شەش باڵەخانەی لە یەکێک لە ناوچە چڕەکانی بەیروتدا، لەگەڵ زەویدا یەکسانکرد. بە پێی ڕاپۆرتی بەرپرسانی حکومەتی لوبنان، لەم هێرشە بەربەرییەدا دەیان کەس کوژراون و سەدان کەسیش بریندار بوون و هێشتا ژمارەی وردی ئەو قوربانیانەی کە لە ژێر داروپەردوودا نێژراون، بەردەست نییە. ئەم هێرشە لە درێژەی بۆردومانە فراوانەکانی ئیسرائیلدایە بۆ سەر باشووری لوبنان کەلە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کوشتنی بەرفراوانی خەڵک و وێرانکردنی ناوچەکە و بێ ماڵ و حاڵکردن و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەسی بەدواوەبووە.

بایدن حەسەن نەسروڵڵای بە بەرپرسیار لە کوشتنی سەدان ئەمریکی ناوبرد و پشتگیری لە مافی ئیسرائیل کرد بۆ بەرگریکردن لە خۆی و ڕایگەیاند کە مردنەکەی "پێوەرێکە بۆ دادپەروەری بۆ قوربانییە زۆرەکان، کە لەنێویاندا هەزاران ئەمریکی و ئیسرائیلی و مەدەنی لوبنانی هەیە"، ئەمەش بە کردەوە لێدانی مۆری تەئیدکردنە بۆئەم هێرشە و ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی حکومەتی ئیسرائیل.

حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، پاش وێرانکردنی کەرتی غەززە و کوشتنی دڕندانەی زیاتر لە ٤١ هەزار کەسی بێتاوان، دوای ئەوەی کەرتی غەززەی کردە گۆڕستانێکی بە کۆمەڵ، بە بیانووی "ئازادکردنی بارمتەکان"، "بەرگریکردن لە خۆ" و "ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ حەماس"

# فراوانبونی بەربڵاوی تیرۆریزمی بێسنوری ئیسرائیل

دەستی برد بۆ هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر لوبنان و تاوان و کوشتنەکانی کەرتی غەززەی لەویش دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە بیانووی "شەڕکردن لەگەڵ حزبوڵڵا" و "پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل."

حکومەتی ئیسرائیل کە لە چاوی بەشەریەتی موتەمەدین و ئینسان دۆستی جیهانەوە، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی هیتلەردا، لە قەیرانێکی سیاسی قووڵدایە و فراوانکردنەوەی شەڕ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تاکە ڕێگا دەربازکردنی خۆی لەو بنبەست و قەیرانە سیاسیەی تێیکەوتوە و بۆ بەردەوامیدان مانەوەی دەزانێت. تیرۆر لە سوریا و تاران، نانەوەی بۆمب و ئیستفزازی سەربازی و سەرەنجام دەستبردن بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر لوبنان، هەڕەشەکردن لە ئێران و عێراق بە پەلاماری سەربازی و بۆردومانکردن، لەلایەنخودی ناتانیاهۆ و بەرپرسە سەربازییەکانیەوە.. ئەمانە هەموویان بەشێکن لەم سیناریۆیە و بەشێکە لە هەوڵە بێئاکامەکانی حکومەتی ئیسرائیل بۆ بەردەوامیدان بەمانەوەی خۆی و لەم پێناوەشدا ئامادەیە ئاگر لە جیهان بەربدات. سیناریۆیەک کە خەڵکی کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا و لوبنان و سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باجەکەی دەدەن.

جینۆساید و تاوانی جەنگ و تیرۆریزم وفایلی ڕەشی یەکساڵی ڕابردوو، کارنامەی حکومەتە ڕاستڕەو و فاشیستیەکەی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایە. ئەم ڕادەیە لە لغاوبەربون بۆ دڕندەیی، ئەنجامدانی تاوانی شێتانە، کەلەلایەن حکومەتی زایۆنیستی ئیسرائیلەوە پەیڕەوی لێدەکرێت، بەبێ پاڵپشتی دارایی، سیاسی و تەسلیحاتی و هاوکاریی نزیکی دەزگای هەواڵگری وڵاتانی ڕۆژئاوا ولەسەرویانەوە ئەمریکاو بەریتانیا، هەرگیز مومکین نەبوو. دەوڵەتانی ڕۆژئائاوا، لایەنگر نین، بەڵکو شەریکن لە هەموو تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیلدا بەرامبەر بەخەڵکی بێتاوانی فەلەستین و لوبنان و ناوچەکە.

بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وتاری "سۆزدار"ی نوێنەرانی وڵاتانی "پشتیوانی فەلەستین" دژی ئەم کۆمەڵکوژییە، ئیدانەکردنی "توند"یان بۆ جڵەوگرتنی ماشێنی کوشتنی بەکۆمەڵ لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە، هەروەها بڕیارنامەکانی کۆبوونەوەی حکومەتە جیاوازەکان لە بریکسەوە تا "کۆمەڵەی وڵاتانی ئیسلامی" لەدژی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەموویان بەشێکن لەو نمایش و سێرکە قێزەونەی کە ساڵانێکە لە ئارادایە. سێرکێک کەئەمرۆبۆ بەشەریەتی موتەمەدینو ئینساندۆست نەک هەر دووبارەکردنەوەیەکی بێسودە، بەلکو بێزارکەریشە.

بەڵام جیهان تەنیا گۆڕەپانی ئەو زلهێزانە نییە. لەکەنار تاوانە پلان بۆ داڕێژراو و هەماهەنگەکانی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی"ەوە لە دژی مرۆڤایەتی، لەکەنار گەمە

# فراوانبونی بەربڵاوی تیرۆریزمی بێسنوری ئیسرائیل

دیپلۆماسییەکانی ڕکابەرەکانیان لە بریکسەوە، لەکەنار خراپ بەکارهێنانی ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین لەلایەن کۆنەپەرستانی ناوچەکەوە، لە ئێرانەوە بۆ میسر و سعودیە، و...، بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بەم شێتی و تاوانە بەردەوامە. بزووتنەوەیەک کە ڕزگارکردنی خەڵکی فەلەستین و کۆتایی هێنان بە جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جینۆسایدە و گرتنی لغاوی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، کردۆتە سەرلەوحەی ململانێی خۆی. بزووتنەوەیەک کە نزیکەی ساڵێکە بۆ ساتێکیش پشووی نەداوە و ڕۆژانە خۆی دەنوێنێ و بەهێزتر دەبێت. چینی کرێکاری ئیسپانیا بە مانگرتنی ٢٤ کاتژمێری خۆی لەڕۆژی ٢٧ی ئەیلولدا و بە داگیرکردنی شەقامەکانی مەدرید و بەرشەلۆنە، بەخواستی پچراندنی پەیوەندیە دیبلۆماسی وبازرگانی وسەربازیەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، بە توندی هاتنی چینی کرێکاری بۆ نێو ئەم ململانێیە ڕایگەیاند.
ئەم بزوتنەوەیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لە توانایدایە کۆتایی بە میلیتاریزم و جەنگ و تیرۆریزم و جینۆساید بهێنێت وجڵەوی ئەو لغاوە بەربوەی فاشیزم و قوربانیانی جەنگ بگرێت. چارەنووس و ڕزگاری خەڵکی فەلەستین، ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکە و جیهاندا لە دەستی ئەم بزووتنەوەیەدایە و لە سەرووشیەوەلەدەستی چینی کرێکاردایە. ئێمە، سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە، لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کار بۆ بەهێزکردنی ئەم جەمسەرە و فراوانکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرانسەری جیهاندا دەکەین. ئەمە تاکە ڕێگەی ئینسانی و تاکە ڕێگەی ڕاستەقینەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی تیرۆریزمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و خودی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل وەک هێزێکی بە وەکالەت لە ناوچەکەدا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)
٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤

# توندبوونەوەی فەزای جەنگ و مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ و وێرانکاری

## پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان

دوای وێرانکردنی نزیک بە تەواوەتی غەززە و ئەنجامدانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین، حکومەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی نەتانیاهۆ، ڕووی ماشینی جەنگیەکەی ئاڕاستەی لوبنان و ناوچەکە کردووە. حکومەتی ئیسرائیل کە دوای نزیک بە ساڵێک لە کۆمەڵکوژی و کاولکاری لە غەززە نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات بۆ ئەوەی لە سایەی کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی حەماس و گەڕاندنەوەی بارمتەکان، ئاسۆیەک بەرووی دەرهاتنی لەو بنبەست و قەیرانەدا بکاتەوە کە بەرۆکی پێ گرتووە. بۆیە بە ملهوڕی و وەحشیگەرییەکی هەوساربچڕاوەوە بە بیانووی وەستانەوە بەرامبەر بە هێرشەکانی حزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر ئیسرائیل، جەنگێکی دیکەی خوێناوی دژی خەڵکی لوبنان بەرپاکردووە و پەیتاپەیتاش هەڕەشەی فراوانکردنەوەی جەنگەکە دەکات تا لە ڕێگای ڕاپێچکردنی ئێران و بەم جۆرەش ڕاکێشانی پای ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا تەواوی ناوچەکە نوقمی جەنگێکیماڵوێرانکەر بکات. پەلامارە ئاسمانیەکان و بۆردومان و کردەوە تیرۆریستیەکانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر بەیروت و شاروشارۆچکە سنوریەکانی دیکەی لوبنان، سەدان کەس کوژراو چەند هەزار بریندراری لێکەوتۆتەوە و زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارەبوون. هاوکات لەپاڵ ئەم هێرشانەدا، چەند هێرشی ئاسمانی بۆ سەر دیمەشق و سوریا ئەنجام داوە و ڕۆژانەش هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئێران و کێشکردنی عێراقیش بۆ ناو جەنگ دەکات. بەمجۆرەش تادێت ناوچەکە لەبەردەم ئەگەری جەنگێکی ناوچەیی و ئاسەوارە زیانبارەکانیدا دادەنێت.

حکومەتی نەتانیاهۆ، کە لەئاستی ڕای گشتی دنیادا ڕیسوا و تەریک کەوتۆتەوە و لەناوخۆشدا لەگەڵ قەیرانێکی حکومەتی بەرەوڕووە، پێویستی بە شەڕ و فراوانکردنەوەی شەڕەکەیە تا هەم خۆی دەرباز بکا و هەم دەستەی فەرمانڕەوای ڕاستڕەو و فاشیستی

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

ئیسرائیل یەکدەست لەپشتی خۆی و حکومەتەکەیدا ڕابگرێ. هاوکات نەتانیاهۆ بە تەواوی توانایەوە لە هەوڵدایە بۆ ڕاکێشانی ئێران و کۆماری ئیسلامی بۆ ناو ئەم فەزای جەنگی و تیرۆریستیە و ئەو کاولکاریەی دەستی داوەتێ. ئەمەش نەک تەنها لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بە چەکی قورس و وێرانکەر و بە دەزگا هەوڵگریەکانیان هاوکاری و پشتیوانی لێ دەکرێ، بگرە جڵەوی تەواوی بۆ شلکراوە، تا جەنگ و کاولکاری وەک ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن لەو بنبەست و بێئاسۆییەی تێیدا چەقیوە بە دەستەوە بگرێ و جەنگ بکاتە تارمایی و کابوسێک بەسەر هەموو ناوچەکەوە.
ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، هەروەک ئەوەی ڕایگەیاندووە کە نایەوێت بچێتە ناو جەنگێکی فراوانی ناوچەییەوە، چونکە بەرژەوەندی خۆی لە هەڵگیرسانی جەنگێکی هەمەلایەنەدا نابینێتەوە. بەڵام فریوکارانە و ڕیاکارنە دەیەوێ ئەو کارەساتەی دەوڵەتی دەرندەی ئیسرائیل بەسەر خەڵکی فەلەستین و لوبنانی هێناوە بەدەستەوە بگرێت. مانەوەی کێشمەکێشەکانی لەم ئاستەی ئێستادا لەگەڵ ئیسرائیل، لەچوارچێوەی پڕوپاگەندە و جەنگی دەروونی و جارجارەش شەڕە مووشەک، هەم خۆی لە پۆزی خاوەندارێتی مەسەلەی فەلەستین و بەرگری لە خەڵکی بێدەرەتانی لوبنان و "ئومەتی ئیسلام" نیشان بدات و هەم هێزنمایی بکا و هێزە میلیشیا ئیسلامیەکانی سەربەخۆی لە غەززە و لوبنان و سوریا و عێراقدا هەڵخرێنێ و چڕنوکی خۆی نیشانی ڕەقیبەکانی بدات. بەڵام ملهوڕی و بەربەریەتی پەیتاپەیتای ئیسرائیل و قودرەتنمایی جمهوری ئیسلامی، ئەگەری فراوانبوونەوەی جەنگە و گۆڕانی بۆ شەڕێکی هەمەگیر کە هەموو ناوچەکە بسووتێنێ کردووە بە مەترسییەکی جدی و هەڕەشە لە هەموو خەڵکی ناوچەکە دەکات. شەڕفرۆشی ئیسرائیل و جڵەوشلکردن و هاوکاری هەمەلایەنەی لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی غەربییەوە، سەراپای ناوچەکەی ڕووبەڕووی مەترسی جەنگ و کاولکاری کردوەتەوە. جەنگێک کە لە سایەی چەکداربونی لایەنەکانی بە جۆرەها چەکی مۆدێرنی کۆکوژ، ئەگەر بەرپا بێت هەموو ناوچەکە خاپور و وێران دەکات و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکە تیایدا دەبن بە قوربانی.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی ناڕازی کوردستان:

کابوسی جەنگ کراوەتە مەترسییەکی جدی لەسەر خەڵکی ناوچەکە، ئەم جەنگخوازیەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەدڵنیایەوە پڕیشەکەکەی دەچێتە چاوی هەموو خەڵکی ناوچەکە بە خەڵکی کوردستانەوە.. ئێمە خەڵکی نارازی کوردستان کە بۆ نان و کار و خۆشگوزەرانی ڕۆژانە لەدژی دەسەڵات ناوەندی شەقامەکان دەگرین، ناتوانین ئەم دۆخە فەرامۆش بکەین و بێلایەن بەدیار ئەو شەڕ و

## توندبوونەوەی فەزی جەنگ و مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ

کوشتار و کاولکاریەوە کە دەرگای ماڵەکانمانی گرتووە دەستەوەستان ڕاوەستین. ئێمە کە ئالای باش بژێوی و خۆشگوزەرانیمان بەرزکردۆتەوە بەبێ سەلامەتی و ئارامی ناوچەکە مومکین نییە و بەدەستنایەت. ئەوەی کە ئێستا دەسەلاتداران و حیزبەکان سەرگەرمی بانگەشەی هەڵبژاردن و شەرعیەت دانەوەن بە سیستمێک کە سی ساڵە ژیانمان دەهاڕێت، نابێ ئەو دۆخە مەترسیدارەی کە ڕووی لەناوچەکە کردووە لەبیر بەرێتەوە. دەبێ بەوپەڕی هەستیاریەوە کاردانەوەمان بەرامبەر ئەم کابوسە ترسناکە هەبێت. ڕاستە دەولەتی رەگەزپەرستی ئیسرائیل شەڕ دەفرۆشیت، ڕاستە ئەمریکا و زلهێزە غەربیەکان بەبێ دودڵی لە پشتی ملهوڕی ئیسرائیل ڕاوەستاون و بە هەموو جۆریک پشتیوانی دەکەن، بەلام ئەوان تەنها بڕیاردەر نین بۆ خاپور و وێرانکردنی ناوچەکە، چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان سەنگەرێکی بەهێزیان لێداوە بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگخوازی ئەوان. بزووتنەوەی دژی جەنگ و دژی ملهوری ئیسرائیل بزووتنەوەیەکی بەهێزە و ئەگەر هەمووو هێزی خۆی بهێنێتە مەیدان، دەتوانێ دەستی ئەم ملهوڕانە ببەستێ و دەهۆڵی جەنگیان رابگرێت. خەڵکی کوردستانیش دەبێ بەوپەڕی هوشیاریەوە خۆیان بە بەشێک لەو جولانەوەیە بزانن کە بۆ ڕاگرتنی جەنگ و کاولکاریی لە فەلەستین و لوبنان و لەدژی ئیسرائیل و لایەنگرانی، ناوەندی شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترلیا گرتووە. دەبێ لەپاڵ نارەزایەتیەکانمان بۆ خۆستەکانمان لە دەوری خواستی"نا بۆ شەڕ و شەڕخوازی ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست!، بەڵێ بۆ دەستبەجێ راگرتنی شەڕی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان!" کۆببینەوە و ڕێگا نەدەین ناوچەکە ببێتە جێگای هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و کوشتار و کاولکاری زیاتر. راوەستانی ئێمە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش وەک هێزێکی سەربەخۆی چینایەتی لەدژی ئەم دۆخە و لەپاڵ بەرەی ئینسانی و ئازادیخوازی جیهانی لەدژی جەنگ، زامنی بەرگرتنە لەهەر کارەساتێک کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەیە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٧\١٠\٢٠٢٤**

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە:

# هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

بڕیارە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم بڕیارەی کردۆتە مایەی ئومێد هەڵچنینی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی، بۆ بەشداریکردنیان لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوەیە کە گوایە زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان لە دەست پارتی و یەکیەتی دەردێنن! لەکاتێکدا بەدوای ڕازیبون و گەڕانەوەی پارتی و دەستهەڵگرتنی لە بایکۆتەکەی، بە پاساوی ئەوەی کە "ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە دزاینکراوە"، ئیتر ئەم هەڵبژرادنە ئەو چاوەروانیەی کە لێیدەکرا بە قازانجی پارتی و یەکیەتی پێچەوانەکردەوە. سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنە شیعیەکان و هاوکات سەردانی بۆ ئێران و وەرگرتنی گەرەنتی لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەوجۆرەی مەرجەکانی پارتی دابین بکرێ و فرسەتی پێبدرێت تا زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان زامن بکات، پێگەی ئەم هەڵبژاردنەی لە هەڵبژاردنێکەوە کە سەربەخۆ لە حزبە دەسەڵاتدارەکان و بەدوور لە دەستوەردانیان گۆڕی، بۆ هەڵبژاردنێک کە پێشوەختە بەپێی ویست و مەرجەکانی پارتی و یەکیەتی دزاینکرابێت. ئەمە لەکاتێکدایە لە سەرەتادا کە باسی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا و بەپێی پڕوپاگەندەکان، بڕیاربوو ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق و بەبێ نوێنەری ئەم دوو حزبە بەڕێوەبچێت، بڕیاربوو کەمپی ئاوارەکانی سنوری دەسەڵاتەکانی یەکیەتی و پارتی گەڕابنەوە شوێنی خۆیان، بڕیاربوو کورسی " کەمینەکان"، واتە ئەو حزبانەی لەبن دەستی یەکیەتی و پارتیدابوون هەڵوەشێتەوە، بڕیاربوو لیستی ناوی بەشداربوان پاک بکرێتەوە و ڕێگا بە تەزویر و ساختە نەدرێت یان لانی کەم سنوردار بکرێت... بەڵام گەڕانەوەی پارتی بۆ نێو هەڵبژارادن هەموو ئەوانەی گۆڕی. ئێستا ئیتر نەک هەر کەمپی ئاوارەکان لەشوێنی خۆیاندا ماون، نەکە هەر ئۆفیسی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە بەشداری نوێنەرانی پارتی و یەکیەتی لە سلێمانی و هەولێر دانراون، تەنانەت نەک هەر قایمەی ناوەکان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو بەشی کورسیەکانی تورکمان و مەسیحیەکانیان بەپێی زۆنی زەرد و سەوز دابەش و دیاریکردووە... ئەمانە ئیتر نەک هەر جێگایەک بۆ "هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ" ناهێڵێتەوە، بگرە دەیسەلمێنن کە ئەم هەڵبژاردنە بەپێی بەرژەوەندیەکانی یەکیەتی و پارتی پێشوەختە دزاین کراوە و ئەوان تێیدا براوەی یەکەمن.

# سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەربارى ئەوەی دوو دڵیەکمان لەسەر ئەوە نەبوو کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییدا هەڵبژاردن بە هیچ پێوانەیەک مانای نییە، بەڵام لە سەرەتاوە بڕیاری پێشوەختمان لەسەر بەشداری کردن یان نەکردن نەدا. دەرگای بەشداری کردن لە هەڵبژاردنمان بە کراوەیی هێشتبووەوە و تەنانەت ناوی حزبمان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار کردبوو، بۆ ئەوەی ئەگەر بینیمان دەرفەت هەبێت و هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ تەنانەت بە پێوانەی بورژوازیش لە ئارادا بێت، بەشداری بکەین. بەڵام بەدوای بەندوبەستەکانی پارتی و ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران و لایەنە شیعەکان و لێرەشەوە لەگەڵ یەکیەتی و ئەو گوڕانکاریەی ڕوویاندا، بڕیارماندا کە ئیتر هەڵبژاردنێک لە ئارادا نییە و بەشداری ناکەین.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان خەڵکی مەحرومی کوردستان!**

ئەم هەڵبژاردنە، بەپێچەوانەی بانگەشە و بەڵێنی درۆی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی، کە گوایە ئەگەر خەڵک دەنگیان پێبدات، کوردستان لە نەهامەتی و قەیرانەکانی ئێستای دەرباز دەکەن و کێشەی موچە و خزمەتگوزرایەکان و ئەو گەندەڵی و ڕاوروتەی کە هەیە چارەسەر دەکەن، تەنانەت گەنجان دەخەنە سەرکار و سەلامەتی کۆمەڵایەتی دابین دەکەن و ئەو دەستدرێژی و پەلامارە سەربازیانەی کە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕۆژانە بۆ سەر کوردستان بەڕێیدەخەن، ڕادەگرن و ژیانێکی ئاسودە دابین دەکەن، هەڵبژاردن هەرگیز ناتوانێ لە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی هەژار و برسی، ژنان و لاوان و ئەوانەی کە بۆ نانی ڕۆژ موحتاجن، گۆڕانکاریەک نە لە دۆخی ئێستا و نە لە سیستەمێکدا پێکبهێنێ کە زیاتر لە ۳۰ ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێت. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە دەیگۆڕێ و بەدی دەهێنێ، ئەویش لەکاتێکدا کە ئەگەر بە ئارامی و بێ گرفت و شەڕ و هەرای حزبەکان و قبوڵکردنی ئەنجامەکانی تێپەڕێت، هەر ئەوەیە کە"شەرعیەت" بدەنەوە بە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی پارتی و یەکیەتی لەژێر ناوی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا و پێگەیەک بۆ لایەنە بورژوازیەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دابین بکات. بەواتایەکی تر مانای عەمەلی ئەم هەڵبژاردنە هەر ئەوەیە کە پارتی و یەکیەتی بۆ چوار ساڵی تر دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان بە پاڵپشتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە ڕادەگرن و هەژاری و بێکاری، سەرکوت و تاوان، نەبونی موچە و خزمەتگوزاری، جیاکاری و ستەمگەری لە ژنان و منداڵان درێژە پێبدەن. هەر ئەوەیە کە بە ناوی پەرەدان بە کەرتی تایبەتی شانی خۆیان لەژێر سەرەتاییترین مافەکانی خەڵک دەرکێشن و هەموو سەکتەرەکانی ژیان هەراج بکەن و بیدەن بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، کە ئەمەش سەرچاوەی ڕاوڕوتی خۆیان و

## سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

کۆمپانیاکانیانە. بەم جۆرە خەڵکی مەحرومی کوردستان جگە لە دەرد و مەینەتی زیاتر و مانەوە لە چوارچیوەی هەمان ئەو ستەم و بێدەرەتانیەدا کە سی ساڵە درێژەی هەیە هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم سیناریۆیی هەڵبژاردنانەی یەکێتی و پارتی بەرپای دەکەن، هەر لە بنەڕەتەوە هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵک و مافی خەڵک و بەرژەوەندی خەڵکەوە نییە، بەڵکو پەلەقاژەیەکە بۆ سوککرنی قەیرانەکانی خۆیان و درێژە پێدانە بەو پشتیوانی و کۆمەکانەی کە لە لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندیەوە بۆیان براوەتەوە. بۆیە بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەکی حزبەکانی دەسەڵات دەکات بۆ شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی لەپێشەوە داسەپاویان. کەوایە بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا مەکەن کە پەنجەمۆری ئێوە دەکاتە پشتیوانی شەرعەیتدان بەم دەسەڵاتە میلیشیاییە. بەشداری لە هەلبژاردنێکدا مەکەن کە دەسەڵاتی دوو حزبی بنەماڵە بەسەرسەرتانەوە دەهێڵێتەوە. تەنانەت بە پڕوپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی فریومەخۆن، دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی بە هەڵبژاردن کۆتایی نایەت، بەڵکو تۆکمەتر دەبێت. ئێمە و جەماوەری ناڕازی کوردستان کە ساڵانێکە لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی و مافە سەرەتاییەکانماندا پێمان ناوەتە مەیدانەوە و خەبات دەکەین، دەبێ هەر ئەم ڕێگایە درێژە پێبدەین و قوڵتری بکەینەوە. ئێمە هەڵبژاردنێکی ترمان لەپێشە، ئەویش ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بە سەرتاپای سیستەمی دەسەلاتدرایێتی ئێستا. ڕێگای ئێمە دەنگدان نییە بە حزب و لیستەکان و کاندیەدەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا کە ئەوپەڕەکەی دەموچاوەکان دەگۆڕێت، بەڵکو هێنانەمەیدانی ناڕەزایەتیەکانمانە بۆ باشکردنی بژێویمان. بۆرژوازی کورد و حزبەکانی ئیمتحانی خۆیان داوە، ئیتر نۆرەی بزووتنەوەی یەکپارچە و سەربەخۆی چینایەتی خۆمانە لەدژی دەسەڵات و هەموو ئەو لایەنانەی کە بەجۆرێک بەرژەوەندیان لە مانەوە و درێژە پێدانی دۆخی ئێستادایە. کەوایە نەک هەر نابێت لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەین بەڵکو دەبێ ڕۆژەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدان بگۆڕین بۆ ڕۆژی هێنانەمەیدانی خواست و ناڕەزایەتەیەکانمان، ڕۆژی یەخەگرتنی دەسەڵاتداران وڕ یگەگرتن لە نمایشی فریودەرانەی هەڵبژاردنەکەیان. کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە گۆرانکاری ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە هەیە. ئەم گۆڕانکاریە لە گرەوی هاتنەمەیدانێکی ملیۆنیدایە لە دەوری ئاسۆ و بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە کە هەموو هەلومەرجی کارەساتبار و دەسەڵاتی میلیشیاکان ڕامالێ و دەسەڵاتێک بەرپابکات کە نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی ئیرادەی خەڵک بکات و ئەو خواست و ئامانجانە دەستەبەر بکات کە ساڵانێکی زۆرە خەباتی بۆ دەکرێ و قوربانی بۆ دراوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتە ڕادەوەستێ.

٧/٩/٢٠٢٤

بەیاننامەی دامەزراندنی:

# بەرەی یەکگرتووی کرێکاریی
# بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین

٧٨ ساڵە خەڵکی فەلەستین بەردەوام و بەشێوازی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی تاوانکاریی دوژمنکارانەی داگیرکەرانی زایۆنیستی بۆتەوە، هەر لە پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێکخراوەوە بگرە تا کوشتار و گەمارۆدان و داگیرکردنی زەوی و موڵک و ماڵ و وێرانکردنی ژێرخان و گرتن و ئەشکەنجەدان لە زیندانەکان و بنکەکانی دەست بەسەرداگرتن.

لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ وە تا ئەمڕۆ، ترسناکترین و خوێناویترین کۆمەڵکوژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەلایەن قەوارەی ڕەگەزپەرست و فاشیستی زایۆنیستییەوە، بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیمپریالیستیە ڕۆژئاواییەکانەوە، ئەنجامدراوە. لەم قۆناغەدا، بەشەریەتی موتەمەدینی جیهان هەڵویستی خۆی بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەم تاوان و دڕندەیی و داگیرکاریە دەربڕیوە و پێیناوەتە مەیدانی پایتەخت و شارە جیاوازەکانی جیهانەوە، بۆ پشتیوانیکردن و ڕاوەستان لەپاڵ مەسەلەی عادیلانەی فەلەستین و خەڵکە ستەملێکراوەکەی. هاوکات لەدژی ئەو کۆمەڵکوژی و تاوان و سیاسەتە شەڕانگێزی و جەنگخوازیانەی کە لەلایەن قەوارەی تیرۆریست مەبدەئی و تاوانکاری زایۆنیستییەوە ئەنجام دەدرێ، هەروەها لەدژی دەوڵەتە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە و جیهان کە بۆ ڕازیکردنی حکومەتی فاشیست و تیرۆریستی ئیسرائیل لە هەوڵدان، ڕاوەستاوەتەوە.

چینی کرێکار و هەموو خەڵکی بێبەش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و لە وڵاتانی عەرەبی لە هەموو نەتەوە و ڕەوتە پێشکەوتنخواز و دیموکراسی و سەربەخۆکانەوە، وەک بەشێکی بنەڕەتی و گرنگ و کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی، هاوشان لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و ئیسناندۆستەکانی جیهاندا، بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن لە ڕاستای پشتگیریکردنی خەڵکی فەلەستین و سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئازادی و کەرامەتی ئینسانی کە کرێکاران و خەڵکی فەلەستین نوێنەرایەتی دەکات.

ئێمە کە ژمارەیەک لە یەکیەتی و ڕێکخراوی کرێکاری و کەسایەتی سەندیکای کرێکارییین، پشتیوانی خەڵکی فەلەستین دەکەین لە ناوچەی عەرەبی و لە درێژەی هەوڵەکانمان و هەڵوێستە مەبدەئی و پتەوەکانماندا بۆ پشتیوانیکردن و بۆ کۆتایی هێنان بەو کۆمەڵکوژی و تیرۆریزم و دەستدرێژیە

## بەیاننامەی دامەزراندنی:

دڕندانەیەی کە قەوارەی زایۆنی تیرۆریست لە کەرتی غەززە و ناوچە جیاجیاکانی فەلەستیندا ئەنجام دەدرێت، هەروەها لەدژی ئەو دەستدرێژییە تیرۆریستییە نارەوایەی کە لوبنان و هەندێک شوێنی دیکەی وڵاتانی ناوچەکەی کردۆتە ئامانج و لە پێناو ئازادی و دادپەروەری و سەرکەوتن بۆ خەڵکی فەلەستین تێدەکۆشین. ئێمە دامەزراندنی "بەرەی یەکگرتووی کرێکاریی بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین" ڕادەگەیەنین.

هەوڵەکانی ئێمە ڕووی لە یەکخستنی چینی کرێکاری ناوچەکە و جیهانە لەپێناو کۆتاییهێنان بە دڕندەییەکانی قەوارەی زایۆنیستی و فشارخستنە سەر لایەنگرە ناوچەیی و جیهانییەکانی حکومەتی فاشیست و توندڕەوی ئیسرائیل. هاوکات بۆ بەرگریکردنە لە ژیان و ئازادیی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و مافی ڕەوا و عادیلانەی لە خەباتکردن و بەرپەچدانەوەی داگیرکاری، بەهەر ڕێگا و شێوازێک و بەدەستبردن بۆ ئامرازەکانی خەبات کە بەهۆیانەوە ئازادی بۆ خەڵکی فەلەستین دەستەبەر بکات و کۆتایی بە داگیرکاری بهێنێت و پێکهێنانی دوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین مەیسەر بکات، کە پایتەختەکەی قودس بێت.

هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە و بەردەوامیمان لەپێناو ڕزگاری و پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین، بەشێکە لە پرۆژەی فراوانترمان لە چوارچێوەی بەرەی یەکگرتووی کرێکاریی بۆ یەکخستنی چینی کرێکار لە دژی چەوسانەوە و دڕندەیی سیستەمی سەرمایەداری و بۆ درێژەدان بە خەباتی هاوبەشی کرێکاران لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی خۆشگوزەران و مرۆڤدۆستانە، بۆ ژیانێکی باشتر و بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایینی و لە پێناو گەیشتن بە ئاشتی و ئاسودەیی و ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندنی خوازراو بۆ تەواوی خەڵکی جیهان.

ئێمە بە هێزی یەکگرتوومان و بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی تری چینی کرێکار، سەربەخۆ لە دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، هەوڵدەدەین بۆ دەرکەوتنی چینی کرێکار، وەک هێزێکی پتەو و ڕاوەستاو بەهەڵوێستەکانی خۆیەوە و بە ئەزموونێکی جێکەوتە و ماندوونەناسانەوە، هاوشان لەگەڵ کۆمەڵگەی شارستانی و خەڵکی ئاشتیخواز و خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانی جیهان، ئامانجەکانمان بەکردەوە دەربهێنین.

پێکهێنانی ئەم بەرەیە، بەرەی یەکگرتووی کرێکاریی، بۆ ئێمە وەک دامەزرێنەرانی، نوێنەرایەتی یەکەمین هەنگاوەکانە بەرەو بەرجەستەکردنەوە و پێکهاتنی بەرەیەکی فراوانی خەباتکارانەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا لەپێناو ڕزگاری خەڵکی فەلەستین و خەبات لەدژی ئیمپریالیزمێکی دڕندە و دامەزراوە بێسنورەکانی. ئێمە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەستی دۆستایەتی و هاوبەشی و هاوکاری درێژ دەکەین بۆ هەموو هێزە دیموکراتیەکان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و سەندیکا سەربەخۆ کرێکارییەکان، کە سیمای پێشکەوتنخوازی و چینایەتییان هەیە و لە وڵاتەکانی خۆیاندا لە مەیدانی خەباتدان، هاوشانی بنەما سەرەکیەکانی ئەم بەڵگەنامەیە (بەیاننامەی دامەزاراندنی "بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین")، کە لەپێناو بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین و لە ژیانێکی باشتر بۆ چینی کرێکار و بۆ بەرزکردنەوەی گیانی

## بەرەی یەکگرتووی کرێکاریی بۆ...

هاوپشتی و یەکیەتی فراوانی ئەم چینە لەپێناو باشبژێوی گشتی و ئاشتی و ئاسودەیی و ئاسایش لە تەواوی جیهاندا خەبات دەکەین.

**بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بۆ بەرگریکردن لە گەلی فەلەستین**

**٢٠٢٤\٩\٢٢**

## واژۆی هێزەکانی دامەزرێنەر و ڕێکخراو و سەندیکاکان:

١/ فیدراسیۆنی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە عێراق_ عێراق
٢/ یەکێتی خەباتی کرێکارانی فەلەستین_ فەلەستین
٣/ فیدراسیۆنی سەندیکا سەربەخۆکانی ئوردن_ ئوردن
٤/ فیدراسیۆنی سەندیکا سەربەخۆکانی سودان_ سودان
٥/ ڕۆژنامەی "صدی العمال الجدید"_ عێراق
٦/ ڕۆژنامەی "دەنگی کرێکار" بە زمانی کوردی_ کوردستانی عێراق
٧/ گۆڤاری "خەباتی کرێکاران"_ فەلەستین
٨/ یەکێتی نیشتمانی گشتی کرێکارانی لیبیا_ لیبیا
٩/ فیدراسیۆنی یەکێتییەکانی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی_ عێراق
١٠/ یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی پترۆکیمیایی_ فەلەستین
١١/ یەکێتی نەوەی نوێی کرێکارانی مۆریتانیا_ مۆریتانیا
١٢/ ڕێکخراوی هاوپشتی_ مەغریب
١٣/ کۆنفیدراڵی دیموکراتی کار_ مەغریب
١٤/ فیدراسیۆنی دیموکراتیکی سەندیکاکان_ مەغریب
١٥/ دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ پاراستنی دارایی گشتی و ژینگە_ مەغریب
١٦/ زانکۆی نیشتمانی پەروەردە / ئاراستەی دیموکراتیک_ مەغریب
١٧/ کۆمەڵەی ئەتاک مەغریب / ئەندامی تۆڕی نێودەوڵەتی کۆمیتەی هەڵوەشانەوەی قەرزە نایاساییەکان_ مەغریب
١٨/ تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی فەلەستین_ هاوپەیمانێتی چەند ڕێکخراوێک لە وڵاتە جیاجیاکان
١٩/ حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتوو_ مەغریب
٢٠/ بەرەی تێکۆشانی خەڵکی فەلەستین_ فەلەستین
٢١/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق_ عێراق
٢٢/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)_ ئێران
٢٣/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان _ کوردستانی عێراق
٢٤/ حیزبی سۆشیالیستی میسر _میسر
٢٥/ حیزبی گردبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی پێشکەوتنخواز_ میسر

**دەتوانن گەلێک بابەتی فکری و سیاسی بە فۆڕماتی پیدیئیف لە سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ بەشی کتێب بەدەست بهێنن:**
**www.hkkurdistan.org**

**١/ ئامانجەکان و ئاستەنگیەکان**
دەربارەی بزوتنەوەی جەماوەری لەکوردستان/ کۆمەڵە وتار/ ڕێبوار ئەحمەد

**٢/ لەهاوێنەی وەڵام دانەوە بەپرسیارەکانتانەوە..**
حیزب وکۆمۆنیزمی کرێکاری بناسن!/ نامیلەکە.

**٣/ توندوتیژی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا!**
**کاوە کەریم**

**٤/ کتێبی: ١٩٠٣، لێکدانەوەی دانیشتنەکانی کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆشیالْ دیموکراتی روسیا/ موحسن کەریم**

**٥/ بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت**

**٦/ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست/ مارکس- ئەنگلس**

**٧/ نیولیبڕالیزم.. لەئایدیاوە بۆ جیهانسازی سەرمایەداری/ خەسرەوسایە**

**٨/ مارکس وتیوەری نامۆیی/ کاوەکەریم**

**٩/ پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟ / خەسرەو سایە**


**١٠/ .....**

**بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووتری گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک کتێب و نوسراوی چاپکراوی فیکری وسیاسی، سەردانی نوسینگەی ڕادیۆ پێشەنگ، بکەن. وەیا لەڕێگای ئەم ژمارە تەلەفونەوە پەیوەندیمان لەگەڵدا بگرن ٠٧٧٠١٥١١٠٤٣**

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**




**ناميلكەی بەڵگەنامە پەسەندكراوەكانی**
**كۆنگرەی شەشەم/ پەيامەكان**




**كۆنگرەی پێنجەم : پەيام و**
**بەڵگەنامە پەسندكراوەكان**

خوێنەری بەڕێز:
پێویستمان بەکۆمەکی ئێوەیە .. بۆ ئەوەی گۆڤارەکەتان ”گۆڤاری دیدگای سۆشیالسیتی” بەردەوام بێت، پێویستی بە هاوکاری و کۆمەکی ئێوەیە، جا بە هەر شێوەیەک پێتان ئەکری کۆمەک و هاوکاری بکەن. باشترین هاوکاریش شێوەی مونەزەمی مانگانەیە، ئەگەر بەبڕێکی کەمیش بێت، کۆمەکمان بکەن تاکو زەمانەتی دەرچونی بەردەوام و مونەزەمی ژمارەکانی داهاتوو بکەین. کەوایە ببنە سپانسۆری دیدگای سۆشیالسیتی و هاوکاری مانگانەتان بە ڕێگای گونجاوی خۆتان بگەیەنن بەدەستمان. ئێمە چاومان لە کۆمەک و هاوکاری ئێوەیە.. بە سوپاسەوە.

جەمال موحسن
سەرنوسەری دیدگای سۆشیالسیتی

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by Worker - communist Party of Kurdistan

Sixteenth Issue October 2024